# ئەگەر ڕۆژنامەنووس هات

ناوی کتێب: ئەگەر ڕۆژنامەنووس هات
نووسینی: دکتۆر سەپان
بابەت: ڕۆژنامەوانی
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 3500دینار
ژمارەی سپاردن: 874 ی 2007
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی 2007
کوردستان -سلێمانی
www.sardamco.com

# ئەگەر ڕۆژنامەنووس هات

دکتۆر سەپان

سلێمانی 2007

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە** (415)

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

# پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 9 |
| **بەشی یەکەم**<br>**مەشقکردن لەسەر ڕاگەیاندن** | 15 |
| مەشقکردن لەسەر ڕاگەیاندن | 17 |
| تێگەیشتن لە رۆڵی ڕاگەیاندن | 61 |
| پێشتر بیر بکەوە | 71 |
| ئەزمەی شاری مۆتالا | 80 |
| کۆمۆنیکەیشن | 87 |
| ڕێتۆریك | 94 |
| بایەخدانی کۆمپانیای گەورە بە میدیا | 115 |
| **بەشی دووەم**<br>**ڕاگەیاندنی کوردی و چۆنێتی کارکردن لە میدیاکانی** | 131 |
| چۆنێتی کارکردن لە میدیای کوردی | 133 |
| ئامادەکردنی هەواڵ لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان | 148 |
| دەستکەوتنی هەواڵ بۆ کەناڵی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان / هەولێر | 153 |
| پەیامنێری سیاسی لە سەتەلایتی کوردستان **KTV** | 155 |
| هەواڵی سیاسی لە رۆژنامە نا حیزبییەکان | 158 |
| پیشەی ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەی ئازاد | 160 |

| | |
|---|---|
| پەیداکردنی هەواڵ | 164 |
| گرفتی ڕۆژنامەنووس لەکاتی کارکردن | 169 |
| رادیۆی نەوا | 174 |
| بەشی هەواڵ لە رادیۆی نەوا | 175 |
| هونەری گفتوگۆ | 181 |
| **بەشی سێیەم**<br>**ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی** | 185 |
| هەواڵ | 187 |
| گوتار | 189 |
| ئینتەرڤیو | 190 |
| گفتوگۆ | 194 |
| ڕێپۆرتاژ | 195 |
| هەڵسەنگاندن | 196 |
| پوختە | 197 |
| فلیتۆن | 197 |
| فۆتۆگراف | 198 |
| ڕادیۆ و تەلەفزیۆن | 199 |
| پیشەی ڕۆژنامەنووس و ئەخلاق لە ڕاگەیاندن | 204 |
| **بەشی چوارەم**<br>**سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری و ئاژانسەکان** | 207 |

| | |
|---|---|
| کاغەز و پیستە | 209 |
| ڕۆژنامە لەسەردەمی کۆن و ئێستائاژانسەکان | 213 |
| ئاژانسەکان | 218 |
| ئاژانسی فرانس پرێس | 219 |
| ئاژانسی ئەسوشێیت پرێس | 220 |
| ئاژانسی ڕۆیتەرس | 222 |
| ئاژانسی یونایتێد پرێس ئینتەرناشیۆناڵ | 223 |
| ئاژانسی تاس | 224 |
| ئاژانسی ڕیانۆڤەستی | 226 |
| ئاژانسی ئینتەرفاکس | 228 |
| ئاژانسی دی. پی. ئەی | 229 |
| ئاژانسی ئەنسا مێد | 230 |
| ئاژانسی ئەنەدۆڵ | 232 |
| ئاژانسی ئیرنا | 233 |
| ئاژانسی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست | 235 |
| ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچوونی کوردستان – پەیامنێر | 236 |
| ئاژانسی هەواڵ و زانیاری کوردستان | 238 |
| وێنە و فیلم | 240 |
| سەرچاوە | 242 |

# پێشەکی

زۆر دەمێکە بە نیازی نووسینی کتێبێکی لەم جۆرە بووم، بەڵام پەلەم لە نووسینی نەدەکرد. پلانی نووسینم بۆ داهاتووی دوور هەڵگرتبوو، چونکە بەڕای ئەو کاتەم پرۆژەی گرنگترم لە نووسینی ئەم کتێبەم لەبەر دەستدا بوو.
لەم ماوەیەی لە هەولێر دەژیم، لەبەر پیشەی خۆم (دکتۆری پسپۆر لە بواری ڕاگەیاندن)، دەبووا زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بخوێنمەوە تا بزانم باس لە چ دەکەن و چۆن پرسیارەکان بەرز دەکەنەوە. لە هەمان کات گوێم لە رادیۆ دەگرت و زۆریش سەیری تەلەفزیۆنم دەکرد. بۆم دەرکەوت، ئەوانەی زۆر لە ڕاگەیاندن دەردەکەون، جا ئەو کەسانە سیاسی بن یان نووسەر و هونەرمەند، بازرگان بن یان مامۆستای زانکۆ، کەسیان وەك پێویست ناتوانن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس قسە بکەن. ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی، کە نەتوانن پەیامی خۆیان بە ڕێك و پێکی بە کورتی بە جەماوەر بگەیێنن، ئەمە یەك لە بۆشاییە گەورەکانی ڕاگەیاندنی کوردی بوو، کە من زوو درکم پێی کرد. خۆم دەیان جار لەو کاتەی چاوپێکەوتنم لەگەڵ کەسانی دیاری کورد کردووە، بەتەواوی لە کەسیان لە هونەری قسەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس تەواو ڕازی نەبووم! من پێویستم بە وەڵامی یەك دێڕ هەبووە، ئەو بە یەك لاپەڕە وەڵامی داومەتەوە و هێشتا باسی لەم دێڕەی من نەکردووە. ڕووی داوە ئەو کەسانە نەك کەسانی سیاسی

بوون، بەڵکو ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری گۆڤاری بەناوبانگی کوردستانیش بوون، ئینجا هونەری قسەکردنیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووس نەزانیوە. وەك لە ناوەوەی ئەم کتێبە باسی دەکەم، لەم کاتانە، ڕۆژنامەنووس زۆر تووڕە دەبێ، منیش بە ناهەقی دانانێم!

من زۆر بیرم لە قسە نەزانینی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووسان نەدەکردەوە، بەڵکو بەلای من زۆرتر قسەی کەسانی سیاسی بە تایبەتیش ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان گرنگ بوو. نەزانین و تێنەگەیشتن لە قسەی ئەوان و نەگەیاندنی پەیامی خۆیان، بەلای من زۆر گرنگ بوو و بە تایبەتیش لەو کاتانەی ڕۆژنامەنووسانی بیانی ئینتەرڤیویان لێ وەردەگرن. ئەگەر ئەوان نەتوانن پەیامیان لە ماوەی چەند چرکەیەك بگەیێنن، لەوانەیە بۆ ئێمەی کورد شەرم بێ! لەوانەیە ئەوەی من ئێستا دەینووسم، کادری سیاسی پێشتر هەستیشی پێ نەکردبێ، بەڵام کاری ئێمەیە (پسپۆر لە ڕاگەیاندن) ئەو فێری قسەکردنی ڕاست و دروست بکەین، چونکە هەموو جار بەناوی کورد و وەك نوێنەری تەواوی گەلی کورد قسە دەکەن.

وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، بیرۆکەی نووسینی ئەم کتێبەم دەمێك بوو لا گەڵاڵە بوو بوو، بەڵام نەمدەزانی ئایا ئێستا یان دواتر پێویستە بنووسرێ؟ تا تەواو بۆم ڕوون بۆوە، ئەگەر ئێستا نەینووسم، لەوانەیە قەت نەینووسم! بۆ نووسینی ئەم کتێبە ڕای سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەڕێز کاك عەدنان موفتیم لە بەهاری ئەمساڵ وەرگرت. ئەو بیری نووسینی بەدڵ بوو و پشتگیری لێ کردم. ئەو پشتگیرییەش بووە هاندەرێك بۆ پەلەکردن لە نووسینی و زووتر تەواو کردنی.

گەیاندنی پەیام، پەیامی کورد بۆ کەناڵە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتان، قەت وەك ئەمڕۆ پێویست نەبووە. نووسینی ئەم کتێبەش لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆی ناسك لە مێژووی سیاسی کوردستان لە کات و ساتی خۆیەتی.

ئامانجمان لە نووسینی ئەم کتێبە، ئاگادارکردنەوەی سیاسییەکانە لە چۆنێتی کارکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس. ئەگەر کەسی سیاسی نەزانێ ڕۆژنامەنووس چۆن کار دەکا، نازانێ ڕۆژنامەنووس بۆ هاتۆتە لای و بۆیە ناتوانێ زمانی هاوبەش لەگەڵ پەیامنێران بدۆزێتەوە.

ئەم کتێبەی بەردەستت لە چوار بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەم باس لە مەشقکردن لەسەر ڕاگەیاندن کراوە. لەم بەشە بە وردی باس لە چۆنێتی کارکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس دەکرێ. چۆن کەسی سیاسی دەبێ قسە بکات و لە قسە کردنیش چۆن پەیامی بە ڕەوانی لە ماوەی دیارکراو دەربڕێ. هەر لەم بەشە ئەزموونی سیاسییەکانی سوێد و ئەمریکا وەك نموونە باس کراون. جگە لەوە باس لە کۆمۆنیکەیشن لەگەڵ ڕێتۆریك یانی هونەری خوتبەدان کراوە. ئەمەش بۆ کەسی سیاسی زۆر گرنگە بزانێ چۆن قسە بۆ جەماوەر دەکا و چۆن بێ ئەوەی تووڕەبێ یان تووڕەیی پێوە دیار بێ وەڵامی پرسیاری ئەوان بداتەوە، لە هەمووش گرنگتر چۆن زمانی هاوبەش لەگەڵ ئەوان بدۆزێتەوە و تا چەند ڕۆژنامەنووسان جێگای متمانەن و دەبێ بڕوایان پێ بکرێ؟

لە بەشی دووەم باس لە ڕاگەیاندنی کوردی دەکا، بۆ ئەوەی سیاسی کورد باشتر تێبگا و بزانێ پیشەی ڕۆژنامەگەری چۆنە و ڕۆژنامەنووس چۆن بەدوای هەواڵدا دەگەڕێ. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر نموونەی چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندنی کوردیم

هێناوەتەوە. بە خوێندنەوەی ئەم بەشە، کەسی سیاسی، بەو هیوایەیە هەنگاوێك زیاتر لە ڕۆژنامەنووس نزیك بێتەوە. ئەو نزیك بوونەوەیە، ڕۆژنامەنووس هان دەدات لەکاتی نووسینی ئەگەر کەمێکیش ڕەخنەی هەبێ بە شێوەی نەرمتر بیدرکێنێ و بە جۆرێکی تر بیر بکاتەوە. کادری سیاسیش چیتر ڕێگا نەدا بەوەی ڕۆژنامەنووس بۆ وەرگرتنی هەواڵێك زیاد لە دوو کاتژمێر لە پرسگەی جەنابی چاوەڕێ بکات!

لە بەشی سێیەم باسم لە ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی کردووە، بۆ ئەوەی ئەگەر ڕۆژنامەنووس بڵێ نیازمە هەواڵێك یان ڕیپۆرتاژێك لەسەر فلانە بابەت بنووسم، بزانێ مەبەست لە هەواڵ و ڕیپۆرتاژ چییە تا ئاسانتر لە ڕۆژنامەنووس بگات. لەم بەشە باسم لە یانزە ژانری جیای ڕۆژنامەوانی کردووە. هەموو ئەم بەشەم پێشتر لە کتێبی "ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە 1400-1500" بلاّوکردبۆوە، بەلاّم لێرە و لەم کتێبەم بە کورتکراوەیی چاپ کراون.

لە دوا بەشی ئەم کتێبەم یانی بەشی چوارەم، باسم لە سەرهەڵدانی کاغەز و ڕۆژنامەگەری لە جیهان کردووە. ئەم دوو بابەتەشم بە کورتکراوەیی لە کتێبی ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی هێناوە. جگە لەم دوو بابەتە باسم لە ئاژانسەکان کردووە. لێرە باسم لە 16 ئاژانسی گەورەی جیهان و ناوچە کردووە، بۆ ئەوەی کەسی سیاسی بزانێ و زانیاری لەسەر هەندێك ئاژانسی جیهان هەبێ. ئەگەر کەسی سیاسی لەم ئاژانسانە نەگات و نەزانێ چەند گەورەن، تێناگا و نازانێ چۆن قسەیان لەگەڵ بکات! بابەتی ئاژانسەکانم لە کتێبی ئاژانسەکان بە کورتکراوەیی وەرگرتووە.

بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە، خوێنەر زۆرتر لە ڕۆڵی میدیا دەگات و دەزانێ چۆن لە داهاتوو مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس دەکا.

تەنیا بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە کەسی سیاسی یان بازرگانی گەورەی کوردستان بە ئاسانی ناتوانیٚ پەیامی خۆی بگەیەنێت، بۆ پەیام گەیاندنی ڕاست و دروست، دەبیٚ مەشقی پیٚ بکریٚ. دەتواندریٚ ئەم کتێبە وەك پرۆگرامی مەشقکردنی سیاسییان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان سوودی لیٚ وەربگیریٚ.

بۆ نووسینی ئەم کتێبە جگە لە ئەزموونی 20 ساڵەی ڕۆژنامەنووسیم و خوێندنی دە ساڵ لە بواری ڕاگەیاندن، دەیان سەرچاوەم بە زمانی سوێدی و روسی لەسەر ئەو بابەتانەی لە ناو ئەم کتێبە هاتوون بەکار هێناوە.

## خوێندنەوەی ئەم کتێبە زۆر پێویستە بۆ:

- ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.
- وەزیر و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەگەڵ هەموو ئەوانەی پۆستی بەرچاویان لە کوردستاندا هەیە.
- سەرنووسەرانی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسان.
- سکرتێر و سەرۆك حیزب و ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبە سیاسییەکان.
- خوێندکارانی زانکۆ بە گشتی و بەشی ڕۆژنامەگەری بەتایبەتی.
- بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەیانەویٚ هەندێك لە نهێنی سیاسی و چۆنێتی قسەکردن لە نێوان ڕۆژنامەنووس و ئەوان بزانن و شارەزابن.

## بۆ نووسین و تەواوکردنی ئەم کتێبە سوپاسی زۆرم بۆ:

- سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەڕێز (کاك عەدنان موفتی) هەیە.

- بەڕێوەبەری نووسینگەی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان (مامۆستا سەلام ڕەشید) هەیە. مامۆستا سەلام، جگە لە پشتگیری زۆر باسی چۆنێتی کارکردنی ڕۆژنامەنووسان لە پەرلەمان و گرفتەکانی ئەوان لەناو پەرلەمانی بۆ کردم.

- هاوڕێی خۆشەویست و بەڕێزم (مامۆستا ڕەحیمی سورخی)، بۆ پێداچوونەوەی و تێبینییە وردەکانی.

- (شێرزاد فەقێ ئیسماعیل)، ئەرکی هەڵەبژێری و ڕێنووسی زمانی لە ئەستۆی خۆی گرت.

- بۆ ڕۆژنامەنووسانی گەنجی هەولێر بەڕێزان: (هێمن کەریم مەلاڕەش)، (ڕێبوار مارف)، (دەشتی سەباح)، (نورەدین زەنگەنە) لەگەڵ (سەرتیب جەوهەر) هەیە. هەر یەك لەوانە باسی ئەزموونی کارکردنی خۆیان لە دەزگای جیای ڕاگەیاندنی کوردستان بۆ کردم.

بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆژەیەم دەبێ سوپاسی زۆری (لیزا)ی خێزانم بکەم، ئەو بەردەوام و لە هەموو نووسینێك گەورەترین پشتگیر و هاندەرم بووە، گوێی بۆ گلەییەکانم شل کردووە و بە تێبینییەکانی بەردەوام نووسینەکانمی دەوڵەمەندتر کردووە.

**دکتۆر سەپان**

**هەولێر**

**2006 - 10 – 20**

# - بەشی یەکەم -

## مەشقکردن لەسەر ڕاگەیاندن

# مەشقکردن لەسەر ڕاگەیاندن

پێش شەستەکانی سەدەی رابردوو، تەواو جیا لەمڕۆ قسە لەگەڵ بەرپرسان دەکرا و ئینتەرڤیویان لێ وەردەگیرا. ئەم شۆڕشە لە ڕاگەیاندن لە وڵاتی سوێد لە کاتی هەڵبژاردنی ساڵی 1966 ڕووی دا. سەرۆك وەزیرانی ئەوکات تاگێ ئێرلاندەر **Tage Erlander** دەچێتە ستۆدیۆی تەلەفزیۆن لە ستۆکهۆڵم، لە ستۆدیۆ سێ ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ و دیار لە تەلەفزیۆن بەناوی لارش ئۆروپ، گوستاڤ ئۆلیڤێکرۆنە لەگەڵ ئۆکێ ئۆتمارك: **Lars Orup**،**Gustaf Olivecrona** لەگەڵ **Åke Ortmark** پرسیاری لێ دەکەن. پرسیارەکانی ئەمجارە وەك پێشتر بە ئەدەب و جوانی نەکران. ئەوان زۆر بە توندی و ڕەخنەگرانە پرسیاریان ئاڕاستەی سەرۆك وەزیران دەکەن. لەناو کۆمەڵێك پرسیار، پرسیاری لارش ئۆروپ لە هەموو پرسیارەکانی تر توندتر بوو. یەك لەو پرسیارانە بەم شێوەیە کرا:

- جەنابی ئێرلاندەر، بیربکەوە کوڕ و کچێکی گەنج دێنە خزمەت جەنابت، دەیانەوێ ئاهەنگی بووك گواستنەوە ساز بدەن، بەڵام هیچ شوێنێکیان نییە لێی بژین، داوای ئامۆژگاریت لێ دەکەن، چۆن وەڵامیان دەدەیتەوە؟

سەرۆك وەزیران دەڵێ:

- با لە سەرەی شوقە وەرگرتن بووەستن!

ڕۆژنامەنووس دەپرسێ:

- ئەمە ئامۆژگاری سەرۆك وەزیرانە؟

پێشتر ئەم جۆرە پرسیارانە لە سەرۆك وەزیران نەدەکرا، بۆیە کە گڵۆپ دەکوژێتەوە، سکرتێری سۆسیال دیموکرات دەچێتە لای ڕۆژنامەنووس و بە تووڕەییەوە دەپرسێ:

چ هەستێکت بە کوشتنی سەرۆك وەزیران لا دروست بوو؟

پرسیارەکە بۆ ئەو کات ئەوەندە توند دیار بووە، سکرتێری حیزبی سەرۆك وەزیران لەو بڕوایە دابووە، ڕۆژنامەنووس بەو پرسیارانە سەرۆك وەزیرانی کوشتووە!

لەو کات خەڵك لەسەر دیتنی ڕۆژنامەنووسان و قسەکردن لەگەڵ ئەوان مەشقیان پێ نەدەکرا. سیاسییەکان لەم جۆرە پرسیارانە باش تێدەکەوتن و وەك کادرانی ئێستا وەڵامیان بۆ هەموو پرسیارێك لا نەبوو. بۆیە لەو کات سیاسی و دەوڵەمەندەکان بە ئارەزووی خۆیان وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسانیان دەدایەوە یان ئەگەر بیانویستبا تەواو ڕۆژنامەنووسانیان پشتگوێ دەخست. ئەم جۆرە پشتگوێ خستنە تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو لە سوێد پەیڕەو دەکرا. دوای ئەم ئینتەرڤیویە، پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەنووس و سیاسییەکان تەواو گۆڕدرا و لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی ڕۆژنامەگەری سوێدی کرایەوە. ئێستا کەسانی سیاسی، بازرگان و دەوڵەمەند، هونەرمەندان لەگەڵ هەموو ئەوانەی زۆر لە ڕاگەیاندن باس دەکرێن، بەشداری لە خولی تایبەت بۆ فێربوونی قسە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان دەکەن و پەروەردە دەکرێن. ئەمڕۆ ڕاکردن یان خۆشاردنەوە لە ڕۆژنامەنووسان یارمەتیت نادا، بەڵکو بە پێچەوانە تێنوێتی بینەران، بیسەران، خوێنەران بۆ زانین و زانیاری زۆر زیاتر دەکات و نووسینی خراپ لەسەرت زۆرتر دەنووسرێ.

بە گوێرەی کتێبی "مەشقکردن لەسەر میدیا"پەروەردە کردن لەسەر میدیا لە دوو بەش پێك دێ، بەشی یەکەم تیۆریە و بەشی دووەمیش پراکتیکە. بەشی یەکەم یانی بەشی تیۆری لە پێشەوە باس لەم بابەتانەی خوارەوە دەکرێن: چۆن ئێوە لە میدیا دەگەن؟ بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووس، ڕێداکسیۆن (دەستەی نووسەران) بەم شێوەیە کار دەکات، چۆنێتی کارکردنی ڕۆژنامەنووس، باسکردنی پەیام، کارکردن لەسەر هەواڵ، ماف و ئەرکی

تۆ لەکاتی بینینی ڕۆژنامەنووسان، میدیای جیا لەگەڵ ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی. هەموو ئەم بەشانەی سەرەوە لە کۆرسەکان باس دەکرێن تا بەشداربووان باشتر لە رۆڵی ڕاگەیاندن بگەن و بزانن چۆن ڕۆژنامەنووسان کار دەکەن؟

ئەوەی لەم جۆرە کۆرسە فێردەکرێن، ئەوەیە کە کاری ڕۆژنامەنووسان بۆ بەشداربووان ڕوون دەکرێتەوە. ئەوان تێدەگەن، کە بەردەوام ڕۆژنامەنووسان لە چوارچێوەیەکی دیار کار دەکەن، بۆیە هەمیشە ئەوان پەلەیانە و کات بەشیان ناکات!

ئەوانەی ئەم جۆرە کۆرسانە بەڕێوەدەبەن، زۆربەی جار ڕۆژنامەنووسن. هەندێك جار ئەوان کادر لەسەر ڕۆژنامەی تایبەت یانی یەك ڕۆژنامە یان یەك بەرنامەی تەلەفزیۆن، بۆ نموونە دەنگوباس، پەروەردە دەکەن. بۆ ئەوەی کارەکان زۆرتر کاریگەرییان هەبێ، زۆربەی ئەم کۆرسانە لە بەرامبەر کامیرای تەلەفزیۆن ئامادە دەکرێن. لێرە مەبەستیان ئەوە نییە، فێریان بکەن چۆن ئەوان یانی بەشداربووان بەرامبەر کامیرا دەوەستن، بەڵکو زیاتر بۆ ئەوەی دواتر سەیری فیلمەکە بکرێ و خۆی بزانێ چۆن وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە، جگە لەوە لەسەر ناوەڕۆکی ئینتەرڤیوەکان بەشداربووان گفتوگۆی لەسەر دەکەن و بە تێبینی خۆیان دەوڵەمەندی دەکەن.

پرسیارەکانی ئەم جۆرە ئینتەرڤیویانە بەگوێرەی کار و پیشەی کەسەکە دەگۆڕدرێن. ئەگەر ئەو کەسە سیاسی بێ، بێگومان پەروەردەکردن پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە، بەڵام ئەگەر کەس بازرگان یان هونەرمەند بێ ئەوا پەیوەندی بە کار و پیشەی ئەوانەوە هەیە. مامۆستای وانە، لەسەر کار و پیشەی کەس زانیاری تەواو کۆدەکاتەوە و لە بواری خۆی پرسیاری لێ دەکات. پرسیارەکانی مامۆستا یان ڕۆژنامەنووس وەڵامدانەوەیان ئاسان نییە و زۆربەی جار وەك کورد گوتەنی "ئارەقەی پێدەکات!" دوای ئینتەرڤیو بە گروپ

دادەنیشن و باس لەسەر شێوەی پرسیار و وەڵامەکان دەکرێ. لەتەك باسکردن لە هەموو ئینتەرڤیوەکە، باس لەوە دەکەن، چ بەشێکی قسەکان دەکەوێتە ناو بەرنامەی دەنگوباس یان هەر بەرنامەیەکی تری ڕادیۆ یان تەلەفزیۆن.

کەسی سیاسی یان هەرکەسێکی تری بەشداربووی ئەم کۆرسە، سێ جۆر ئینتەرڤیوی لێ وەردەگیرێ. یەکەم ئینتەرڤیو زۆر گران نییە و ئینتەرڤیوی دووەم زۆر گرانە و لەوانەیە کەس تووڕە دەکرێ، چونکە ناتوانێ وەڵامەکان بەباشی بداتەوە، دوا ئینتەرڤیو لەهەموویان ئاسانترە، ئەوەش بۆ ئەوەی کەسەکە بەڕووی خۆش بچێتەوە ماڵ و هەست نەکات گێلە و هیچ نازانێ!

وەك لەمەوپێش باسمان کرد، بەگوێرەی کار و پیشەی کابرا بەرنامە بۆ فێرکردنی قسە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس دادەندرێ. لەکاتی تەواوبوونی کۆرس، کەسی سیاسی یان هونەرمەند، بەشی ئەوەندە فێرکراوە، چۆن پەیامی خۆی باشتر لە پێش بەشداربوونی لەم کۆرسە بە ڕێگای میدیا بگەیێنێت. کەسی بەشداربوو پاش بینینی کۆرسیش، واچاکە خۆی لە ڕۆژنامەنووسانی توند بپارێزێ و نەکەوێتە ناو گەمەی ئەوان!

یەك لە کارە باش و گرنگەکانی بەشداربووانی کۆرس، فێربوونی قسەکردنە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و بوونی وەڵامە بۆ هەموو پرسیارەکانی ئەوان. ئەو کەسانەی ئینتەرڤیویان لێ وەردەگیرێ نازانن چ وەڵامێك لە وەڵامەکان هەڵدەبژێردرێت، بۆیە دەبێ بزانن بە کورتی وەڵامەکان بدەنەوە و چیرەیان درێژ نەبێ! ئەگەر ئینتەرڤیو بۆ رادیۆ یان تەلەفزیۆن وەربگیرێ و بەرنامەکە ڕاستەوخۆ بێ، نابێ وەك بەرنامەی ناڕاستەوخۆ وەڵامەکان لە تووتی بکەن. لە بەرنامەی ڕاستەوخۆ وەڵامی درێژتر دەدرێنەوە، چونکە کابرا قسەکانت قوت ناکا یانی نایبڕێ، ئەوەی تۆ دەیڵێی لە تەلەفزیۆن نیشان دەدرێ یان لە رادیۆ بلاّو دەکرێتەوە.

لەم ئینتەرڤیوانە ڕۆژنامەنووسان بەردەوام هیوا دەخوازن، لە یەك لە وەڵامەکان، کەسی بەرپرس هەڵەیەك بکا یان هێرش بەرێتە سەر کەسی تر، بۆ ئەوەی ئینتەرڤیوی ئەو لە هەموو وڵات دەنگ بداتەوە. ئەگەر هێرش کرایە سەر کەسێك، ئینتەرڤیوەکە بێ دەستکاری وەك خۆی بڵاو دەکەنەوە.

لە دەوڵەتانی دیموکرات و پێشکەوتوو، لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندن دەستەڵاتی تەواوی خۆی هەیە، سیاسییەکان بەهیچ شێوەیەك کار ناکەنە سەر ناوەڕۆکی بەرنامەکان. ئەم کارنەکردنە لەلایەك خۆیان نایانەوێ، لەلایەکی تریش هەر خۆتێهەڵکێشانێك یان کارکردن بۆ سەر ناوەڕۆکی بەرنامەیەك یان گوتارێك، ئەگەر ئەو کەسە هەر پۆستێکی سیاسی لە حکومەت هەبێ، دوای ئەم خۆتێهەڵقوتانە هەمووی لەدەست دەچێ. ئەو چاك ئەو فاکتە تاڵەی سەرەوە دەزانێ بۆیە نایەوێت خۆی تێ هەڵقوتێنێ، لەلایەکی تریش وەك منداڵ لەگەڵ شیری دایك، فرچکی ئازادی و دیموکراتییەتی پێ دراوە. ئەو بڕوای بە بیر و ڕای جیا لە کۆمەڵ هەیە. ئەو بڕوای بە هەڵبژاردن لە وڵات هەیە، ئەو ڕێزی بیر و ڕا جیاکان دەگرێ. ئەوانەی سەرەوە وەك ئاو و ئۆکسیجین بۆ ئەوان پێویستن. ژیان لەو جۆرە دەوڵەتانە هێمنە و وەك لای خۆمان لەناو شەڕو نەبوونی کارەبا و سەدان گرفتی تر نەکەوتۆتە ناو گێژاو. ئەوان باری ئابوورییان باشە و ڕۆژنامە و گۆڤاری زۆریش دەردەچن. لاپەڕەکانی هەموشیان زۆر پسپۆرانە پڕدەکرێنەوە. ڕاگەیاندن لەم دەوڵەتانە، زیاتر لە ئیندوستری (پیشەسازی) دەچێت. ئەوان کەناڵێکی تەلەفزیۆن دەکەنەوە، نەك بۆ ئەوەی وەك لای خۆمان گوتەنی خزمەت بە گەلەکەیان دەکەن، ئەوان ئەو کەناڵە دەکەنەوە، بۆ ئەوەی پارەی تێدا قازانج بکەن! ئەوان ئەگەر لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەك زەرەر بکەن، ڕۆژنامەکە دادەخەن. ڕاگەیاندن بۆتە پیشەسازی (ئیندوستری) نەك ئامرازێك بۆ پروپاگەندە! لەبەر ئەوەی ئەم دەزگایانە

ژمارەیان زۆرە، ئاواتەخوازن کەسێکی بەناوبانگ هەڵەیەك بکا، تا لە هەموو ڕاگەیاندنەکانی تری وڵات باسی لێوە بکەن. هەڵەی کەسانی بەناوبانگ، ئاهەنگی میدیاکانە! لەوکاتە لەناو ڕۆژنامەنووسان دەبێتە پێشبڕکێ، کێ باشتر پشتی کەس لە زەوی دەدات؟ کە کار گەیشتە ئەو ڕادەیە، ئەگەر کەسی سیاسی داوای بووردنیش بکات، تازە درەنگە و کورسیەکەی لەدەست چووە. ئەو نەك تەنیا کورسی لەدەست دەچێ بەڵکو لە کورسیش گرنگتر ڕای جەماوەر بەرامبەر ئەو خراپ دەبێ. ئەگەر کەس بازرگان بێ بەدوور نازاندرێ هەموو سەرمایەی لەدەست بچێ و کۆمپانیاکەی تووشی ئیفلاسبوون ببێ. بۆیە وەك کورد گوتەنی لەم دەوڵەتانە ڕۆژنامەنووسان بەهەند وەردەگیرێن و گاڵتەیان لەگەڵ ناکرێ!

یەکێك بەشداری لە کۆرسی پەروەردەکردن لەگەڵ میدیا کردبێ، بێ خۆئامادەکردن وەڵامی پرسیاری هیچ ڕۆژنامەنووسێك ناداتەوە. ئەو بۆ ئینتەرڤیو کات لەگەڵ ڕۆژنامەنووس دادەنێ. خەڵکانی نەشارەزا و بەشدارنەبوو لەم جۆرە کۆرسانە، ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژنامەنووس دەدەنەوە.

هەندێك لە ڕۆرژنامەنووسان میهرەبانی لەگەڵ خوێنیان تێکەڵاو بووە و مرۆڤ بە ئاسانی ئەم سیفاتە دەبینێ. جگە لەوە ئەم میهرەبانییە باشتر لەوکاتانە دەردەکەوێ، کە لەسەر بابەتێکی دیار دەنووسێ.

لە هەموو دەوڵەتانی پێشکەوتوو و دیموکرات، ڕۆژنامەنووسان خۆیان لەسەر بابەتی جیای ڕۆژنامە و گۆڤار تەرخان کردووە. بۆ نموونە ئەوان تەنیا لەسەر سیاسەت، ئابووری، فەرهەنگ، دەوڵەتانی جیا جیای جیهان... هتد دەنووسن یان بەرنامەی لەسەر ئامادە دەکەن. ئەوانەی لەسەر سیاسەت دەنووسن، لە کەسانی سیاسی نزیکن و چاودێری

گۆڕانکارییەکانی ئەوان دەکەن. لەسەر ئەدەب و فەرهەنگیش بە هەمان شێوە. ئەو دابەشبوون و هەڵبژاردنەش، ڕاگەیاندنی ئەوانی زۆر پێش خستووە و نووسینەکانیان زۆر پسپۆڕانە دەنووسرێن. ئەوەش وای کردووە، ڕۆژنامەنووس لە بواری خۆی پسپۆڕێکی زۆر باش بێ. جا هەموو ڕۆژنامەکان، پڕن لەم جۆرە پسپۆڕانە. یەکێك بەردەوام لەسەر ئابووری بنووسێ، داوای لێ ناکەن، لەسەر فەرهەنگ یان ڕۆمانێکی نوێ گوتار بنووسێ، ئەگەرچی ئەو لەو بوارەش دەتوانێ بنووسێ، بەلاّم بێگومان نووسراوەی ڕۆژنامەنووسی پسپۆڕ خوێندنەوەی زۆر باشتر و سەرنج ڕاکێشترە.

ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەسەر سیاسەت دەنووسن، لە سیاسییەکان نزیکن و ئاگاداری زۆربەی ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵن. ئەوانەی بوونەتە پسپۆڕ لە بواری سیاسەت، دیارە لەکاتی هەڵبژاردن لە پێشبڕکێی هەڵبژاردن لەگەڵ سیاسییەکان بەیەکەوە دەگەڕێن. ئەم نزیکبوونەوەیان بۆتە دروستکردنی پەیوەندییەکی دۆستانە لە نێوان کەسانی سیاسی و ڕۆژنامەنووس. ئەم نزیکبوونەوەیە ئەوە ناگەیەنێ، کە ڕۆژنامەنووس لەبەر ئەوەی لە فلاّنە سەرکردەی سیاسی نزیکە، هەموو نهێنییەکانی بپارێزێ و واز لە پرنسیپەکانی ڕۆژنامەوانی بهێنێ! ڕۆژنامەنووس لەبەر ئەوەی بە پیشە ڕۆژنامەنووسە، دەبێت بەردەوام بە هۆشیاری مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین، ئەو گرفتانەی لەنێوان ڕۆژنامەنووس و سیاسییەکان دروست دەبێ چۆنن، لەخوارەوە نموونەیەك دەهێنینەوە:

لە کاتی هەڵبژاردنی 2002 لە سوێد، بو لوندگرێن **Bo Lundgren** ی سەرۆکی بلۆکی بورژواکان لە سیمریشهام **Simrishamn** وەك زۆربەی سیاسییەکانی تری سوێد، بۆ خوتبەدان ئامادە بوو. ئەم شارۆچکەیە لەبەر ئەوەی لە شاری ستۆکهۆڵم دوورە، ڕۆژنامەنووسان و ئەو ڕۆژێك پێشتر گەیشتنە ئەوێ. هەموویان بەیەکەوە لە هۆتێلێك

شوێنیان بۆ داندرابوو. Bo Lundgren ی سەرۆکی پارتی مۆدرات "پارێزگەران" لە تەنیشت پێر ڤێندێل Per Wendel ی ڕۆژنامەنووسی ئێکسپرێس Express لە بارێ دادەنیشێ. پێر بەناوبانگە بەوەی ڕۆژنامەنووسی نەرم و باشە. سەرۆکی پارتی مۆدرات گوتی: ئەگەر ئێمە لە هەڵبژاردن ببەینەوە ئوربان بێکسترێم Urban Bäckström دەکەین بە وەزیری ئابووری سوێد. پێر ئەمەی لە گوتارەکەی نووسی و ئەگەر نهێنیش بێ ئەوا ئاشکرای کرد. ئەم قسەکردنە هەڵلاّی زۆری لەسەر کرا و زۆر کەس دەستیان بە ڕەخنە گرتن لە سەرۆکی پارتی مۆدرات گرت. یەك لەوانەی ڕەخنەی توندی لە Bo Lundgren گرت، بەڕێوەبەری بانکی ناوەندی سوێد بوو. ئەم بەڕێوەبەرە بەناوبانگە بەوەی، کە بێلایەنە و ڕای خۆی لەسەر ئەم پرسیارانە دەرنابڕێ لەگەڵ ئەوەش ئەو ترسا، لەوەی ناوهێنانی ئەم وەزیرە نوێیە کێشەی گەورە بۆ ئابووری سوێد دروست بکات. ئەو بەزمەیان بە سەرۆکی پارتی مۆدرات کرد، لەکاتێکدا هێشتا لە پێشبڕکێی خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن بوو!

زۆر جار لەو کاتەی هەڵەیەك دەکرێ ئەنجامی خراپ بووە و خەڵك بەجۆری تر لە شتەکان گەیشتوون، بەلاّم تازە کار لەکار ترازاوە و میلی کاتژمێر بۆ دواوە ناگەڕێتەوە. ئێمە وەك ئینستینگ (چۆلەکە بێ ئەوەی پێشتر بینیبی چۆن هێلانە دروست دەکرێ خۆی دروستی دەکات، بەم جۆرە کارانە دەگوترێ ئینستینگ) هەوڵ دەدەین خۆمان لە جەماوەر دوور بخەینەوە و کەس نەمان بینێ. ئەگەر تۆ وەك کەسێکی سڤیل ئەمە بکەیت، یانی دوور لەکاری سیاسی و حکومەت، لەوانەیە بەخۆشاردنەوە پاش چەند هەفتەیەك لەبیر بکرێی، بەلاّم ئەگەر تۆ وەك کەسێکی سیاسی یان بازرگانێکی بەناوبانگ بیت، تۆ لەو بڕوایە دایت، بەم خۆشاردنەوە پرسیارەکە لەبیر دەکرێ، تۆ بەهەڵەدا چوویت، چونکە لەبیر کردنی ئاسان نییە. لەم کاتانە یاسای تر پەیڕەو دەکرێن. لەجیاتی لەبیر کردن، بەزمەکە گەرمتر

دەبێ. ئەوەی لەسەرەتا دەتوانی بە یەك ڕستە خۆت ڕزگار بکەیت، ئێستا دەبێت بۆی دابنیشیت و هەموو ڕاستییەکان باس بکەیت. تا تۆ بنی هەمبانەیان بۆ نەڕێژی، ڕۆژنامەنووسان وازت لێ ناهێنن و هەر بەدواتەوەن و لەسەرت دەنووسن و باست لێوە دەکەن. لەم هەموو باسکردن و نووسینەش، درۆی زۆری دەکەوێتە ناو. کورد گوتەنی ڕیسەکەت لێ دەبێتەوە بە خوری! ئەگەر نموونەیەك لەسەر ئەم خۆشاردنەوەیە بهێنینەوە ئەوا باس لە وەرزشزانی بەناوبانگی سوێد و جیهانی لودمیلە ئێنکڤیست **Ludmila Engquist** دەکەین. چیرۆکی ئەم یاریزانە بەناوبانگە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

لودمیلە بە ڕەگەز روسە و مێردی بە کابرایەکی سوێدی کرد. ئەو ژنە دەیان مەدالیای زێڕی لە یاری ڕاکردن وەرگرت. لە ساڵی 2001 ئاشکرا دەبێ ئەو ژنە بەتوانایە بۆ بەهێزتربوونی خۆی، دەرمانی تایبەتی بەکارهێناوە. ئەم دەرمانانەش دژ بە یاساکانی وەرزشن. پاش ئەوەی چەند ڕۆژێك لەسەری دەنووسن، ڕۆژی 4 – 11- 2001 لە دانمارك داوای پرێس کۆنفرەنس دەکات. ئەو لەم کۆنگرەی ڕۆژنامەوانییە، هەوڵی دا داوای بووردن بکا بەوەی، ئەو ئەم دەرمانانەی بەکار هێناوە. پاش کۆنگرە دەچێتە ئیسپانیا. لە گەڕانەوەی لە ئیسپانیا بەڕێکەوت لە خاڵێکی گومرگ لە خوارووی سوێد ئاشکرا دەبێ. پاش سێ هەفتە بابەتی ئەو وەك جاران بۆ ڕۆژنامەنووسان سەرنجڕاکێشە و بەگەرمی باسی لێ دەکەن. هەڵاتن و خۆشاردنەوەی بۆ ماوەی سێ هەفتە نەك یارمەتی نەدا کێشەکە لەبیر بکرێ، بەڵکو بابەتەکە گەرمتریش بوو و وەك جارانیش سەرنج ڕاکێش بوو.

ئەگەر پێشتر بینەر بە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان ڕازی بووایە، ئێستا مەرجی بینەر لەوە دەرچووە و زۆر زیادی کردووە. ئێستا سیاسییەکان جگە لەوەی وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان دەدەنەوە، دەبێ یارمەتی ڕۆژنامەنووسانیش بدەن، تا بەیەکەوە لەو

بەرنامەیە بینەر ڕازی بکەن و کەناڵەکەیان لەسەر نەگۆڕن. لەم پرۆسە نوێیە هەردوو لا قازانج دەکەن، چونکە کەسی سیاسیش زیاتر ئارەزووی لە بەشداربوونی ئەو بەرنامە خۆشانە هەیە تا بەرنامەی جدی و سیاسی! لێرە پرسیارێك بەرز دەبێتەوە، تا چەند کەسانی سیاسی بۆیان هەیە دوور بڕۆن و بەشداری لە چ جۆرە بەرنامەیەك بە چ جۆرە جلوبەرگێك بکەن؟ یان تا چەند بەرامبەر بە کامیرای تەلەفزیۆن باشە خۆیان ڕووت بکەنەوە یان نا؟ ئەمانەی سەرەوە پرسیارن و لە وڵاتانی پێشکەوتوو لەم جۆرە بەرنامانە زۆرن. ئەگەرچی جەماوەر لەگەڵ ئەوەن زۆرترین شت لەسەر سیاسییەکان بزانن، بەڵام ئەم زۆر زانینەش سنووری تایبەت بە خۆی هەیە و نابێت بشکێندرێ. بە شکاندنی ئەم سنوورانە، کابرای سیاسی خۆی لەناو جەماوەر دەشکێ و کورسیەکەی لەدەست دەچێ. سنوور نابێ تەنیا بۆ هەڵسوکەوت دابندرێ، بەڵکو بۆ وەڵامی پرسیار و بابەتی هەڵبژێردراویش دابندرێ. ئەگەر مەبەستمان باشتر ڕوون بکەینەوە، باشە باس لە بەرنامەیەك بکەین، بۆ نموونە بەرنامەیەك بەناوی: "ئاشکراکردن" لە کەناڵی تەلەفزیۆن هەیە. تۆ دەزانیت، ئەگەر بۆ ئەم بەرنامەیە بانگ بکرێیت، ئەوا بێ گومان و بەلای کەم یەك نهێنی زۆر گرنگی تۆ ئاشکرا دەکەن، بە ئاشکرا کردنی ئەم نهێنییەش، لەوانەیە جەماوەر لێت تووڕە بێت و جارێکی تر دەنگ بەو حیزبەی تۆ نەدات. بۆیە وا باشە لەم جۆرە بەرنامانە بەشدار نەبیت. یانی تۆ وەك سیاسییەکی، کە ئەندام پەرلەمانیت دەبێ سنوورێك بۆخۆت دابنێیت و ژیانێکی تایبەت بەخۆت هەبێ. مەرج نییە خەڵك هەموو شتێکت لەسەر بزانێ.

ئەگەر لەگەڵ زانینی ئەو فاکتانەی سەرەوە، دیسان بۆ بەرنامە چوویت و لەسەر بەشداربوونی ڕازی بوویت، چاکە وەڵامەکانت زۆر پسپۆڕانە بێ و بەهیچ شێوەیەك دژی ڕۆژنامەنووسان و میدیا بەخراپە قسە نەکەیت. قسەکردن دژ بە کارمەندانی میدیا، کەسی

سیاسی لەم پێشبڕکێیە دۆڕاوە. تووڕەبوون و شێوانیش دەبنە لەدایکبوونی بابەتی نوێ بۆ ڕاگەیاندن.

خەڵك ڕقی زۆری لە وەڵامی درۆ لەگەڵ هەوڵدان بۆ لادانی ڕۆژنامەنووس لەسەر خەت دەبێتەوە. لەوەش خراپتر، ئەوان قەت ناتوانن لێت خۆش بن، کە خەتای خۆت دەخەیتە سەر خەڵکی تر. لە هەر هەموویان خراپتر، ڕقی زۆریان لە کەسانی خۆپەرست دەبێتەوە.

زۆر کەس لەو بڕوایەدان، کە ڕۆژنامەنووسان وریان بەوەی سیاسییەکان ناچار بکەن قسەی قۆڕ و بێ مانا لە چاوپێکەوتنەکان بکەن. ئەو بۆچوونەی سەرەوە لەوانەیە ڕاست بێ و لەوانەشە ڕاست نەبێ، چونکە لەلایەك هەموو ڕۆژنامەنووسان وەك یەك بیر ناکەنەوە، لەلایەکی تریش ئەوان وەك یەك وریا نین.

هەندێك ڕۆژنامەنووس مامەڵەیان لەگەڵ خۆشە و چاوپێکەوتن تەواو دەبێ قارەمانەکە هەستی پێ ناکات، هەندێکی تر بە تف دەم و چاوی قارەمانی چاوپێکەوتن سواغ دەدەن، جگە لەوەش هەمان پرسیار زیاد لە 10 جار دووبارەی دەکەنەوە تا کابرا تووڕەدەبێ و ئەوەی نەیدەویست بیدرکێنێ، ناچار بە تووڕەیی دەیڵێ. پەیڕەوکردنی ئەم تەکنیکە لەوانە بۆ هەموو کەس باش نەبێ، بەڵام بۆ کەسانی سیاسی لە هەموویان کاریگەر ترە (ئێفێکتیڤ ترە) بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکان بەڕاستی بدەنەوە.

زۆربەی جار ڕۆژنامەنووسان کەسانی باش و بەتواناو ڕێکوپێکن و قسە کردن لەگەڵیان ئاسانە، بۆیە سەیر نییە، ئەوەی لەگەڵ ڕۆژنامەنووس دابنیشێ و قسە بکات، هەست دەکا برادەرێکی نوێی بۆ پەیدابوو. ئەو لەو بڕوایەدایە پاش ئەم چاوپێکەوتنە لەوانەیە ببنە برادەریش. ئەوان لەبیریان دەچێ، کاری ڕۆژنامەنووس بینینی خەڵکە و لەم بوارە زۆر وریا و بەتوانان.

ئەگەر هەموو پرسیار و وەڵامەکان وەك خۆی بخرێنە سەر کاغەز، لەوانەیە مرۆڤ هەندێك لە هونەری ئینتەرڤیو تێبگات، بەڵام کارەکە بەم شێوەیەی سەرەوە نییە (لێرە باس لە پرۆفسیۆنالیزم (پسپۆری) دەکەین، نەك ڕۆژنامەنووسانی کوردستان). ئەوەی قسە دەکات، زۆربەی جار گوتنەکانی کورت دەکرێنەوە و سەرلەنوێ دادەڕێژرێنەوە.

یەکێ لە کار و ئەرکەکانی ڕاهێنانی سیاسییەکان لەکاتی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان، نەهێشتنی ترس و بەهێزکردنی بڕوا بەخۆبوونە. لەم کۆرسانە تەکنیك و پرۆسەیان بۆ باس دەکرێ، چونکە ئەگەر کەسی بەرامبەر، شارەزایی لەسەر پیشە و کاری ڕۆژنامەنووس هەبێ، ئاسانتر تێی دەگات و وەڵامەکانیش بۆ ئەو ئاسانتر دەبن.

وەك لە پێشەوە باسمان کرد، ئەگەر کەسی ڕۆژنامەنووس ڕووی خۆش نەبێ و نەیەوێ زۆر لێت نزیك ببێتەوە، تۆ پێویست ناکا پێبکەنی و خۆت بۆ ڕۆژنامەنووس بکەیت بە کڵاون (هونەرمەندی سێرك)، چونکە لەوکات وەڵامەکانت بەهەند وەرناگیرێن و بەدووریش نازاندرێ باسی هەڵس و کەوتت بکەوێتە ناو ڕۆژنامە. لێرە لەسەر تۆ پێویستە تەنیا وەڵامی پرسیارەکانی ئەو بدەیتەوە.

ئەگەر ڕۆژنامەنووس هەرچەند مرۆڤێکی ڕووخۆش و بەتوانا بێ، تەنیا لەبەر ئەوەی بەمەبەست هاتۆتە لات، بەدوور نازاندرێ هەموو ئەوانەی سەرەوەی بۆ وەرگرتنی زانیاری زۆرتر بێ، دەبێ لێی ئاگادار بیت و لە وەڵامدانەوە وشیار بیت، چونکە ڕۆژنامەنووس هەر بە ڕۆژنامەنووسی دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەش هاتۆتە لات تا زانیاری لەسەر پرسیاری دیار لای خۆی دەست بکەوێ. لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەنووس مرۆڤێکی ڕووخۆشە و هەڵس و کەوتی لەگەڵ تۆ نەرم و باشە، لەوانەیە پاش ئینتەرڤیو شتی تازەی لا بدرکێنیت! لێرە تۆ دەبێ زۆر وریا بیت، ئەوەی پێشتر نەتویستووە بیدرکێنیت، ئێستاش نابێ ئاشکرای بکەیت.

ئەوەی تۆ وەك نهێنی بۆ ڕۆژنامەنووست درکاندووە، لەوانەیە بەیانی لەگەڵ تۆ دەیان هەزار کەسی تر لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە دەیخوێننەوە!

ئەوەی ڕازی بووە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس گفتوگۆ بکات، نابێ لەبیر بکا، هەموو ئەو گوتانەی ئەو دەیکا، وەك زانیاری بۆ هەواڵ نووسین سوودی لێ وەردەگیرێ! ڕۆژنامەنووس لە پرۆسەی کاری چەندین ساڵەی فێربووە، ڕاستەوخۆ پاش تەواوبوونی ئینتەرڤیو کامیرا ناکوژێنێتەوە، ریکۆردەر داناخا. ئەو چاك دەزانێ ئێستا کاتی قسەیە و کابرا بۆ ئاشکراکردنی نهێنی ئامادەیە. ئەم هۆشیارییە پێویستە نەك تەنیا پاش ئینتەرڤیو، بەڵکو پێش ئینتەرڤیوش دەبێ تۆ زۆر وشیار بیت. دەبێ بزانیت، ئەو ڕۆژنامەنووسە و نابێ بڕوای تەواوی پێ بکەیت، لەوەی تۆ دەیڵێی ئەو ئاشکرای ناکات! دەبێ ئەوەش بزانیت، کە هەر چاوپێکەوتنێك تاقیکردنەوەیەکە و بەلادانی تۆ دۆڕاویت و بردنەوەشت، بەرزت دەکاتەوە. ئەو قسانەی پێش یان دوای ئینتەرڤیو دەکرێ بە زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێ **Off the record**. لێرە نموونەیەك دەهێنینەوە. ئەم نموونەیەش وەك زۆربەی نموونەکانی تری ناو ئەم کتێبە لە کۆمەڵگای سوێد هێندراوە، ئەویش لەبەر ئەوە، کە لەلایەك ڕاگەیاندن لە سوێد دەستەلاتی تەواوی خۆی هەیە و لەلایەکی تریش سوێد ولاتێکی زۆر پێشکەوتووە.

لەو کاتەی ێنی لینداهل **Jenny Lindahl** لە ساڵی 1996 وەك بەرپرسی خوێندکارانی گەنج هەڵبژێردرا ئاگنێس ڕینگەرپ، **Agnes Ringarp** گوتارێکی کردنەوە و بەخێرهاتنی میوانانی خوێندەوە. بەشی یەکەمی ئەم گوتارەی زۆر ڕەق بوو. جێنی لە ئینتەرڤیوی ڕۆژنامەنووسی **SvD** بەرگری لە ناوەڕۆکی خوتبەکە کرد و گوتی: خوتبەکە دەبوایە بەم جۆرە بێ. لەوکاتەی ئینتەرڤیو تەواو دەبێ، جارێکی تر ڤیهێلم بێهرمان **Wihelm Behrman** ی ڕۆژنامەنووس لە **Jenny Lindahl** دەپرسێتەوە: بەڕای تۆ بەشێکی

خوتبەکە زۆر توند نەبوو؟ **Jenny Lindahl** خۆی لەبیر دەکا و لە وەلآمدا دەڵێ: ڕاست دەکەی هەندێ توند بوو. ئەو کچە لەو بڕوایەدا نەبوو، ئەم قسەیەی ئەو دەکەوێتە ناو ڕۆژنامە. ئەمە هەڵەیەکی گەورەبوو، بەلآم تازە چاپ کرا و گەڕانەوەی بۆ نەبوو.

زۆر جار ئەگەر ڕۆژنامەنووس وەلآمی پرسیاری یەکەمی وەك چۆن دەیەوێ دەست نەکەوێ، هەمان پرسیار وەك خۆی دەکاتەوە یانیش تۆزێك دەیگۆڕێ. کەسی بەرامبەریش بە ڕێزەوە، بەشێوەیەکی تر وەلآمی دەداتەوە. لەم جۆرە کاتانە ئەگەر هۆشیار نەبی تازە کەوتوویتە ناو کەمینەوە و ڕزگاربوونت ئاسان نییە.

ڕۆژنامەنووس لە کاتی وەرگرتنی ئینتەرڤیو دەزانێ چ پرسیارێك دەکا. ئەو دەزانێ چ وەلآمێکیشی دەست دەکەوێ، بۆیە ئاسان نییە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس لەم پێشبڕکێیە دەربچیت، چونکە ئەو بەردەوام هەنگاوێك لەپێشەوەیە. تۆ بێ ئەوەی هەست بکەیت، ئەو تۆی خستۆتە ناو گۆمێك و تۆش بۆ ڕزگاربوونت، هانا وەبەر هەموو شتێك دەبەیت! ئەو لەم جۆرە داو و تەلانە ئەزموونی زۆرە و زۆر جۆر مێتۆد فێرکراوە و یەك لەو مێتۆدانە بێدەنگییە. یانی ئەو پرسیار دەکات، تۆ وەلآم دەدەیتەوە، ئەو هێشتا میکرۆفۆنەکەی لەبەردەمت لانەداوە و هیچ پرسیاریشت لێ ناکا. لێرە تۆ نازانی چ بکەیت بۆ خۆ ڕزگار کردنت جارێکی تر لەسەر قسە کردن بەردەوام دەبی.

لە ژیانی ڕۆژانەی خۆمان ئەگەر دووکەس یەکتر ببینن، یەکیان قسە دەکات و ئەوەی تر گوێ دەگرێ، ئەو قسەی تەواو دەبێ ئینجا یەکەم دەست بەقسە دەکاتەوە. ئەوان بەم شێوەیەی سەرەوە بەردەوام دەبن. زۆر جار ئەگەر یەکێك بە دەم وەلآم نەداتەوە، ئەوا زمانی لەش یان جووڵەی لەش بەکار دێنێ. بەلآم لەکاتی ئینتەرڤیو ڕزگاربوون لەم جۆرە هەڵس و کەوتانە ئاسان نییە. ڕۆژنامەنووس پرسیار دەکات، ئەوەی بەرامبەر وەلآم دەداتەوە.

لەوانەیە وەڵامی یەکەمی یەك ڕستە بێ، بەڵام ئەگەر ڕۆژنامەنووس بێدەنگ بێ، ناچار لەسەر قسەکردن بەردەوام دەبێ. ئەو لەجیاتی بەیەك دێڕ وەڵام بداتەوە، لەوانەیە ئەم جارە بە چوار دێڕ وەڵام دەداتەوە. ئەو هەست دەکات وەڵامی ئەو بەشی نەکردووە، چونکە ئەو نازانێ ئەمە جۆرە تەکنیکێکە بۆ وەرگرتنی زانیاری زۆرتر. ئەم تەکنیکە کاریگەری زۆرترە بەتایبەتیش لەوکاتەی کابرای ڕۆژنامەنووس میکرۆفۆنی لەبەردەم لووتی ڕاگرتووە. لەم کاتانە ئەگەر ڕۆژنامەنووس پێویستی بە زانیاری زۆرتریش نەبێ، ئەو لەسەر قسەکردنی خۆی بەردەوام دەبێ. ئەگەر تۆ لەسەر قسەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس ڕاهێندرابیت، ڕزگاربوون لەم تەڵەیە ئاسانە. تۆ وەڵامی خۆت دەدەیتەوە، با ڕۆژنامەنووس هەر میکرۆفۆنی خۆی ڕابگرێ، لەوکات ئەو ناچار دەبێ پرسیاری ترت لێ بکا. تۆ دەتوانی بڵێی: من وەڵامی پرسیارەکەتم دایەوە فەرموو ئەگەر پرسیاری ترت هەیە؟ ئەو ناچار دەبێ پرسیاری نوێت لێ بکا، تۆ لەم پرسیارە گرانە تازە ڕزگارت بوو. زۆر جار ئەو بێدەنگییە بە زەرەری ڕۆژنامەنووس تەواو دەبێ. لەو کاتەی پرسیاری گرانی لێ دەکرێ کەمێك دەوەستێ ئینجا وەڵام دەداتەوە. یەك لەوانەی لەم پرسیارانە تەواو پسپۆرن، ئەوا سەرۆك وەزیرانی پێشووی سوێد یۆران پێرشون بوو. لەو کاتانەی پرسیاری گرانی لێ دەکرێ، لەبەر ئەوەی خۆی درێژە، کەمێك دەوەستێ و سەیری خوارەوەی خۆی دەکا، (ئەو تەواو زاڵە بەسەر بارودۆخ و کەش و هەوا) ئینجا وەڵامێکی زۆر بەجێ دەداتەوە.

زۆر جار ڕۆژنامەنووس پرسیارێك دەکا، بەڵام ئەم پرسیارەی پرسیاری تریشی بەدواوەیە. بۆیە لە وەڵامدانەوەی دەبێ زۆر وریا بیت! جارێکی تر نموونەیەکی تر دەهێنینەوە:

سکرتێری پێشووی پارتی چەپی سوێد گودرون شیمان **Gudrun Schyman**، پاش ئەوەی وازی لەکار هێنا، 22 هەزار کرۆنی سوێدی (نزیکەی 2800 دۆلاری ئەمریکی) لە

کاتی گێڕانی ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونی لە ساڵی 1998 وە قەرزاری حیزب بوو. لە ساڵی 2004 لەلایەن ئەننە کرۆك **Anna Krook** ی ڕۆژنامەنووسی ئێکسپرێس پرسیاری دەربارەی قەرزەکە لێ دەکرێ.

ئەننە: ناتەوێ قەرزەکە بدەیتەوە؟

گودرون: نامەیەکم بۆ حیزب نووسیوە تا ئێستا وەڵامم وەرنەگرتۆتەوە.

ئەننە: چیت لە نامەکە نووسی.

سکرتێری حیزب چاوەڕێی لەم جۆرە پرسیارە نەدەکرد بۆیە گوتی:

نایەتەوە بیرم، پێڕاناگەم قسان بکەم زۆر پەلەمە.

لە وەڵامدانەوەی پرسیار ئەگەر ئاگادار نەبی، چۆن وەڵام دەدەیتەوە، هێشتا تەواوی وەڵامی پرسیاری یەکەمت نەداوەتەوە، تۆ پرسیاری ترت لێ دەکرێ.

زۆر جار ڕۆژنامەنووس لەو کاتەی بۆ ئینتەرڤیو کات لای بەرپرسێك وەردەگرێ لەسەر پرسیارێکی دیارکراو، لەوانەیە درۆ بکات. لەوانەیە ئەو لەڕاستیدا بیەوێت پرسیار لەسەر شتی تر بکا، بەڵام بەدرۆ ناوی بابەتێك دەهێنێ. لەم جۆرە تاکتیکە یان درۆ کردنە، ڕۆژنامەنووس دوو ئامانجی هەیە. یەك نایەوێ کابرا خۆی بۆ پرسیارەکە ئامادە بکات، دووەم لەوانەیە کابرا ڕازی نەبێ لەسەر ئەم بابەتە قسە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس بکات. بۆیە لە سەرەتا چەند پرسیارێك دەکات، دوایی تەوەری پرسیارەکان بۆ لای ئامانجی خۆی وەردەگێڕێ. تا کابراش تێدەگا ئەمە کودەتایە، کار لەکار ترازاوە و لەوانەیە درەنگ بێ.

بۆ ئەوەی تۆ لەم جۆرە پرسیارانە ڕزگارت ببێ، چاکترین چارەسەر ئەوەیە، بڵێی لەکاتێکی تر وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەمەوە، چونکە جارێ زانیاری تەواوم لەسەر ئەم بابەتە نییە. لێرەش کابرا بە ڕستەیەك ناتوانێ خۆی لە ڕۆژنامەنووس ڕزگار بکات، بۆیە ئەگەر تۆ زۆر

تووڕەش بیت، نابێ نیشانی بدەیت، چونکە تووڕەبوون بۆ ڕۆژنامەنووس نیشانەی شاردنەوەی نهێنییەکە. ئەوەی سەرەوە ئامۆژگاری یەکەم بوو، ئامۆژگاری دووەم نابێ درۆ بکەیت و بڵێی ئاگام لەم بابەتە نییە، ئەگەر تۆ ئاگات لێبێ، چونکە بێگومانبە لەوەی درۆکەت ئەمڕۆ یان سبەی ئاشکرا دەبێ. بۆیە وا چاکە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بڵێی: جارێ لەسەر ئەم بابەتە زانیاری تەواو نییە لە دەرفەتێکی تر بەدرێژی باسی لێوە دەکەین. ئەگەر تۆ کەوتیە ناو ئەم تۆڕەی ڕۆژنامەنووس بەڕای دانەرانی کتێبی مەشق لەسەر ڕاگەیاندن:

- بەهێواشی وەڵام بدەوە، ئەگەرچی لەوکات ترس دایگرتوویت و زۆر بڕوات بەخۆت نییە.
- قەت درۆ یان نکۆڵی مەکە ئەگەر شتێك نەزانی.
- وەڵامی پرسیاری گران بە هەبوونەبوو و مەزەندە مەدەوە.
- وەڵامی پرسیار ئەگەر باش نەیزانی مەیدەوە.
- بە شێوەیەکی جوان بڵێ لە دەرفەتێکی تر باس لەم بابەتە بەدرێژی دەکەین.

بۆ ئەوەی کارلەکار نەترازێ نابێ تۆ لەسەر هەموو پرسیارێکی ڕۆژنامەنووس ڕازی بیت. زۆر جار ئەوان جۆری پرسیارەکان وەك تەکنیکی ئینتەرڤیو بەکاری دەهێنن، تۆ نابێ بە ڕای ئەوان ڕازی بیت. نموونە:

- لە چاوپێکەوتنێك تۆ گوتت ئۆتۆمبێل لەسەر شەقامەکانی هەولێر زۆرن، شەقامەکان ئەوەندە هەڵناگرن، دەبێ نرخی ئۆتۆمبێل بەرز بکرێتەوە، یان بەنزین گران بکرێ تا کەمتر بێنە ناو شار و شەقامەکان بە چۆڵی بمێننەوە.

تۆ بڵێ:

- من ئەم قسانەم نەکردووە هەر باسم لە بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین و ئۆتۆمبێل بە هیچ جۆرێك نەکردووە. بەڵکو من گوتوومە: دەبێ شەقامەکان فراوان بکرێن و پۆلیسی هاتوچۆ

ژمارەیان زیاد بکرێ تا شۆفێرەکان بە ئارەزووی خۆیان لەو شوێنەی بیانەوێ ئۆتۆمبێل ڕانەگرن و شەقامەکان تەسك نەکەنەوە.

ئەوەی سەرەوە دوو وەڵامی تەواو جیان. تۆ لەگەڵ ڕۆژنامەنووس ئەگەر لەسەر هەر بۆچوونێکی ئەو ڕازی بوویت، یانی قسەکان لەدەمی تۆ هاتوونەتە دەر. لەو کاتانەی زۆرت پەلەیە و کاتت نییە وەڵامی ڕۆژنامەنووسان بدەیتەوە چاکە بە وشەی **No Coment** وەڵامیان بدەیتەوە، چونکە ئەگەر وەڵامت دایەوە، دەبێ ڕستەکان بەجوانی بڵێی. لەگەڵ پەلە کردنیش، دەبێ ئەو وەڵامە بدەیتەوە، کە تۆ تەواو لێی ڕازیت. لەکاتی تەواوبوونی وەڵامی چاك بڵێی من وەڵامتم دایەوە، ئێستا ڕێگام پێ بدە بڕۆم چونکە زۆرم پەلەیە.

ئەوانەی زۆر لەمیدیاکان بەدەر دەکەون تووشی سێ هەڵەی زۆر گەورە دێن:

**نازانی بۆ کەوتوویتە ناو میدیا**

1- ڕۆژنامەنووس بەردەوام دەزانێ بۆ ئینتەرڤیو لە فلانە کەس وەردەگرێ، بەڵام ئەوانەی ڕەزامەندی لەسەر ئینتەرڤیودان وەردەگرن، نازانن بۆ ئەوان ڕازی بوون. لەوانەیە ئەو وابزانێ لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەنووس داوای کردووە، ئەو دەبێ ڕازی بێ، چونکە دانی ئینتەرڤیو بەڕای ئەو باشە و خراپ نییە، بێ ئەوەی ئەوان بزانن، خاوەنی ئەگێندا (ئەجێندا)ی خۆیان نین. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە ئەوان هیچیان نییە بیگەیێنن یان باسی بکەن. ئەوان قسە دەکەن، بێ هۆ یان نازانن بۆچی وادەڵێن، ئەو جۆرە قسەکردنانەی سەرەوە زیاتر لەسەر ئەوانەیە، کە نازانن چۆن قسە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس بکەن.

**بە زمانی میدیا ناپەیڤێ**

2- ئەگەر مرۆڤ ئامانجی ئینتەرڤیو بزانێ، هیچ گەرەنتییەك نییە، کە ئەو بتوانێ پەیامی بە ڕاستی و دروستی بگەیێنێ! مرۆڤ نازانێ چۆن قسە بکا و ڕای دەربڕێ تا سەرنجی میدیا

بۆلای خۆی ڕابکێشێ. زۆر جار پەیامەکە زۆر ئاڵۆز دەبێ و لەبەر درێژی قسەکان پەیامەکە بۆ میدیا ناگونجێ.

**ڕێگادان بەوەی جڵەوی ئینتەرڤیو بەدەست ڕۆژنامەنووس بێ**

3- ڕۆژنامەنووس بەردەوام ئامانجی دیارکراوی لە چاوپێکەوتن هەیە. ئەو ئامانجە لەوەی مرۆڤ خۆی دەیەوێ تەواو جیایە. ڕوودەدات ئەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێ پلانی خۆی لەگەڵ میدیا هەبێ، بەڵام مەرج نییە پەیام و پلانەکەی بگاتە ئەنجام.

لەوانەیە ڕۆژنامەنووس قەت ئەو پرسیارە ڕاستانە نەکات یانیش ئەو پرسیارەکە بەشێوەیەکی تر دەکات و ناچار دەبێ بە واقیعی تر ڕازی بێ لەوەی، کە خۆی هەیەتی. مرۆڤ بەو پەروەردە جوانەی خۆی وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ڕۆژنامەنووس دەداتەوە. ئەو، دەزانێت ئینتەرڤیو تەواو بووە، کەچی وەڵامەکانی بە تەواوی نەداوەتەوە و نەیتوانیوە پەیامی خۆی بگەیێنێ.

ئەو سێ هەڵانەی سەرەوە زۆر ئاسانن، لەگەڵ ئەوەش هەموو کەسێك تێی دەکەوێت، چونکە زۆر گشتین، ئەگەرچی زۆر ئاسانیشن، بەردەوامیش تۆ بەلای کەم تووشی یەك لەو سێ هەڵە دەبی، بەتایبەتیش ئەگەر ئەزموونت لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان زۆر نەبێ و ڕانەهاتبی چۆن قسە لەگەڵ ئەوان بکەی. ئەو کەسانە پاش بڵاوکردنەوەی ئینتەرڤیو، بە برادەرانیان دەڵێن من وام نەگوت، ئەوان بە هەڵە لەمن گەیشتن! لێرە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە ئەوان نەیانتوانیوە سوود لە میدیا بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان وەربگرن. (بۆ زیاتر زانیاری سەیری کتێبی مەشق لەسەر ڕاگەیاندن لە لاپەڕە 104 بکە). ئەو هەڵانەی سەرەوە زیاتر لەو دەوڵەتانەی ئازادی تەواوی ڕۆژنامەنووسییان هەیە، ڕوودەدات، چونکە

ڕاگەیاندن لەو وڵاتانە حیزبی نییە، ئەگەر حیزبیش بێ ئەوا حیزب بۆی نییە کاربکاتە سەر ناوەڕۆکی نووسینێك لەو دەزگایە.

لە کوردستان پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەنووس و بەرپرسە گەورەکان تەواو جیایە. لە وڵاتی ئێمە بەرپرس بە ئارەزووی خۆی قسە دەکات و لە کوێندەر بیەوێ خاڵ بۆ قسەکانی دادەنێ. ئەگەر ئەو بەرپرسە گەورەیەی ئێمە خوانەخواستە شتێکی لەبیر کردبێ، پێویست ناکا خۆی پەشۆکاو بکا، تەلەفۆنێك بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەکە دەکات، قسە زیادەکانی دەخەنە سەر!

من لەبەر ئەوەی ئەو نووسینانەی بڵاویان دەکەمەوە، ژانری هەواڵ نین، بۆیە دوای تەواوبوونی ئینتەرڤیو بەردەوام دەپرسم، ئەگەر شتێکی لەبیر چووبێ، هەندێك جار چەند ڕستەیەکی دەخەنە سەر، هەندێك جاریش هیچ باس ناکەن. بەڵام ئەوەی ئەوان دوای پرسیاری من دەیڵێن هیچ گەرەنتییەك نییە من بیخەمە ناو نووسینەکەم! هەموو ئەوانەی من چاوپێکەوتنم لەگەڵیان کردووە، نە پێش ئینتەرڤیو نە دوایی کەسم نەبینیوە، پەشیمان بووبێتەوە، لەوەی من چاوپێکەوتنم لەگەڵی ئەنجام داوە. ئەوەش زیاتر لەبەر ئەوەیە، چونکە من خۆم قارەمانی ئینتەرڤیو هەڵدەبژێرم، نەك ئەوان یان ئەو بۆ من. ئەوە خاڵێکی زۆر گرنگە. هەڵسوکەوتی من و ڕێزگرتن لە ئەخلاقی ڕاگەیاندن، ڕووی داومەتێ بۆ جارەکانی داهاتووش بوێرم یان ڕووم هەبێ تەلەفۆن بۆ قارەمانەکانی نووسینەکانم بکەم و کات بۆ وەرگرتنی ئینتەرڤیوی نوێ وەرگرم.

لەو کاتەی تۆ دەڵێی بۆ ماوەی نیو کاتژمێر کاتم لێت دەوێ، بۆ ئینتەرڤیو لەسەر فلانە بابەت، زۆربەی جار ئەم کاتە بەش ناکات. زۆر جاریش ڕوودەدات بەرامبەر قسە زۆر دەکات، بەڵام هیچ لەو قسانە ناخرێنە ناو ئینتەرڤیو، چونکە کەڵکیان نییە. ئەو بێ

وەستان لە بازنەیەك دەخولێتەوە. لەماوەی قسەکردنی یەك کاتژمێر، چوار ڕستەی بەسوودی لێ دەرناچێ، جگە لەو قسەکان دەبێ بەزمانی خەڵك بن، لێرە ڕۆژنامەنووس زۆر تووڕە دەبێ، لەبەر ئەوەی کەس نازانێ لەگەڵ ڕۆژنامەنووس قسە بکات، وابزانم ناهەقیشی نییە!

من وەك ئەزموونی خۆم لەگەڵ زۆر کەس تووشی ئەم حاڵەتە هاتووم، بۆیە بەردەوام پێش دەستپێکردنی قسەکانمان، ئاگاداری دەکەمەوە بەوەی، لەکاتی پێویست ڕایدەگرم و لەناو قسەکان پرسیاری تری لێ دەکەم. لەبەر ئەوەی ئەوانەی سەرەوە پێش دەستپێکردنی ئینتەرڤیو لەگەڵی دەبڕێنمەوە، کەس لێم تووڕە نابێ، بەڵام زۆریشی لا خۆش نییە. من دەزانم قسە کردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس ئاسان نییە، بەڵام ئەوان بەتەواوی لە هونەری قسەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان ڕانەهاتوون. ئەوان زۆر جار مەرج لەسەر ڕۆژنامەنووس دادەنێن بەوەی کە نابێت یەك وشە کورت بکرێتەوە یان ببڕدرێت، لەبەر ئەوەی زۆر جار ڕۆژنامەنووس خۆشی لە پیشەی خۆی تەواو پسپۆر نییە، نازانێ و ڕێك بە قسەی کەسەکە دەکا. لێرە ڕۆژنامەنووس نەك هەر بە قسەی کەس دەکا، بەڵکو جڵەوی قسەکانیش لەدەست کەسە، ئەوەش تەواو پێچەوانەی هەموو تیۆری و پیشەی ڕۆژنامەوانییە.

ئەگەر ڕۆژنامەنووس خۆی پێویستی بە یارمەتی هەبێ، دەبێ چ بە کەسەکە بڵێین؟ ئێمە کەم کادرمان هەیە بتوانێ بەڕاست و دروستی لەگەڵ ڕۆژنامەنووس قسە بکات، جا ئەو کوردە لە کوردستان بژی یان لە دەرەوەی کوردستان. لێرە باس لە ڕووداوێك دەکەم، کە برادەرێکی ڕۆژنامەنووسی سوێدی بۆی باس کردم. هاوینی 2005 لە شاری کارلستاد لە ڕۆژنامەی "کارلستادس تیدنینگن" لە لای سەرنووسەری ڕۆژنامە دانیشتبووم و باسمان لە ڕاگەیاندنی کوردی لە کوردستان و سوێد دەکرد. من گوتم ڕاگەیاندنمان لە ئاستی پێویست

نییه، بەلاّم دیاره بەردەوام بەرەو پێش دەچێ. گازاندەشم لەوە کرد بەوەی کادری باشمان لەم بواره زۆر کەمە. خەڵکیش بەگشتی نازانن قسە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس بکەن و ڕانەهاتوون. ئەو برادەرە سوێدییە بیرەوەرییەکی خۆی بۆ گێڕامەوە. گوتی لەو کاتەی لە رادیۆ کارم دەکرد، ئاگاداری کوردێکم کردەوە، بێ چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەم. گوتی پێم گوتبوو، ماوەی ئینتەرڤیوەکە چەند خولەکێکە. کابرای کورد لەکات و ساتی خۆی گەیشتبووە ستۆدیۆ. ئەو ڕۆژنامەنووسە سوێدیە گوتی دەبینم کابرا چەند لاپەڕەیەکی نووسیوە و دەیەوێ لە بەرنامەکەمان بیخوێنێتەوە. گوتی تێم گەیاند پێویست بە خوێندنەوە ناکات خۆم پرسیارت لێ دەکەم، کابرای سوێدی لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەنووسێکی پسپۆرە لە کاری خۆی، کۆنترۆڵی بەرنامەکەی لەدەست خۆی نەچوواند و چۆنی ویست بەرنامەکەی بەو شێوەیە بەڕێوە برد، بەلاّم دیاربوو لە ئەنجام کابرای کورد لێی تووڕە دەبێ، چونکە ڕێگای پێ نەدراوە خوتبەکەی بخوێنێتەوە. ئەو برادەرە کوردە ئەگەرچی لە سوێد دەژی، لەگەڵ ئەوەش لە ڕاگەیاندن و پیشەی ڕۆژنامەنووسیی نەگەیشتووە.

دەبێ کۆرسی تایبەت بۆ بەرپرسان بکرێتەوە تا فێربکرێن چۆن قسە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان بکەن. دەبێ ڕۆژنامەنووسان فێربکرێن، چۆن پرسیار ئاراستەی قارەمانەکانیان بکەن، چونکە زۆر گرنگە ئەوەی ئینتەرڤیوی لێ وەردەگیرێ بتوانێ بە ئاسانی و ڕەوانی و بەکورتی وەلاّمی پرسیار بداتەوە. بۆ ئەوەی وەلاّمی پرسیار بە کورتی بدرێتەوە، دەبێ پرسیاری ئاسان و ڕەوانیان لێ بکرێ. باشە قسەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس لەگەڵ ڕێکلام لە تەلەفزیۆن بەراورد بکەین، فەلسەفەی ڕێکلام ئەوەیە: هەموو ڕێکلامێك دەبێ منداڵێکی تەمەن حەوت ساڵە تێی بگات! ئەمە بە زمانی ئینگلیزی پێی دەڵێن:

**The seven - year- old mind** یانی هەموو پەیامێك دەبێ ئەوەندە ئاسان بێ.

**زمانی ڕۆژنامەنووس:**

هەموو میدیاکان تووشی پێشبڕکێیەکی زۆر توند هاتوون. بۆ ئەوەی ئەم پێشبڕکێیە ببەنەوە، خەبات بۆ وەدەست هێنانی زۆرترین خوێنەر دەکەن، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەوان ببنە خاوەن زمانی تایبەتی خۆیان. ئەوان بۆ هەندێك نووسین هەندێك وشەی تایبەت دادەڕێژن، کە پێشتر لە هیچ شوێنێك بەکار نەهاتووە. لە ڕۆژنامە سوێدیەکان دەیان وشە وەك: قەشەی سێکسی، ڕووخانی جەماوەر، منداڵی دەوڵەمەندان، منداڵی کەسانی بەناوبانگ لەگەڵ دەیان وشەی تر کە لەسەر شەقام و نووسینی کتێب بەکار ناهێندرێن. ئەوان بۆ بازاڕی خۆیان نەك تەنیا بەخۆیان خەریکی نووسینن، بەڵکو ئیمزای کەسانی بەناوبانگیش دەکڕن. یانی گوتار لەسەر بابەتێك دەنووسن و بە پارە، ناوی کەسێکی بەناوبانگ لەژێر نووسینەکە دادەنێن. کەسەکە بەرامبەر بە بڕێك پارە ڕازییە لەسەر ئەم بلاۆکردنەوەیە. دەبێت ئەوە بڵێین، ئەو نووسینەی بەناوی یان ئیمزای کەسانی بەناوبانگ دەنووسرێن، دیارە نووسینەکان زۆر باشن و ڕۆژنامەنووسانی بەناوبانگ کاری لەسەر دەکەن و دەینووسن.

لە سوێد وەك زۆربەی دەوڵەتانی پێشکەوتوو سیاسییەکان بۆیان نییە بە ئارەزووی خۆیان چەندی بیانەوێ قسە بکەن. بەتایبەتیش لە بەرنامەی دەنگوباس. لە بەرنامەی دەنگوباسی سوێدی بەناوی ڕاپۆرت: **Rapport** لە ساڵی 1982 درێژی قسەی سیاسییان لە ناو ڕاپۆرتەکان 35 چرکە بوو، لە ساڵی 1995 کرا بە 20 چرکە. ئێستا نزیکەی 10 چرکە بە کەسانی سیاسی دەدرێ و کەسانی پسپۆریش 14 چرکەیان پێ دەدرێ یان لە کۆی گشتی تەواوی قسەکان ئەوەندە کاتە دەردەهێندرێت.

هەندێك تووشی گرفتی گەورە دەبن،  ئەوان دەزانن واقیعەکە بەم جۆرە ئاسان نییە، بۆیە زۆرجار ناتوانن پەیامیان بە ئاسانی لەم ماوە کورتە بگەیێنن. گوتنی یەك قسەی خراپ لەلایەن ئەم پسپۆرانە بەدوور نازاندرێ ببێتە هۆی لەدەستدانی کاری خۆیان، پێت سەیر نەبێ ئەگەر ئەوان سەیری میکرۆفۆن بکەن و وێنەی کلاشینکۆفی تێدا ببینن!

ئەوانەی زۆر لەمیدیا بەدەر دەکەون، لەسەر قسەکردن مەشقیان پێکراوە، بۆیە بەلاتەوە سەیر نەبێ ئەگەر ئەو بتوانێ لەماوەی 10 چرکە پەیامی خۆی بەجوانی دەربڕێ. لە خوارەوە باس لە نموونەیەك دەکەین، چۆن کەسێکیان فێرکردووە قسە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس بکات.

لەو کاتەی ستورێ نوردھ **Sture Nordh**  کرا بە بەڕێوەبەری سەندیکای فەرمانبەران، بەشداری لە کۆرسی قسەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان کرد. ئەو پێتەر بلۆخ **Peter Bloch** ی وەك بەڕێوەبەری پرێس لای خۆی دامەزراند. پێتەر پێشتر لای گودرۆن شیمانی سکرتێری پارتی چەپی سوێدی کاری کردبوو. ستورێ وەلاَمی یەك پرسیاری بە یەك خولەك و چواردە چرکەی دایەوە. ئەمەش بە نووسین دەیکردە یەك لاپەڕەی **A4**. پێتەر زۆر خۆی تووڕە دەکات و دەڵێ باشە ئەگەر من ئەو پرسیارەم لێ نەکردبایت، بەڵکو پەیامنێری ڕادیۆ بهاتبا، تۆ چۆن بەم شێوەیە وەلاَمت دەدایەوە؟ ئەو لەم پرسیارەوە دەستی بە پەروەردەکردنی کرد. پێتەر بۆ ئەوەی پەروەردەی کاریگەرتر بێ زوڕنایەکی کڕی و لەگەڵ هەر وەلاَمێك ئەگەر لە 24 چرکە درێژتر بووایە، زوڕنای بۆ **Sture Nordh** لێدەدا. لە دوای ئەم 24 چرکەیە، توانییان بۆ 12 چرکە بیهێننە خوارەوە. ئەمەش تەواوی ئەم کاتەیە، کە ڕۆژنامەنووس بۆ وەلاَمی پرسیارێك پێویستیەتی.

یۆران پێرشونی سەرۆك وەزیرانی سوێد لە خوتبەدان و قسەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس زۆر بەناوبانگە. ڕستەی ئەو کورت و خەستن. دەڵێن جۆرج دەبلیو بۆش **George W. Bush** دەتوانێ بە چوار چرکە وەڵام بداتەوە، چونکە لە ئەمریکا ڕۆژنامەنووسان لە بەرنامەی دەنگوباس تەنیا چوار چرکە بە سیاسییان دەدەن تا بتوانن پەیامی خۆیان بگەیێنن.

وینستۆن چەرچل دەڵێ: خوتبەیەکی باش پێویستی بە چەند هەفتەیەك خۆئامادەکردن هەیە. کلیلی هەموو پەیامێك چۆنێتی بەکارهێنانی وشەیە. کابرای سیاسی چۆن دەتوانێ یاری بە وشە بکات و چەند بەسەر زمان زاڵە؟ هەردووکیان لە هونەری خوتبە نووسین زۆر گرنگن. زۆر جار کەسێکی سیاسی وشەیەکی نوێ دادەڕێژێ پێش ئەو، ئەو وشەیە بۆ ئەو مەبەستە بەکار نەهاتووە. دوای جاری یەکەم دەبینین لەلایەن تەواوی میدیاکان بەکار دەهێندرێ. یەك لەو وشانە ئەوا سەرۆك وەزیرانی پێشتری سوێدی، یۆران پێرشون لە ئینتەرڤیویەکی بەرنامەی دەنگوباسی رادیۆ بەناوی: "ئێکۆ" لە 21-11-2002 وشەی "سۆسیال تۆریزم" ی بەکار هێنا. ئەو قسەیە لەو کاتە کرا، کە لە 1-5-2004 چەند دەوڵەتێکی نوێ لە بازاڕی ئەوروپای هاوبەش دەبوون بە ئەندام. دانیشتوانی ئەو دەوڵەتانە هەموو مافێکی تەواوی **EU** یان دەبێ. یانی ئەگەر ئەوان بێنە سوێد و پارەیان لێ ببڕێ یان لە سوێد بژین، ئەوا حکومەتی سوێد ناچار دەبێ ئەوان بژیێنێ. سوێدیەکان دەترسان سەدان هەزار کەس تەنیا بۆ ئەو مەبەستە بێنە سوێد. چونکە ئەو ڕێژە پارەیەی سۆسیال (یارمەتی) لە مووچەی مانگانەی وڵاتی خۆیان زۆرتر بوو! ئەم قسەیە کرا بۆ ئەوەی خەڵك هۆشیار بکەنەوە و ئاگاداری ئەم گرفتە بن. لە ماوەی 6 مانگی داهاتوو لە نزیکەی 400 گوتار وشەی سۆسیال تۆریزم بەکار هات. ئێستا ئەم وشەیە شوێنی خۆی گرت و لە فەرهەنگیش داندرا.

زۆر جار لەکاتی ئینتەرڤیو، زۆرتر ئەو کەسانەی ڕانەهێندراون، کات لایان زۆر زوو دەڕوا. ئەوان زۆر بەجوانی وەلامی پرسیارەکانی ڕۆژنامەنووس دەدەنەوە. پاش تەواو بوون، کابرا هەست دەکات، بۆشاییەك لەم ئینتەرڤیوە هەیە، ئەو هەست دەکات، هەموو پرسیارەکانی لێ نەکراوە یان زۆر لەو پرسیارانەی ئەو دەیویست و چاوەڕێ بوو، قەت نەکران و بێ وەلام مانەوە! کابرا ناهەقی نییە، ئەگەر دوودڵ بێ تا لە ڕۆژنامە نووسراوەکە دەبینێ. یان لە رادیۆ دەیبیسێ یان لە تەلەفزیۆن نیشان دەدرێ. پاش بینین، نیشاندان سەیردەکات، بەم شێوە خراپ نەبوو، کە ئەو تێی گەیشتبوو. لەگەڵ ئەوەش مرۆڤ ئەم هەستەی لا دروست دەبێ:

### 1- چاوپێکەوتن لەسەر ئەو بابەتەی پێکهاتین نەکرا:

زۆر جار بەڵێن وەردەگیرێ لەسەر بابەتێکی دیار تا قسەی لەسەر بکەن، کابراش خۆی بۆ ئامادە دەکا، بەلام کاتێ ڕۆژنامەنووس دێ باس لە پرسیاری تر دەکەن و بابەتی تر بەرز دەکرێتەوە. لەم پرسیارە نوێیانە کابرا ناتوانێ وەلام نەداتەوە. لەم حاڵەتانە، کابرا هەست دەکات فێڵی لێ کراوە. لەم جۆرە فێلانە زۆر ڕوونادات، بەلام ڕووش دەدات. ئەم ڕوودانەش لەبەر ئەوەی ئەگەر ڕۆژنامەنووس هۆی ڕاستی چاوپێکەوتن بلێ، کابرا ئامادە نییە قسەی لەگەڵ لەسەر ئەم بابەتە بکا. لەلایەکی تریش لەوانەیە ڕۆژنامەنووس نەیەوێ کابرا خۆی بۆ ئامادە بکا.

### 2- ڕۆژنامەنووس قەت پرسیاری تەواو و پێویستی نەکرد:

زۆر لەوانەی بەردەوام قسە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان ناکەن، هەست دەکەن ئەو قەت پرسیاری تەواوی لێ نەکرا. گرفتەکە لێرە ئەوەیە، ئەو هێشتا تێنەگەیشتووە، کە بەرنامەی ڕۆژنامەنووس تەواو لە بەرنامەی ئەو جیایە. لەلایەکی تریش ئەوان زۆرتر ڕەخنەگرانە بۆ

پرسیارەکان دەچن، لەوەی ئەوان تا ئێستا لێڕاهاتوون. لەوانەشە ڕۆژنامەنووس لەم بابەتە زۆر شارەزایی نەبێ. ئەگەرچی مرۆڤ هیوا دەخوازێ لەم جۆرە ڕۆژنامەنووسانە کەم بن، بەڵام لە کوردستان هیوا بەش ناکات، چونکە ژمارەیان یەکجار زۆرە، بۆیە لێرە لە جیاتی هیوا دەبێ کار لەسەر ئەم ڕۆژنامەنووسانە بکرێ.

**3- من بڕوام پێکرد و نهێنی خۆمم لای درکاند، بەڵام ئەو بڵاوی کردەوە:**

پاش چەند کاتژمێر لە قسە کردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس، ئاسانە ئەگەر مرۆڤ هەست بکا، ئەو ڕۆژنامەنووسە باشە و دەکرێ بڕوای پێ بکرێ. پاش ئەم بینینە بڕوا لەنێوان هەردووکیان دروست دەبێ. ئەوان تێناگەن یان نازانن بۆ ڕۆژنامەنووس جیاوازی نییە چ کاتێك ئەو زانیاری وەردەگرێ؟ یانی لە کاتی ریکۆردەر کار دەکا یان دوای کوژانەوە؟ بەلای ڕۆژنامەنووس گرنگ ئەوەیە زانیاری وەربگرێ. ئەگەر ئەوەی لەم دانیشتنە گوترا کرا بە هەواڵ ئەوا وەك هەواڵ بڵاوی دەکاتەوە بێ ئەوەی گرنگ بە جۆر و کاتی گوتنەکەی بدات. تۆ ڕۆژنامەنووس دەبینیت دەبێ بزانی ئەو هەموو کاتەی لای تۆیە ڕۆژنامەنووسە نەك تەنیا لە کاتی پرسیار و وەڵام.

**4- کورتکراوەی قسەکان بڵاوکراوەتەوە:**

ئەگەر مرۆڤ بیەوێ بەناوبانگ بێ و خەڵك باش بیناسن، ئەو قسانە دەیکات، هەمووی بڵاو ناکرێتەوە. بەڵکو تەنیا کۆپلەیەك یان ڕستەیەك هەڵدەبژێردرێ و ئەو کۆپلە یان ڕستەیە بڵاو دەکرێتەوە. ئەو کۆپلە یان ڕستەیەش زۆرتر لەو کاتانەی ئەو بە تووڕەیی گوتوویەتی یان بەهەڵە قسە دەکات.

**5- سەردێڕ ڕەنگدانەوەی گوتار نییە و خەڵك بە هەڵە لە ناوەڕۆك دەگەن:**

پاش ئەوەی ڕۆژنامەنووس گوتارەکەی دەداتە دەستەی نووسەران، دەکرێ هەموو شتێك لەم گوتارە ڕوویدات. دەکرێ لەگەڵ ئەم گوتارە وێنە، گرافیك یان شتی تری بخرێتە سەر. لێرە زۆر گرنگە ئەو کەسەی ئینتەرڤیوی لێ وەردەگیرێ ئاگای لە قسەکانی خۆی بێ و قسەی خراپ و هەڵە نەکا، چونکە ئەگەر لەم ئینتەرڤیوە قسەی خراپ کرا، بێگومان قسە خراپەکان بلاّو دەکرێنەوە.

ئەوەی تووشی ئەم هەلاّنەی خوارەوەی دەکات، تێنەگەیشتن و بەکەم زانینی کەسە لە هونەری ئینتەرڤیو و زیرەکی ڕۆژنامەنووسە لەم بوارە. ئەوان لەو بڕوایەدان ئینتەرڤیو وەك هەر دانشتنێکی تری ناو کۆمەڵە. ئەوان لەوە تێناگەن، بەوەی لە ئینتەرڤیو سەری گوریس بەدەست ڕۆژنامەنووسە و ئەو پرسیارەکان دەکات و ئەوان تەنیا وەلاّمدانەوەیان لەئەستۆیە. ڕۆژنامەنووسانیش بابەت و پرسیار هەڵدەبژێرن و دانیشتنەکە بەڕێوە دەبەن.

لەو دانیشتن و ئینتەرڤیوانە وشەی نۆ کۆمێنت **No Coment** بەش ناکات، چونکە لەوکات ڕۆژنامەنووس تێدەگا، شتێك هەیە و ئەو نایەوێ بیدرکێنێ. لەم جۆرە حاڵەتانە باشترین شت بۆ کابرا ئەوەیە، کە بۆ ڕۆژنامەنووسی ڕوون بکاتەوە، کە ئەو بۆچی نایەوێ وەلاّمی ئەم پرسیارە بداتەوە. ئەو دەتوانێ بڵێ ئەم پرسیارە پەیوەندی بە فلاّنە کەسەوە هەیە یان تا ئێستا زانیاری تەواوم لەسەر ئەم پرسیارە نییە و نامەوێ زانیاری نادروستتان پێ بدەم. زۆر جار ئەم ڕوونکردنەوانە، زانیاری زۆر لە جەوهەری بابەتەکە زۆرتر تێدا لەوەی ئەگەر وەلاّمی پرسیارەکەی دابایەوە یان باشتر دەکرێ ئەو وەلاّمە وەك هەواڵ بلاّوبکرێتەوە. جگە لەو وەلاّمانەی سەرەوە، کابرا دەتوانێ بڵێ ئەم زانیارییە جارێ نهێنییە و ناتوانێ ئاشکرای بکات یانیش بڵێ ئەو لەم بوارە پسپۆر نییە، بۆیە وەلاّمی ئەم پرسیارە بە نۆ کۆمێنت دەداتەوە.

ئەوانەی مەشقیان لەسەر ڕاگەیاندن کردووە بەوەی چۆن قسە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس بکەن، بەدەگمەن تووشی هەڵەی گەورە دەبن. ئەوان فێرکراون تا بزانن کاری ڕۆژنامەنووس چییە و ئەوان بەدوای چ دەگەڕێن. ئەگەر ئەم پسپۆڕانە نەیانەوێ نهێنییەك بدركێنن، یانی ئەوان نایانەوێ ئەم نهێنییە بدركێنن، چونكە هەندێك جار سەری گوریس بەدەست ئەوانیشە نەك تەنیا بەدەست ڕۆژنامەنووس. بۆ ئەوەی تۆ خۆت لە پرسیاری ڕۆژنامەنووووس ڕزگار بكەیت و ئەوەی تۆ بەلاتەوە گرنگە بڵێیت، بەڕای نووسەرانی كتێبی (مەشقی ڕۆژنامەنووس) چاكە تێبینی ئەم خاڵانەی خوارەوە بكەیت و سوودیان لێ وەرگریت:

- پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، دەمەوێ ئەم شتە ڕوون بكەمەوە، كە...
- لەو بڕوایەدام پرسیاری تەواو بەم شێوەی خوارەوەیە...
- لێمان گەڕێ با پرسیاری گرنگ و كاكڵی مەبەست لەبیر نەكەین...
- من نامەوێ بەمەزەندە باس لەو پرسیارە بكەم، بەڵام ئەوەی من دەمەوێ بیڵێم...
- نەخێر، ئەمەش سێ هۆی هەیە یەكەم...
- ئەمە پرسیارێكی زۆر گرنگە، بەڵام ئەوەی لەم پرسیارە گرنگترە ئەوەیە كە...
- ئێمە لەم حاڵەتە زۆر دوودڵین، بەڵام ئەوەی ئێمەی زۆرتر تووشی دڵەڕاوكێ كردووە ئەوەیە كە...
- لێم گەڕێ جارێ ئەوە بڵێم...
- لێم گەڕێ جارێ ئەمە لە شوێنی خۆی دانێمەوە...
- ئەمە لەژێر لێكۆڵینەوەیە، بەڵام ئەوەی من دەتوانم بیڵێم...

بەگوێرەی پرسیار، یەك لەو پێشەكی وەڵامدانەوە هەڵبژێرە و بەم شێوەیە لە هەڵە و كەم و كورتی ڕزگارت دەبێ.

له خوارەوە نموونەیەك لەم جۆرە وەلاّمانەی سەرەوە دەهێنینەوە:

له 1-1-2003 قسەکەری کۆشکی سپی ئاری فلێشەر **Ari Fleischer** ئەم پرسیارەی لیّ دەکریّ:

- تاکەی ئێوە دەتانەوێ 200 هەزار سەربازی ئەمریکی له بیابان دابنیشێ و چاوەڕێ بکات؟

لەسەر شەڕی نوێ له ئێراق، بۆ ماوەی چەند مانگێکە ئەم بابەتە بەگەرمی قسەی لەسەر دەکریێ. ئەگەر وەلاّمی ئەم پرسیارە بە ڕوونی بدرێتەوە، لەوانەیە زۆر ئاقلاّنە نەبێ، بەلاّم لێرە وەلاّم زۆرن. وەك ئێمە ڕۆژی پێنجشەمە باسی لێوە دەکەین و لەوکات ئاگادارتان دەکەینەوە. یان با بزانین ڕووداوەکان چۆن دەگۆڕدرێن؟ لەهەر یەك لەو وەلاّمانەی سەرەوە ئەمریکییەکان تووڕە دەبن. جگە لەوەش هیچ سەرۆك کۆمارێکی ئەمریکی نایەوێ بەوە بەناوبانگ بێ چۆن 200 هەزار سەربازی ئەمریکی له بیابان سەرگەردان کردووە؟ له ڕاستیدا وەلاّمی ئەم پرسیارە زۆر گرانە، بەلاّم ئاری فلێشەر زۆر جوان وەلاّمی دایەوە و گوتی:

- پرسیارەکە ئەوەیە چەندی تری پێدەوێت تا سەدام ڕاستییەکانمان پێ دەڵێ؟ له جیاتی ئەوەی وەلاّمی ڕاست و دروست بداتەوە، ئەو بەو شێوەی سەرەوە وەلاّمی دایەوە. لێرەش هەموو خەتاکەی خستە سەر ئەستۆی سەدام حوسێن. بۆ ئەوەی وەلاّمی ئەم جۆرە پرسیارانە بەجوانی بدرێنەوە، پێویستی بە توانایەکی زۆر هەیە و دەبێ بۆ ماوەی چەندین ساڵێش کار لەسەر ئەم کادرانە بکرێ و ڕابهێندرێن، چۆن وەلاّم بۆ پرسیارەکان هەڵبژێرێ؟ لەم پرسیارە ئەو بەرپرسێتی لەسەر ئەمریکا لادا و خستیە ئەستۆی سەدام.

ئەوانەی جاری یەکەم لە ستۆدیۆ بوون، لەوانەیە نەزانن کاری ستۆدیۆ چۆنە و چۆن بەڕێوە دەچێ. لەو کاتەی ڕۆژنامەنووس یان یەکێك لە کەناڵی تەلەفزیۆن تەلەفۆنت بۆ دەکا و داوای بیروڕای تۆ لەسەر بابەتێك دەکات و بۆ ئەم مەبەستە دەیەوێ چاوپێکەوتنت لەگەڵ ساز بدرێ. چاکە پێش دەستپێکردن ئەمانەی خوارەوە بزانیت:

- مەبەستیان لەم چاوپێکەوتنە چییە و دەیانەوێ چ لەتۆ ببیسن؟

- داوا بکە پاش 10 خولەك تەلەفۆنت بۆ بکەن.

- لەم ماوەیە بیر بکەرەوە، ئایا تۆ دەتەوێ بەشداری لەم بەرنامەیە بکەیت یان نا؟

- ئەگەر بتەوێ بەشداری بکەیت و وەڵامی پرسیارەکانیان بدەیتەوە، چاکە لەماوەی ئەم 10 خولەکە خۆت ئامادە بکەیت.

بۆ ئەوەی لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بەشدار بیت، دەبێ دەموچاو هەندێك پۆدرەی لێبدرێ تا لە تەلەفزیۆن ڕووناکی کارت لێ نەکات. لە سوێد بەم شێوەیەی خوارە کارەکان بەڕێوە دەچن.

پاش ئەوەی تۆ ڕازی دەبیت، تەکسیەکت بۆ ڕەوانە دەکەن و خۆشیان پارەی تەکسی دەدەن. تۆ دەگەیتە کەناڵی تەلەفزیۆن لە پرسگا ئاگاداریان دەکەیتەوە، تۆ گەیشتوویتە ستۆدیۆ. پێش ئەوەی بگەیتە تەلەفزیۆن بە تەلەفۆن هەندێك پرسیارت لێ دەکەن وەك: ناوت چۆن دەنووسرێ، پیشەت چییە و لە چ پسپۆریت، شوێنی کار... لێرە باشە تۆ کە بۆ کەناڵ بانگهێشت کراوی، ناوی بەلای کەم کەسێك لەم بەرنامەیە یان بەرپرس لای خۆت بنووسیت و ژمارەی تەلەفۆنی لێ وەربگریت، بۆ ئەوەی ئەگەر شتێك ڕووی دا، بەتەلەفۆن ئاگاتان لەیەکتر بێت. کە دەگەیتە پرسگە، یەکێك دێت بەدوات و بۆ ژووری جوانکردن دەتبات، پاش بۆیاغکردنی دەموچاوت، بەلای کەم باشە تۆ 20 خولەکت هەبێ تا دەگەیتە ستۆدیۆ

و لەبەرنامە دادەنیشی. تا ئەو کات یەکێك بۆ ژوورێکی تایبەت دەتبا و لەوێندەر ڕۆژنامە و گۆڤاری لێن، تۆ بەوان خەریك دەبی. لەم ژوورە جگە لە تۆ، لەوانەیە خەڵکی تریش وەك تۆ دانیشتبێ و چاوەڕێی چوون بۆ ستۆدیۆ بکات. بەرنامەی بەیانیان دوو کەس بەڕێوەی دەبەن، بۆیە لەو کاتەی تۆ لەژوور خەریکی سەیرکردن یان خوێندنەوەی گۆڤاریت یەك لەم دوو کەسە دێن و بەخێرهاتنت دەکەن. کە تۆ سەرەت هات یەکێك بۆ ستۆدیۆ دەتبات و جێگات بۆ دەستنیشان دەکرێ تۆ لە چ شوێنێك دابنیشی. لەو کاتەی دادەنیشی بەڕێوەبەری بەرنامە بەخێرهاتنت دەکات و میکرۆفۆنت بۆ دەبەستن. لە هەر یەك لەو بەرنامانە نزیکەی 10 خولەك قسەت لەگەڵ دەکەن. یەکەم شت تۆ لەم ستۆدیۆیە بەسەرت دێ بەخێرهاتنی بەڕێوەبەری بەرنامەیە و ئەویش بە بینەرانت دەناسێنێ، کە تۆ کێیت و چ کارەیت؟

ئەم بەرنامانە بەگشتی بەرنامەی نەرم و باش و سەرنج ڕاکێشن. لێرە خەڵك توورە ناکرێن و ئەگەر نەیانەوێ وەڵامی پرسیارێك بدەنەوە، زۆرییان لێ ناکرێ. لەم بەرنامانە دەبێ تۆ بزانی بۆچی بانگهێشت کراوی و چ جۆرە پرسیارێکت لێدەکرێ. لەوانەیە جگە لەو بابەتەی ئێوە لەسەری پێکهاتوون، پرسیاری تریشت لێ دەکرێ، بەلاّم بۆ وەلاّم پێویست ناکا، خۆت بشێوێنی، چونکە لەم بەرنامانە هێرش ناکرێتە سەر میوانان، بەتایبەتیش بەم بەیانییە!

لە کاتی تەواوبوونی بەرنامە، ڕێکلام دەست پێدەکات، لەم ماوەیە بەڕێوەبەری بەرنامە، بەگەرمی دەستت دەگوشی و سوپاسی بەشداربوونت دەکات. پاش ئەمە یەکێك ڕێگای دەرەوەت نیشان دەدا. ئەگەر لەو قسانەی ئێستا تۆ لە ستۆدیۆ کردت، شتی نوێیان تێدابێ، لەوانەیە بۆ بەرنامەی دەنگوباسی بەیانیش ئینتەرڤیوەکت لەگەڵ بکەن. پاش

ئەمە تۆ کارت لە ستۆدیۆ و تەلەفزیۆن نامێنێ، ئەوان تەکسیت بۆ سەر کار یان شوێنی مەبەست بۆدەگرن و بەرنامەی ئەمڕۆی تۆ لەگەڵ تەلەفزیۆن تەواو دەبێ.
باشە ئاماژە بەوە بکەین، ئەو کەسانەی ئەم بەرنامانە لە سوێد یان هەر دەوڵەتێکی تری پێشکەوتوو بەڕێوەدەبەن، ئەوەندە پسپۆرن لەبواری خۆیان تۆ هەست ناکەیت ئینتەرڤیوەکە ئەوەندە بە ئاسانی بەڕێوە دەچێ. لەهەر کاتێك ئەوان بزانن تۆ وشەت بۆ نایێ یان تێی ناگەیت تەواو یارمەتیت دەدەن، بێ ئەوەی تۆ هەست بکەیت گێلیت یان نەشارەزا! ئەوان زۆر بەجوانی دەچنە ناو بابەتەکان و پسپۆرانە ئەوەی بیانەوێ لێت وەردەگرن.
بە باشی دەزانم باس لە یەك ئینتەرڤیو بکەم کە لەگەڵ من کرا لە ناو شاری هەولێر لەلایەن کەناڵێکی تەلەفزیۆنی فینلەندی، بۆ ئەوەی باشتر لە تەکنیکی ئینتەرڤیوی ئەوان شارەزابین: بەڕێکەوت لەلای قەلاّت و چایخانەی مەچکۆ بووم، برادەرێکم لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی فینلەندی بینی، ئەو وەك وەرگێڕ لەو چەند ڕۆژە کاری لەگەڵ دەکرد. زانی من سوێدی دەزانم، کابرای فینلەندی داوای وەرگرتنی ئینتەرڤیوی لێ کردم. من گوتم دەربارەی چییە، گوتی سەدام بەیانی بۆ یەکەم جار لە دادگا دادگایی دەکرێ، لەسەر ئەوە پرسیارت لێ دەکەم. گوتم زۆر ئاگاداری ئەم پرسیارە نیم، لەوانەیە باشتر بێ ئەگەر لێم وەرنەگریت، گوتی مەترسە پرسیاری گرانت لێ ناکەم. من لەسەر پێدانی ئینتەرڤیو ڕازی بووم. ئەو بە یەك دوو وردە پرسیار دەستی پێ کرد، چواردەورمان پڕبوو لە خەڵك و منداڵ! دواتر یەکسەر پرسی:
- ئەمریکا ئێوەی داگیر کردووە و ئێستاش کارەبا و ئاو و گرفتی کۆمەلاّیەتیتان زۆرە؟
من چاوەڕێی ئەم پرسیارەم لێ نەدەکرد، چونکە ئێمە لەسەر دادگاییکردنی سەدام پێکهاتبووین، منیش وەك زۆر کەسان خەریك بوو هەست بەوە بکەم، کە فێڵم لێ کراوە،

بەڵاّم من وەلاّمێکی زۆر باشم بۆ هات، کە تا ئێستا شانازی پێوە دەکەم. من لەو ەلاّمی پرسیاری ئەو گوتم:

- ئێمە وای نابینین، کە ئەمریکا ئێمەی داگیر کردبێ بە پێچەوانەوە، ئەوان ئێمەیان لە دیکتاتۆرێکی گەورە ڕزگار کردووە.

- گوتی گرفتی کۆمەلاّیەتی لە کوردستان زۆرن؟

من لە وەلاّمی ئەمە گوتم: زیاد لە 35 ساڵە سەدام ولاّتمان تێکدەدا، ناتواندرێ بەچەند مانگێك یان ساڵێك چاك ببێت، خۆت لەمن باشتر دەزانی ئەم پرۆسەیە کاتی زۆری دەوێت.

گوتی باشە چ هەستێکت هەیە بەوەی بەیانی سەدام دادگایی دەکەن؟

من گوتم: زیاد لە 35 ساڵە ئێمەی کورد چاوەڕێی ئەو ڕۆژەین.

لەو کاتە سوێد و زۆربەی دەوڵەتانی ئەوروپی لە ڕاگەیاندنیان تەنیا لایەنە نەگەتیڤەکەیان (خراپ) باس دەکرد و نیشان دەدا. پاش ئەوەی ئەو زانی ڕای من چۆن بووە، بەلایەوە زۆر جێگای سەرسوڕمان بوو.

کابرا ئێوارێ لە هوتێلی شیراتۆن هەربەخۆی ڕێپۆرتاژەکەی بە کۆمپیوتەر مونتاژ کرد، دەنگی خستە سەر و بۆ فینلەندای ڕەوانە کرد، هەمان ئێوارەش لە تەلەفزیۆن لێدرابوو.

هەموو کارەکان (فیلم گرتن، پرسیار کردن...هتد) ئەو بەخۆی دەیکرد.

ئەم ڕۆژنامەنووسە ئەوەندە لە پیشەی خۆی پسپۆر بوو، دەیتوانی هەموو کەسێك بەئاسانی بدوێنێ.

ئەگەر باس لە ڕۆژنامەنووسێکی کورد بکەم، لەو کاتەی ئینتەرڤیوی لێ وەرگرتم، کە ئێستاش نەمتوانی وەلاّمی پرسیاری ئەو بدەمەوە بەم جۆرە بوو:

- کاک دکتۆر ڕاگەیاندن چ ڕۆڵێك دەگێڕیٚ؟

زیاد لە 30 چرکە بەرامبەر کامیرا وەستام، وەڵامم بۆ نەهات. من گوتم ئەوە پرسیار نەبوو تۆ کردت، بەڵکو کەتیرە بوو خستە ناو دەمم! من گوتم باشە ئێمە پێك نەهاتبووین پرسیارێکی ئاسانم لیٚ بکەی؟ گوتی: دکتۆر ما ئەوە پرسیارەکی زەحمەت بوو؟

نە ئەو کات نە ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارەم بە یەك ڕستە بۆ نەدرایەوە، چونکە وەڵامی ئەو پرسیارە لەڕاستیدا یەك کتێبی دەویٚ.

بگەڕێینەوە سەر ستۆدیۆی سوێد. ئەگەر ئەو میوانە لە دەرەوەی ستۆکهۆڵم هاتبیٚ، ئوتێلیشی بۆ دەگیریٚ.

من تا ئێستا دوو جار بۆ بەرنامەی سپێدەباشی کەناڵی زاگرۆس بۆ ئینتەرڤیو بانگ کراوم. لە تەلەفزیۆنی زاگرۆس پرۆسەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەست پێدەکات:

یەکێك لە ڕێداکسیۆن تەلەفۆنت بۆ دەکات. ئەو خۆیت پیٚ دەناسێنیٚ و دەڵیٚ: بەیانی بۆ کاتژمێر 10ی بەیانی تۆ بۆ فلانە بەرنامە بانگهێشت کراوی، پرسیارەکانی لەتۆ دەکریٚ لەسەر ڕاگەیاندنە. من هەردووك جار بۆ چوون ڕازی بووم.

جلی جوانم لەبەر کردووە و ڕیشم تراشیوە و هەوڵم داوە نزیکەی 20 خولەك زووتر بگەمە تەلەفزیۆن. بۆخۆم تەکسیم گرتووە و لە پێش زاگرۆس هاتوومەتە خوار. لە پرسگە گوتوومە منیان بۆ فلانە بەرنامە بانگ کردووە. بە ڕووخۆشی گوتوویانە ڕاست برۆ دواتر دەستە چەپ، لە حەوشە بەردەوام زیاد لە 20 کەس قۆڵی یەکتریان گرتووە و خەریکی پیاسەن! من لە یەك لەوان دەپرسم فلانە ژوور لەکوێیە، ئەویش بەڕێزەوە پێم دەڵیٚ، ئەو تاقیبی هەنگاوەکانم دەکات تا دەگەمە نزیك ژوورەکە، سەیری کابرای حەوشە دەکەم و دەڵێم ئەم ژوورە، بەسەر لەقاندن وەڵام وەردەگرم. دەچمە ژوور کوڕێکی گەنج لەپشت مێز

دانیشتووە من خۆمی پێ دەناسێنم، دەرچوو ئەو خۆی تەلەفۆنی بۆ کردبووم. لەم ژوورە بچووکە چەند کەسێکی تریش هەن. کەمێك دادەنیشم یەکێك دێت و بۆ ژووری خۆجوانکردنم دەبات. هەندێك پۆدرەم بۆ جاری یەکەم لە ژیان لە دەموچاو دەدرێ، بۆم ڕوون ناکەنەوە بۆچی ئەم پۆدرەیەم لێدەدەن؟ هەرچەندە خۆم ئەو شتانەم پێشتر دەزانی، بەلاّم بێنە یادی خۆت، ژەنەڕالێکی گەورە پۆدرەی لە دەموچاو بدرێ بێ ئەوەی بۆی ڕوون بکەنەوە، بۆچی؟ دەبێ هەست بە چ بکات؟

پاش ئەم بۆیاغە، دەمبەنە ژووری کۆنترۆڵ، چەند کەسێکی گەنجی لێ ڕاوەستاوە. لە ژووری کۆنترۆڵ لەپێش چاوم ئەو کوڕەی بەرنامەکە مونتاژ دەکات، بە میکرۆفۆن جوێن بە بێژەر دەدا و بەرنامەش زیندووە. ئەم کچە بەستەزمانە ناتوانێ هیچ وەلاّمێك بداتەوە. من نزیکەی دوو خولەك دەوەستم، دەبێتە ڕێکلام، من بۆ لای بێژەر دەبەن. بەڕووخۆشی پێشوازیم لێ دەکات و نازانێ من کێم؟ تەنیا ئەوە نەبێ من پسپۆرم لە ڕاگەیاندن. چوار کتێب لەگەلّ سەدان گوتارم هەیە، ئەو ئاگای لەهیچیان نییە؟ من بەو کچە بێژەرە دەلّێم: پرسیاری ئاسانم لێ بکە، من ناتوانم وەلاّمی پرسیاری گران بدەمەوە! ئەو دەلّێ: بۆ ئێوە لەکاتی تاقیکردنەوە پرسیاری ئاسانمان بۆ دەهێنن؟ من لێرە تێناگەم، بۆچی بانگ کراوم؟ ریکلام تەواو دەبێ، ئەو کچە ناوی من بەتەواوی، شوێنی کار بەهەلّە بە بیسەران دەلّێ و چەند پرسیارێکی سەقەت لەسەر ڕاگەیاندنم لێ دەکرێ، پەیوەندییەك هەیە ئەو پێم دەلّێ. کابرا پرسیارێکم لێدەکات و وەلاّمی ئەو دەدەمەوە، ئەمجارە کچەکە پرسیارێکی ترم لێ دەکات، هەموو کاتەکە نزیکەی 5 خولەك ڕۆیشتووە، من هیچ پرسیاری ترم لێناکرێ، بەپەلە پەل مایکەکەم لێدەکەنەوە و دەرگام پێنیشان دەدەن. بەپێش کوڕە گەنجەکان دەڕۆم هەموویان بەیەکەوە قسە دەکەن. قسەکانیان دەبڕم و دەپرسم چۆن بۆ دەرەوە بچم؟ بە

ئیشارەت پێم دەڵێن: بەرەو ژوورە بچووکەکە دەچم و کابرای گەنج سوپاسم دەکات و دەڵێ وەڵامەکانت زۆر باش بوون، من دڵنیام بەهەموویان وا دەڵێ، ئەگینا بەرنامەکە بەڕای خۆم زۆر سەقەت بوو! من لەم چاوپێکەوتنە ڕازی نەبووم، بەڵام ئێستا چووە. دەچمە دەرەوە، دیسان لەیەك لەوانەی قۆڵیان خستۆتە ناو قۆڵی یەکتر، دەپرسم چۆن بۆ دەرەوە بڕۆم، بەدەست نیشانم دەدەن، دەچمە دەرەوە تەکسیەك دەگرم و بەرەو زانکۆ دەگەڕێمەوە.

ئەگەر چاوپێکەوتنی سوید لەگەڵ کوردستان بەراورد بکەیت، ئەوا چاوپێکەوتنی ئێمە بە کوردی پێی دەڵێن: "چاوپێکەوتنۆکە". ماوە بڵێم ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ من لە کەناڵی زاگرۆس کرا پێش ساڵێك بوو یانی پێش ئەوەی (دکتۆر نیاز لاجانی) ببێتە بەڕێوەبەری گشتی تەلەفزیۆنی زاگرۆس. ئێستاش بەرنامەکە هەر ماوە، بەڵام نازانم پێشوازی و چاوپێکەوتنەکان وەك پێشانن یان نا؟

لە بەرنامەی بەیانیانی تەلەفزیۆن نابێ بەرنامەی توند هەبن و گفتوگۆکە بۆنی شەڕی لێ بێ! (ئێمە باس لە کەناڵەکانی تەنیا دەنگوباس پەخشکردن ناکەین). زۆر جار جگە لە تۆ بەلای کەم یەك تا دوو کەسی تریش لە ستۆدیۆ دادەنیشێ و هەمووتان بەسەر یان کاتی پرسیار وەڵامی ڕۆژنامەنووس دەدەنەوە. لەوانەیە تۆ لەگەڵ یەکی تر هەمان بیر و بۆچوونت نەبێ، بەڵام ئەوە ئەمە ناگەیەنێ، تۆ لەگەڵ ئەو توورە بیت و یەکتری ڕیسوا بکەن!

لەو ئینتەرڤیوانە، دەبێ زۆر وریابن، چونکە نابێ درۆی تێدابێ. مەبەستمان لە درۆ (جگە لە وشەی ڕووتی درۆ) ئەم شێوەیەی خوارەوەشە:

ئەندام مەڵبەندێکی یەکێتی لەگەڵ ئەندام ناوچەیەکی پارتی بەیەکەوە بانگ دەکرێن بۆ ئەوەی باس لەسەر پرسێکی گرنگی کۆمەڵ بکەن. ئەگەر لە ئەنجام قسەکانیان وەك یەك بوون، نیشاندرا موویان لەنێوان ناچێ، خەڵك گاڵتە بەهەردووکیان دەکات، چونکە چاك

دەزانن لەسەر شەقام دۆستایەتی و تەباییەکە بەجۆرێکی ترە. جا لێرە دەبێت هەردووکیان زۆر وریابن، بۆ ئەوەی تووشی ئەم جۆرە وەڵامانە نەبن. با کەمێك جیابێ، با کەمێك گرژ بێ، بۆ بینەران لەوکات زۆر ئەنجامەکەی باشتر دەبێ بەڵام لێرە گرنگە پێش چوونە دەر لەستۆدیۆ تەوقەیەکی گەرم بەرامبەر بەکامیرا لەگەڵ یەکتر بکەن، بۆ ئەوەی خەڵك بزانێ، ئەگەر دوو وەڵام بۆ یەك پرسیاریش هەبێ، ئەوان ڕقیان لەیەکتر نابێتەوە، بەڵکو هەریەکە و بۆچوونی خۆی هەیە. ئەم جۆرە گفتوگۆیانە زۆر ڕاسترە لەوەی بە کاك کاك بەرنامەکە تەواو بکەن!

ئەگەر بەڕاستی هەردووکیان دژ بەیەك قسەیان کرد و قسەکانیان لەدڵەوە بوو، تۆ بەهیچ شێوەیەك نابێ بە قسە و نوکتەی ئەو پێبکەنی. نابێ وەك ئەویش دابنیشی و بەسەر و زمان پشتگیری لە قسەکانی ئەو بکەیت. ئەگەر تۆ تەواو دژی قسەکانی ئەویت و بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ بۆچوونی ئەو نیت، پێویست ناکا گوێ بۆ قسەکانی ئەو شل بکەیت. لەو کاتە دەکرێ خۆت بەسەیرکردنی ئەو کاغەزانەی لەبەردەمی تۆیە خەریك بکەیت. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ، کە ڕای ئەو بەلاتەوە هیچ گرنگ نییە! ئەگەر تۆ ئەو هەڵسوکەوتانەی سەرەوە بەرامبەر ناحەزی خۆت بکەیت، بەدوور نازاندرێ ئەویش بەهەمان چەك وەڵامت بداتەوە. ئەگەر ناحەزت زۆر ناحەزە و بەهیچ شێوەیەك ناتەوێ بەشداری لە بەرنامە لەگەڵ ئەو بکەیت، تۆش ئاگادار نەکرابیتەوە بەوەی ئەویش لەم بەرنامەیە بەشدارە، تۆ دەتوانی هەڵبستیت و لەبەرنامەکە بچیتە دەرەوە. چوونە دەرەوە مافی تەواوی خۆتە و لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنە ئەوروپییەکان جاربەجار ڕوودەدات.

لەو کاتەی بۆ بەرنامەیەکی تەلەفزیۆن بانگ دەکرێی چاکە زۆرترین زانیاری لەسەر بەرنامەکە کۆبکەیتەوە، بۆ ئەوەی خۆتی بۆ ئامادەبکەیت. جگە لە ئامادەکردن پرسیاری

دەربارەی چۆنێتی ستۆدیۆ و ژمارەی بەشداربووان و دیکۆری ستۆدیۆش بکەیت. ئایا تۆ دادەنیشیت یان بەپێوە وەڵامی پرسیارەکان دەدەیتەوە. تۆ دەتوانی بەگوێرەی بەرنامەکە جل لەبەر بکەیت.

لە ئینتەرڤیو بۆ رادیۆ بۆ بەرنامەی دەنگوباس زۆر بەکورتی و زمانی ئاسان دەبێ ڕات دەربڕی. لەبەر ئەوەی ئینتەرڤیو لە رادیۆ نابیندرێ، تەنیا دەبیسترێ، دەبێ وشەکان وەك خۆی بڵێیتەوە، تا بیسەر باش تێت بگات. لە تەلەفزیۆن ئەگەر تۆ وشەکانیش وەك پێویست دەرنەبڕی، لەبەر ئەوەی دەبیندرێی، زمانی بێدەنگ یانی بەجووڵەی لەشت تێت دەگەن، کە تۆ لەو قسانە مەبەستت چییە. لە قسەکردن بۆ رادیۆ دەبێ لەکاتی پێویست قسەکان بەرز و نزم بکەیت و بۆ ئەوەی بیسەر بزانێ تۆ لەناخەوە ئەم قسانە دەکەیت.

چاوپێکەوتن بۆ رادیۆ زۆربەی جار بەتەلەفۆن ئەنجام دەدرێ. ڕۆژنامەنووس تەلەفۆنت بۆ دەکات و نازانێ تۆ خەریکی چیت؟ ئایا تۆ نووستوویت یان خەریکی نووسین یان نانخواردنیت؟ بەلاّم هەرگوتی من فلاّنە کەسم و لە فلاّنە ڕادیۆوە قسەت لەگەڵ دەکەم، دەبێ تۆ خۆت کۆبکەیتەوە و قسەکانت بەڕێکوپێکی بکەیت. زۆر جار تۆ لەوانەیە نەزانیت بابەتەکەش چییە، کە ئەو دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکات. بۆ چاوپێکەوتنی رادیۆ مرۆڤ پێڕاناگا خۆی کۆکاتەوە و ئامادە بکات. زۆر جار دوای ئەوە تەلەفۆنیش دادەخرێ تۆ نازانی بۆ وەلاّمت دایەوە یان بۆ ڕازی بوویت لەسەر دانی ئینتەرڤیو. تۆ دەتوانی بڵێی تکایە پاش دە خولەکی تر تەلەفۆنم بۆ بکەرەوە. ئەوە مافی تەواوی خۆتە.

ئەوانەی مەشقیان لەسەر قسەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس کردووە زۆر بەئاسانی وەلاّمی پرسیارەکانی ڕۆژنامەنووسانی ڕادیۆ دەدەنەوە. ئەوان ئەو گرفتەیان نییە و پەیامی خۆیان بە ئاسانی دەگەیێنن. ئەوان پاش وەلاّمی تەلەفۆن یەکسەر لە ڕۆژنامەنووس دەپرسن، ئایا

ئەوە ئینتەرڤیوە تۆ دەیکەیت یان ئەمە قسەکانی پێش ئینتەرڤیوە. ئەوان دەشپرسن، کە ئەم ئینتەرڤیوە بۆ چییە و ئەوان دەیانەوێ چ لەو بزانن و چ جۆرە وەڵامێك چاوەڕێ دەکەن؟ ئەوان لەبەر ئەوەی پسپۆرن زۆرترین زانیاری لەسەر بەرنامە کۆدەکەنەوە، لەو کاتە وەڵامەکان زۆر ئاسانتر دەبێ. پاش ئەم هەموو پرسیارە ئینجا زۆربەی جار بە ڕۆژنامەنووسان دەڵێن: تکایە پاش 10 خولەکی تر پەیوەندیم پێبکەنەوە، لەو ماوەیە ئەوان خۆیان بە جەختکردن و دەروونی بۆ بەرنامەکە ئامادە دەکەن و فاکتەکان لای خۆیان لەسەر کاغەزێك دەنووسن، بۆ ئەوەی لەکاتی قسەکردن لەبیریان نەچێ.

تۆ باشە جاری یەکەم یان لە تەلەفۆنی یەکەم ڕازی نەبیت بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکان بدەیتەوە تا تۆ خۆت باش بۆی ئامادە نەکەیت. ئەگەر ئامادەکردنی تۆ پێویستی بە 10 خولەك هەبوو بڵێ پاش 10 خولەکی تر پەیوەندیم پێوە بکە، ئەگەر پێویستی بە یەك کاتژمێر هەبوو، تکای لێ بکە پاش یەك کاتژمێری تر پەیوەندیت پێوە بکا، لەو ماوەیە تۆ پێڕادەگەیت و خۆت باش بۆ پرسیارەکان ئامادە دەکەیت.

ئەگەر ڕۆژنامەنووس پێت بڵێ ئەمە ئینتەرڤیو نییە، بەڵکو ئەو لە فلانە پرسیار دەکۆڵێتەوە و لەسەر فلانە بابەت ڕات وەردەگرێ، بە گوێرەی نووسەرانی کتێبی (مەشقی ڕۆژنامەنووس) چاکە ئەمەش وەك ئینتەرڤیو سەیر بکەیت و وەڵامەکانت ڕێك و پێك بن.

بۆ ڕۆژنامە خوێنەر نازانێ چۆن ئینتەرڤیو ئەنجام دراوە و قارەمانی ئینتەرڤیو چۆن بووە. بۆیە چۆنێتی هەڵسوکەوتی ئەو زۆر گرنگ نییە و ئەوەندە بایەخی پێ نادرێ. لەم جۆرە چاوپێکەوتنەش چۆنێتی وەڵامدانەوە، لەوانەیە کاربکاتە سەر ڕۆژنامەنووس و جووڵەکان بخرێنە سەر کاغەز. وەك ئەگەر تۆ لەکاتی وەڵامدانەوە سەیری تەلەفزیۆن یان ئاسمان بکەیت، یان منداڵێك بێت و بێزارتان بکات یان بەردەوام تەلەفۆنت بۆ بێ، ئەوانەی سەرەوە

لەوانەیە بکەوێتە ناو نووسینەکە. لەم کاتەش بۆتۆ باش نابێ و خوێنەر هەست بە تێنەگەیشتنی تۆ لە ڕۆژنامەگەری دەکات. ئینتەرڤیوی باش و سەرکەوتوو باشە ئەم خالانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێن:

- جلی جوانت لەبەر بێ وەك ئەوەی وێنەی تۆ لەگەڵ گوتار بلاودەکرێتەوە. ئەگەر تۆ وێنەشت نەگیرێ جلی جوان و پاکوخاوێن، کار دەکاتە جۆری نووسین و پرسیارکردنی ڕۆژنامەنووس.

- شوێنێك هەڵبژێرن، تا کەس بێزارتان نەکا و قسەکانتان بەردەوام لێ نەبڕێ.

- زۆر گرنگە لەکاتی دیارکراو ئامادەبیت و بە ڕوویێکی خۆش پێشوازی لە ڕۆژنامەنووس بکەیت.

- زۆربەی جار ڕۆژنامەنووس قسەکانت بە ریکۆردەر یان **MP3** تۆمار دەکات تۆ ئەمە بە پۆزەتیڤ (باش) وەربگرە، چونکە لەوکات تۆ دەزانی قسەکانت ناشێوێندرێن.

- ئەگەر لەکاتی ئینتەرڤیو نان خورا یان چاوی و قاوە خورایەوە، بەردەوام ڕۆژنامەنووس پارەکەی دەدات. لە ئەورووپا زۆر ناسروشتییە، ئەگەر قارەمانی ئینتەرڤیو پارەکەی بدات، بەلام جار وایە هەریەکە و پارەی خۆی دەدات. لێرە باس لەوە ناکەین، ئەگەر کابرا خۆی ڕۆژنامەنووسی بانگ کردبێ، لەوکاتە کابرا پارەی شتەکان دەدا.

- ئەگەر لەم نووسینە باس لە ژیانی تایبەتی قارەمان بکرێ، پرسیارەکان تایبەت بە ژیانی ئەون، وەك ئارەزووت لە گوێگرتنی چ مۆسیقایەکە، چ کتێبێکت لەم ماوەیە خوێندۆتەوە...هتد.

- زۆربەی جار پێش ئەوەی نووسینەکان بلاۆبکرێنەوە، تۆ دەیبینیت، ئەگەر تۆ هەمووش نەبینیت، ئەوا چەند کۆپلەیەك دەبینی. ئەمەش لەو کاتە تۆ داوای بینینت کردبێ ئەگەر داوات نەکردبێ لەوانەیە ئەوان نیشانت نەدەن، چونکە ڕۆژنامەنووسان بەردەوام پەلەیانە.

- لە ئینتەرڤیو بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار، چاکە هەموو دانیشتنەکە وەك ئینتەرڤیو سەیر بکرێ، نەك تەنیا لەکاتی وەلاٚمی پرسیارەکان.

لە بەشێکی تری ئەم کتێبە باسمان کردووە، ئەوانەی تووشی گرفتی گەورە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان دەبن و خۆیان لێ دەشارنەوە و وەك تاوانبار لە میدیا باس دەکرێن، خۆشیان ئامادە نین هیچ زانیارییەك بە ڕۆژنامەنووسان بدەن و خۆیان لە ڕۆژنامەنووسان دەشارنەوە بێ ئەوەی بزانن و هەست بکەن، ئەم خۆشاردنەوە خۆڕا نییە و لەوانەیە نهێنییەك هەبێ، کە نەیانەوێ ئاشکرای بکەن. ئەمە ڕاوانانی قارەمانەکان ئەوەندەی تر سەرنجڕاکێش دەکات!

بێدەنگی ڕێگای ڕزگاربوون نییە لە قەیرانەکان، چونکە ئەم بێدەنگییە لەلایەن کەسانی بێ توانا یان خاوەن گرفتەکان لە ڕاگەیاندن بە شتی تر پڕدەکرێتەوە. یانی کەسی تر لەجیاتی تۆ قسەکان دەکات. ئەو کەسانە لەوانەیە باشی لێ نەزانن و وەلاٚمەکانیان بۆتۆ بەخراپە بگەڕێتەوە. ئەگەر تۆ تووشی گرفتێك هاتی، تۆ باشە خۆت نەشاریتەوە و وەلاٚمی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان بدەیتەوە. ئەگەر تۆ هیچ وەلاٚمێکت لا نەبێ دەتوانی بڵێی تۆ هیچت نییە بەوانی بڵێیت، چونکە کە کار گەیشتە ڕاونان، بێ شك نهێنییەکە ئاشکرا دەبێ و بۆ کەسی تاوانبار لەچاوی ڕۆژنامەنووس، یارییەکە دۆڕاوە و بە قازانجی ڕۆژنامەنووسان تەواو بووە. ڕێگای باش، بۆ ئەوەی تۆ وەك تاوانباری گەورە دەرنەچیت، دەتوانی خۆت نیشانی

ڕۆژنامەنووسان بدەیت، هەرنەبێ کەمێك بەرگری لەخۆت بکەیت و کەمێك خۆشەویستی جەماوەر بۆخۆت بگەڕێنیتەوە.

ئەوانەی نایانەوێ بەهیچ شێوەیەك خۆیان نیشانی ڕۆژنامەنووسان بدەن، دیارە هۆیەك هەیە. دیارە لە شوێنێك قسەیەکیان کردووە یان درۆیەك کراوە، چونکە بەخۆڕا و بێ هۆ، ڕۆژنامەنووسان یاخەی کەس ناگرن!

لەخوارەوە نموونەیەك دەهێنینەوە، چۆن کابرایەك نایەوێ نهێنییەك بدرکێنێ و ئەو لەچاوی جەماوەر بە مرۆڤێکی درۆزن سەیر دەکرێ.

ڕۆژنامەی **DN** ی سوێدی ئینتەرڤیوەك لەگەڵ سکرتێری سەندیکاکانی سوێد ئێرلاند ئۆلساوسۆن **Erland Olsauson** ئەنجام دەدات. ئامانجی ئەم چاوپێکەوتنە، گوایە ئێرلاند بەهۆی کورسی و پلەوپایەی خۆی، هەوڵی داوە شوقە بۆ خزم و کەسی دابین بکات. سکرتێری سەندیکاکان نکۆڵی لەم بۆچوونەی ڕۆژنامەنووس دەکات، بۆیە پرسیارەکان بەم شێوەی خوارەوە کران:

- ڕۆژنامە: دەزانی خاوەن باڵەخانەی کوڕەکانتی تێ دەژین، کێیە؟
- سکرتێر: نەخێر، بەتەواوی نازانم.
- ڕۆژنامە: نازانی منداڵەکانت لەکوێ دەژین؟
- سکرتێر: بەڵی، دەزانم.
- ڕۆژنامە: ئەوان لە **AFA** دەژین، کە تۆ ئەندامی ئەنجومەنی ئەوانیت.
- سکرتێر: بەڵێ، منداڵەکانم لەوێندەر دەژین.
- ڕۆژنامە: بۆ جاری یەکەم ڕاستییەکەت پێ نەگوتین؟
- سکرتێر: من پێم نەگوتی، چونکە دەمویست تۆ ئەوەم پێ بڵێی.

پاش هەوڵی زۆری سکرتێر، کە دەیویست ڕۆژنامەنووس بۆلای تر ببات، بەڵام دەرچوو ئەو درۆی دەکرد. ئەگەر تۆ جارێك درۆت کرد، گەڕانەوەی متمانەی جەماوەر بۆت ئاسان نییە. ئەوانەی لەسەر میدیا مەشقیان پێ کراوە، لە وەڵامەکانیان زۆر وریان و لەم جۆرە قەیرانانە باش خۆیان دەپارێزن.

جلی تایبەت بۆ ئینتەرڤیو نییە، چونکە زۆر جۆری ئینتەرڤیو هەیە، تۆ باشە بەگوێرەی ئینتەرڤیو جل لەبەر بکەیت.

ئەوانە قاتی جوان و قەرەوێتی باش و جوان لەبەر دەکەن، بەگوێرەی جلیان کاری خۆیان نیشان دەدەن. ئەوانەی جلی ئاسان و کراوە لەبەر دەکەن، خۆشەویستی و نەرمی دەنوێنن. قەرەوێتی سوور نیشانەی بەدڵی و بایەخپێدان دەنوێنێ، بەڵام بۆینباغی زەرد دەستەڵاتی کلاسیك نیشان دەدات، بۆیە زۆربەی سیاسییەکانی جیهان لەو جۆریان لەبەرە.

لە کۆمەڵگایەك ڕۆژنامەنووس و سیاسی دەستەڵاتی زۆریان هەیە، سەیر نییە هەردووکیان شێوەی جیا پەیڕەو بکەن، بۆ ئەوەی زانیاری تەواویان دەست بکەوێ.

# تێگەیشتن لە ڕۆڵی ڕاگەیاندن

نەك تەنیا سیاسییەکانی کوردستان لە ڕۆڵی مەزنی ڕاگەیاندن ناگەن، بەڵکو ئەوانەی زۆر دەمێکە دەوڵەتیشیان ئازادە، پاش بینینی چەندین، کۆرس، تووشی هەڵەی زەق و مەزن دەبن.

ڕۆڵی مێدیا لە دەرەوەی کوردستان بایەخی زۆری پێ دەدرێ بۆیە بەلاتەوە سەیر نەبێ ئەگەر لە وڵاتێکی بچووکی وەك سوێد نزیکەی 200 هەزار کەس تەنیا لەگەڵ مێدیا کار بکات، بۆ ئەوەی خەڵك پەروەردە بکەن و تووشی هەڵە نەبن! چونکە خەفە کردنی ڕاگەیاندن قەت لە بەرژەوەندی جەماوەر نەبووە و سیاسییەکان قەت نەیانتوانیوە تا سەر بۆیان بچێتە سەر. سۆڤێت و ئێراق و خڕ دەوڵەتانی دیکتاتۆر نموونەی زەقی ئەم نائازادییەن.

**ئەوانەی نابێت لەگەڵ ڕۆژنامەنووس هانای بۆ بەریت و باس بکرێن:**

درۆ قەت مەکە، چونکە ئەگەر لێت ئاشکرا ببێ تۆ کورسیەکەت لەدەست دەچێ. لەوانەیە هەندێك هەڵە هەبێ ئەگەر لە ڕاگەیاندنی کوردستان بیکەی، ئەوەندە زۆر لەسەرت نەکەوێ بەتایبەتیش ئەگەر تۆ لە یەك لەو دوو حیزبە گەورەی کوردستان بەرپرسی گەورە بی، بەلاّم لە ئەورووپا دەبێتە هۆی لەدەستدانی کار و کورسی. لە کوردستان لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندن زۆر حیزبییە، بۆیە هەر کاتێك جەنابی بەرپرس، قسەیەك بکا، ئەگەر لە بەرنامەی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆن نەبێ دەستەلاّتی ئەوەی هەیە، بەرنامەکە، یان هەر لە چاپخانەوە ڕۆژنامەکە ڕابگرێ و نەیەڵێ بەناو جەماوەر بلاّو بکرێتەوە. بەلاّم وەك نووسیمان، لە وڵاتانی ئازاد و سەربەخۆ، هەڵەی بچووك، زۆر گەورە لەسەر سیاسییەکان دەکەوێت. ئەگەر

نموونەیەکی بچووکی سوید بهێنینەوە، ئەوا چیرۆکی (مۆنا سالێن) باس دەکەین. ئەو ژنە، جێگری سەرۆك وەزیرانی سوید (ئینگڤار کارلسۆن) بوو. ئینگڤار کارلسۆن بڕیاری دابوو، دەست لەکاری خۆی بکێشێتەوە و مۆنا سالینیش گەرمترین کاندیتی کورسی سەرۆك وەزیران بوو، ئەم مێشی لیٚ کرا بە گامێش و بە یەك تەلەفۆنی نهێنی بۆ ڕۆژنامەنووسێك، هەمووی لەدەست چوو. ئەو وازی لە سیاسەت هێنا، لە کاتێکدا زۆر بە ئاسانی دەکرا ببێتە سەرۆك وەزیرانی سوید. چیرۆکی مۆنا بەم شێوەیە دەستی پێکرد:

" لە 20 ی ئەیلولی 1995 (لێیف برێنسترێم) لە ڕۆژنامەی ئێکسپرێس، راپۆرتێکی بەدەست گەیشت، لەم راپۆرتە نامەیەکی نهێنی نووسراوە: "لەپشت کارەکانی مۆنا سالێن هەندێك نهێنی پارێزراون و مۆنا شتی بە پارەی حکومەت کڕیوە!". ئەوە ئەم ڕۆژەبوو، کە دوو پرێسکۆنفرەنس گیرابوون. (یان نیگرێن)، ڕایگەیاندبوو، کە ئەو نایەوێت پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت و مۆنا سالێنیش گوتبووی، ئەگەر حیزب ڕازی بیٚ ئامادەیە ئەم کارە وەربگریٚ. ئەم نامەیەی بۆ ڕۆژنامە چوو، دواتر ڕوون بۆوە، لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ناردرابوو. دواتر هەمان کەس، تەلەفۆنی بۆ چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندن کربوو، گوتبووی، مۆنا سالێن تەواو بەسەر داهات و خەرجییەکانی خۆی زاڵ نییە. ئەوەش ئەم خەتە بوون، کە دەیانەویست (یۆران پێرشون) وەك سەرۆك وەزیران ببینن. لەو کات یۆران پێرشون نەیدەویست پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگریٚ، بۆیە ئاشکرا بوونی کارەکانی تایبەتی مۆنا سالێن، هیچ پەیوەندی بە یۆران پێرشون نەبوو، ئەو لەم کودەتایە دەستی تێدا نەبوو.

ئەگەر چی دژ بە مۆنا سالێن کودەتایەکی سیاسی گەورەبوو، بەلاٚم مۆنا نەیویست کورسی و دەستەلاٚتی خۆی بۆ ئاشکراکردنی سەرچاوەی گەیاندنی هەواڵەکە بەکار بهێنیٚ. لەوانەیە بەکارهێنانی دەستەلاٚت، کارەکەی زۆر خراپتر دەکرد.

لێیف لەم کاتە خەریکی پەیداکردن و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کار و ژیانی مۆنا سالێن بوو. لە ولاتی سوێد ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە زانیاری لەسەر هەموو کەسێکی حکومەت وەربگرێ. لە ئەنجامدا لێیف بۆی ڕوون بۆوە، کە مۆنا سالێن لەکاتی کڕینی شتومەك، پارەی حکومەتی بەکار هێناوە.

کارمەندان مۆنا سالێنیان ئاگادار کردبۆوە، بەوەی لێیف خەریکی کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر ئەو، بۆیە لە کاتژمێر 17.30 ڕۆژی 6 ی تشرینی یەك، مۆنا سالێن بە ڕێگای ڕاوێژکارەکەی (میکائیل رۆمێرۆ) بە لێیف ڕادەگەیەنێت، کە ئەو پارەی حکومەتی بۆ کڕینی شتی تایبەتی خۆی بەکار هێناوە. ئەو دەڵێ "بە هەڵە کارتی حکومەتم بەکار هێناوە". لێرە هەڵە گەورەکە کرا! چونکە ئەوەی رۆمێرۆ بە ڕۆژنامەنووسی گوت، پێشتر لێیف باش دەیزانی، بۆیە نەدەبوایە بەڕێگای ڕاوێژکاری خۆی ئەم وەلامە بۆ لێیف ڕەوانە بکات.

لە دەوڵەتانی ئازاد، پرێس سکرتێر و ڕاوێژکار، لەلایەن ڕۆژنامەنووسان زۆر خۆشەویست نین، چونکە ئەوان زۆر دەستەلاتیان نییە و بێی شێفەکانیان (بەڕێوەبەرەکانیان) ناتوانن هیچ هەنگاوێك بنێن، زۆر لەو ڕاوێژکارانە زیاتر وەك دەرگەوان سەیر دەکرێن تا ڕۆژنامەنووس، بەتایبەتیش لەو کاتانەی دەستەلاتداران لە ڕۆژنامەنووس دەترسێن و ڕاوێژکارەکانیان بۆ گەیاندنی زانیاری بەکار دێنن. ئەوان تەنیا پەکن و هیچی تر! ئەگەر رۆمیرۆ جێگەی متمانەی ئەم پیشەی بوایە، دەبوایە بەوە ڕازی نەبێ کە وەلامی مۆنا بە لێیف بگەینێت. دەبوایە بە مۆنای بگوتبا: "ئەم کارەم پێ مەسپێرە، چونکە نایکەم". ئەگەر ئەو شایەنی پیشەی ڕاوێژکاری خۆی بوایە.

له ڕۆژنامەی ڕۆژی 7-10- 1995 بەم شێوەیە نووسرابوو: مۆنا سالێن بە هەڵە چەند جارێك كارتی حكومەتی بۆ كڕینی جلوبەرگ بەكار هێناوە. "ئەوەی بن بەڕێ، كەوتە سەر بەڕێ" جێگری سەرۆك وەزیران ناچار كرا هەموو پارەكە بداتەوە ئەویش 10795 كرۆنی سوێدی بوو. هەمووی دەكاتە نزیكەی 1600 دۆلاری ئەمریكی.

دواتر لە ڕۆژنامەی ئێكسپرێس لە گوتارەكە نووسراوە: مۆنا سالێن دوو هەڵەی كرد: یەك كارتی حكومەتی بە هەڵە دەرهێنا و بەهەڵەش كۆدی كارتی حكومەتی لێدا، نەك كۆدی كارتی تایبەتی خۆی!

ئەگەر مۆنا سالین ڕاوێژكارێكی باشی هەبوایە، دەكرا لەم ئاستە پرسیارەكە ڕابگیرێ و بەردێكی لەسەر دابندرێ چونكە ئەو تەنیا بە ئیهمالی ئەم كارەی كردبوو، نەك بۆ دزی! ئەگینا پارەكە وەك دەزانین زۆر نییە. لێرە هەموو دانیشتوانی سوێدیش چاك دەزانن، مۆنا سالین نەی ویستووە دزی بكا، بەڵكو پرسیارە گرنگەكە لێرە، چۆن سەرۆك وەزیرانی داهاتووی سوێد، ئاگای لە ئابووری خۆی نییە و بە هەڵە كارتی حكومەت بەكار دەهێنێ! یانی ئەگەر جارێك ئەم هەڵەیەی كرد، لەوانەیە لە داهاتووش جێگای متمانە نەبێ! ئەمە بوو كاكڵی ئەم هەڵڵایە.

بۆ ئەوەی كارەكە بەمرۆ نەگات، دەبوایە مۆناسالین بۆ چەند ڕۆژێك لەكار دەستی كێشابایەوە و لەگەڵ كەسانی پسپۆر زۆر بە وردی بە كڕینەكانی خۆی داچووبایەوە، بەڵام ئەو ئەمەی نەكرد و نەشی دەزانی ڕاگەیاندن تەنیا بە گوتارێك واز لەم بابەتە گەرمە ناهێنێ. هەر لەمەش، مۆنا دەبوایە زۆر بە وردی لەگەڵ سەرۆك وەزیران باسی لە هەموو گرفتەكانی خۆی بكردبایە، تا ئەو بۆ پرسیاری ڕۆژنامەنووسان، وەڵامی هەبوایە.

لێرە ڕای پسپۆران ئەوەیە، ئەگەر شتێك کەوتە دەمی مێدیا، قەت پێویست ناکا بۆی بپارێیتەوە و داوای بوردنی بۆ بکەیت، بەڵکو دەبێ هەموو ڕاستییەکانیان بۆ باس بکەی.
لە ڕۆژی یەکشەم، مۆنا سالین هەڵەیەکی تری گەورە دەکا بەوەی ڕازی بوو لەسەر ئەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی ئێکسپرێس بەناوی ئینگڤار هێدلوند بکات. ئینگڤار بۆ ماوەی 20 ساڵ بەوە ناسراوە، کە خەڵك ناچار دەکات، ئەوەی نەیانەوێت بیلێن، ئەو پێیان ئاشکرا دەکا. ئینگڤار بەم شێوەیە دەنووسێت: خەڵك زۆر نارازین، بەوەی مۆنا مافی قەرزکردن و بەکارهێنانی پارەی حکومەتی هەبێ بەلاّم خەڵکی تر نەیبێ! لێرە مۆنا بەم شێوەیەی خوارەوە وەلاّم دەداتەوە: "من لەگەڵ ئەو بۆچوونەی تۆ نیم، بەڵکو من زیاتر وەك سولفەی مووچە سەیری دەکەم".
بە ڕای پسپۆرانی بواری ڕاگەیاندن، ئەم وەلاّمە لە شوێنی خۆی نەبوو، زۆریش هەڵە بوو، چونکە لە سوێد کەس ناتوانێت سولفە لە مووچە وەربگرێت، دووەمیش، لەو کاتە ناسکە، مرۆڤ نابێت ڕازیبێ لەسەر چاوپێکەوتن، بەتایبەتیش لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی ئەوەندە پسپۆر و بەتوانا. ئەنجامی چاوپێکەوتن وای نیشان دا، کە مۆنا جێگای متمانە نییە، ئەگەرچی ئەو دانی بە هەڵەی خۆشی نابوو!
مۆنا لە بیرەوەرییەکانی بەم شێوەیە دەنووسێت: ڕۆژی دوایی کاتژمێر 8.15 لێیف چاوەڕێی من دەکا و فۆتۆگرافێکیشی لەگەڵە. من دەمزانی ئەم بینینە زۆر گران لەسەرم دەکەوێ چونکە ئەو ریکۆردەرەکەی پێکردووە و فۆتۆگرافەکەش خەریکی وێنە گرتنە. ئەو چەندین ڕۆژە زۆر بە وردی هەموو داهات و خەرجی منی باش پشکنیوە و منیش تا ئێستا دەستم لێی نەداوە و بەکاری تر سەرم قاڵ بوو.

بۆ ڕۆژی دووەم مۆنا ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووس دەبێتەوە و ناچار دەکرێ قسەیان لەگەڵ بکا، چونکە بەڕای ئەو، کێشەکە ئەوەندە گرنگ نییە، بەتایبەتیش کە ئەو هەموو قەرزەکانی داوەتەوە و ئەو پارانەی تا ئێستا نەدرابوون، ئێستا دراون. لێرە لێیف، مۆنا وەك درۆزن نیشان دەدا، بەڵام مۆنا بەرگری لەخۆی ناکا، لەو کات لێیف بیری بۆ ئەوە دەچێ، کە لەوانەیە هێشتا نهێنی تر هەبن، کە مۆنا نەی درکاندبێت. ڕۆژی 9ی تشرینی یەك، بۆیەکەم جار لە سەرۆك وەزیرانی سوێد ئینگڤار کارلسۆن پرسیاری دەربارەی کارەکانی مۆنا لێ دەکرێ. لە وەڵامدا سەرۆك وەزیران کەمێك تووڕە دەبێ و دەڵێ: من هیچ بۆچوونێکم لەسەر ئەم کێشەیە نییە، گرنگ ئەوەیە، ئەو قەرزەکانی خۆی داوەتەوە. ئەو وەڵامەی سەرۆك وەزیران زۆر بە وەڵامی خراپ لەقەڵەم دەدرێ، چونکە پێیوە دیارە، ئەم کارەی مۆنا سالین، ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر ئەو هەبووە. لەکاتێکدا دەکرا، ئەو ڕۆژنامەنووسانی بە وەڵامی لەسەر خۆ هێور کردبایەوە و بەردێکی لەسەر پرسیارەکە دانابا.

پسپۆران دەڵێن، کە خەڵکی سیاسی بەم جۆرە وەڵام دەداتەوە، نەرمترین ڕۆژنامەنووس تووڕە دەبێ و بەجۆرێکی تر دەنووسێ. برینیش زۆر بەئاسانی تەشەنە دەکا. کە باسەکان گەیشتە ئەم قۆناغە، لێرە دەزگاکانی تری ڕاگەیاندنیش، هەوڵ دەدەن، شتی نوێ ئاشکرا بکەن، بۆیە دەبێتە پێشبڕکێ و هەریەکە و چەقۆی خۆی تیژ دەکا!

لێیف گوتارێکی لە ڕۆژی 12 ی تشرینی یەك بەناوی: "مۆنا سالین درۆی کرد" لە باشترین شوێنی هەواڵی ڕۆژنامە بلاۆکردەوە. گوتارەکە بەم شێوەی خوارەوە دەست پێدەکات:

لە سەرەتای دێسەمبەری ساڵی ڕابردوو جێگری سەرۆك وەزیران بەڵێنی دا، قەت کارت و پارەی دەوڵەت بۆ ژیانی تایبەتی خۆی بەکار نەهێنێ. لە ژمارەی ئەمڕۆی ئێکسپرێس ئاشکرای دەکەین، کە ئەو بەڵێنی خۆی نەگەیاندە سەر. مۆنا سالین چەندین جار ئۆتۆمبێلی بە کارتی حکومەت بەکرێ گرتووە و پارەشی لێ دەرهێناوە. بۆ دانەوەی ئەم پارانەش کاتی یەکجار زۆری بەخۆی داوە. لە یەك لەو جارانە پاش 8 مانگ پارەی حکومەتی داوەتەوە.

لەم گوتارە، ئاشکرا دەکرێ، کە چەندین جار مۆنا سالین، کارت و پارەی حکومەتی لەجیاتی کارت و پارەی خۆی بەکار هێناوە. لەوانەش دوو جار ئۆتۆمبێلی بە 4294 کرۆن بەکرێ گرتووە و بە پارەی حکومەت کرێکەی داوە. لەم گوتارە بایی نزیکەی 10 هەزار کرۆن کڕینی شتومەك نیشان دراوە.

لە گوتاری ڕۆژی دوایی نیشاندراوە، کە مۆنا سالین، بە کارتی حکومەت، جل وبەرگ و بۆن و بەرامیشی لە ماوەی 1988 – 1991 کڕیوە.

یەك هەفتە دوای ئاشکرا بوونی کارەکانی مۆنا، سەرلەنوێ سەرۆك وەزیران لە شاری بۆن لەسەر مۆنا پرسیاری لێ دەکرێ دیارە هێشتا زانیاری تەواوی لەسەر کێشەکەی ئەو نییە. ئەو دەڵێ: مۆنا دوو جار جەزای پێنج لەو جارانەی پێشتر وەری گرتووە، داوە، بۆیە لێرە نیشانی دەدا، کە ئەو مەبەستی پەیداکردنی پارەی زیاد نییە. ڕۆژنامەنووس دەپرسێ: ئایا ئەو کەمتەر خەمە؟ سەرۆك وەزیران وەلامی دەداتەوە بەوەی، کە ئەمە ڕای خۆتە. ئینگڤار کارلسۆن دەڵێ، ئەو بڕوای تەواوی بە مۆنا لە سیاسەت هەیە.

لە ڕاستیدا، مۆنا سالین، دەمێك بوو ئەم یارییەی دۆڕاندبوو. لە ڕۆژی 15 ی تشرینی دوو سەرۆك وەزیران پێشوازی لە مۆنای جێگری خۆی دەکا: مۆنا بەم شێوەیە لە کتێبی بیرەوەری بەناوی: "لەگەڵ وشە کانم" باس لەم دیدارە دەکا.

لە ژووری ئینگڤار دانیشتوون، بۆ ئەوەی لەسەر ئەم کێشەیە قسە بکەین. من باس لە دڵەڕاوکێی خۆم و ئەو وەزعەی بێدەرچوونەی تێی کەتووم باس دەکەم و من نامەوێت، زیاتر حیزب و خۆم بریندار بکەم، لەوەی تا ئێستا کردوومە. بەم جۆرەی ژیانی من و ئابووری لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن باس دەکرێ زیاتر لە بەردێکی ڕەقی ناو هەناوم دەکا. لەم کاتە ئینگڤاری وریا زرینگ دەپرسێ: ئایا تۆ پاڵەپەستۆی زۆرت لەسەرە؟

لە هەموو ئەو کاتە، لە گشت دەزگاکانی ڕاگەیاندن باس تەنیا باسی مۆنا بوو. ڕیتینگی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران و لە ناو بڕوای جەماوەر لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژە لە 61 بۆ 37 دابەزی. یارییەکە بۆ ئەو دۆڕا بوو. لە ڕۆژی 16 ی تشرینی یەك لە پرێس کۆنفراس مۆنا داوای دەست کێشانەوەی لەکاری خۆی کرد. لەم پرێسکۆنفرەنسە مۆنا سالین هەست و سۆز لەگەڵ ئەرتیستیزمیشی (ئەکتەری) بەکار هێنا. ڕۆژی دواتر گوتی نامەوێت خۆم بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران کاندیت بکەم. هەر لەو ڕۆژە گەشتێك بۆ پشوودان دەکات، و لە کاتی گەڕانەوەی واز لە هەموو کاری سیاسی و حیزبی دەهێنێ.

سالین لە کتێبێکی کەلە ساڵی 1996 بەچاپی گەیاند، ڕەخنەی لە هاوڕێیانی خۆی گرت، بەوەی نەیانتوانیوە، بەرگری لێ بکەن، بەتایبەتیش، کە هیچ تاوانێکی نەکردووە.

ئێستا پسپۆڕانی بواری مێدیا دەڵێن: ئەگەر ئەو هەوڵی دابا، زانیاری ورد لەسەر وردەکاریەکانی ڕاگەیاندن، پەیدا بکا، هیچ گومان لەوە نەبوو، ئەو دەکرا بە سەرۆك وەزیرانی سوێد.

ئەگەر باس لەو هەموو نووسین و گوتنانەی لەسەر ئەو کران بپرسین: ئایا تەواوی زانیاریەکانیان تەواوبوون؟ بێگومان بە نەخێر وەلاّم دەدرێتەوە. زۆر جار بە درۆ یان بە پلان و بەرنامە دەنووسران.

ئەوەی مۆنا لە ڕاگەیاندن تێنەگەیشتبوو، ئەوەبوو: "مێدیا ئاسانتر دەڕووخێنێ لەوەی دروستی دەکا". لەوەش گرنگتر ئەوەیە ئێمەی ڕۆژنامەنووسانیش مرۆڤین. بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی چەند جارێك گوتاری توندیان نووسیوە و ئافەرینیان پێ وەرگرتووە. ئەوان دەیانەوێ چەند جارێکی تریش ئەم ئافەرینانە وەربگرن.

ئەوەی مۆنا سالین هێشتا تێی نەگەیشتبوو، ئەوەبوو، کە ڕۆژنامەنووسان، ئەگەرچی پرسیاری توند و دوژمنانە دەکەن، لەگەڵ ئەوەش، ئەوان نوێنەری جەماوەرن، خەڵك دەبێت ئەو ڕاستییانە بزانێ. ئەگەر ئەو لەو پرسیارانەی سەرەوە باش تێگەیشتبا، ئەو دەکرا بە سەرۆك وەزیران. ئەویش بەوە، کە زۆر بە وردی لە ئابووری خۆی دەپێچایەوە و بۆ سەرۆك وەزیرانی بە وردی زۆر زووتر باس دەکرد. بەم شێوەی ئەو قەت لە ڕاگەیاندن وەك درۆزن باسی نەدەکرا و لەوەش گرنگتر، دەبوایە ڕێزی بۆ میدیاکان و جەماوەر دانابا، بەوەی هەموو ڕاستییەکانی لە زووەوە باس کردبا. لە نەبوونی ڕێز بۆ میدیا، ڕۆژنامەنووسانی ناچار کرد زۆرتر لە پرسیارەکان قووڵ ببنەوە، ئەوەش بووە لەدەستدانی پۆستی سەرۆك وەزیران.

پاش بەکارهێنانی کارتی حکومەت لەلایەن مۆنا، زۆر دەزگا و وەزارەت و کۆمپانیا، سنووریان بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرە کارتانە دانا. ئەمە بووە دەرسێك بۆ هەموو ئەو کەسانەی وەك مۆنا سالین لە کاریان کەمترخەم بوون.

ئەمەی سەرەوە بەسەرهاتی کچێك بوو، کە یەك هەنگاو لە کورسیی سەرۆك وەزیران دوور بوو. لەبەر ئەوەی لە رۆڵی راگەیاندن وەك پێویست نەگەیشتبوو، تووشی ئەم هەموو هەلاّنە هات. ئەو تووش هات، نەك لەبەر ئەوەی تەنیا بەخۆی باش لە رۆڵی میدیا نەگەیشتبوو، بەڵکو سووچی زۆری بۆ راوێژکاری راگەیاندن دەگەرێتەوە. ئەو نەیتوانی باش و کاریگەر لەکاتی خۆی بەتەنگ وەلاّمەکان بێت و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە.

مۆنا دواتر لە بیرەوەرییەکانی دەنووسێ: لە 29 -9 لەگەڵ سکرتێرەکانی خۆم لێنا سۆلین و شێل لیندسترۆم بە پسوولەکان دەچێتەوە. لێرە شێل یەکەم کەس بوو، لە ماوەی ئەم هەموو ساڵە بە منی گوتبوو: ئەوەندە باش نییە، شتی تایبەتی بە کارتی حکومەت بکرِدرێ. من لەو برِوایە دابووم، ئەو بۆ کاری خۆی دوودڵ بوو، چونکە لەوە دەترسا، پسوولەکان تێکەلاّو بکەم و لەو کاتە دەبووە کاری زۆرتر تا لەیەکتریان جیا دەکاتەوە. لەوانەیە ئەوەش لە ئەنجامی خراپی لەیەك گەیشتنی من و ئەو بووبێ.

# پێشتر بیر بکەوە

لە کاتی هەڵبژاردنی مۆنا سالین بۆ پۆستی جیا جیا لە حکومەتی سوید ، سەرۆك وەزیرانی ئەو کات ئینگڤار کارلسۆن، بە پێویستی نەزانی لە ژیانی ئەم کچە بکۆڵدرێتەوە، چونکە لەلایەك باوکی مۆنا برادەری نزیکی ئینگڤار کارلسۆن بوو، لەلایەکی تریش لە منداڵییەوە ئەو کچەی دەناسی. مۆنا سالین چەند خاسیەتێکی گرنگی تێدابوو وەك : ڕەوانبێژ بوو لە قسەکردن ، کچێکی زۆر وریا بوو، لەوانەش زیاتر بە ڕەگەز مێ یانی کچ بوو، ئەمەش لە سوید کەم گرنگ نییە. ئەمانەی سەرەوە بوونە یارمەتییەك تا هیچ دەرگایەك لە پێش ئەو دانەخرێ و تا لووتکە بڕوا.

ئەگەر یەکێك ئەم هەموو سیفاتە باشانەی تێدابێت، لەوانەیە ئاسان نەبێت لە ژیانی لەمەوپێشی بکۆڵێتەوە. کێ دەیزانی لەگەڵ ئەم هەموو سیفاتە باشانەش، مۆنا بەلایەوە گرنگ نابێت، کارتی حکومەت یان هی خۆی بۆ کڕینی شتومەکی تایبەتی خۆی بەکار بێنێ، ئێمە دەزانین، ئەو مەبەستی دزی کردن نەبووە!

لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان، پێش ئەوەی هەر کارێکی گرنگ بە کەسێك بدرێ، دەزگاکانی سیخوڕی زۆر بە وردی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کەسە دەکەن، تا بزانن، ئایا شایەنی ئەم کورسیەیە یان نا؟ لە ئەمریکا دەزگای سیخوڕی **FBI** دەستەڵاتی تەوای پێدراوە، تا هەموو زانیارییەك لەسەر هەموو کەسێك کۆبکاتەوە. دیسان لێرە هیچ گەرەنتییەك نییە، لەوەی ئەم کەسانە، ئەگەر لەهەموو تاقیکردنەوەکانیش دەربچن، هیچ نهێنییەکیان نەمێنێ و لە داهاتوو تووشی هیچ هەڵەیەکی مەزن نەبن!

له داهاتوو، حكومەت و سەرۆكی كۆمپانیا مەزنەكان، لەوانەیە بایەخی زیاتر بە دەزگاكانی ڕاگەیاندن بدەن. لەوانەشە ئەم لێكۆڵینەوەیە زۆرتر بكەوێتە ئەستۆی ڕۆژنامەنووسان. لەوانەیە میدیاكان زیاتر ڕۆڵی پۆلیسی لێكۆڵینەوە ببینن و گوتاری هەڵكەندراو یان ژێر بەڕ لەسەر ئەوان بنووسن. ئەگەر ئەم هەموو زانیارییانە لەسەر هەر كەسێك كۆبكرێتەوە، لەهەر دەزگایەكی حكومی یان ئەهلی، لەوانەیە بەڕێوەبەر كەمتر بشێویٚ و بترسیٚ یەك لە مووچەخۆرانی تووشی هەڵەی گەورە دەبن.

بەبڕوای نووسەرانی (ئەگەر پرێس هات) بەم 20 ساڵەی دوایی ڕۆژنامەنووسان زیاتر توند بوون، لەوانەیە هەندێك جار، زۆرتر ڕۆڵی دوژمنانە ببینن تا دۆستانە. ئەو نابڕواییە و متمانە نەكردنە لە نێوان سیاسییەكان و جەماوەر لە شۆڕشی فەرهەنگی لە كۆتایی شەستەكان لە ئەوروپا ڕووی دا. لەو كات ڕۆژنامەنووسە گەنجەكان، فێربوون، پرسیاری توند و تیژ لە سیاسییەكان بكەن. وەك لە پرێس كۆنفرەنسی سوربیۆرن فێلدینی سەرۆك وەزیرانی سوێد، پەیامنێری ڕۆژنامەی ئەفتۆن بلادێت بەناوی (ستێن نوردین)، هاواری كردو گوتی: سوربیۆرن من گوت تیٚ دەكەم، ئەگەر تۆ چوویتە قەحپەخانە یان نا، ڕاستییەكە چۆنە وامان بۆ باس بكە؟ لەو كات تەنیا لە چەند دەوڵەتێك ئەم جۆرە زمانە لە ڕاگەیاندن بەكار دەهات. سەرۆك وەزیران بەنەرمی وەڵامی دەداتەوە. ئەوەش لەبەر ئەوەی لەو كات، لە گرفتی ۆتەرگێیت **Watergate** نیكسۆنی سەرۆكی ئەمریكا، لە ساڵی 1974 ناچار كرا واز لە كورسی بهێنیٚ. سەرۆك وەزیرانی سوێد ئەو ڕاستییەی سەرەوەی دەزانی. لەوەش زیاتر باش دەیزانی دەستەلاتی میدیا زۆر زاڵ بوو. پرێس كۆنفرانسەكان (كۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی) زیاتر لە مەحكەمەی شەعبیان دەكرد، تا وەلامدانەوەی ڕۆژنامەنووسان. ڕۆژنامەنووسان باشتر و باشتر بوون، لەوەی پرسیاری بەجیٚ و جوامێرانە لە بەرپرسان بكەن.

وەك نیكسۆن لە تەلەفزیۆن لە كاتی بەرگری كردن لەخۆی گوتی: **Some people say that president might be a crook. Well Im not a crook**

هەندێك كەس دەڵێن لەوانەیە سەرۆك تاوانبار بێ. باشە من تاوانبار نیم.

لێرە ئەگەر پرسیارەكان هەمووی بە توندی بكرێن و ڕێسوا بوونی تێدابێ، لەوانەیە كابرای سیاسی ئامادە نەبێ وەڵامی پرسیارەكان بداتەوە. بەڵام وەك دەزانین، زۆر لە ڕۆژنامەنووسان، بەدوای زانیاری نوێ ناگەڕێن، بەڵكو زیاتر مەبەستیانە، كەسی بەرامبەریان بشكێننەوە و پشتی لە زەوی بدەن.

بۆیە تۆ وەك سیاسی، هەست مەكە هەموو شتێك دەزانی، لەم حاڵەتانە، دەبێ یارمەتی پرۆفس (پسپۆر)ت بۆ بێ و خەڵكی پرۆفس یارمەتیت بدەن.

بۆ ئەوانەی كار و پۆستی زۆر بەرز وەردەگرن، باشترین ئامۆژگاری پسپۆران، ئەوەیە، قەت درۆ مەكە، هەوڵیش نەدەی درۆ بكەی. بۆیە دەبێ چاك بزانی ڕۆڵی میدیا لە كۆمەڵ زۆر گەورەیە و بەردەوامیش لە گەشە كردندایە. پێشتر هەواڵ لەكاتی خۆی نەدەگەیی و ڕۆژنامەنووسان سنووریان بۆ داندرابوو، هەروا بۆیان نەبوو، هەموو پرسیارێك بكەن، ئەو ڕۆژە قەت ناگەڕێتەوە. ئەوە ڕاستە و هەیە، بەڵام بۆ تۆی دەستەڵاتدار، لەوانەیە ڕاستییەكی تاڵ بێ. بۆیە كەموكورتییەكان لەوانەیە دژ بەخۆت بەكار بێ. بۆیە چاكە لە هەموو هەنگاوەكانت، زۆر بە وردی بیر بكەیتەوە. دەبێ بزانی: ئایا ڕاگەیاندن ئەم پرسیارە چۆن بەرز دەكاتەوە؟ ئەمە خاڵێكی گرنگە و پشتگوێ خستنی، ئەگەر كورسیەكەشت لانەبا بێ شك لەقی دەكا و كێشە و سەرئێشەی زۆرت بۆ دروست دەكا.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مۆنا سالین، ئەوا یەك لەو هەڵانەی ئینگڤار كارلسۆنی سەرۆك وەزیران ئەوەبوو، كە نەیهێشت لەسەر مۆنا لێكۆڵینەوە بكرێ، بۆیە نەیدەزانی ئەو ژنە

بەتوانایە، لە بەکارهێنانی پارەی دەوڵەت زۆر هۆشیار نەبوو، دەبووایە ئامۆژگارییەکەی سکرتێری مۆنا، شێل لیندستریم بگەیێندرابا سەرۆك وەزیران.

بە گوێرەی کتێبی بیرەوەری مۆنا، دیارە ئەو درەنگ تێگەشتووە، کە میدیا دەتوانێ نەك هەر دروست بکا، بەڵکو چاك بشرووخێنێ.

یەك لەو هەڵانەی سەرۆك وەزیران، پشتگوێ خستنی نووسینەکەی لیێفی ڕۆژنامەنووس بوو. ئەو دەبوایە ڕۆژی 7 ی مانگ بانگی مۆنا و سکرتێرەکانی بکا و وەڵامی پرسیارەکانی دەست بکەوێ، لەوەش باشتر دەبوایە، خۆی وەك سەرۆك وەزیران هەوڵی دابا، زانیارییەکانی زووتر لە ڕۆژنامەنووسان لەسەر مۆنا دەست بکەوێ، لەو کاتە بێگومان چارەسەر هەبوو. بەڵام ئەم تێنەگەیشتنەی ئەوان بۆ ڕۆڵی مەزنی ڕاگەیاندن نیشان دەدات یان پشتگوێ خستنی هەموو ئەم پرسیارە، کە ئەوان نەیان دەزانی، ئەوەندە گرنگە و ئەنجامەکەی ماڵ و خەونی مۆنای پێ دەڕمێ.

لە هەموو ئەم کێشەیە، ئەوەی مۆنای ڕزگار دەکرد، مۆنا سالین خۆی بوو. ئەو لەجیاتی ئەوەی بەرگری لەخۆی بکا و بڵێ کارتی هەڵەم بەکارهێناوە، دەیتوانی داوای بوردن بکا و بڵێ: ڕاستە من کارتی حکومەتم بەکار هێناوە، ئەمەم وەك قەرز بیر لێ کردۆتەوە و وەرگرتووە. هەرچەندە ئەوە هەڵەیە، بەڵام تازە ڕووی دا و دووبارەی ناکەمەوە، چونکە ئەوەی ڕاستی بێ ئێستا خۆم بەرامبەر ئێوە زۆر پێ شەرمەزارە، کە ئەوەندە مرۆڤێکی کەمترخەم بووم. دەبێ بەخۆمدا بچمەوە و داوای بووردن لە هەموو لایەك دەکەم بۆ ئەم هەڵەی خۆم. ئەم چەند وشەی سەرەوە بەقسەی پسپۆڕان، دەیتوانی مۆنا لە سەرەتای کێشەکەی و تازە ئاشکرا بوونی ڕزگاری بکا. یانی پاش بلاّوبوونەوەی یەکەم گوتار. ئەو کەسانەی تووشی ئەم جۆرە هەڵوێستانە دێن، دەبێ لە قسەی خۆیان پەشیمان نەبنەوە و

بابەتەکەیان هەرجارە و بەجۆرێك باس نەکەن. لەلایەکی تریش، ئەوەی دەیڵێ دەبێ ڕاست بێ و هیچ درۆی تێدا نەبێ.

ئەگەر لە سوێد پرسیاری مۆنا یەك لە بابەتە گەرمەکانی ڕاگەیاندن بوو، ئەوا لە هەر دەوڵەتە و جاربەجار پرسیارێك بەرز دەبێتەوە و دەبێتە بابەتی چەندین هەفتە. حکومەتی بەریتانیا بەناوبانگە بەوەی کەم تووشی سکەندالی گەورە دەبێ و ئەگەرچی لە میدیا باش تێدەگەن، لەگەڵ ئەوەش لە 1 ی مارسی 1996 ڕووداوێك هەموو بەریتانیای هەژاند. ئەو ڕووداوەش ئاشکرا کردنی ڕاپۆرتێکی زانستی بوو، کە هەندێك جوانەگا لە بەریتانیا تووشی نەخۆشی شێتی هاتبوون. هەر کەسێك گۆشتی ئەو جوانەگا شێتانەی خواردبا، لەوانەبوو، تووشی نەخۆشییەکی کوشندەی مێشك بێ و دواتر بمرێ. چەند نەخۆشییەکی وا ڕووی دابوو. ئاشکرا بوونی ئەم ڕاپۆرتە و بەهەند نەزانینی، هەنگاوەکانی، وەك چی بکەین و چی بڵێین، لە میدیاکان، بووە هۆی لەناوبردنی 11 ملیۆن جوانەگا. لە هەموو ولاّتانی **EU** گۆشتی بەریتانی قەدەغە کرا. جگە لەوە، گۆشتی گا بەگشتی 25٪ فرۆشتنی کەم بۆوە. **EU** ناچار کرا بە نزیکەی 3 ملیارد یۆرۆ یارمەتی جوتیارانی بەریتانیا بدا و قەرەبووی زیانەکەیان بکاتەوە. ئەوەی لێرە وا بەرز کرایەوە، و گەورە بوو، دەبوایە پێشتر لەگەڵ میدیا دابنیشن و باس لەم کێشەیە بکەن. ئەوەیان نەکرد، ئەم زیانە گەورەیان پێ کەوت.

لێرە بۆ ئەوەی باشتر لە ڕۆڵی میدیا بگەین، باس لە تەنگانەیەکی تری سیاسییەکانی سوێد لەگەڵ میدیا بەناوی (ماریاسین) دەکەین.

له ڕۆژی 28 ی مایسی 1996 رادیۆی ئۆرەبرو ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکی پارێزگاری پێشتری شاری ئۆرەبروی ئاشکرا کرد. لەم ڕاپۆرتە، سیگڤارد ماریاسین، کە تازە ئەم کارەی بەجێ هێشتبوو، "دیسان لەسەر پارە" بۆ هەموو کڕینەکان پسوولەی نەبوو. ڕاپۆرتەکە کە لەلایەن ئەنجوومەنی پشکنینی ئابووری نووسرا بوو، دوو ڕۆژ دواتر ئاشکرا بوو. لێرە 24 هەزار کرۆن کە دەکاتە نزیکەی سێ هەزار و چوارسەد دۆلار نەیتوانیبوو، هەموو پسوولەکان بەتەواوی نیشان بدا. ئەم ڕاپۆرتە باسی تەنیا لەم دوو ساڵەی دوایی کارەکەی دەکرد. سیگڤارد ماریاسین، ئەوکات بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی کۆمیتەی ئۆلف پاڵمێ بوو. دوای دوو ڕۆژ لە باسکردنی لە ڕادیۆ، دەستی لەم کارەی کێشایەوە، ئەگەرچی وەزیری داد (لەیلا فریڤاڵد)، زۆر پێی ناخۆش بوو لە لێدوانێکدا گوتی: دەترسم بەوەی پاش ڕۆیشتنی سیگڤارد، دۆزینەوەی تۆمەتبار بەکوشتنی پاڵمێ زیاتر درێژە بکێشێ. سیگڤار لە کاتی ڕۆیشتنی لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەنووسان دا و تێیدا گوتی: (لەبەر ئەوەی باس لە ژیانی تایبەتی من دەکرێ دەترسم ببێتە هۆی برینداربوونی ئەنجوومەن، بۆیە دەست لەکار دەکێشمەوە).

لە پشکنین گوتیان ئەو پارانەی لە داوەتەکان خەرج دەکرێ هەست دەکەین، زیاتر نووسراوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە 24 هەزار کرۆن نەدەتواندرا نیشان بدرێ و پسوولەی نەبوو. سیگڤارد هەستی نەدەکرد، هیچ هەڵەیەکی کردبێ بۆیە نەی دەویست ئەو 24 هەزار کرۆنە بداتەوە لیژنەی پشکنین.

لە 12 ی حوزەیران داواکاری گشتی (مدعی عام) ی کارلستاد بەناوی لێنارد ئالمکڤیست، بڕیاری دا لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئەم بابەتە بکا. هەر لەوکات، دەزگایەکی سەربەخۆ بە پسوولە و خەرجییەکانی سیگڤارد داچۆوە، بەڵام ئەوان هیچ ساختەکارییەکیان نەدۆزییەوە

و بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئەوان، سیگڤارد تاوانی نەبوو. ئەم ڕاپۆرتە بۆ سیگڤارد زۆر هێمن کەرەوە بوو، بەڵام ئەم ئاهەنگ و ئارامیيەی ماریاسین درێژەی نەخایاند، تا لە بەرنامەی لۆکالی تەلەفزیۆنی کارلستاد بۆمبێکیان تەقاندەوە. لەم بەرنامەیە، نیشانیان دا، کە سیگڤارد لە یەك جەم نانخواردن، پێش سەری ساڵی 2003 کە لە کۆشکی ئۆرەبرو خواردبوویان، دوو جار پارەی وەرگرتووە. ئەمە لە بۆمب زیاتر دەنگی هەبوو. پسوولەی ئەم جەمە نانە کردبوویە 3750 کرۆن. لێرە لە ئەنجومەنی پالمێش دەستیان بە گلەیی لە سیگڤارد کرد و گوتیان کارەکان تەواو بە پێچەوانەی ئامانجی ئەوان بۆ دۆزینەوەی بکوژی پالمێ بەڕێوە چوون. ئێستا لێناردی داواکاری گشتی زۆر شتی تری لەسەر ماریاسین کۆکردبۆوە. لە 7 ی تەموز بە ئاژانسی TT ی سوێدی ڕاگەیاند، کە سیگڤارد ماریاسین، ڕۆژێك پێش وازهێنانی لە کار، بایی 17000 کرۆن شەراب و جۆری تر مەی کڕیوە. لەم کاتە ڕۆژنامەنووسان چەندین ڕۆژە بەدوای ماریاسین دەگەڕێن، بەڵام ئەو خۆی شاردۆتەوە. لە 7 ی تەموز ماریاسین بەڕێوەبەری گشتی ئەنجوومەنی (ڕەبو و حەساسیە بوو) دەبوایە بەشداری لە کۆنگرە کردبا، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو، ئەگەرچی چەندین ڕۆژنامەنووس و فۆتۆگراف چاوەڕێیان دەکرد. کانسلی ئەم ئەنجومەنە، گوتی هەوڵماندایە پەیوەندی پێوەبکەین بەڵام نەماندۆزیوەتەوە ئەوەش لەو ناکات. پارێزگەری ماریاسینیش نەیتوانیبوو ئەو بیدۆزێتەوە. هەمان ڕۆژ سکرتێری سۆسیال دیموکراتی سوێد بەناوی: (ئینگلە تاهلێن) ڕەخنە لە هاوڕێی خۆی دەگرێ و دژ بە ڕەفتارەکانی قسە دەکا. ئێستا حیزبیش پشتی لە ماریاسین کرد و قەت وەك ئەمڕۆ ژیانی تاڵ نەبووە! چوار ڕۆژ دواتر لە ئەنجومەنی ڕەبو و حەساسیەش ڕۆیشت. بەڕێوەبەری نوێ ئینگەلیل بیۆرن گوتی ئێمە ناتوانین کەسێکی وا

سەرپەرشتی کارەکامنان بکا، کە شایەنی ئەم پۆستە نەبێت، بۆیە ئەنجوومەن بڕوای پێی نەماوە.

لە 15 ی ئاب دەنگوباسی لۆکالی کارلستاد بەناوی: تڤێش نیت، جارێکی تر توانی هەشت پسوولەی نوێی ماریاسین کە دوو جار پارەی پێ وەرگرتووە بلاو بکاتەوە. هەموو پارەی ئەمجارە 16 هەزار کرۆن بوو. هەمان ئێوارە کەناڵی شاری یەتەبۆری، لە بەرنامەی: کڤێلس ئۆپێت (ئێوارەی کراوە) بلاوی کردەوە، ماریاسین بەشداری لە بەرنامەی ڕاستەوخۆی ئەمشەو دەکا. هاتنی بۆ ئەم بەرنامەیە بە یارمەتی ڕۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری بەرنامە (سیوێرد ئۆهۆڵم) بوو. بەلاّم لەبەر ئەوەی ئۆهۆڵم هاوڕێی نزیکی بوو، بڕیاری دا چاوپێکەوتنەکە (برگیتە سانسێتدی) هاوپیشەی بیکا. لەو ڕۆژە بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، **Marjasin 16830** کرۆنی دوو جار وەرگرتبوو. لە ئەنجامی ئەم بەرنامەیە، ئۆهۆڵم ناچار کرا واز لەم بەرنامەیە بهێنێ چونکە دۆستی نزیکی پارێزگاری کۆن بووە و داواکاری گشتیش وازی لەم لێکۆڵینەوەیە هێنا، چونکە زۆر لەگەڵ پرێس قسەی کردبوو. ماریاسین بە ئارەزووی خۆی هێرشی کردە سەر ڕۆژنامەنووسان و بەڕێوەبەری گشتی پشکنین، کە ئەویش لە ئەنجوومەنی پالمێ ئەندام دەبێ. دوای چەند ڕۆژێکی تر، دیسان چەند پسوولەیەکی تر ئاشکرا بوون، بەوەی ماریاسین دوو جار پارەی وەرگرتووە.

هەموو ئەم هەڵلایە بۆ جاری یەکەم لە ڕۆژنامەی **DN** داگێنس نیهێتەر لە زستانی 1996 دەستی پێکرد. ئەم گوتارەی ڕۆژنامە، بەوە دەستی پێکرد، کە کۆمپانیایەکی ماڵ پاککردنەوەی بەکار هێناوە، خۆی خاوەنی بووە و خێزانیشی کاری تێ کردووە. ئەوەش دەکاتە بەکارهێنانی دەستەلاّت بۆ بەرژەوەندی تایبەت. لە 29 ی مایس لە ڕاپۆرتی پشکنین، ڕەخنەی زۆر لە ماریاسین گیرا، بەوەی خراپ مامەڵە لەگەڵ پسوولەکان کراوە.

ئەو لەو دەم کاتی زۆر بوو، بۆ ئەوەی بتوانێ بە جۆرێ بەرگری لەخۆی بکا و یارمەتی لە پسپۆرانی میدیا وەربگرێ، بەلاّم وەری نەگرت.

لە گوتاری **DN** لەگەڵ ڕاپۆرتی ئەنجوومەنی پشکنینان، ماریاسین کاتی زۆر بوو، تا داوای بووردن بکا و بڵێ ڕاستە کەمتەرخەمی لە پسوولە هەڵگرتنم هەبووە و ئەوەی قەرزارم ئامادەم بیدەمەوە. ئەو دەبوایە هەموو پسوولەکانی لای خۆ ئاشکرا بکات. ئەگەر هەموو ڕاستییەکانی ئاشکرا کردبا، پرێس زۆر بە زوویی لە کورتی دەیبڕیەوە و ئەوەندە لێی قووڵ نەدەبۆوە.

لەو کاتەی ماریاسین ویستی بێتە سەر شاشەو بەرگری لەخۆی بکا، لەوە نەگەیشت، کە ترسناکترین چەکی بۆ بەرگری لەخۆکردن هەڵبژاردووە. مومکین نییە لە یەك بەرنامەی تەلەفزیۆن بزاندرێ هەڵەکان لەکوێن و کێ خەتابارە؟ ئەنجامی چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆن، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە بینەران، زیاتر بابەتەکەیان لێ دەشێوێت، لەوەی پێش بەرنامەکە دەست پێبکا! کێشەی ماریاسین درایە دادگا، بە هەموو خاڵەکان ئەو ئازاد کرا.

# ئەزمەی شاری مۆتالا

هەندێك قەیران لە دوای نیوەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە شارەوانییەکانی سوێد ڕووی دا و لە میدیاکان زۆر بە زەقی باسیان کرا، لە ڕاستیدا هەموو سوێدی هەژاند. ئەو ڕووداوانەش زیاتر بە شێوەی بەرتیل وەرگرتن و خەرجکردنی پارەی زیادی دەوڵەت بوو. وەرگرتنی بەرتیل یان خەرجکردنی پارەی زیاد بەڕێژەیەکی ئەوەندە زۆر نەبوو، هەمووی خۆی لە چەند هەزار دۆلارێك ڕەت نەدەدا، لەگەڵ ئەوەش دەنگی زۆری دایەوە و بۆ ماوەی چەند مانگ بووە هەوێن و لە میدیاکان و کاکڵی هەموو هەواڵەکان بوو.

دەتوانین بڵێین ئەم قەیرانە دوو ڕووی هەبووە: یەکەم، باوەڕکردن بە ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی دوای ئەم ئەزمەیە کەمی کردەوە، ئەوەی تریش درۆ کردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی لەگەڵ پرێس بوو. درۆکان لە بەرتیل و خەرجکردنی پارەی زیاد، زۆر ترسناکتر بوون، بۆیەش کاری زۆرتری کردە سەر خەڵك و زیاد لە پێویست تووڕەی کردن.

پاراستنی نهێنی و درۆکان، بوونە مایەی بێ متمانەیی و سەرنج ڕاکێشانی میدیا، تا زۆر بە پەرۆشەوە لێی بکۆڵێتەوە و بیکاتە باسی ڕۆژانە. یەك لەو نموونە زەقانەی ئەوکات، شاری (مۆتالا) بوو، کە بۆ ماوەیەکی زۆر وەك سیمبۆلی ئەزمەی شارەوانی بۆ هەموو سوێد سەیر دەکرا و باسی لێوەدەکرا. لە ڕاستیشدا بە گوێرەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان، هیچ شکایەتێك "ئۆتالیێك" بەرز نەکرایەوە، کەس بۆ دادگا ڕانەکێشرا و کەسیش بەرتیلی وەرنەگرت. لەوانەیە لە هەموو ئەم بەزمە و ئەزمە، تەنیا یەك کەس تاوانبار بێ، بەڵام هەموویان بۆ ناو "سیانی مەزرا" ڕاکێشران و بە یەك چاو لە میدیا و جەماوەر سەیر دەکران. هەر هەموویان

وەك تاوانبار باسیان دەكرا، تەنیا لەبەر ئەوەی درۆیان كرد و هەندێك ڕاستییان لە جەماوەر شاردەوە.

كاكڵی ئەزمەی مۆتالا، دوو گەشتی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی، بۆ شاری نیس لەگەڵ بەرلین بوو. هەمووو ئەوانەی تر كە لە میدیاكان ناویان هاتووە، شتی ورد بوون و پێویستی بەو هەڵڵایە نەدەكرد.

گەشتی نیس قەت ئاشكرا نەدەبوو، ئەگەر گومان لە گەشتەكەی بەرلین نەكرابا. ئەو گەشتەش باس نەدەكرا، ئەگەر مۆنا سالین بەكارتی حكومەت شتی نەكڕیبا.

لە ڕۆژنامەی مۆتالا پەیامنێرێك بەناوی بریت-ماری سیترۆن دەست بە لێكۆڵینەوە لەسەر گەشتەكانی شارەوانی بۆ دەرەوەی سوێد و دەعوەتەكانی ئەوان دەكا. ئەوەش لەوە دەستی پێكرد، كە مارگەرێتە ئێنگستریم تازە دەبێتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی مۆتالا و چەند جارێك بۆ ئاهەنگی سمۆكینگ (سمۆكینگ: قاتی ڕەشە و پشتی چاكەتی درێژە، لەگەڵ كراسی تایبەتی سپی لەبەر دەكرێ، لە كاتی لێدانی مۆسیقای كلاسیكی، "درێژێرەكان" لەبەری دەكەن، بەڵام لێرە زیاتر مەبەست لە ئاهەنگی زۆر گەورە و فەرمی و دەوڵەمەندانەیە) لەلایەن سەرۆكی شارەوانی ئەوكات، (سێلڤە كۆنرادسۆن) بانگهێش دەكرێ. ئەوەی زۆر جێگای سەرنجە بۆ هەمووو ڕۆژنامە ناوخۆییەكان (لۆكال)یەكان لە سوێد، هاتنی میوان و دەعوەتەكانی شارەوانییە. بۆیە بانگ كران بۆ ئەم ئاهەنگانە، شتی نوێ نین، بۆ ڕۆژنامەنووسان و ڕووداوی گەورە نین، چونكە بەردەوام لەسەریان دەنووسرێ، بەتایبەتیش ڕۆژنامەی لۆكال، دەبێت ناوەڕۆكی بە هەواڵ و چالاكییەكانی شار و ناوچە پڕبكرێتەوە.

ئاشكرا كردنی نهێنی یەكەم لەم قەیرانە گەورەیەی شاری مۆتالا، خواردنەوەی یەك شووشە شەراب لە سەردانی سەرۆكی ئەنجومەنی شارەوانی مۆتالا بۆ ستۆكهۆڵم لەگەڵ ئەندام

پەرلەمانێك بوو. لە حاڵەتێکی دووەم، سەرۆکی شارەوانی لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی یەك شووشە وێکسییان لە دانیشتنێك خواردۆتەوە. لەم دانیشتنە گوایە باسیان لەسەر ئایندەی ئەو ناوچەیە کردووە، چۆن باشتر گەشەی پێبدەن.

لە هەموویان خراپتر، لە سەردانی شاری یەتەبۆری جل و بەرگی زۆر بە پارەی حکومەت دەکڕدرێ. جگە لەوانەی سەرەوە، سەرۆکی شارەوانی، سێلڤە کۆنڕادسۆن لە فڕۆکەخانەی هەمان شار، چەند شووشە وێسکی و دیاری زۆرتر بۆ دۆستان بە پارەی حکومەت دەکڕێ.

پاش ئەوانە، لە گەشتێکی بۆ ئیسپانیا، سێلڤە کۆنڕادسۆن ئۆتۆمبیلێك بە کارتی شارەوانی بەکرێ دەگرێ و پارەکەی بە کارت دەدا. لە دانەوەی ئەم پارەیە، زۆر پەلەی کردبوو. ئەم پەلە کردنە، بووە جێگای گومانی زۆر بۆ ڕۆژنامەنووس، بۆ ئەوەندە پەلە لە دانەوەی چەند سەد کرۆنێك دەکرێ؟

لە باشتر و وردتر لێکۆڵینەوە، ئاشکرا بوو، کە کۆمەڵەیەك هەیە، ساڵانە ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی بۆ دەرەوە بانگ دەکا. یەك لەو جارانە گەشتەکەیان بۆ شاری بەرلین بوو، گوایە ئامانجی ئەم گەشتە، ڕاکێشانی سەرنجی بازرگانی ئەڵمان بۆ مۆتالا و ناوچەی ئەوان بووە. هەموو سیاسییەکان زۆر بە بایەخەوە لە میدیاکان باسیان لەم گەشتەی خۆیان کرد، لە هەمان کات، نکۆڵیان کرد لەوەی، کە خێزانەکانیشیان لەگەڵ خۆیان بردووە. ئەم گەشتە لە ناوەندی ئاهەنگێکی ئاینی کرا، ئەمەش بووە جێگای گومان بۆ ڕۆژنامەنووسان، چونکە لەو کات نەدەتواندرا بەرپرسە ئەڵمانەکان ببیندرێن. لەوەش خراپتر، ئەوەبوو، ژمێریارەکانی ئەنجوومەنی شارەوانی پشتگیرییان لە بەرپرسانی خۆیان دەکرد.

لێرە ژمێریاری بەناوبانگی ناوچە، یۆستە بلوهم بڕوای بە زانیارییە فەرمییەکان نەدەکرد و بەم قسانە، دڵی ئاوی نەدەخواردەوە. ئەو دەیزانی نهێنی زۆر ئاشکرا نەکراون و هەموو

ڕاستییەکان باس نەکراون. ئەوەی ئەو ئەمجارە وەك ژمێریارێکی بلیمەت کردی، ڕۆژنامەنووسەکان نەیان دەتوانی بیکەن.
ئەو تەلەفۆنی بۆ کۆمپانیای بلیت کڕین کرد. یۆستە لە تەلەفۆن گوتی: "من ژمێریارم و دەمەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر گەشتەکانی شارەوانی مۆتالا بکەم".
یۆستە لەم تەلەفۆنەی هیچ درۆی نەکرد. بلیت فرۆشەکانیش تەواو دڵنیا بوون، لەوەی، کە هاتنی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی بۆ بەرلین، بە ڕێگای یاسایی بووە، بۆیە ئەوان هەموو زانیاریەکییان بە یۆستەی ژمێریار دا.
بە خوێندنەوەی ڕاپۆرت دەرکەوت، ئەم گەشتە هیچ پەیوەندی بە سەرنجڕاکێشانی بازرگانی ئەڵمان بۆ مۆتالا نییە، جگە لەوەش، هەموویان خێزانیان لەم گەشتە لەگەڵ خۆیان بردووە. بردنی خێزان، پێشتر لەلایەن هەموو ئەندامان نکۆڵی لێ کرا. یۆستا بلوهم، هەموو ئەم زانیارییانەی بە بریت-ماری سیترۆنی ڕۆژنامەنووس دا.
لە ڕۆژی 12 -12 لە کەناڵی لۆکال لەگەڵ (هۆکان کارلسۆن)ی بەڕێوەبەری گشتی ئەنجومەنی شارەوانی چاوپێکەوتن کرا. لە وەڵامی پرسیاری: ئایا لەم گەشتەتان بۆ بەرلین، خێزانتان لەگەڵ خۆتان بردووە یان نا؟ زۆر بە توندی و بە دڵنیایی بە نەخێر وەڵامی دایەوە و گوتی: هەموومان بەتەنها سەفەرمان کردووە. ڕۆژی 13-12 ڕاپۆرتەکەی یۆستە، لە ڕۆژنامە بلاو کرایەوە. پاش دوو ڕۆژ لە ئاشکرابوونی درۆی یەکەم بۆ بەرلین، یەك لە سیاسییەکان ئاشکرای کرد، کە گەشتێك بە هەمان جۆر بۆ نیس چەند ساڵێك لەمەوبەر کراوە. ئەم سەفەرەش بە نهێنی مابۆوە و کەس نەیدەزانی. پاش ئەم ئاشکرابوونە، هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی دەستیان لەکار کێشایەوە، یانیش لەلایەن حیزبەکەیان ترۆکران!

لەم حاڵەتەش، ئەگەر سیاسییەکان هەرزوو، ڕاستییەکانیان بگوتبا، ڕۆژنامەنووسان زیاتریان لەسەر نەدەنووسین. ئەوان دەبوایە باش بزانن، تا ئەوەی هەموو ڕاستییەکان ئاشکرا نەکرێن، ڕۆژنامەنووسان واز ناهێنن. چەند ئەوان درۆی گەورەتر بکەن، ڕۆژنامەنووسان ئەوەندەی تر تووڕە دەبن و هێرشیان توندتر دەبێ.

ئەو ئاشکرا کردنانەی سەرەوە زووتر دەستی پێکرد. لە ساڵی 1994 بە پشتیوانی (کرستینا یوتەرسترێم) بەشێکی نوێ لە ڕۆژنامەی **DN** کرایەوە (یەك لە گەورەترین ڕۆژنامەی بەیانیانی وڵاتانی سکەندناڤیایە، ڕۆژانە نزیکەی یەك ملیۆن و نیو خوێنەری هەیە). ئەم بەشە تایبەتە بۆ ڕۆژنامەگەری تەحقیقی، (بە کوردی "بن بەرێ یان بەدواداچوون" دەکات) کرایەوە. بیری کردنەوەی ئەم بەشە ئەوەبوو، کە گروپێك ڕۆژنامەنووس لەم بوارە بن بە پسپۆر. یەك لەو کار و ئەنجامانە ئاشکراکردنی ماریاسین بوو. لە شوباتی 1996 لە ڕۆژنامەی **DN** گوتارێك لەسەر پارێزگاری پێشتر ماریاسین بڵاودەکاتەوە. لەم گوتارە، نووسرابوو، کە هەندێك لە پسوولەکان، بەشێکیان لێکراوەتەوە و تەواو نین. ئەوەش وای کرد، بەشی حیساباتی ناوەندی دەست بە لێکۆڵینەوە لەسەر ماریاسین بکا. لە ئەنجامدا، ماریاسین بووە بابەتی سەرەکی چەندین مانگەی هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سوێدی. لە ڕاستی ماریاسین یەك لەو هەموو پارێزگەرانەی سوێد بوو، کە کەوتبوونە بەر لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەی (داگینس نیهێتەر). ئەگەر زۆرتریش بگەڕێینەوە دواوە، هەمووی لە ئەنجامی دوا ریفۆرمی پارێزگەرانی هاتە دی. لەم ریفۆرمەی تایبەت بە پارێزگەران، سیستێمێکی نوێیان بۆ چۆنێتی میوانداری کردن داندرابوو. ئەوەش بە جیاوازی لە سیستێمی پێشتر، ناچار کرابوون، بۆ هەموو خەرجییەك پسوولە هەبێت و لە دەفتەر بنووسرێت، تا هەرکاتێك، هەر کەسێك، بیەوێ بتوانێ پشکنینی لەسەر بکا. لەو سەردەم میدیاکان زۆر نزیکتر چاودێری سیاسییەکانیان دەکرد.

میدیاکان، ئەگەر هەموو ڕاستییەکانیشیان لەسەر هەر بابەتێ بزانیبا، بە یەکجار بڵاویان نەدەکردەوە، بەڵکو زیاتر بەشێوەی ئەڵقە و بە چەند جار بڵاویان دەکردەوە و درێژەیان بە بابەتەکان دەدا. جگە لەوەش لەم جۆرە ئاشکرابوونانە لە سوید، پێش ساڵی نەوەدەکان، تەنیا بووبووە کاری ڕۆژنامە گەورەکانی سەرتاسەری وڵات، یان شارە گەورەکان. ئەمجارە ئەم دابونەریتە شکێندرا و بۆ یەکەم جار، ڕۆژنامەنووسانی شاری بچووکیش دەستیان بە لێکۆڵینەوەی خەست لەسەر سیاسییەکانی خۆیان کرد، ئەزمەی مۆتالا یەکەم کار و بەرهەمی ڕۆژنامەی بچووکی لۆکالی سوید بوو.

ئەم جۆرە هێرشانە لە دەوڵەتانی ئازاد و دیموکرات لەو دەوڵەتانەی ڕاگەیاندن بۆتە دەسەڵاتی چوار، تەنیا ڕووبەڕووی کەسانی سیاسی نابێتەوە، بەڵکو کۆمپانیا گەورەکانیش بەردەوام بەدەست ڕۆژنامەنووسانەوە دەناڵێنن. بەڵام زۆرجار، کۆمپانیا گەورەکان، هەنگاوێك لەپێشترن و چارەسەری زووتری بۆ دەدۆزنەوە. ئەوەش لەبەر ئەوەی یەك گوتاری خراپ و ڕەخنەگرانە، لەسەر ژیانی بەڕێوەبەرێك، یان بەرهەمێك، لەوانەیە ببێتە هۆی لەدەستچوونی دەیان ملیارد کرۆن، بۆیە ئەوان بە زووترین، کات بەدوای چارەسەری بنەڕەتی دەگەڕێن و پسپۆڕانی میدیا بۆ ڕزگاربوون لەم قەیرانە لەخۆیان کۆدەکەنەوە. ئەگەر نموونەیەك لەسەر کۆمپانیایەکی مەزن بهێنینەوە، دەتوانین بڵێین بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

کۆمپانیای دەرمان دروستکردنی (ئاسترە سێنیکا)ی سویدی، بۆ دۆزینەوەی دەرمانی برینی زگ **Losec** نزیکەی 2،5 ملیارد کرۆنی خەرج کرد. (نزیکەی 700 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) ئەمە پارەیەکی زۆرە، بۆیە ڕێگا بەهیچ هەڵەیەك لە کۆمپانیا نادەن. ئەو کەسانەی وەك بەڕێوەبەری گەورە لای خۆیان دادەمەزرێنن، زۆر بە وردی لێی دەکۆڵنەوە و کونیەی دەبێ تەواو لایان ئاشکرابێ، جگە لەوە، لەو شوێنانەی پێشتر کاری کردووە،

پەیوەندییان لەگەڵ دەکرێ و زانیاری تەواو لەسەری دەنێرن. بۆیە سەیر نییە، بەڕێوەبەری گشتی (هۆکان موگرێن) لەو کاتەی بەڕێوەبەرێکی گەورە دادەمەزرێنیێ دوا پرسیاری ئەوەیە: ئایا تۆ خیانەت لە خێزانت دەکەی؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێتە سەنگی مەحەکی وەرگرتنی کار لەم کۆمپانیا گەورەی دەرمانی هەموو جیهان. (لە هەمان دەرمان لەماوەی یەك ساڵ کۆمپانیا 21 ملیارد کرۆنی قازانج کرد).

بۆ ئەو کەسانەی بەردەوام لەگەڵ میدیا کار دەکەن و دەبنە قسەکەری کۆمپانیا، یان دەزگا، هەست دەکەی میدیا زیاد لە پێویست باس لە پرسیارێك دەکا یان زۆری لەسەر دەڕوا، درۆ دەکا، دەبێ: "زۆر بەساردی گوێ لە پرسیارەکان ڕابگری، هەوڵ بدە، لە هیچ پرسیارێك سەرت سوڕنەمێنێ و قەت نیشانی مەدە، تۆ بە پرسیارێك بریندار بوویت. ئەگەر هەست بکەی پرسیارێك زۆر نابەجێیە، باشە بۆی باس بکەی و پێی بڵێی، بەڵام بەبێ هەڵچوون و تووڕە بوون. هەوڵ بدە، هەموو شتەکان وەك خۆی وەربگری، چونکە ئەگەرچی هەموو ئەوانەی لات کار دەکەن، لەوانەیە لەگەڵ بیروبۆچوونی تۆ بن و پشتگیریت بکەن، بەڵام لەوانەیە تۆ هەڵەبی؟" چونکە لەو کاتانەی میدیا دەکەوێتە ناو گرفتەکەوە، هەموو پرسیارێك گرنگە و دەبێ وەڵامیان هەبێ.

ئەگەر کەوتیتە بەر هێرشی ڕۆژنامەنووسان، بەرگری لەخۆ کردن زۆر گرانە. چونکە هەموو کەسێك ناتوانێ هەموو وەڵامێکی لابێ و هەموو کەسێك ناتوانێ لە تەلەفزیۆن باش دەربچێ.

# پەیوەندی Communication

وەك ڕووبار زانیاریمان دێتە ناو مێشك. زۆر لەو زانیارییانە تەمەنیان کورتە و زوو لەبیر دەچن، بەڵام هەندێك بۆ ماوەی زۆرتر دەمێنن و هەندێکیش قەت لەبیر ناچن. ئەگەر مێشك لەگەڵ کۆمپیوتەر بەراورد بکەین، ئەوا شوێنێك لە ناو مێشك هەیە زانیارییە گرنگەکانی تێدا دەپارێزرێ. چ زانیارییەك بۆ ماوەیەکی زۆر بپارێزین، ئەویش خۆمان بڕیاری لەسەر دەدەین، چەند ئێمە بایەخی پێ دەدەین. مانەوەی زانیاری بۆ ماوەی زۆر، یان پاراستن و هێنانەوەی بیر لەکاتی پێویست، تەکنیکی خۆی هەیە.

سیسێرۆ وەك لە شوێنی تری ئەم کتێبە باسمان کردووە، یەك لە خوتبەدەرە هەرە بەناوبانگەکانی رۆم بوو. ئەو بەئاسانی دەیتوانی هەموو خوتبەکانی وەك خۆی بێتەوە بیر. خوتبە درێژەکانی خۆی بۆ سیناتی ڕۆم بەم شێوەی خوارەوە دەهێناوە بیر خۆی. ئەو وشە و ڕستەکانی لەگەڵ شتەکانی هۆڵی سینات بەراورد دەکرد. پێشەکی لەگەڵ چوونە ژوور، پاشان بەخەیاڵ ژوور بە ژوور دەگەڕا تا هەموو خوتبەکەی تەواو دەکرد. بەڕای نووسەری کتێبی "کۆمۆنیکەیشن چییە" پرۆفیسۆری فینلەندی ئۆسمۆ ئا ڤییۆ **Osmo A Wiio** دەنووسێ بۆ ئەوەی بتەوێ شتی گرنگت بێتەوە یاد، ئاسانە ئەگەر لەگەڵ فاکتەکانی لای تۆ ئاشکران بەراوردی بکەیت. ئەم تەکنیکە **mnemonik** منێمۆنیکی پێدەڵێن.

لە زمانی ڕۆژانە زانیاری بۆ زۆر شت بەکار دێ. هەندێك جار مەبەست لە ڕاستییە و هەندێك جاریش لە کۆگای کۆمپیوتەر و ئەرشیڤ دەکا. بۆ ئەوەی باشتر لە مەبەستمان بگەن لە خوارەوە نموونەیەك دەهێنینەوە: ئۆتۆمبیل لێدەخوڕین تا دەگەینە ترافیك لایت، لە ترافیك لایت دەوەستین تا گلۆپی سەوز پێدەبێ. دوای پێبوونی گلۆپی سەوز پێ لەسەر

ئیستاپ و کلاج هەڵدەگرین و بەنزینی دەدەینێ و ئۆتۆمبیل لێدەخوڕین. گۆڕینی ڕەنگی گڵۆپ، زانیارییەکمان دەداتێ، کە کار لەسەر هەڵسوکەوتمان دەکات. سەیری تەلەفزیۆن دەکەین، لە دەنگوباس باس لە مووچە بەرزکردنەوە دەکرێ، چونکە ئەم بەرزکردنەوەی مووچە، کار لە ژیانی ئێمەش دەکا، زانیارییەکە لای خۆمان دەپارێزین، چونکە کار لەسەر جۆری بیرکردنەوەمان دەکا. ئەم زانیارییە دەکرێ بەشێوەی زمان یان وێنەی سروشتی بێ.

لە جیهانی ڕاگەیاندن وشەی کۆمۆنیکەیشن زۆر بەکار دێ، چونکە جۆریان زیادی کردووە. وشەی کۆمۆنیکەیشن بەلاتینی دەکاتە کۆمونیس **Communis** یان کۆمۆنیکارێ **Communicare** بە زمانی کوردی دەکاتە کردن یان پێکەوە، کۆمۆنیکەیشن یانی شتێکە بە هاوبەشی دەکرێ. بۆ مرۆڤ دەکاتە ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوان دوو کەس. لەو کاتەی ئێمە قسە دەکەین، دەنگمان بە خێرایی 330 مەتر لە چرکەیەك دەڕوا. هەمان قسە ئەگەر بەهۆی شەپۆلەکانی ڕادیۆ پەخشی بکەین، لەیەك چرکە 300 هەزار کم دەبڕی. ئێمە لەیەك کاتدا دەتوانین ببیستین و ببینین. ئەمە زیاتر لەکاتی سەیر کردنی تەلەفزیۆن ڕوونە.

لە کۆمۆنیکەیشن زمان ڕۆڵی زۆر گرنگ دەبینێ و ئەویش بەسەر دوو گروپ دابەش دەبێ. گروپی سروشتی لەگەڵ گروپی دەستکرد؟

**1- گروپی سروشتی:** وەك زمانی کوردی و ئینگلیزی، ئەوانیش دەگەڕێنەوە سەر گروپی "هیند و ئەوروپی"، فینلەندی و هەنگاری، گروپی "فین و ئوگۆر"ی پێدەڵێن، عیبری و عەرەبی گروپی "سامی" یان پێدەڵێن.

**2- زمانی دەستکرد:** زمانی ماتماتیك و زمانی کۆمپیوتەرە. لە زمانی دەستکرد، هەندێك نووسین بۆتە نێودەوڵەتی وەك هێماکانی هاتوچۆ.

زانای بەناوبانگی ئەمریکی و جیهانی بێنیامین ۆرف **Benjamin Whorf** لێکۆڵینەوەی لەسەر زمانی هیندییە سوورەکانی ئەمریکا و خەڵکی ئەسکیمۆ کرد. ئەو دەنووسێ، ئەورووپییەك تەنیا یەك وشەی بەناوی "بەفر" هەیە، بەڵام ئەسکیمۆکان هیچ وشەیەکیان لەمجۆرە، کە تەنیا مانای وشەی بەفر ببەخشێ نییە. ئەوان چەند وشەیەکی نزیك لەویان هەیە وەك: "بەفر لەسەر زەوی"، "بەفر بارین"، "بەفری ڕەق"، "بەفری نەرم...هتد". بەگوێرەی نووسینەکانی ۆرف، زمان کاردەکاتە سەر شێوەی تێگەیشتنمان لە جیهان. هەندێك هیندی سوور هیچ جیاوازی لە نێوان "قاوەیی و بۆر" نابینن. ئەوان جیاوازی لەنێوان ئەم دوو ڕەنگە نابینن. هیندییە زوینییەکان لەنێوان "نارنجی و زەرد" جیاوازی نابینن، یانی ئەوان لەنێوان ئەم دوو ڕەنگە جیاوازی نابینن! لە زمانی یابانی، دەنگی "ل" نییە. ئەوان لەجیاتی بڵێن "لەندەن" دەڵێن "ڕەندەن". پاش تاقیکردنەوە لەگەڵ گرووپێکی یابانی، یەکێك لەپێش ئەوان پیتی "لامی" دەگوت کەچی ئەوان نەیانتوانی پیتی "ل" بڵێنەوە، چونکە ئەوان جیاوازییان لەنێوان ئەم دوو پیتە نەدەبینی! بۆیە دانیشتن و تێگەیشتنی زمان دەگەڕێتەوە سەر ژینگەی پەروەردەکردن. یانی تۆ خەڵکی چ وڵاتێکی یان کیشوەرێکی، وڵات و کیشوەر کار لەسەر تێگەیشتنت لە زمان و جیهان بینیت دەکا.

زمان دوو جۆری هەیە:

- **زمانی گران:** زۆری وشەی درێژ، وشەی شاز، ڕستەی لە 15 وشە زیاتر.
- **زمانی ئاسان:** زۆری وشەی کورت، وشەی ئاسان، ڕستەی کورت.

بە گوێرەی بۆچوونی (ئۆسمۆ ئەی ڤییۆ) دەتوانین بڵێین دوو جۆر زمان هەیە. یەکیان زمانی گران، دەکاتە زمانی ئەندازیاری، ئەوەی تریش زمانی ئاسان، یانی زمانی ڕۆژنامە.

لەسەرەوە باسمان کرد، کۆمۆنیکەیشن یانی قسەکردن لە نێوان دوو کەس، بەلاّم لە ڕاستی کۆمۆنیکەیشنی بیّ وشەش هەیە. ئەگەر یەکێك بەپەرۆشەوە بێت بۆ بینینت، بەلاّم لەکاتی یەکتر بینین، ڕووی ترش بیّ، بێگومان تۆ بڕوا بە قسەکانی ئەو ناکەیت! ئەم زمانە زۆر کۆنە و دەزانین پێش نووسین هاتۆتە کایەوە. ئەم جۆرە زمانە لە مەیموون بە ڕوونی دیارە و پێی دەڵێن زمانی بێدەنگ.

بیری مرۆڤ زۆر ناسك و هەستیارە، لەگەڵ ئەوەش لە بیری خۆمان ڕازین. لەهەمان کات ویستوومانە باشتر ببینین، چاکتر گوێمان لێبیّ. بۆ ئەوەی باشتر ببینین، زیاد لە دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستا شووشە بۆ گەورەکردن بەکار هاتووە، چاویلکەش زیاد لە 600 ساڵە هەیە و نزیکەی 400 ساڵیشە دووربین دروست کراوە. ئەستێرەناسی بەناوبانگی ئیتالی گالیلێی **Galilei** بە دووربین سەیری سیستێمی ڕۆژی دەکرد. ئەگەر باس لە تەمەنی میکرۆسکۆپ بکەین نزیکەی 300 ساڵە. ئەمانەی سەرەوە بۆ ئەوەی باشتر لەخۆمان و دەوروبەر یان ئاسمان بگەین، پێشتر بەکار هاتووە. مرۆڤ لە زووەوە هەوڵی داوە، بزانیّ چیتر لەسەر زەمین هەیە؟ ئێستا بەهۆی پەیدابوونی تەکنۆلۆجیا بۆ مرۆڤ ئاسانتر بووە بزانیّ لەولا چ باسە؟

لەم سەردەمەی ئێمە، کە باس لە "مەسمیدیا" دەکەین زیاتر مەبەستمان: ڕۆژنامە و گۆڤار، رادیۆ و تەلەفزیۆن، فیلم لەگەڵ کتێبە. میدیا لەوکاتەی بۆ زیاد لە یەك کەس بەکاردیّ پێی دەگوتریّ مەسمیدیا. پرۆفیسۆری فینلەندی ئۆسمۆ، مەس میدیا بەسەر ئەمانەی خوارەوە دابەش دەکات:

**میدیای وایەر:** تەلەفۆن، کابل **TV**، رادیۆی ناوەندی (رادیۆی پۆلیس)، ئینتەرنێتی تەلەفۆن، گەیاندن بە کۆمپیوتەر.

**میدیای رادیۆ:** رادیۆی دەنگ، تەلەفزیۆن.

**میدیای چاپ:** نامە، کۆپی، کتێب، ڕێکلام، نامیلکە، گۆڤار، ڕۆژنامە لەگەڵ ئەفیش (ئەفیش: قەبارەی **A2** یان **A3** یان کەمێك گەورەترە).

**میدیای فیلم:** فیلم، پرۆژێکتر، شریتی وێنە، سلاید، فۆتۆ، کاسێتی وێنە، کە فیلمی لێ دروست دەکرێ.

**میدیای موقناتیسی:** ریکۆردەر، شریتی دەنگ، کاسێتی دەنگ، ڤیدیۆ، شریتی فیلم لەگەڵ کاسێتی فیلم.

**میدیای دەنگ:** گرامافۆن.

**میدیای نووسین:** تەختە، دەفتەر...هتد.

زانینی ئەوانەی سەرەوە، بەلای من بۆ هەموو کەس زۆر گرنگە، بەتایبەتیش بۆ ئەندام پەرلەمانەکانمان. بەم دوایە، بۆتە مۆدێل لەهەمان کاتیش پێشبڕکێ، لەسەر ئەوەی کامە ڕۆژنامەنووس، زۆرترین وشەی لاتینی یان بیانی لە نووسینەکەی بەکار دەهێنێ؟ ئەو یەك جار وشەکە دەبیسێ نەك دەخوێنێتەوە، یەکسەر بە هەڵە لە نووسینەکانی بەکاری دێنێ وەك لە جیاتی بڵێ "ڤیزە"، دەڵێ "فیزە"، لەجیاتی بڵێ "بلیت" دەڵێ "پلێت"، لەگەڵ دەیان وشەی تر، کە لە ڕاگەیاندنی کوردی بەکاردێنن، بێ ئەوەی ڕاست بکرێتەوە. بۆیە من دڵنیام لەوەی ئەو ڕۆژنامەنووسانە ئەم وشانە بەکار دەهێنن، جا بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئەوانەی تا ئێستا لەم جۆرە وشانەیان لا نامۆیە، بەڕاستی لەم وشە و قوتابخانانە تێبگات، بەلامەوە گرنگ بوو بە درێژی باسی بکەم و تا ئەو ئەم زانیارییە سەرەتاییانەی هەبێ، ئەگەرچی دڵنیاشم لەوەی، کە زۆربەی هەرە زۆریان لەوانەیە پێش من زانیبیان، بەلاّم دووبارەکردنەوەیان باشە و خراپ نییە!

لەوانەیە ڕۆژنامەنووسێك لە کاتی ئینتەرڤیو، ئەو زانیارییەی دەیەوێ ناتوانێ بەهۆی هونەری ڕۆژنامەنووسی، تەکنیکی ئینتەرڤیو لە ئەندام پەرلەمان یان وەزیر، بەدەستی نەگا. بۆیە لێرە تووڕە دەبێ و بەدەنگی بەرز هاوار دەکا: تۆ دەزانی ڕۆژنامە چییە؟ لێرە کابرای ڕۆژنامەنووس، تاکتیك دەگۆڕێ و کەسی بەرپرس لەوانەیە سەری لەم پرسیارە سوڕ بمینێ، بەدەم کرانەوە، ئەوەی دەشزانێ لەم کاتە نایەتەوە بیری، ئەگینا ئەو پێشتر دەیزانی: (ڕۆژنامە: ناوەڕۆکی هەنووکەیی بێ، بەردەوام و بە ڕێك و پێکی دەربچێ، بابەتی جیای تێدا بێ و بلاّوبکرێتەوە". ئەمەی سەرەوەی بۆ ناگوترێ لە کەسی ڕۆژنامەنووس تووڕە دەبێ و دەری دەکاتە دەرەوە. ئەویش گوتارێکی ڕەقی دژ دەنووسێت! ئەمە دەکاتە تێنەگەیشتن لە یەکتری، ئێمە لەبەشی تری ئەم کتێبە زۆر بەوردی باسمان کردووە.

ئەمە ڕۆژنامەی کاغەز بوو، بەلاّم ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیش بەهەمان شێوە هەیە، تەنیا خوێنەر بەهۆی ئینتەرنێتەوە دەیخوێنیتەوە و لەسەر کاغەز چاپ ناکرێ.

پرێس چەند مەدرەسەیەکی هەیە:

**1- پرێسی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان:** لە سەرەتای پەیدابوونی ڕۆژنامە هەیە و تا ئێستاش لە زۆر دەوڵەتی جیهان ماوە و پەیڕەو دەکرێ، بەتایبەتیش لە دەوڵەتانی دیکتاتۆر. لەوانەیە کەسێك خاوەنی ڕۆژنامە بێ بەلاّم ناوەڕۆکی زۆر بە باشی کۆنترۆڵ دەکرێ. ئەمجۆرە ڕۆژنامانە خزمەتی حکومەت و دەستەلاّت دەکەن. پرێسی زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی سەر بەو قوتابخانەیەیە.

**2- پرێسی لیبرال:** بەگوێرەی ئەم تیۆرییە، مرۆڤ مافی بلاّوکردنەوەی هەموو جۆرە زانیارییەکی دەبێ. دەوڵەت هەرگیز دەست لە ناوەڕۆکی وەرنادا. کاری دەوڵەت ئاگادار بوونە لە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ و تاك، تا هیچ لایەك مافی نەخورێ و پێشێل نەکرێ.

نموونەی ئەوە، پرێسی بەریتانیا و ئەمریکایە لە ساڵەکانی 1800 تا ماوەیەکی زۆر لە 1900 ئەم تیۆرییە پەیڕەو دەکرا.

**3- پرێس لەسەر بەرپرسێتی کۆمەڵ:** لەم تیۆرییە، پرنسیپی لیبرالی لەگەڵ بەرپرسێتی لە کۆمەڵ، لەسەر گەیاندنی زانیاری کراوە و فراوان بە ئاڕاستەی جیا بۆ خزمەتی جەماوەر و بەرژەوەندی ئەوان یەك دەگرێتەوە. ڕۆڵی حکومەت لە بلاوکردنەوەی ئەم زانیارییانە نەخواردنی مافی تاکە و دژی مۆنۆپۆڵە. پرێسی ولاتانی سکەندناڤی و ئەوروپا و ئەمریکا پەیڕەوی ئەم تیۆرییە دەکەن.

**4- پرێسی بابەتی "ئۆبجێکتیڤی":** ئەم تیۆرییە پەیوەندی بە تیۆری کۆمەڵەوە هەیە، بەلام جەخت لەسەر هەق و هاوسەنگی لەسەر گەیاندنی زانیاری دەکات. لێرە کۆمەڵ و ڕۆژنامەنووسان بۆ بلاوکردنەوەی زانیارییەکی ئۆبجێکتیڤانە بەیەکەوە کاردەکەن. رادیۆی زۆربەی دەوڵەتانی ئەوروپی، بەتایبەتیش **BBC** پەیڕەوی ئەم قوتابخانەیە دەکەن.

**5- ئایدیای مارکسی – لینینی:** دەوڵەت پرێس بۆ گۆڕینی کۆمەڵ و چاودێریکردنی بەکار دەهێنی. بەگوێرەی ئەم تیۆرییە، حکومەت بەردەوام دەبێ چاودێری پرێس بکات و ئاگای لە ناوەڕۆکی هەبێ. نموونەی ئەمجۆرە پرێسە لە سۆڤێتی کۆن و دەوڵەتانی بلۆکی سۆسیالیستی هەبوو. ئامانجی سەرەکی لە دەرکردنی پرێس لەم دەوڵەتانە خزمەتکردنی حیزبە تا کۆمەڵ بەرەو کۆمۆنیزم ببات. حکومەت سوود لەم جۆرە پرێسە وەردەگرێ، تا بڕیار لەسەر داهاتووی کۆمەڵ بدا.

پاش ڕووخانی سۆڤێت و دەوڵەتانی بلۆکی سۆسیالیستی ئەم تیۆرییە سەرنەکەوت و ڕما، بەلام وەك جۆرێك لە تیۆرییەکانی ڕاگەیاندن هەر ماوە، چونکە هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئازادی ڕاگەیاندنی تێدا نییە، تا ئێستا بۆ بەرژەوەندی حیزب و توندکردنی دەستەلاتی خۆیان سوود لەم قوتابخانەیە وەردەگرن.

# ڕێتۆریك

ڕێتۆریك بەکوردی دەکاتە هونەری قسە کردن یان خوتبەدان. تۆ وەك ئەندام پەرلەمان پێویستت زۆر بە هونەری قسەکردن و دەربڕینی ڕا دەبێ، چونکە کاری تۆ لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، تەنیا دەست بەرزکردنەوە نییە، بەڵکو بەشدرابوونیش لە قسە و گفتوگۆکانە. ئەم بەشداربوونەش، بە ئارەزووی خۆت نییە چەندی بتەوێ لە سەر سەکۆ (شوێنی قسەکەر) بووەستیت و قسە بۆ ئەندامان بکەی. پێش ئەوەی دەست بە کۆبوونەوەکان بکرێ، لە زۆربەی پەرلەمانەکانی جیهان، کات دەستنیشان دەکرێ، هەر یەکە و چەند خولەکێك کاتی قسەکردنیان پێدەدرێ. بۆ ئەوەی لە کاتی دیارکراو بۆت، پەیامت بگەیێنی، چاکە لە هونەری قسەکردن سەرت دەربچێ و باش بزانیت، چونکە زۆر لەو دانیشتنانەی پەرلەمان ئێستا ڕاستەوخۆ بە تەلەفزیۆن دەگوازرێتەوە و خەڵکێکی زۆر زیاتر لەوەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە و هەست دەکەی، سەیری دەکا و دەیبینێ. لەو قسانەی یان خوتبانەی ئەمڕۆ دەیکەی یان دەیخوێنی، ئەگەر زۆر شایەنی گوتنیش نەبێ، لەبەر ئەوەی حیزب تەواو لێت ڕازییە، یان کوڕی فلانە کێخوایت، دڵنیابە، بەیانی یان لە داهاتوو کەس لێت ڕازی نابێ و وشەو خوتبەکانت ئەنجامی باشیان بۆت نابێ. ئەگەر بەخراپە بۆچوونەکانی خۆت دەربڕی، یەکەم و دوا جارە تۆ وەك ئەندام پەرلەمان لە داهاتوویێکی نزیك، دادەنیشی، چونکە لەو کات و لەو کوردستان و پەرلەمان، تەنیا شوێنی خەڵکی بەتوانا و باش و کوردپەروەر دەبێتەوە. فشاری جەماوەر و ڕاگەیاندن، لەسەر قسەی خراپ و بەناهەق بریندارکردنیان، ناچارت دەکا: "بە تاکەی خۆت هەڵبستی"!

دەزانین قسەکردن بەرامبەر بە تەلەفزیۆن یا جەماوەرێکی زۆر ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر ئەم کار و پیشەت هەڵبژارد، ئەگەر بەتواناش نەبی، دەبێ خۆت فێربکەیت و ڕابێنی. یانیش

سوود له ماموّستایانی پێش خۆت وەربگری. به بڕوای دالی کارنێگییّس **Dale Carnegies** له سەردەمی نێوان شەڕەکان، "دەبێ ئێمە هەست بکەین، هەموو ئەوانەی گوێمان لێ ڕادەگرن، پارەمان قەرزارن". ئەو بۆچوونە لەوانەیە بۆ زۆر کەس بەسوود بێ بەلاّم بۆ هەندێ شوێن و هەندێك خەڵك لەوانەیە نابێ بەم شێوەیە بیر لە خوتبەدان بکرێتەوە.

لەوانەی لە مێژووی خوتبەدان لە جیهان، زۆر بەناوبانگن و خوتبەکانیان تا ئێستا ماوە سیسێرۆ، **Cicero** ی رۆمایە سیسێرۆ، مارکۆس تولیۆس "**Marcus Tullius،Cicero** سیاسییەکی رۆم بوو لە ساڵی 43-106 پێش زاین دەژیا. ئەو خوتبەدەر و پارێزەری هەرە بەناوبانگی جیهانە. زیاد لە 50 خوتبەی سیاسی ئەو لەگەڵ خوتبەی بەرگری کردن لە دادگا تا ئەمڕۆش پارێزراون، چونکە بوونەتە قوتابخانە و دەرسیان لەسەر دەخوێندرێ. سیسێرۆ لەسەر تیۆری خوتبەدانیش نووسینی ماوە". ئەو لەیەك لە دادگایەکانی، کە دژی پارێزگار وەستا بوو، کە بەناهەق بە فەرمانی ئەو، هاولاّتییەکی لە خاچدا هەڵواسیبوو تا مرد، سیسێرۆ لەدادگا گوتی: "سووك کردنە هاولاّتییەکی رۆم ببەستیەوە، جەریمەیە لێی بدەیت و ئازاری بدەی، زۆر نا سروشتییە لێی گەڕێی ئەو هاولاّتیە بکوژن، باشە ئێمە چۆن باس لە هەڵواسین و لە خاچدانی بکەین؟"

لە کاتی قسە کردن، دەبێ هەولّبدرێ راستی بگوترێ. ئەگەر تۆ هەموو هەڵەکانی خۆت خستە سەر کەسانی تر، ئەگەرچی هەڵەی تۆش بوون، ئەوا بەدووری مەزانە خەڵك پێت پێبکەنێ، چونکە ئەوان گێل نین، تا بڵێین هیچ لەوە نازانن! ئەگەر تۆش لە سیاسەت، شوێنی دیارت هەبوو، یان بەرپرسی دەزگاریەك بوویت، هەر کەم و کورتییەك لەو شوێنە یان دەزگایە هەبێ، چاك بیزانە خەتای تۆیە. لێرە قسەی نیکسۆنی ئەمریکامان دێتەوە

بیر، لەو کاتەی لە کێشەی واتەرگەیت گوتی: "بەرپرسی گەورە لەهەر شوێنێك تەحەمولی هەموو شتێك دەکا". هەموو کەسێك ئەم قسەیەی سەرەوە دەزانێ، بەلاّم لەجیاتی داکۆکی لەخۆکردن و لادانی ئەم هەلّلاّیە لەسەرخۆت و هاویشتنە سەر ئەستۆی خەلّکی تر، زۆر گرنگە سەرۆکی ئەمریکا ئەم قسەیە بکا. لەوەش گرنگتر، وەك لە شوێنێکی تری ئەم کتێبە ئاماژەمان پێ دا، خۆی دەستی لەکار کێشایەوە، ئەوەش نیشانەی بەهێزی دیموکراتییەتە، ڕەگ داکوتانیەتی لەو دەولّەتە.

دەزانین، هەر بۆنە و شوێنی جیا، خوتبەی تایبەتی خۆی هەیە، بەلاّم ئەوەی لای ئێمە زۆر ئاشکرا نییە، مەرج نییە، ئەو خوتبەیە تۆ خۆت بینووسی، چونکە لە هەموو جیهان، خەلّکی تایبەت بە نووسینی خوتبە هەلّدەستن، ئەوەش بێگومان پاش ڕاوێژکردن لەگەلّ خاوەنی خوێنەر، چونکە ئەگەر ئەو بەخۆشی نەینووسێ، لەبەر ئەوەی لەدەمی ئەو دەردەچێ لەسەر ئەو حیسابە. باش بێ ئافەرین بۆ ئەوە، خراپ بێ کار لە داهاتووی ئەو دەکا.

یەك لەو خوتبانەی لە سەدەی ڕابردوو تا ئێستا وشەکان لەگوێی ملیۆنەها کەس دەزرینگێتەوە، خوتبەی سەرۆکی پێشی ئەمریکی جۆن ئێف کەنەدی بوو. ئەو لە کاتی بردنەوەی لە هەلّبژاردنی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری ئەمریکا گوتی: "هاولاّتییە خۆشەویستەکانی ئەمریکای خۆشەویست، مەپرسە ولاّتەکەت دەتوانێ چیت بۆ بکا، بپرسە تۆ دەتوانی چ بۆ ولاّتەکەت بکەی! هاولاّتییە خۆشەویستەکانم لە هەموو جیهان، مەپرسن ئەمریکا دەتوانێ چیتان بۆ بکا، هەموومان بەیەکەوە دەتوانین چ بۆ ئازادی مرۆڤ بکەین!" ئەم خوتبەیەی لە سالّی 1961 دا و تا ئێستا وا دەزانی دوێنێ داویەتی. کۆپلەی یەکەم تەواو بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا کوردستان زۆر پێویستە، ئەگەر بەتەواو پەیڕەوی بکەین،

داهاتوویێکی زۆر باشمان دەبێ. بەداخەوە ئێمە تەواو بە پێچەوانەی خوتبەی سەرەوە کار دەکەین. بەری خەباتی ئەم هەموو ساڵەمان، دەبێ ئێستا بیدوورینەوە. ئێمە هەموومان چاوەڕێ دەکەین، کوردستان چیمان بۆ بکا، نەك ئێمە چ بۆ کوردستان بکەین! هەرکاتێك کۆپلەی یەکەمی خوتبەی کەنەدیمان پەیڕەو کرد، ئەوا بزانە تۆ لە وڵاتێکی ئازاد و دەوڵەمەند دەژی، ئەگینا گلەیی لە بەرپرسە گەورە و دەوڵەمەندەکان مەکە!

وەك گوتمان نووسینی خوتبە، مەرج نییە، بەخۆت بینووسی، بەڵام هونەر لە خوێندنەوەیەتی. دەبێ زۆر باش بیر لە چۆنێتی خوێندنەوەی بکەیت. ئەگەر تۆ لە بواری خوتبەدان هیچ دەورەیەکت نەبینیبێ شەرمی تێدانییە، داوا لە ئەکتەرێکی باشی شانۆ بکەیت، با ئەو باسی هونەری قسەکردن، چۆنێتی دەست هەڵبڕین، وەستان، هەناسەهەڵکێشان لەگەڵ دەیان وردەکاری ترت فێر بکا. تۆ پێویستە هەر هەمووی فێرببیت، ئەگەر تا ئێستاش نەیزانی! نەك هەر ئەوانەی باسمان کرد گرنگن، بەڵکو دەبێ زۆر باش بیر لە هەڵبژاردنی جل و جۆری لەبەرکردنیش بکرێتەوە.

خوتبە دەکرێ هەمووی بخوێنیتەوە، یانی ئەو کاغەزەی خوتبەی لێ نووسراوە بخوێنیتەوە. گرنگە لەسەرخۆ بیخوێنیتەوە و جار بەجاریش سەیری ئەوانەی بەرامبەرت بکەی. دەشکرێ پلانی نووسینەکە لەبەردەمت بێ و جاربەجار سەیری بکە و ئەوەی تر بەقسە تەواوی بکەیت، بەڵام لێرە مەترسی ئەوە هەیە لەبابەت دەربچی و شتی تر باس بکەیت، لەوەش خراپتر نەتوانی پەیڕەوی ئەو کاتە بکەی، کە بۆت داندراوە. یانیش دەتوانی هەموو خوتبەکە وەك لە سەردەمی یۆنانی کۆن، لەبەر بکەیت.

ئەگەر باس لە هونەری خوتبەدان بکەین، لە سەردەمی یۆنانی کۆن، خوتبەکان لەبەر دەکران ئینجا دەخوێندرانەوە. یەك لەوانەی ناوی تا ئەمڕۆ ماوە و شێوەی خوتبەدانی بۆتە

مەدرەسە، ناوی لیسیاس Lysias (380-445 پێش زاین) بوو. وەك گوتمان وەك قوتابخانەیەك پرەنسیپەكانی ئەو بەناوبانگن. لیسیاس لەبەر ئەوەی خەڵكی ئەسینا نەبوو، بۆی نەبوو بچێتە ناو دادگا و لەوێندەر بەرگری لە خەڵك بكا. خەڵك ناوبانگی ئەویان دەزانی و بۆ لای دەهاتن و ئەویش بە پارە، خوتبەكانی بۆ دەنووسین. هەموو ئەو كەسانەی ئەو خوتبەی بۆ دەنووسین، لە دادگا دەیانبردەوە و ئازاد دەكران. خوتبەكانی ئەو زۆر ئاسان بوون و هەموو كەسێك تێیان دەگەیشت. هەموو ئەوانەی بۆیانی دەنووسین، زۆر رازی بوون لێی، تەنیا یەكێك نەبێ رۆژێك دەچێتە لای و گلەیی لە شێوەی نووسینی دەكا. كابرا بە لیسیاس دەڵێ: "لە خوێندنەوەی جاری یەكەم، سەرم لە جوانی و دەوڵەمەندی و باشی سوڕما. جاری دووەم ئەوەندەم پێ باش نەبوو، جاری سێیەم خراپتریش، ئێستا هەست ناكەم ئەم خوتبەیە بۆ بەرگری كردن نووسراوە. پاش ئەوەی هەموویم لەبەر كرد، هەست دەكەم، چەند وشەیەك بەدوای یەك ریز كراوە و هیچی تری تێدانییە."

لیسیاس بە كابرا دەڵێ:

- تۆ لەبیرت چوو، لە دادگا تەنیا یەك جار گوێی لێ رادەگرن!

بۆ نووسینی خوتبە، چاكە باش بیری لێ بكرێتەوە، چونكە ئەگەر ئەوان لەتۆ نەگەن، سوودی نابێ و ئەنجامی چاك دەرناچێ. ئەگەر خەڵك لە تۆ نەگەن، چاك بیزانە، خەتای تۆیە، نەك هی ئەوان!

لە خوتبەدان زۆر گرنگە، رێزی تایبەتت بۆ جەماوەری گوێگر هەبێ و هەست بكەیت، ئەوان شایەنی ئەوەن، خوتبەی باشیان بۆ بدەی. ئەگەر تۆ ئەوان بەنەفام و گێل لەقەڵەم بدەی، یان وا نیشان بدەی، لێت توورە دەبن و قەت ناتوانن لێت ببوورن، چونكە ئەو بۆچوونە تەواو نییە. زۆر جار ئەوان لە نیوەی خوتبەی تۆ، كە ئێستا گوتت تێناگەن،

نیوەکەی تریش یەکسەر لەبیر دەکەن، بەڵام باش دەزانن مەبەستت لەم خوتبەیە چی بوو؟ ئەوانەی هەست دەکەن، تۆ فێڵیان لێ دەکەی، ناتوانن لێت ببوورن، تۆش وەك ئەندام پەرلەمان پێویستت بە هەموو یارمەتییەك هەیە، تا بتوانی بیروبۆچوونی خۆت و حیزبەکەتیان ڕاست تێبگەینی. ئەگەر ئەوان پشتیان تێکردیت و بایەخیان بە بڕیار و یاساکانی پەرلەمان نەدا، ئەگەر ئەوان پشتیان تێ کردیت و بۆ دەنگدان نەچوون، ئەگەر ئەوان متمانەیان پێت نەما و بەلایانەوە گرنگ نەبوو، کەرکووك کوردستانە یان نا؟ دەبێ بەخۆت دابچیتەوە، چونکە هەر هەمووی خەتای تۆیە، تۆ وەك ئەندام پەرلەمان، تا ئێستا نەتتوانیوە، تێی بگەینیت، کارکردن لە پەرلەمان چۆنە؟ ئەمانەی سەرەوە وانەی سەرەتایین و قەت درەنگ نییە، جەماوەری لێ ئاگادار بکەیتەوە. ئەمڕۆ باشترە لە هەرگیز باس نەکردنی. ئەگەر لەوە نەگەیشتیت و بەگرنگت نەزانی، تۆ کورسیەکت لە پەرلەمان داگیر کردووە نەك پێدراوە!

زۆر جار لەکاتی قسەکردن، مرۆڤ نازانێت یان دوودڵە، لە ڕاست بوونی شتێك، لێرە نابێت لەوکاتەی باس لەو فاکتە "ڕاستی" دەکەیت، دەنگت نزم کەیت، چاك بزانە، درۆکردن بەدەنگی بەرز، لە ڕاستییەکی دەنگ نزم بڕوای زیاتر لە لایەن جەماوەرەوە پێدەکرێ!

زۆرجار لەکاتی چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی، کەسانی سیاسی بەدوای گڵۆپی سووری کامێرا دەگەڕێن، لێرە ئەو بەڕێزە سیاسییانە هەڵەی گەورە دەکەن! لەبەر گەڕان بەدوای کامێرا، بەدوور نازاندرێ جەوهەری بابەتەکەیان لەدەست بڕوا و لێی لابدەن. ئەوەش گەورەترین هەڵەیە، کەسێکی سیاسی تووشی دەبێ تووش بوونیشی، زۆر ئاسانە. بۆیە چاکە تۆ لە ستۆدیۆ لە کاتی ئینتەرڤیو، وادابنیشی، هەست بکەیت تۆ لەماڵەوەیت. لەکاتی قسەکردن، تۆ تەنیا سەیری کەسی بەرامبەرت، یان ئەوەی پرسیاری لێ کردوویت، بکە و

بەهیچ شێوەیەك بەدوای گڵۆپی سووری کامیرا مەگەڕێ، چونکە کاری کەسانی تەکنیکارە، تۆ بخەنە ناو شاشەکەیان! ئەو پرسیارە دەبێ ئەوان پێش دەستپێکردنی بەرنامە بیریان لێ کردبێتەوە.

خوتبەدان یان قسەکردن لە هۆڵێکی گەورە یان لە ستۆدیۆ، زۆربەی جار گرنگ نییە چی دەڵێی بەڵکو چۆنی دەڵێی! جا لێرە تۆ چۆن دەزانی چیت گوتووە یان چۆنت گوتووە؟ ئەم بینینە لە چاو و ڕووی بینەران بە ئاسانی دەبیندرێ. بۆ ئەوەی خوتبەکەت زۆرترین کاریگەری هەبێ، چاکە نەك تەنیا قسە و ڕستەی جوان لەدوای یەکتر ریز بکەی، بەڵکو دەبێ ڕستەکان مەنتقی بن و لە کاتی گوتنیان هەست و سۆزیشی تێبدا بەکار بهێندرێ و چارەیان بۆ دابنێ.

ئەگەر تۆ گرفتی قسەکردنت بەرامبەر بە جەماوەر هەبێ، یانی تۆ لە خوتبەدان بترسی، چاکە پێش ئەوەی بچیتە سەر شانۆ، دوو جار بەلای کەم هەناسە بە قووڵی هەڵبکێشی، ئەمە هەندێك یارمەتیت دەدا و کەمێك هێورت دەکاتەوە. ئەگەر تۆ بە پێوە بووەستی و دەستت بلەرزێ، چاکە کورسی بەردەمت بە هەردووك دەست یان بەیەك دەست توند بگری.

ئەگەر شوێنی تایبەت بۆ قسە کردن هەبێ، چاکە ئەڵقەی بەردەمت، کە بۆ دەست گرتن داندراوە توند بگری. ئەم ئەڵقەیەی دەست گرتن و شوێنی دانانی کاغەز، لە زۆربەی پەرلەمانەکانی جیهان هەیە. ئەوانەی سەرەوە یارمەتیت دەدەن، خوتبەکە باشتر بدەیت. بەڵام لەوانە گرنگتر، باش خۆ ئامادەکردنە، یانی خوتبەکەت دەربارەی چییە، دەبێ زانیاری زۆرت لەسەر بابەتی خوتبە هەبێ.

زۆر جار، زۆر کەس، ئەوانەی خوتبە دەخوێننەوە، خوتبەکەیان لەبەرە و جاربەجار سەیری کاغەزی بەردەمیان دەکەن. ئەگەر تۆ کاتت هەبێ خوتبەکە لەبەر بکەیت، ئەوا زۆر زۆر

باشه. لەو کاتە زۆر بە زاڵی باس لە ناوەڕۆکی دەکەیت، یان شتی مەبەست دەڵێی. ئەگەر خوتبەکەت پێ لەبەر نەکرا، دەتوانی کۆپلە کۆپلە بەسەر لاپەڕەکان دابەشی بکەیت، زۆر یان هەندێك لە کۆپلەکانیش لەبەر بکەی. ئەمەش کاریگەری زۆری بەسەر دانیشتوان یان بینەر دەبێ. لەکاتی نووسینی خوتبە، زۆر گرنگە بیر لە کات بکرێتەوە، چونکە گوێگر بە خەستی دەتوانێ تەنیا بۆ ماوەی 20 خولەك گوێ لە قسە ڕابگرێ، پاش ئەوە دەبێ بە جۆری تر سەرنجی گوێگر بۆ لای خۆت ڕابکێشی.

وەك گوتمان پاش نزیکەی 20 خولەك جەماوەر هێواش هێواش بە شتی تر خەریك دەبێ لە جیاتی ئەوەی گوێ لە قسەکانت بگرێ. لەوکاتە ئەگەر تۆ بۆ هێنانەوەی یان کۆکردنەوەی دانیشتوان لە مێزیش بدەیت، سوودی زۆری نابێ، بەڵام بەم جۆرە نابێ لە خوتبەدان بەردەوام بی و دەبێ شتێك بکرێ. لێرە هەر یەکە و بەگوێرەی خۆی شتێك دەدۆزێتەوە. جارێکیان لە حاڵەتێکی وا، کابرای خوتبەدەر، لەکاتی هەڵسانی چەند قەڵەمێکی لێ کەوەتە خوار و ناو دانیشتوان، تا قەڵەمەکانی هەڵگرتەوە، جەماوەر لەخەو هەڵسان و سەرلەنوێ ئامادەبوون گوێ بۆ کابرا شل بکەن. ڕیچارد دێنی **Richard Denny** یەك لە خوتبەدەرە باشەکانی جیهانە و چەندین کتێبی لەسەر هونەری خوتبەدان نووسیوە. لە کتێبی "ببە خوتبەدەری باشتر" دەگێڕێتەوە چۆن جارێکیان لە هوتێلێکی بەناوبانگی لەندەن لە کاتی خوتبەدان، بۆنی دووکەڵ دێ. ئەو سەیر دەکا، دانیشتوان گوێ لە قسەکان ڕاناگرن و هەریەکە و بە لووت خەریکی هەناسە هەڵکێشانە، چونکە هەموویان دەزانن بۆن سۆ دێ، بۆ ئەوەی سەرنجی ئەوان بۆخۆی ڕاکێشێتەوە دەڵێ: "من بۆنی شتێکی سووتاو دەکەم، ئایا ئێوەش بۆن دەکەن؟" هەموویان بەیەك دەنگ گوتیان بەڵێ. بەم جۆرە توانی جارێکی تر سەرنجی هەموویان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ئەوانەی سەرەوە دوو نموونە بوون،

بەلاّم شتی تر بۆ گێڕانەوەی سەرنجی دانیشتوان بۆلای خوتبەی خۆت زۆرە وەك: باسكردنی نوكتەیەك، بەرزكردنەوەی دەنگ، نزمكردنی دەنگ یانیش بۆ ماوەی چەند چركەیەك بووەستە با بێدەنگی تەواو بەسەر هۆڵ زالّبیّ، ئەمەش دەبێتە كۆكردنەوەی سەرنجی جەماوەر بۆ لای قسەكەر.

بە گوێرەی زۆر لە كتێبە ئەمریكییەكان دەربارەی هونەری خوتبەدان، بۆ ئەوانەی نایانەویّ گویّ بۆ خوتبەكەت شل بكەن، چاكە لە سەرەتای دەستپێكردن بەلّێنیان پیّ بدەی وەك: "ئەگەر بە درێژایی یەك كاتژمێر گوێم لیّ ڕابگرن، هەریەك لە ئێوە بەلای كەم 2000 دۆلار بە ئامۆژگارییەكانم سوودمەند دەبیّ". لەوكاتە زۆر بە وردی گویّ بۆ قسەكانت شل دەكەن، بەلاّم لێرە مەترسی هەیە بەوەی: لەوانەیە باوەڕت پیّ نەكەن، یان بلّێن باشە بۆ بۆخۆی ئەم سوودە وەرناگریّ...؟ ئەوە بۆ تۆی خوتبەدەر، لە گویّ نەگرتن زۆر خراپترە.

تەنیا خەلّكی سیاسی گرفتی گوێنەگرتنی خەلّكیان نییە، بەلّكو زۆر جار لەكاتی پێشكەشكردنی شانۆگەریش، هەمان گرفت دێتە پێشەوە. لە سالّەكانی 1800 لە تیاترەكانی پاریس ئەم كێشەیەیان بەم شێوەی خوارەوە چارەسەر كردبوو: (بەڕێوەبەری شانۆ، چەند كەسێكی بە كریّ دەگرت، تا لەناو خەلّك دابنیشن. كاری ئەو كەسانە، تەنیا پێكەنین یان گریان لەكاتی پێشكەشكردنی شانۆكەیان بوو. پێكەنین لەوانەوە دەستی پیّ دەكرد و دوایی بۆ هەموو هۆلّەكە تەشەنەی دەكرد، هەمان جۆر گریانیش وەك پێكەنین كاریگەری لەسەر میوانانی شانۆ هەبوو. پۆلیس ئەمەی قەدەغە كرد، بەلاّم بەڕێوەبەران پاش داواكاری، سەرلەنویّ ڕێگایان پێدرایەوە ئەم جۆرە هونەرمەندانە بهێننەوە ناو تیاترەكانیان، چونكە جەماوەر فێر بووبوو، بیّ ئەوان، هەستیان دەكرد، سەیركردنی شانۆ، سەرنج ڕاكێش نییە).

تۆ لەسەر شانۆ وەستاوی و پەیامێکت پێیە بە جەماوەری بگەیێنی. بۆ ئەوەی بیری دانیشتوان لای قسەکانت بێ نەك لای جل و بەرگ، باشە ئەگەر بەپێوە وەستا بی و قاتی جوانت لەبەر بێ، ڕەنگی قاتیش لەگەڵ دانیشتوان بگونجێ و ڕەنگێکی شاز نەبێ. دەبێ قۆپچەی چاکەتت داخرابێ و قەرەوێت ڕاست و باش بێ لەمل کرابێ. ئەگەر ئەوانەی ناومان هێنان لە شوێنی خۆیان نەبن، دوورنییە سەرنجی جەماوەر بۆلای ئەوان بچێت، تا بۆلای قسەکانی تۆ!

ئەوانەی سەرەوە، زیاتر لایەنی دیار و ئاشکرای خوێندنەوەی خوتبە بوون، بەلاّم لە هەموویان گرنگتر، دەبێ تۆ بە شێوەی دەروونی خۆتت بۆ ئامادە کردبێ. دەبێ تۆ لەخۆت ڕازی بیت و هەست بکەی، تۆ دەتوانی پەیامت زۆر بەباشی بگەینی. دەبێ بڕوات بەخۆت هەبێ، دەبێ تێبگەی ئەوانەی دانیشتوون، بە سەرنجەوە گوێ بۆ قسەکانت شل دەکەن. خەڵکانی پسپۆر لە خوتبەدان، دەگەنە سەر شانۆ، چەند چرکەیەك دەوەستن، لەو ماوەیە یانی ئەو چەند چرکەیە، بە ڕووی خۆش سەیری دانیشتوان دەکەن، دواتر دەست بە خوتبەی خۆی دەکا. لێرە چاکە سوود لە پەندی چینی وەربگرین، کە دەڵێ: "ئەوەی ناتوانێ خەندەی لەسەر لێو بێ، چاکە کار نەکا".

لەناو قسەکان، تۆ ڕستەیێکی زۆر گرنگت هەیە و دەتەوێ خەڵك ئەو ڕستەیەی بێتەوە بیر. لێرە باشە سوود لە تەکنیکی قسەکردن وەربگریت. لەو کاتانە، چاکە پێش ئەوەی ڕستەکە بڵێی، چەند چرکەیەك بۆی بوەستیت، ئینجا دەست بە قسەکردن بکەی، لەوەش باشتر، پاش تەواو بوونی ڕستە یان کۆپلە گرنگەکە، جارێکی تر چەند چرکەیەك دیسان بووەستیت.

دەستپێکردنی خوتبە زۆر گرنگە، بە باشی بێت، چونکە ئەو قسانەی لەسەرەتا دەیکەیت، کاریگەری بەسەر هەموو خوتبەکە دەبێ. بەگوێرەی پسپۆرانی ئەم بوارە بەتایبەتیش (ریچارد دێنی) بەهیچ شێوەیەك نابێ لە دەستپێکی خوتبە بڵێی: من خوتبەدەرێکی باش نیم، بەڵام فلانە کەس داوای لێ کردم بێم هەندێك قسەتان بۆ بکەم، یان ببوورن کە من درەنگ هاتم، یان ببوورن من باش خۆیم بۆ ئامادە نەکردووە، یان ببوورن من هەندێك لەکاتی بەنرخی ئێوە دەگرم... ئەوانەی سەرەوە بە هیچ شێوەیەك نابێ بگوترێ چونکە لەو کاتە تۆ هێشتا دەستت پێ نەکردووە، دانیشووان دەزانن، تۆ هیچت پێ نییە لەوەش خراپتر تۆ بەلاوازی دەچیتە سەر شانۆ، یانی ئەوانەی تۆ دەیلێی هەمووی نییە و تۆ هەر ئەوەندەی لێ دەزانیت لەکاتێکدا خەڵکی تر زۆر لەوە باشتر و زۆرتری لێ دەزانێت! تۆ وەك مرۆڤێکی لاواز نیشان دەدرێی، خەڵکیش ئامادە نییە، گوێ بۆ ئەو کەسانە شل بکات، بەتایبەتیش ئەگەر تۆ ئەندام پەرلەمان یان وەزیر بیت. ئەوان خەڵکی بەهێز و بڕوا بەخۆیان لەم پۆستانە دەوێ نەك لاواز و بێ دەستەلات!

ئەگەر تۆ خۆت بەلاوازی باس کرد و نیشانت دا تۆ شایەنی ئەو شوێنە نیت، کە لێی دانیشتوویت، جگە لەوەی خەڵك لێت توورە دەبێ لەوانەیە ئامادە نەبن، گوێ بۆ قسەکانیشت ڕابگرن. ئەگەر گوێ لە قسەکانت ڕانەگرن، دەکەونە قسەکردن لەگەڵ یەکتری و تۆ تەواو پشتگوێ دەخەن.

لایەنێکی تری هونەری خوتبەدان ئەوەیە، کە تۆ ئەوەی دەیلێیت دەبێ خەڵك تێی بگات. هەوڵ بدە، ژمارە زۆر بەکار نەهێنی، چونکە خەڵك هەمووی نایەتەوە بیر، کە قسەو ژمارەکانیان نەیەتەوە بیر، تۆ ڕەنجت بەخۆڕا دەڕوا.

لایەنێکی تری هونەری خوتبەدان، کە زۆر گرنگە، دەبێ بە ڕێزەوە سەیری دانیشتوان و گوێگرانت بکەیت. نابێ بە هیچ شێوەیەك، کەسیان بریندار بکەی و ڕێزت بۆ هەر هەموویان هەبێ. ئەگەر ئەوەی بەرامبەر، تێگەیشت تۆ ڕێزت بۆ کەسی بەرامبەر هەیە، ئەویش ناچار دەبێ ڕێزت بگرێ. وەك لە پێشەوە باسمان کرد، ئەگەر هەستت کرد گوێگران هیلاك بوون، چاکە نوکتەیەکیان بۆ باس بکەیت. بەلاّم زۆر گرنگە لەم نوکتەیە کەس لە دانیشتوان بریندار نەبێ. لەو کاتانە دەبێ نوکتە لەدەمی کەسی سێیەمەوە بگێڕدرێتەوە و بگوترێ. هەمووومان دەزانین خۆشناو و دەشتەکی نوکتەیان زۆر لەسەر یەکتر هەیە. ئەگەر بلێی: "جارێکیان کابرایەکی خۆشناو جێ پێی فیلێك دەبینێ، پێشتر قەت ئەوەی نەبینیبوو، هەموو خەلکی گوندی هێنا، کەسیان نەیان زانی جێپێی چییە، تا یەکێکیان گوتی من دەزانم: مرۆڤە و بە قوون ڕووتی ڕۆیشتووە!" ئەمە نوکتەیەکە لەسەر خۆشناوان دروست کراوە، زۆر کەسیش دەیزانن و دووبارە و چەند بارەیان لە زۆر دانیشتن کردۆتەوە. ئەگەر تۆ ئەم نوکتەیە لە هۆلێکی هەولێر بلێی، بێ شك چەند خۆشناوێکی لێ دانیشتووە، ناهەقیان نییە لێت تووڕەبن و خوتبە زێڕینەکەت بەهیچ وەرنەگرن. بەلاّم تۆ لێرە دەتوانی هەمان نوکتە بەجۆرێکی تر بلێی بێ ئەوەی کەس لێت تووڕەبێ. تۆ دەلێی: برادەرێکی خۆشەویستی خۆشناوم ئەم نوکتەیەی بۆ گێڕامەوە: جارێکیان کابرایەکی خۆشناو جێ پێی فیلێك دەبینێ...بەم جۆرە کەس لێت تووڕە نابێ. ئەمە خالێکی زۆر گرنگە لە خوتبەدان دەبێ بیری لێ بکرێتەوە.

لە هونەری خوتبەدان چاکە ڕێزت بۆ ئەوەی بەرامبەرت هەبێ و بە چاوی سووك سەیری نەکەیت و ئەوانت پێ گێل نەبێ. ئەو ڕستانەی خوارەوە بەهیچ شێوەیەك نابێ لە خوتبەدان بگوترێ:

- من دڵنیام لەوەی ئێوە نازانن...

- من لەو بڕوایەدام ئێوە ئاگاتان لەوە نییە...

- ئێوە قەت هەستتان نەکردووە...

- دڵنیام لەوەی ئێوە نازانن من مەبەستم چییە...

دەبێ ئەو ڕستانەی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە بگوترێ:

- لەو بڕوایەدام ئێوە دەزانن...

- من دڵنیام لەوەی ئێوە ئاگادارن...

- ئێوە بێگومان لەو حاڵەتە ژیاون و هەستتان کردووە...

- دڵنیام لەوەی ئێوە باش لە مەبەستم دەگەن...

ئەگەر بەم شێوەیەی سەرەوە خوتبە بدرێ، ئەنجامی چاکی دەبێ و بە سەرنجەوە گوێ بۆ قسەکان شل دەکرێ. ئەگەر لە نووسینی ژانری ڕێپۆرتاژ وشەی "من" پێویستە زۆر دووبارە ببێتەوە، ئەوا لە خوتبەدان چاکە خۆت لەم وشەیە بپارێزیت. لە جیاتی من باشە "ئێمە" بەکار بهێنی، چونکە بۆ خوتبەدان زۆر بەهێزترە.

باشە لە خوتبەدان بزانیت، ئەگەر بینیت خەڵك هیلاك بووە، نوکتە، قەڵەم بەردانەوە، مست لەمێزدان یارمەتیت نادا و تۆش هێشتا 10 خولەکت ماوە، چاکە واز بێنی، چونکە ئەگەر بەردەوامیش بی، دەبینی، کەس گوێت لێ ڕاناگرێ.

لە هونەری خوتبەدان وەك لەمەوپێش باسمان کرد، دەبێ ڕێزی دانیشتوان بگیرێ و نابێ هێرش بکرێتە سەر کەس. خاڵێکی تری هونەری خوتبەدان، وشە و ڕستە هەڵبژاردن و چۆنێتی بەکارهێنانیەتی. بۆ ئەوەی باشتر تێت بگەن، زۆر پێویست ناکات، تۆ بە دیالێکت، جیا لەو دیالێکتەی تۆ قسەی پێدەکەی خوتبەی پێ بدەی. ئەگەر تۆ خەڵکی

هەولێر بیت، چاکە بە دیالێکتی هەولێر قسە بکەیت، ئەگەر تۆ خەڵکی دهۆك، ئەوا بە دیالێکتی دهۆك "بادینی" چاکە قسە بکەیت. ئەوانەی سەرەوە لەکاتی قسە کردن، بەڵام ئەگەر تۆ خوتبەکەت نووسیبێتەوە، بێگومان یاسا و ڕێسای زمانی نووسین دەبێ پەیڕەو بکرێ.

ئەوانەی سەرەوە هەمووی باسکردن لەوەبوو، تۆ چۆن قسە بکەیت، چۆن سەرنجی گوێگران بۆلای خۆت ڕابکێشی.

لەکاتی خوتبەدان، زۆر جار هەندێك کەس گوایە بۆ گوێگرتن دێن، بەڵام ئەم کەسانە لە ڕاستیدا مەبەستیان تێکدانە، بۆیە دەبێ زۆر بەوریایی مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە بکرێ. ئەگەرچی تۆ ئەوان دەبینی، ئەوەش بە جووڵانی دەموچاویان لەکاتی قسەکردنی تۆ دیارە، بەڵام چاکە تۆ هەوڵ بدەیت یان وا نیشانی بدەیت، تۆ ئەوان نابینی. ئەو کەسانە بەهیچ شێوەیەك نابێ ڕێگەیان پێ بدرێ، بەشداری لە قسەکردن بکەن، چونکە ئەگەر ڕێگایان پێ درا، تۆ کۆنترۆڵت لەدەست دەردەچێ. ئەمەی سەرەوە باشە پەیڕەو بکەیت، بەمەرجێ لەکاتی دەسپێکردن، تۆ نەتگوتبێ هەرکاتێك ویستیان پرسیار بکەن! بەقسەی یۆران هێگ **Göran Hägg** کە لە کتێبی "ڕێتۆریکی ئەمڕۆ" لە لاپەڕە 119-123 نووسیویەتی، ئەنجامی هەموو ئەو بەشداربووانە، بە کاتەسترۆف (کارەسات) تەواو دەبێ. چەند تۆ ڕێگایان پێ بدەی، ئەوەندەی تر ئەوان بۆ ناو سیان (گواو) ڕات دەکێشن، بۆیە لەم کاتانە، دەکرێ وەڵامی توند بدرێتەوە، چونکە ئەوەی ئەوان بەدواوەن، تێکدانە و زیاتر لە هەقایەتی مێش دەچێ، ئەنجامیشی دانیشتوان لەهەردووك لا بێزار دەبێ.

یەك لەو وەڵامانەی بۆتە کلاسیك و بەردەوام باسی لێ دەکرێ لەدەمی وینستۆن چەرچل هاتۆتە دەر. ژنێك زۆر بە تووڕەیی بە وینستۆن چەرچل دەڵێ: "ئەگەر تۆ پیاوی من بووای،

ژەهرم بۆتان دەخستە ناو چا"، وینستۆن چەرچل بێ ئەوەی خۆی تێك بدا، بە نەرمی دەڵێ: "ئەگەر من پیاوی ئێوە بام، چایەکەم دەخواردەوە".

زۆربەی جار وەك دەزانین، پاش تەواو کردنی خوتبە، پرسیاری زۆر دەکرێن. وەڵامدانەوەی پرسیاریش هونەرێکە بۆخۆی. ئەگەر تۆ خوتبەکەت زۆر باش بێ و نەتوانی وەڵامی پرسیار بدەیتەوە، یانی تۆ لەم بەشداربوونەت سەرکەوتوو نەبوویت. زۆر کەس خوتبەدانی لا ئاسانە، بەڵام لە پرسیارەکان دەترسێ، زۆریش هەن ئەوا بەپێچەوانە بیر دەکەنەوە. ئەگەر بلێین کامەیان ڕاستە، لێرە دەتوانین بلێین هەردووك حاڵەت تەواوە. بەڵام وەڵامدانەوەی پرسیار هونەرە و بەو شێوەیە ئاسان نییە، لەوەی تا ئێستا ئێمە تێیگەیشتبووین.

ئەگەر پرسیارێکی زۆر یان هەندێك گرانت لێ کرا و وەڵامدانەوەی ئاسان نەبوو، چاکە بڵێی: ببوورە لەو پرسیارە بەتەواوی نەگەیشتم، دەتوانی جارێکی تر بیڵێیتەوە؟ یان زۆر دڵنیا نیم لەوەی تۆ مەبەستت چی بوو؟ تکایە جارێکی تر بۆم ڕوون بکەرەوە یان بۆم باس بکە؟

لە ئاڕاستەکردنی پرسیاری تۆ بۆ پرسیارکەر، چەند ئامانجێك هەیە.

یەك: زۆر بەدەگمەن ڕوودەدا، هەمان پرسیار دووەم جار وەك خۆی بکرێتەوە، بۆیە وەڵامدانەوەی جاری دووەم زۆر ئاسانترە.

دوو: ئەوەی تۆ لەو بڕوایە دابوویت وەڵامدانەوەی گرانە، لە ئەنجامی جاری دووەم دەردەکەوێ ئەوە پرسیار نەبوو، بەڵکو کابرا ڕای خۆی لەسەر فلانە بابەت دەربڕی. یانی پرسیار نییە و بۆچوونە.

سێ: لە هەموویان گرنگتر، تا پرسیارەکە سەرلەنوێ دەکرێتەوە، تۆ کاتی زیادت دەست دەکەوێ تا باشتر بیری لێ بکەیتەوە و لە مێشکت وەڵامی بۆ ئامادە بکەی.

ئەگەر ئەو تەکنیکەی سەرەوە پەیڕەو بکەیت، هەست دەکەی وەڵامەکان ئاسانە. لێرە خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە. "ئەگەر تۆ وەك وەزیر یان ئەندام پەرلەمان یان هەر کارێکی ترت هەبێ، وەڵامی پرسیارێکت لا نەبێ، بەهیچ شێوەیەك هەوڵ نەدەیت، بەدرۆ وەڵامی بدەیتەوە یان بەجۆرێکی تر، سەر لە کابرا بشێوێنی، نەتزانی، شەرمی تێدا نییە، بڵێ: بەداخەوە جارێ ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە. ئەگەر کاتم پێ بدەی، من لە داهاتوو وەڵامت بەرێگای سکرتێرەکەم، یان بەتەلەفۆن، مەیل بۆ ڕەوان دەکەم. من بۆت بەدوای وەڵام دەگەڕێم، بزانە، ئەگەر بەڵێنت بە کەس دا، دەبێ جێبەجێی بکەیت". بۆ ئەوەی کابرا ئەوەندە چاوەڕێ نەکا، دەتوانی هەمان پرسیاری کابرا لە بەشداربووان بکەیت و بپرسیت: ئایا کەس لێرە دەتوانێ وەڵامی پرسیاری کاك...بداتەوە؟ لەوانەیە لەناو دانیشتوان خەڵك هەبن، وەڵامیان لا بێ. لێرە سەنگێگ بۆ دانیشتوان دادەنێیت و خۆشت ڕێزت زۆر دەگیرێ، ئەوان هەست دەکەن، تۆ یەکی لەوان، نەك دژ بە ئەوان.

دەتوانی شێوەی تریش بۆ وەڵامی پرسیار هەڵبژێری وەك:

- زۆرم پێخۆشە ئەم پرسیارەت کرد، ئەمە لە ڕاستیدا، شتێکم دێنێتەوە یاد جارێکیان...لەسەر قسەکردن و وەڵام بەردەوام دەبیت.

- پرسیارێکی زۆر بەجێیە، ئافەرین بۆ پرسیارەکەت چونکە ...لەسەر قسەکردن بەردەوام دەبیت.

- وەك گوتمان بەهیچ شێوەیەك نابێت درۆ بکەیت، ئەگەر لەسەر شتی وردیش بێت. **Fact is king**. (ڕاستی سەروەرییە یان ڕاسی تاجی سەرە)

- له وەڵامی پرسیار چاکە ڕاستەوخۆ بە نێگەتیف وەڵامی نەدەیتەوە بڵێ: ڕاست دەکەیت، زۆر کەس وەك تۆ بیر دەکەنەوە، بەڵام بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لای من هەن، لەسەر ئەم بابەتە، بۆچوونی خۆم هەیە...

جگە لەوانەی سەرەوە، ئەگەر ڕووداوێك لەسەر کاری تۆ ڕووی دا، یەك لە کارمەندانی تۆ تێیدا بەشدار بوون، بەهیچ شێوەیەك نابێ، خەتاکەی لەسەرخۆت لادەی و بیخەیتە ئەستۆی لەخۆت خوارتر!

- دان بەوە دابنێ خەتای تۆی تێدا هەیە.

- تۆ داخ دەخۆیت بەوەی ئەم ڕووداوە ڕوویداوە.

- تۆ هەوڵ دەدەیت، چارەسەرێکی بۆ بدۆزیتەوە.

بۆ ئەوەی باشتر لەمەبەستم بگەن، نموونەیەکتان کە پێشتر لە شوێنێکی تر باسیم کردووە جارێکی تر دەیهێنمەوە بیرتان. سکرتێری پارتی چەپی سوێد، **Gudrun Schyman** پاش ئەوەی بە ئاشکرا لە تەلەفزیۆن باسی لە گرفتی ئەلکهولی خۆی کرد. ئەو دانی نا بەوەی گرفتی ئەلکهولی هەیە، داخی خوارد بەوەی ئەو گرفتەی دەمێکە هەبووە، بەڵێنی دا چارەسەری بکات. پاش ئەم دانپێدانانە، لەجیاتی ئەوەی خەڵك رقیان لێی بێتەوە، ڕێتینگی، خۆشەویستی لای جەماوەر زیادی کرد. جا لێرە تۆ پێویست ناکا، لەوە بترسی، خەڵك تێت ناگەن، چونکە باس نەکردنی لەوانەیە زۆر ترسناکتر بێ!

سیفاتێکی زۆر خراپە، خەتا لەسەر خۆت لادەیت و بیخەیتە سەر شانی خەڵکی تر، چونکە لەوکات، ئاشکرای دەکەیت، تۆ هیچ ئاگات لە کاروباری خۆت نییە، تۆ نازانی چۆن دەزگا بەڕێوە دەچێ؟ تۆ کۆنترۆڵت بەسەر کارمەندانتەوە نییە! ئەوان تۆ بەسەرکردەی خۆیان دانانێن بۆیە پێشتر بۆیان باس نەکردووی!

ئەم خاڵە زۆر گرنگە لە کوردستان کاری لەسەر بکرێ. چونکە لەو ماوەی من گەڕاومەتەوە کوردستان، لە هاوینی 2004 وە تا ئێستا یەك کەسم نەبینیوە، کەموکورتی دەزگای ئەو لێی بەرپرسە، بخاتە ئەستۆی خۆی! ئەم کابرایە، ئەگەر ڕاگری کۆلێژ یان بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن بێ، وەزیر یان ئەندام پەرلەمان یان هەر پیشەیەکی تری هەبێ بچووك و گەورە، زۆر پسپۆرانە خەتاکەی دەخەنە سەر خەڵکی تر! تا ئێستا من چەند لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر ڕاگەیاندنی کوردی کردووە. لەگەڵ زۆر لە بەڕێوەبەرانی تەلەفزیۆن، سەرنووسەرانی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان دانیشتووم و لەگەڵیان باسم لە چاکردنی کردووە. هەر هەموویان خەتای خۆیان دەخەنە ئەستۆی ئەو کەسانەی لامان دانەنیشتوون. ئەگەر وێنەی خراپ چاپکرابێ خەتای فۆتۆگرافە، ئەگەر نووسین بە هەڵە نووسرابێ خەتای هەڵەبژێرە، ئەگەر سەردێڕ سەقەت بێ خەتای ڕۆژنامەنووسە... زۆربەی جار لێیان دەپرسم، ئایا ئێوە هیچ کۆرسێکتان بۆ ڕۆژنامەنووسانی خۆتان کردۆتەوە تا ئەم کەموکورتییە نەمێنێت؟ بەردەوام بە نەخێر وەڵام وەردەگرم.

نموونەی سەرەوە لەسەر ڕۆژنامە و گۆڤار بوو. ئەگەر باس لە تەلەفزیۆن بکەین، لەوان خراپتر و وێرانترە! ئەوانیش هەموو خەتاکە دەخەنە سەر کارمەندانی خۆیان، جا بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن دکتۆرای هەبێ یان تەنیا بڕوانامەی زانکۆ یانیش تەنیا کادرێکی پێشکەوتووی حیزب بێ! ئەمە بۆتە خوو بۆیان و بە ئاسانی وازی لێ ناهێنن. ئەمەی سەرەوە، لەڕاستیدا دیاردەیەکی زۆر ناشیرین و ترسنۆکانەیە، کە ناتوانن ڕەخنەی ڕاست هەزم بکەن، کورد گوتەنی (وەك پیاو) بڵێن: "خەتای منە و خەریکی چاکردنی دەبم!". یانیش پەیڕەوی ئامۆژگاری نیکسۆن بکەن، کە دەڵێ: "لەهەر شوێنێك هەر شتێك ڕوویدات بەرپرسی گەورە خەتابارە".

ماوەیەکە لە دەوڵەتانی پێشکەتووی جیهان، سەرکردەکان داوای بووردن لە زۆر شت دەکەن، کە لە سەردەمی ئەوان ڕووی نەداوە. وەك شەڕی نارەوای هیندییە سوورەکان و هەوڵدان بۆ لەناوبردنیان لە کەنەدا و ئەمریکا، شەڕی سامەکان (سامەرنە لە سوێد، نەرویج، فینلەند لەگەڵ روسیا دەژین)... ئەمە دیاردەیکی زۆر جوانە و ئەو سەرکردەیەی ئەم ڕستەیەی لەدەم دەردەچێ، چاك دەزانێ نە خۆی نە خزمێکی ئەم کارەی نەکردووە و لەسەردەمی ئەویش نەبووە، لەگەڵ ئەوەش جوامێرانە بەرامبەر بە ملیۆنەها کەس، داوای بووردن لەسەر کرداری ناهەق بەرامبەر بەو گەل و کەسانە دەکا. لێرە دەبێ چاك بزانین، پاش ئەم جۆرە خوتبانە، خەڵك زیاتر ڕێزی بۆ ئەم سیاسییانە دەبێ لەوەی بەر لە خوتبەدان.

زۆر جار ڕوودەدات، پاش تەواوبوونی خوتبە کەس پرسیاری نییە. چەند جارێك هاوار دەکەیت ئەگەر کەس پرسیاری هەیە، با بپرسێت، بەلاّم کەس ناپرسێت، لێرە دەتوانی بلّێی: من لەکاتی خوتبەکانی پێشترم زۆر ئەم پرسیارەیان لێ دەکردم، ئینجا هەندێك لەو بەشەی بەلاتەوە گرنگە بۆیان باس دەکەیت. لەو کاتەش دیسان گفتوگۆیەك لە ناو جەماوەر دروست دەبێ و بۆ تۆ کەم گرنگ نییە.

کە ئێمە باس لە پرسیار دەکەین، دەزانین هەموو پرسیارەکان خۆش نین و هەندێك لەوان زۆر توندن. لەم جۆرە پرسیارانە بەردەوام لە دواوەی هۆڵ دەکرێن. بە گوێرەی قسەی "ریچار دێنی"، وەك لەسەرەوە نووسیمان پسپۆڕی بەناوبانگە لە هونەری خوتبەدان، ئەگەر پرسیارێکی ڕەقت لێ کرا، نابێ بەهیچ شێوەیەك هێرش بکەیتە سەر کەس و بە قسەی ڕەق وەلاّمی بدەیتەوە. یان پێی بلّێی ئەم پرسیارە زۆر نابەجێ بوو، نازانم چ شتێك هانت دەدا، لەم جۆرە پرسیارانە بکەیت؟ لە ڕاستیدا هونەری وەلاّمدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارە ڕەقانە

زۆر ئاسانە و تا ڕادەیەك خۆشیشە. بۆ ئەوەی وەلاّمی بدەیتەوە، دەبێ زمان و لەش و هەست و سۆز بەکار بهێنی.

زمان و لەش بەیەکەوە نزیکەی 700 هەزار جۆرە جووڵە و دەربڕینیان هەیە. ئەمەش وەك گریماژ (گۆڕینی دەموچاو) جووڵەی دەست...تا دواییی. (لە زمانی ئینگلیزی 40 هەزار وشە و دەنگ هەیە دەکرێ بەکار بهێندرێ). کە ئەم پرسیارەت لێ دەکرێ، پێش هەموو شتێك ڕووت خۆش بێ و خەندەیەك بکە، تا جەماوەر هێور بکەیتەوە، چونکە ئەوان نازانن، ئەنجامی ئەم پرسیارە چۆن دەبێ؟ لەکاتی بینینی خەندە لەسەر لێوت، ئەوان دڵنیان لەوەی، شەڕە کورسی ڕوونادا و تۆ بەسەر هۆڵ و خۆت زاڵی. ئەگەر بەپێوەیت، دوو هەنگاو برۆ پێشەوە، سەیری ناو چاوی کابرا بکە و خەندەت لەسەر لێو بەردەوام بێ، ئینجا داوای لێ بکە، هەمان پرسیار دووبارە بکاتەوە. دڵنیابە لەوەی کابرا هەمان پرسیارت لێ ناکاتەوە و شێوەی پرسیارەکەی دەگۆڕی.

مامەڵە کردنی باش لەگەڵ بەشداربووان یان گوێگرانی خوتبە زۆر گرنگە. لەوانەیە لەم جۆرە وەلاّمانە و ئەم سەبری "ئەیوبی" لای هەموو کوردێك نەبێ، بەلاّم ئەگەر شەڕەفی خوتبەدان یان قسەکردنت لەلایەن دەزگایەك، وەزارەتێك، پەرلەمان پێدرا، دەستەلاّتت بە خراپە بەکار مەهێنە و خۆت مەهێنە ئاستی ئەم جۆرە کەسانە، چونکە دوورنییە ئەوان لەلایەن، لایەنێکەوە نێردرابن، تەنیا بۆ ئاژاوەنانەوە. من لەو کاتەی لە ستۆکهۆڵم دەژیام، ئەگەر بەرپرسێکی یەکێتی لە سەردەمی گرژی نێوان هەردووك لا هاتبا و سمیناری بۆ خەڵك گێڕابا، پارتی دیموکراتی کوردستان چەند کەسێکی توندی دەنارد، بۆ ئەوەی ئاژاوە بنێتەوە و سمینارەکە تێك بدا. خەڵکی کوردیش ئەگەر لە ستۆکهۆڵم بژی، نەك 10 ساڵ بەڵکو هەزارساڵیش لە سوێد یان پاریس بژیت، وەك کوردی ڕەسەن و خەڵکی شێخەڵلاّ بیر دەکاتەوە. (مەبەستم لایەنە عەشائیرییەکەیە و هیچی تر!) ئەو بیر لە دیبلۆماسییەت ناکاتەوە و هیچ ڕێز بۆ کەسی پرسیارکەری ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان دانانێ،

بەڵکو هەر هەموو دڵسۆز و ئەندامانی یەکێتیی دوژمنایەتی دەکەن. یەك لەو جارانە، ئەندامێکی پارتییان لە سمیناری بەرپرسێکی گەورەی یەکێتی بە لێدان دەرکردبووە دەرەوە، چونکە ئەوەی سمینارەکەی دەگێڕا، هونەری خوتبەدان و وەڵامدانەوەی پرسیاری نەدەزانی! ئەوانەی سەرەوە پارتی دژ بە سمینارەکانی یەکێتی بەردەوام وەك گوتمان لە سەردەمی گرژی نێوانیان ئەنجام دەدا. ئەندامەکانی یەکێتیش دژ بە بەرپرسەکانی پارتی فریشتە نەبوون! ئەوانیش خۆیان لە کەمین دادەنا و هەموو هونەر و کوردایەتی خۆیان لەوە دەدۆزییەوە، چۆن بەڕاستی پارتی و جەماوەری ئەوان تووڕە بکەن و بە پرسیاری نابەجێ و دوور لە بابەت کەسی بەرپرس بۆردومان بکەن. ئەم بۆچوونانەی سەرەوە تا ئێستاش لە ئاستەکانی خوارەوە لە کوردستان و دەرەوەی وڵات بەداخەوە هەیە و بەردەوامە.

هەندێك کەسی بیرۆکرات لێرە و لە جیهان هەن، لەسەر بابەتی دیار، لەسەرەوە چییان پێ بگوترێ هەر ئەوە دووبارە دەکەنەوە، ئەوانیش هەرشتێکیان گوتبێ، لە خوارەوە بۆیان جێبەجێ کراوە، بۆیە لە وەڵامی پرسیارەکان تێناگەن، چۆن تۆ ناتوانی وەڵامی ئەوان قبوڵ بکەیت؟ ئەگەر بەشداربووان و لایەنی بەرپرس سیستێمی دیموکراتی لەم کۆڕانە قبوڵ نەکەن، بە دووری مەزانە ببێتە شەڕە جوێن و کورسی فڕەدان!

ئێمە زۆر جار پرسیار دەکەین نەك لەبەر ئەوەی پێویستمان بە وەڵامیەتی، بەڵکو زیاتر بۆ سەلماندنی خۆمانە، کە ئێمە لەم بوارە شارەزاین! یان منیش هەم، یانیش لە هەمووی خراپتر، دوور لە هەموو ئەخلاقێك، پرسیارەکان لەلایەن چەند کەسێکی دوور لەم کۆنفرەنسە یان سمینارە بەڕادان دراوە.

# بایەخپێدانی کۆمپانیای گەورە بە میدیا

بەهۆی زانینی کەمێك زانیاری لەسەر چۆنێتی کارکردن لە میدیا، گرفتی زۆر گەورە چارەسەر دەکرێ و ناگاتە پلەی تەقینەوە و لەدەستچوون. ئەو تۆزە زانیارییە، لەوانەیە لە شەڕی ڕۆژنامەنووسانت دوور بخاتەوە. زۆربەی ئەو کێشانەی زۆر گەورەبوون و بووە بابەتی زۆربەی ڕۆژنامەکانی ولاَت، دەکرا زووتر ئاوی پێداکرابا و لەسەرەتا کپ کرابایەوە و ئەوەندە تەشەنەی نەکردبا.

ئەگەر باس لە سەرکردە و کەسانی بەناوبانگی جیهان بکەین، هەندێك زۆر وریا بوون، لە ژیانیان لەبەر زرنگی خۆیان لە شەڕە دەم و ڕاوی ڕۆژنامەنووسان ڕزگاریان بووە، ئەگەرچی چەندین ڕۆژنامەنووس دەیان نهێنی ئەوانیان زانیوە، لەبەر ڕێز بۆیان و پاراستنی ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی نهێنییەکانیان پاراستووە.

یەك لەو سەرکردە بەناوبانگانە، جۆن ئێف کەنەدی بوو. جۆن ئێف کەنەدی زۆر باش لە ڕۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندن گەیشتبوو. ئەو هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەسەر سیاسەت دەیان نووسی، لەنزیکەوە دەیناسین و برادەرایەتی لەگەڵیان هەبوو. جگە لە ڕۆژنامەنووسان، چەندین سەرنووسەریش برادەری ئەو بوون، ئەگەر شتێك ڕووی دابا، خۆی تەلەفۆنی بۆ دەکردن. کەنەدی یەك لەو سەرکردانە بوو، کاتی زۆری بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار بەسەر دەبرد و سەیری دەنگوباسی تەلەفزیۆنی دەکرد. ئەوەی لە ڕۆژنامەکان دەنووسرا، بەشێکی گرنگ لە کەشی سیاسی ئەو سەردەم پێك دەهێنا و کەنەدی بە زانیاری پێویست تێر دەکرد. کەنەدی بۆ بەهێزکردنی کورسی خۆی پێویستی

پێ یوو. ئەو تێگەیشتن و پەیوەندییە دۆستانەیەی ئەو لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی بەناوبانگی ئەمریکا هەیبوو، ئەگەر نەکوژرابا، هەڵبژاردنی بۆ جاری دووەم بۆ ئەو زۆر ئاسان دەکرد.

بێن برادلێ **Ben Bradle** ی ڕۆژنامەنووسی واشینگتۆن پۆست، یەك لە برادەرە نزیکەکانی جۆن کەنەدی بوو. هەر ئەو ڕۆژنامەنووسە بوو هەڵلای لەسەر نیکسۆن لە کێشەیەك بەناوی **Watergate** لە ساڵی 1972-1974 دروست کرد و ناچاری کرد زووتر لە پۆستی سەرۆك کۆمار دەست لە کار بکێشێتەوە. شاعیر و نووسەر و گۆشەنووس لە گۆڤاری **Time Magazin** بە ناوی هوگ سیدیی **Hugh Sidey** لەگەڵ تۆم برادێن **Tom Braden** برادەری نزیکی کەنەدی بوون. ئەوانە زۆربەی نهێنییەکانی کەنەدییان دەزانی، بەڵام یەك وشەیان لەسەری نەگوت و نەنووسی. ئەوان نەك لەسەردەمی ژیانی کەنەدی هیچیان نەنووسی و نەگوت، بەڵکو دوای مردنیشی، هیچیان باس نەکرد و نهێنیەکانیان نەدرکاند. ئەگەر ئەم ناسینە و برادەرایەتییە بۆ کەنەدی باش بووبێ و ترسی نهێنی ئاشکرا کردنی لە هەندێك لە کارەکانی نەبێ، بۆ ڕۆژنامەنووسانیش، خراپ نەبوو، چونکە کەنەدی هەموو کاتێك ئامادەبوو، وەڵامی هەموو پرسیارێکیان لە هەموو کاتێك بداتەوە.

لە وڵاتی سوێد، سەرۆك وەزیرانی پێشتر ئۆلف پاڵمێ وەك کەنەدی نێوانی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان زۆر خۆش بوو. ئەویش وەك کەنەدی ماوەیەك وەك ڕۆژنامەنووس کاری کردبوو. هەموو ئەو شتانەی لەسەر ئۆلف پاڵمێ دەنووسران، زۆر بە وردی بێ بازدانی یەك پیت دەیخوێندەوە. جگە لەوانەی لەسەری دەنووسران، ڕۆژنامە و گۆڤاری زۆری دەخوێندەوە. زۆر جاریش هەندێك لەو گوتارانەی دەیخوێندەوە، لەگەڵ نووسەری گوتار خۆی باسی دەکرد.

زۆرن ئەوانەی لە پاڵمێ نزیك بوون و ئەو ڕەخنەی لێ دەگرتن، لەگەڵ ئەوەش ڕێزی تایبەتییان بۆ ئۆلف پاڵمێ هەبوو. لەو کاتانەی ئینتەرڤیویان لە پاڵمێ وەردەگرت، دەیگوت تۆ... ئەوەی نووسیبووت، ئینجا یەك دێری تەواوی وەك خۆی بۆ ڕۆژنامەنووس لەبەر دەگوت.

ڕاستییەك بۆ کەسی سیاسی و بازرگان هەیە، ئەویش ئەوانەی بەردەوام ڕۆژنامە دەخوێننەوە و سەیری دەنگوباس دەکەن، زۆر باش تێدەگەن، جەماوەر پێویستی بە چییە و چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوان بکەن. هیچ شتێك لە ڕاگەیاندن باشتر نییە، تا بزانی خەڵك چی دەوێ و پێویستی بە چییە؟ ئەگەر تۆ بتەوێ ببیە سیاسییەکی باش یان بازرگانێکی چاك، دەبێ ڕۆژانە ڕۆژنامە بخوێنیتەوە و کات بۆ بینینی تەلەفزیۆن تەرخان بکەی و گوێ لە رادیۆ ابگری، چونکە ڕۆژنامەیەکی باش، وەك نەخشەی ولاٚتێکە، کە بتەوێ بزانیی چ لە کوێندەرە؟

لە ناوەڕاستی پەنجاکان **PR** (پوبلیك ریلێیشن – پەیوەندی جەماوەری) هاتە سوێد، بەلاٚم پێش ئەوە لە ئەمریکا هەبوو. لەو کات پەیوەندی نێوان سیاسەتمەداران و بازرگانە گەورەکان لەگەڵ ڕاگەیاندن تەواو لەگەڵ ئەمڕۆ جیا بوو. کەسانی سیاسی و بازرگانە گەورەکان ئەوەندە لە ڕۆژنامەنووسان نەدەترسان و وەك پێویست بایەخیان پێیان نەدەدان.

ئەگەر نموونەی چاوپێکەوتنێکی ئەو کات بهێنینەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

ڕۆژنامەنووسێکی گەنج، لەسەرەتای شەستەکان، بەڵێنی پێ درا چاوپێکەوتن، لەگەڵ ملیاردێری سوێدی مارکۆس ڤالێنبێری بکا. ئەو چاوپێکەوتنە لە فڕۆکەخانەی کەنەدی لە نیۆیۆرك دەبوایە ئەنجام درابا. بەرپرسی ڕاگەیاندنی ڤالێنبێری بۆ فڕۆکەخانە ڕۆژنامەنووس بە لیموزین دەبا. ڤالێنبێری کەمێك درەنگتر گەیشت. توریێ نیلێت **Tore Nilet** ی

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لە ڕۆژنامەنووس نزیك بووەوە و بۆلای ڤالێنبێری برد، تا دەست بە چاوپێکەوتنەکە بکەن. بەلاّم چاوپێکەوتن ڕووی نەدا. بەڵکو هەر ڤالێنبێری ئەو ڕۆژنامەنووسەی بینی، گوتی: "من کاتم بۆ ئەوە نییە؟"، بەدەستیش وەك چۆن وەلاّمی دەرۆزەکەر دەدرێتەوە، نیشانی دا. ئەم پیاوە دەستەلاّتدارە لە سەرەتای شەستەکان هیچ گرنگی نەدا و چەند هەڵەیەکی گەورەی کە:

1- بەڵێنی گەورەی شکاند.

2- بەرپرسی پرێسی خۆی شکاندەوە، چونکە ئەو هەموو کارەکانی ڕێکخستبوو.

3- دۆستایەتی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێك تێك دا.

ئەو ڕۆژنامەنووسە لەوانەبوو، بە یەك ڕستەی خۆش ڕازی بووایە! ئەگەر مارکۆس بە قسەی خۆش بیگوتبا: "داوای بووردن دەکەم، ناتوانم چاوپێکەوتنت لەگەڵ ساز بدەم هەڵی دەگرین بۆ کاتێکی تر" بۆ ڕۆژنامەنووس زۆر ئاسایی دەبوو، بەلاّم وەك دەزانین ئەو ئەوەی سەرەوەی نەگوت.

لێرە دیار دەکەوێت کە:

یەك: ڕاگەیاندن لەو کات لە خزمەت دەستەلاّت و بەرژەوەندی دەستەلاّتداران بوو.

دوو: ترسی نووسینی گوتارێکی خراپ و دژ بە مارکۆس ڤالێنبێری نەبوو.

ئەگەر گوتارەکەش بنووسرابا، هیچ زیان بە کۆمپانیاکانی ڤالێنبێری نەدەگەیشت. لەو کات ڕۆڵی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن ئەوە نەبوو، تا ڕۆژنامەنووسانی خراپ و بێزارکەر دوور کاتەوە.

دەبێ بڵێین، جێگای بەختەوەرییە، کە ئێستا بەم شێوەی سەرەوە و وەك پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، هەڵسوکەوت و مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان ناکرێ.

یەك لەو كۆمپانیایانەی لە سوێد لە زووەوە بایەخی تایبەتی بە پرێس دا، ئەوا كۆمپانیای دروستكردنی ئۆتۆمبیلی "ڤۆلڤۆ" بوو. ئەوان باشترین ڕاوێژكاری ڕاگەیاندنیان لە خۆ كۆكردەوە. مەرجی كاركردنی ئەم ڕاوێژكارانە، دەبووایە ئەو بوارەی ئەوان كاری تێدەكەن، زۆر باش بیانزانیبا. لە درۆ كردنیش ئەو ڕاوێژكارانە تەواو قەدەغە كرابوون. ئەگەر پرسیارێك كرابا و زانیارییان لەسەری نەبا، یەكسەر بۆی دادەنیشتن و بەدوای وەڵام بۆی دەگەڕان. ئەوان لێیان قەدەغە كرابوو، زانیاری هەڵە و نا دروست بە ڕۆژنامەنووسان بدەن. ڕژنامەنووسان، دەیانتوانی لە وشەی: **No Coment** تێبگەن، بەڵام لە درۆ نا!

ئەو كەسانەی لەگەڵ پرێس كاریان دەكرد، دەبووایە ڕۆژنامەنووسان شەو و نیوەشەو بە ئاسانی بتوانن پەیوەندییان پێوەبكەن و بیانگەنێ. ئەگەر ئەوان نەیانتوانیبا ڕۆژنامەنووسان ببینن، بەتەلەفۆن دەبوایە كاتی قسەكردنیان بۆ وەڵامی پرسیارەكان هەبووایە. ئەم پەیوەندییەش ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆیان، نەك بە ڕێگای سكرتێریانەوە دەكرا. بەڕێوەبەری پرێس دەبوایە زۆر ڕۆژنامەنووس بناسێت و برادەرایەتیان لەگەڵ دروست بكا. بەم دۆستایەتییە و نزیك بوونەوە لە ڕۆژنامەنووسان، تێدەگەیشتن، میدیا بەدوای چ دەگەڕێ. لەو كاتەی ڕۆژنامەنووس سەردانی دەكردن، كارمەندانی ڤۆلڤۆ فێركرابوون، چۆن پێشوازی لە ڕۆژنامەنووسان بكەن. ئەم پێشوازییە دەكرا بۆ یەك ڕۆژنامەنووس یان بۆ گروپێك لە ڕۆژنامەنووسانبا. پاش یەكتر بینین، هەموو ڕۆژنامەنووسان بۆ نانی نیوەڕۆ یان ئێوارە خواردن بانگ دەكران. دەعوەتكردنی ڕۆژنامەنووس قەدەغە نییە، بەڵام هەوڵدان بۆ كڕینی ئەوان و كاركردن لەسەر ناوەڕۆكی نووسینی ئەوان قەدەغەیە.

له کۆمپانیای ڤۆلڤۆ بڕیاریان دا، هەواڵدەران (ڕاوێژکاران) بەناوی کۆمپانیای ڤۆلڤۆ قسە نەکەن، بەڵکو کاریان زۆرتر دۆزینەوەی زمانی هاوبەشی ئەوان بوو. میدیا دەستەڵاتێکی گەورەیە، بۆیە دەبیوست و دەبەوێ بەردەوام زانیاری لە گەورەترین بەرپرس وەربگرێ.

تۆ وەك سیاسییەك، پێویست ناکا، ئەو زانیارییەی بە ڕۆژنامەنووسێکت داوە بێخەم بیت لە بلاَونەکردنەوەی! ئەگەر تۆ وەك سیاسییەك نەتوانی نهێنییەکانت بپارێزی و نەتوانی لەم یارییە بەشداری بکەی، برادەری دلسۆزت لە میدیا نەبێ، کە بڕوای پێ بکەیت و بزانی ئەو نهێنی تۆ دەپارێزێ، بیر و ڕای خۆت بە کەس مەدە، چونکە لەو کاتە بەدوور نازاندرێ بیروبۆچوونەکەت، ئەو زانیارییەی تۆ داوتە، لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە بخوێنیتەوە!

ئەوەی دەیەوێ لە ڕۆژنامەنووسان شارەزا بێ، دەبێ دۆستایەتییان بکا و لەگەڵیان تێکەلاَوبێ. زۆر باشترە ئەم پەیوەندییە بەتین بێ، بەلاَم لە هەمان کات، دەبێ باش لێیان وشیاربێ، چونکە ئێمەی ڕۆژنامەنووس، یان دەستەی نووسەران بەقسەی نووسەرانی "ئەگەر پرێس هات" خەڵکی باش و ڕاستگۆین، بەلاَم فریشتە نین!

ئەوانەی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان پەیوەندییان بەهێزە، یانی سیاسی و بازرگانەکان، دەزانن ریکلام زۆر گرانە، کە تۆ پێشوازی باش لە ڕۆژنامەنووس بکەیت، خۆت ئەو ریکلامەی بتەوێ بە خۆڕا دەستت دەکەوێ و وەری دەگریت! دیسان دەبێ وەك سیاسی باش بیر بکەیتەوە، لەوەی لەم ئینتەرڤیوە باس لە چ بکەیت؟

لەبەر ئەوەی لە کوردستان پرێس ئەوەندە ئازاد نییە و زۆریش حیزبییە، جارێ ئەوەندە نموونەی زەقی کۆنفلیکتی نێوان بازرگان و ڕۆژنامەنووس، یان سیاسی و ڕۆژنامەنووسمان نییە. تا ئێستا ڕۆژنامەنووس بەتایبەتیش پەیامنێر زۆرتر بەچاوی "سووك" سەیر دەکرێ

تا ئەوەی ڕێزی بگیرێ، ناتوانین نموونەی زۆر زەق بهێنین، تا مەبەستمان باشتر بۆ خوێنەران ئاشکرا بکەین، پێمان باش بوو، لە نموونەکانی سوێد سوود وەربگرین، چونکە من دڵنیام ڕۆژی ترسانی کەسانی سیاسی و سەرکردە لە ڕۆژنامەنووسان کەمی ماوە و نزیك بۆتەوە. ئەوەش بۆ ئێمەی کورد جێگای شانازییە، چونکە چەند ئەوان لە ڕۆژنامەنووسان بترسن، ئەوەندە ئێمە زۆرتر لە کەش و هەوای دیموکراتی دەژین، یانی خەباتمان بۆ ئازادی و دیموکراتی بەبادا نەڕۆییوە. دەزانین جارێ ئەو ڕۆژە نەهاتووە، بۆیە باشە سوود لە ڕووداوەکانی سوێد و ئەزموونەکانی ئەوان وەربگرین.

## کۆمپانیای ئێریکسۆن

لە کۆمپانیای ئێریکسۆن لە سوێد نزیکەی 500 کادر کاریان گەیاندنی زانیارییە یانیش لەگەڵ ئەو کەسانە کار دەکەن، کە زانیاری بە دەزگا و کەسان دەگەێنن. بەڕێوەبەرێتییەکی تایبەت بەناوی: **Corporate Relation Office** لە ستۆکهۆلم هەیە و بەشێکی زۆر گرنگیش لە نیۆیۆرك بەناوی: **Office of Press Relations in New York** هەیە. ئەم دوو بەشانە لە کۆمپانیای ئێریکسۆن تەواوکەری یەکترن. بۆ ئەوەی لە کۆمپانیای ئێریکسۆن باشتر کارەکان بەڕێوە بچن، کتێبێکی 56 لاپەڕەیی نووسراوە. هەمووی لەلایەن ڕاوێژکارانی ڕاگەیاندن، خاڵ بە خاڵ پەیڕەو دەکرێ.

لێرە هەندێك لە ئامۆژگارییەکانی ناو ئەم کتێبە، وەك خۆی دەنووسینەوە:

1- بە چاوی باش و دۆستانە سەیری ڕاگەیاندن بکە، نەك وەك دوژمن و دەستەلاتدار.

2- ئەو زانیارییانەی بەڕاگەیاندن دەدرێ، دەبێ لە ڕاستی زۆر نزیك بن و ڕاستیش بن، بەهەر جۆرێك نابێ ڕۆژنامەنووسان بە ئەنقەست لەڕاستی دوور بکرێنەوە و بەرەو لایتر ببردرێن.

3- ئێریکسۆن بەردەوام دەبێ وەلاّمی هەموو پرسیارێکی ڕاگەیاندن بداتەوە. ئەگەر نەیەوێ وەلاّم بداتەوە، دەبێ هۆی زۆر گرنگ هەبێ.

4- پرسیار زۆر بەزوویی دەبێ وەلاّمی بدرێتەوە تا کارمەندان، بتوانن کۆنترۆڵی هاتن و چوونی زانیاری بکەن.

5- کاری ڕاست و باش بکە، نەك لەبەر ئەوەی ڕاست و باشە، بەڵکو تا میدیا دۆزەخت بۆ دروست نەکا.

6- گرنگی زۆر بە ئەخلاقی ڕاگەیاندن بدە.

ئێریکسۆن زۆر بایەخ بە ڕاگەیاندن دەدا، بۆیە هەر ڕووداوێك ڕوویدا، بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندنی ئێریسکۆن ڕاستەوخۆ لێی بەرپرسیارە. لات سەیر نەبێ ئەگەر **Nils Ingvar** بەقەد بەڕێوەبەری گشتی هەموو ئێریسکۆن زانیاری لەسەر کۆمپانیا هەبێ. بۆیە لە پەیوەندی ئەوان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان بە کورتی نووسراوە:

- وەلاّمی پرسیار بدەوە.

- درۆ مەکە.

بەڕێوەبەی گشتی ڕاگەیاندنی ئێریکسۆن، بەبرادەرە ڕۆژنامەنووسەکانی خۆی ڕاگەیاندبوو، لەهەرکاتێك پرسیاریان هەبێ بێ ئەوەی سەیری کاتژمێر بکەن تەلەفۆنی بۆ بکەن. جا ئەگەر ئەو لە ستۆکهۆڵم بێ یان لە سیدنی یان لە واشینگتۆن. چونکە ئەو باش دەیزانی، هیچ ڕاگەیاندنێك لۆکال (ناوچەیی) نییە.

ئەگەر تۆ هەست بکەی لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە، دەتەوێ باس لە شتێك بکەیت، چاکە پێش کۆنگرە لەگەڵ کەسانی پسپۆر قسە بکەیت و تێبینییەکانی ئەوان ڕەچاو بکەی. چونکە ئەوان باشتر دەزانن چۆن پەیام بە ڕاست و دروستی بگەیەندرێتە جەماوەر و باس لە وەڵامی ئەو پرسیارانەش بکرێ، کە گومانی هاتنە پێشەوەیان لە کۆنگرەیە هەیە. ئەگەر تۆ شتی نوێت نەبێ پێویست ناکا، زۆر و بەردەوام کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بگێڕی.

هەر لەم کتێبە هاتووە چۆن هەواڵی کۆمپانیا بنووسیت. بەڕای نووسەرانی کتێب چاکە:

- هەواڵ کورت بێ.

- سەردێڕ بەناوی ئێریکسۆنەوە دەست پێبکا. سەردێڕ دەبێ کورت بێ و وشەی کورتکراوەشی تێدا نەبێ.

- بەشی یەکەمی هەواڵ وەك بەشێکی سەربەخۆ بێ و هەموو زانیارییە پێویستییەکانی تێدابێ.

- لەکاتی ئیمزاکردنی بەرنامەیەك، بەلای کەم دەبێ دوو کەسی شارەزا بەشدار بن. ئەم دوو کەسە دەبێ فێرکرابن، چۆن وەڵامی ڕۆژنامەنووسان دەدرێتەوە و چۆن قسەیان لەگەڵ دەکرێ.

ئەو پەیامەی تۆ بلاوی دەکەیتەوە، ئەگەر لە دوو دێڕ شوێنی نەکرایەوە، دەبێ بیگۆڕی تا لە دوو دێڕ شوێنی دەبێتەوە. ئەوەی تۆ نووسیوتە، باشە نیشانی چەند کەسێکی بدەی، ئەگەر ئەوان لە وشەیەك، یان ناوەڕۆك پرسیاریان هەبوو، دەبێ سەرلەنوێ هەمووی بنووسرێتەوە.

ئەو کەسانەی وەك نیلس ئینگڤار **Nils Ingvar** دەستەلاتیان زۆرە و دەزانن جەماوەر چی دەوێ، زۆربەی جار، ڕای ئەوان لەسەر کار زۆر بەگرنگی و بە بایەخ گوێی لێ ڕادەگیرێ. لە

هاوینی 1995 لەو کاتەی کۆمپانیای ئێریکسۆن تووشی تەنگژەی ئابووری هاتبوو، Anders Igel ی بەڕێوەبەری گەورەی ئێریکسۆن، ویستی 8 هەزار کەس لە ئێریکسۆن لە کار دەربکا. لێرە نیلس ئینگڤار هەڵدەستێ و بە تووڕەیی هاوار دەکا: "ئەگەر بتەوێ وەك قەساب ناوبانگ دەربکەی، من دژت نیم!".

ئەم ڕستەیە 8 هەزار کرێکاری لە بێکاری ڕزگار کرد و هەموویان مانەوە و لە شوێنی تری کۆمپانیا کاری نوێیان پێ درا.

لە کوردستان یان لە هەموو جیهان، زۆر جار باس لە ئازادی چاپەمەنی دەکرێ، بەڵام ئازادی چاپەمەنی لە سەرتاپای جیهان، دەبێ لە چوارچێوەی یاسا و داب و نەریت بێ. جا لێرە چەند ئەم یاسایە دیموکراتییانە نووسرابێ یان لە بەرژەوەندی هەموو تاکێکی کۆمەڵ بێ بێ جیاوازی، ئەوەندە ئازادی ڕادەربڕین زۆرترە. لە هەموو ولاتانیش زۆربەی جار ڕۆژنامەنووسان زۆرتر شت دەزانن، لەوەی ئەوان دەیدرکێنن. چونکە دەزانین، جگە لەو یاسایەی لە دادگاکان پەیڕەو دەکرێ، یاسای سەرشەقام، ئەخلاقی ڕاگەیاندن و پیشەی کار و داب و نەریتیش پشتگوێ ناخرێ.

لە کوردستان جارێ زۆربەمان لە وشەی دیموکراتی نەگەیشتووین، یانیش بە واتایەکی تر، دیموکراتیمان دەوێ تا ئەو کاتەی لە بەرژەوەندی ئێمەدایە، یان ژیانی تایبەت، یان زەرەر لە بەرژەوەندی تایبەتی ئێمە نادا، بە گەرمی پێشوازی لێ دەکەین و خەباتی بۆ دەکەین، هەرکاتێك ژیان و بەرژەوەندیمان لە ئەنجامی ئەم دیموکراتییە کەوتە مەترسی، وەك لاستیك بۆ لای تر ڕادەکێشین. ئەگەر ئێمە لە دیموکراتییەت نەگەین، ئەگەر ڕۆژنامەنووس نەزانێ چەند مافی نووسینی هەیە، ئەگەر سەرنووسەر لەزۆربەی کاتدا، لە یاسا سەری دەرنەچێ، بێگومان پەیامنێرانیش وەك پێویست تێی ناگەن. هەربۆیە، هەندێك لە ڕۆژنامەنووسان،

بێ ئەوەی بیر لە یاسا، یان ئەخلاقی پیشەی خۆیان بکەنەوە، وەك پڵینگی برسی، ڕاوی نێچیرەکانیان دەکەن! ئەم گوتارانەش لە ئەنجامدا بە ناوەڕۆك پووچ و بە نووسین خراپ دەردەچن، چونکە کەسەکە لە نووسینی، بیر لە بەرژەوەندی تایبەت دەکاتەوە.

وەك پێشتر نووسیمان لە سوێد و ئەمریکا، ئۆلف پاڵمێ و کەنەدی، دەیان نهێنییان لای ڕۆژنامەنووسان هەبوو، هەر کات ڕۆژنامەنووسان بیانویستبا و نهێنییەکانیان ئاشکرا کردبا، گرفتی گەورەیان بۆ دروست دەکردن، بەلاّم پاش مردنیش وەك وەفایەك بۆ پیشەی ڕۆژنامەنووسی و ئەخلاقی ڕاگەیاندن، یەك وشەیان نەنووسی، ئەگەرچی، چاك دەیانزانی بە نووسینی کتێبێك لەسەر ئەوان، گەورەترین سەرمایەیان دەست دەکەوت. بۆیە لە پرسیاری ئایا ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە هەموو شتێك بنووسێ؟ وەلاّمی بێگومان بە نەخێر دەبێ.

ڕۆژنامەنووس خۆشی لەسەر هەموو شتێك نانووسێ، دەزانین ڕاگەیاندنی سوێدی ئازادی زۆری هەیە. زۆر گرانە خاوەن ئیمتیازێك ڕابکێشرێتە بەردەم دادگا و بەند بکرێ، چونکە بەگوێرەی یاسای چاپەمەنی سوێد، ڕۆژنامەنووس لەوەی دەینووسێ بەرپرس نییە، بەڵکو خاوەن ئیمتیاز بۆ دادگا ڕادەکێشرێ.

میدیای سوێدی زۆر لەسەرخۆ و بە وریایی لەسەر ژیانی تایبەتی سیاسییەکانی ولاّت و بەڕێوەبەرە گەورەکان دەنووسێ. زۆر لە ڕۆژنامەنووسان، دەیانبیست، ئۆلف پاڵمێی سەرۆك وەزیرانی سوێد، لەگەڵ ژنی تر ڕۆمانسی (پەیوەندی خۆشەویستی) هەیە لەگەڵ ئەوەش کەس بەدوای ڕاستییەکان نەگەڕا و لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکرد.

ئەگەر نموونەیەکی تر بهێنینەوە، چاکە باس لە سکرتێری گشتی پارتی چەپی سوێدی بکەین. **Gudrun Schyman** ی سکرتێری پارتی چەپی سوێد، بۆ ماوەی چەندین ساڵ بە سەرخۆشی بۆ کار دەچوو. هەموو ڕۆژنامەنووسان دەیانزانی، ئەو ژنە گرفتی خواردنەوەی

ئەلکهولی هەیە و ناتوانێ تەرکی بکا، لەگەڵ ئەوەش کەس یەك وشەی لەسەر نەنووسی. جارێکیان لە سینەمای گراند، لەکاتی نیشاندانی فیلمێکی نوێ لە پێش چاوی سەدان بینەر، میز لە بنەخۆی دەکا. ئینجا بڕیاریان دا لە ڕاگەیاندن باس لە گرفت و نەخۆشی خواردنەوەی ئەو بکرێ، ئەویش دوای ئەوەی خۆی لە کەناڵی تەلەفزیۆن ئاشکرای کرد، کە بۆ ماوەی چەندین ساڵە ئەم گرفتەی هەیە و بڕیاری داوە داوای یارمەتی لە دکتۆر بکا. ڕۆژنامەی ئێکسپرێس گوتارێکی لەسەر گرفتی ئەو ژنە و مەشروب خواردنەوەی دەمێك بوو نووسیبوو، بەڵام بلاوی نەدەکردەوە. ئەوان چاوەڕێیان دەکرد، تا خۆی ئەم نەخۆشییەی ئاشکرا دەکا. لەگەڵ ئەوەی چاك دەیانزانی لە سینەما میزی بەخۆیدا کردووە، ئینجا کەسیش باسی نەکرد! ڕۆژنامەی ئێکسپرێس نووسی: (گودرون شیمان کارێکی ئەوەندە خراپی کردووە، نایەتە نووسین). ڕۆژنامەی داگینس نیهێتەر و سڤێنسکە داگبلادێت نووسییان: (ئەوەی ئەو ژنە کردوویەتی، ناتواندرێ بسەلمێندرێ چونکە شایەد نەبووین). هەموویان دەیانزانی سەدان کەس شایەدی ئەم ڕووداوە بووە، بەڵام نەیانویست باسی بکەن. لە ئەنجوومەنی بالای ڕاگەیاندن، **Pär-Arne Jigenius** گوتی ئەگەر شیمان لەئەنجامی بلاوکردنەوەی زانیاری تەواو و ڕاست دەستی لەکار کێشابایەوە، دەتواندرا ڕۆژنامەکە بداتە دادگا و داوای قەرەبووکردنەوە بکا. چونکە لەو کات، ئەو وەك کەسێکی پریڤات بۆ سینەما چووبوو نەك وەك سکرتێری حیزب. لەو کاتەی ئەو لە سینەمای گراند میزی بەخۆیدا کرد، بەهێزترین سکرتێری پارتی چەپ بوو، لەگەڵ ئەوەش کەس باسی نەکرد! بەڵام ئەگەر یەك لە ڕۆژنامەنووسان ڕووداوەکەیان بلاو کردبایەوە، لەوانە بوو، کۆمیتەی ئەنجوومەنی بالای ڕاگەیاندن کۆبوونەوەی لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتە کردبایە.

دوو شت زۆر گرنگن، بۆ بلاوکردنەوەی هەموو زانیارییەك.

یەك: ئەوەی بڵاو دەکرێتەوە، دەبێ ڕاست بێ، یانی ڕووی دابێ.

دوو: زانینی لە بەرژەوەندی کۆمەڵ بێ.

هەموو شتێ کە ئەم دوو خاڵەی سەرەوەی تێدابوو، دەکرێ بڵاو بکرێتەوە، دیسان، گرنگە بیر لە ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی و پیشە زۆر بە وردی بکرێتەوە. هیچ لەوانەی بڵاویش دەکرێتەوە، سوودی تایبەتی بۆ ڕۆژنامەنووس یان بە فیتی کەس لە دەرەوەی دەستەی نووسەران نەنووسرابێ و کارتێکردنی کەسی بەسەرەوە نەبێ.

ئەگەر تۆ وەك بەرپرسێك، ئەندام پەرلەمان، هەست بکەی وەڵامی پرسیارێك شێواندراوە و لە ئەنجام تۆ زیانی سیاسی و ئابووریت پێدەگا یان گەیشتووە، دەکرێ پەیوەندی بە پارێزەر بکرێ بەڵام ئەگەر پارەی پارێزەرت نەبێ دەتوانی پەیوەندی بە ئەنجوومەنی باڵای ڕاگەیاندن بکەی. دەشکرێ پەیوەندی بە نووسەری گوتار بکەی. ئەو پەیوەندییەش بە ڕێگای مەیل، یان فاکس بکە. هەوڵ بدە ڕۆژنامەنووسەکە ببینیت. لێرە زۆر دڵنیا مەبە، کە ئەو دەیەوێ تۆ ببینێ! ئەگەر بینیت، پێویست ناکا، پێی بڵێی تۆ قسەی قۆڕت نووسیوە! یان ئەوەی تۆ نووسیوتە هەر هەمووی درۆیە! بەڵام باشترین گوتن ئەوەیە، کە تۆ بڵێی: من زانیاری زۆرم لەسەر ئەم بابەتە هەیە، لەوانەیە تۆ بۆ نووسینی کاتت نەبووبێ بەدوایان گەڕابی، ئەگەر تۆ دژ نەبی و کەمێك کاتت هەبێ زۆرم پێخۆشە بتبینم و زانیارییەکانت پێ بدەم. لێرە ئەگەر تۆ نەتوانی بیر و بۆچوونەکانت بەشێوەی خۆت دەتەوێ ڕوون بکەیتەوە، باشە پەیوەندی پێ بکەیتەوە و داوای بووردنی لێ بکەی، بەڵام لێرەش دەبێ بە بیانۆی گەورەی بۆ بهێنیتەوە، کە تۆ بۆچی ناتوانی بیبینی.

ئەگەر ڕۆژنامەنووس دژی بۆچوونەکەی تۆ بوو، نەیویست بتبینێ، شەڕی لەگەڵ مەکە، چونکە هەموو ئەوانەی بۆماوەی چەند مانگێك کاریان کردووە، تێربوون لەم جۆرە دیتنانە

و نایانەوێت زیاتر لەسەری بڕۆن. زۆر جار ئەوان خۆیان لەگەڵ پۆلیس بەراورد دەکەن، باشە بۆ ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە لەگەڵ پۆلیس تەواو جیایە و بە جۆری تر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، خۆ ڕۆژنامەنووسانیش لەسەر کار تووشی ئەم هەڵلایە دەبن.

باش بیزانە، ڕۆژنامەنووس یان سەرنووسەر لەو کاتەی لەم جۆرە تەلەفۆنانەیان بۆ دێ، تەلەفۆنەکە لەسەر مێز دادەنێن و ئامادە نین گوێی لێ ڕابگرن. تا کابرا هەموو قسەکانی خۆی دەکا. دیسان ئەگەر ڕۆژنامەنووس بە هیچ شێوەیەك نەیویست تۆ ببینێ دەتوانی داوا لە سەرنووسەر، خاوەن ئیمتیاز یان قسە لەگەڵ بەرپرسی لاپەڕە بکەیت. ئەمەش پاش ئەوەی ئەو تەلەفۆن هەڵدەگرێ، بۆی ڕوون دەکەیتەوە، کە تۆ نەتتوانیوە، نووسەری گوتارت دەستکەوێ. ئەگەر ئەو یان ئەوان ئامادەبوون قسەت لەگەڵ بکەن، هەوڵدە بە جوێن و قسەی ناشرین بە ڕۆژنامەنووس دەست بەقسە نەکەیت، چونکە ئەوان پشتی یەکتر دەگرن. وەك نووسیمان ئەگەر ئەوانەی سەرەوە هیچیان ئامادە نەبوون، گوێ بۆ ڕاستکردنەوەکانت ڕاگرن، ئەوا باشترین دەزگا، ئەنجوومەنی بالای ڕاگەیاندنە.

ئەو نموونانەی سەرەوە، لە دەرەوەی کوردستان ڕوویان داوە، بەلام من دڵنیام پاش چەند سالێکی تر، ڕاگەیاندن لە کوردستانیش سەرئێشە بۆ بەرپرسان دروست دەکا، ئەگەر ئەوان یانی سیاسییەکان بەخۆیاندا نەچنەوە و ڕێزی ڕۆژنامەنووسان نەگرن. هەرچەندە ئەوە هەمووی پێکهاتووە لە کۆمەڵێ کار، وەك پەروەردەکردنی ڕۆژنامەنووس بە تەواوی، نەك وەك ئەوەی ئەمڕۆ هەیە. پەروەردەکردنی سیاسییان، کە چۆن پێشوازی لە ڕۆژنامەنووسان بکەن و چۆنیش قسەیان لەگەڵ بکەن، لەگەڵ بوون یان کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستان و بە پسپۆر کردنی ڕاگەیاندنی کوردی. ئەگەر ئەوانەی سەرەوە هەمووی کرا، تیراژی ڕۆژنامەشمان باش دەبێ، ڕۆژنامەی وەك دەڵێن ئەهلیش لەدایك دەبێ. ئەگەر باس

له سایتەکانی ئینتەرنێت و ژوورەکانی بکەین، ئەوا لە ئێستاوە دەستیان بە هێرش کردووە، زۆرجار هێرشەکانی دژ بە بەرپرسان، تەنیا قسەن و بناغەی ڕاستیان نییە. ئەوەش جێگای داخە، چونکە ئێمە پێویستمان بە ڕەخنەگری باش هەیە، نەك جوێندەری باش. پێویستمان بە دروستکردنەوەی کوردستان هەیە، نەك بە تێکدانی.

# - بەشی دووەم -

## ڕاگەیاندنی کوردی و چۆنێتی کارکردن لە میدیاکانی

# چۆنێتی کارکردن لە ڕاگەیاندنی کوردی

ڕۆژنامەگەری کوردی بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی تری جیهان، مێژوویەکی دوور و درێژی نییە، بەڵام شۆڕشگێرانەیە. ڕۆشنبیرانی کورد لە کوردستان یان لە هەموو شوێنێکی تری جیهان، هەر دەرفەتێکیان بۆ هاتبێتە پێش بێ دوودڵی بە ئەرکی نەتەوەیی و بەو کەم توانایەی ماددی خۆیان ویستوویانەو توانیویانە سوود لەم بوارە بۆ خەباتی کوردایەتی وەربگرن.

لە سەرەتای دەستپێکردنی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بە ئاراستەیەکی زۆر ڕاست و دروست و کوردانە بەڕێوەچووە. ئەمەش چ لە سەردەمی شێخ مەحمود یان سەردەمی کۆماری مەهاباد. ئەگەر بمانەوێ لەو کاتی ڕاگەیاندنی کوردی بکۆڵینەوە و باشتر تێی بگەین دەبێ بزانین: ژیانی سیاسی ئەو کات چۆن بووە؟ دەبێ بزانین تەکنۆلۆجیای ئەو کات بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە چۆن بووە؟ دەبێ تێبگەین ئیمکانیاتی مادی ئەو سەردەم و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد چۆن بوون؟ ئەگەر ئەمانەی سەرەوە هەمووی تێبگەین، دەزانین ڕۆژنامەنووسانی پێش ئێمە لە پیرەمێرد و حوسێن حوزنییەوە بگرە تا ئەوانەی کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردووش، کە خەریکی کاری ڕۆژنامەنوسی بوون، بەو ئیمکانیاتە بچووکەی خۆیان، زۆر پسپۆرانە کاری ڕۆژنامەگەرییان کردووە. ڕێپۆرتاژیان بە ڕاست و دروستی نووسیوە، بابەتەکانیان ڕەنگدانەوەی تەواوی ژیانی ئەوکاتی کورد و شۆڕش بووە. لە شێوەی نووسین و دەربڕینی بابەت بۆ کەسانی پسپۆر لە ڕاگەیاندن بەدیار دەکەوێ، هەریەك لەوان (ڕۆژنامەنووسان) بەلای کەم لە زمانێکی دەوڵەمەندی ئەوروپی شارەزایی باشیان هەبووە.

له خوێندنەوەی گوتارەکانی ئەو کات بۆت دەردەکەوێ، ڕۆژنامەنووس لە نووسینی گوتارەکەی پەلەی نەکردووە و بەرهەمێکی جوانی داوەتە دەست. جۆرە گرانی و سەنگییەك لە نووسینەکانی ئەو کات دەبیندرێ، لە ڕاگەیاندنی ئێستای کورد هەست بەم بۆشاییە دەکرێ. خوێنەری پسپۆر تێدەگا، پەلەی زۆر لە نووسینەکانی ئێستا دەکرێ.

ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژنامەی "کوردستان" دەستی پێکرد. ئەم ڕۆژنامەیەش یەکەم ژماری لە 21 ی نیسانی 1898 لە قاهیرە دەرچوو. ئەوەی تا ئێستا بۆ پسپۆران ئاشکرایە ئەم ڕۆژنامەیە هەمووی بەسەر یەکەوە 31 ژمارەی لە پێنج شار و دەوڵەتی جیا لێ چاپ کراوە.

دەستپێکردنی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی لە سەرەتادا حیزبی نەبووە، بەڵکو بە حیزبی بوونی ڕاگەیاندنی کوردی لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1961 دەستی پێکرد. لەپێشدا ڕۆژنامەکانی سەردەمی حکومەتی مەلەکیەتی شێخ مەحمود حکومی بوون، سەردەمی کۆماری مەهاباد، دیسان حکومی بوون زۆرتر پروپاگەندەیان بۆ حکومەت و کێشەی کورد کردووە. "هەتاو"ی گیوی موکریانی دوا گۆڤاری کوردی بوو، کە پەیوەندی بە هیچ ڕێکخراوێك یان حیزبێك نەبووبێ ئەگەر چی لە ژمارەکانی دوایی پڕوپاگەندەی ئاشکرای بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد و کوردایەتی دەکرد.

بەدەستپێکردنی شۆڕشی کورد، پارتی دەبوایە ببێتە خاوەن ڕاگەیاندنی خۆی، تا بتوانێ کێشەی ڕەوای گەلی کورد وەك کورد چۆن دەیەوێ لە کوردستان و دەرەوە باس بکا. زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد بەشدارییان لە دەرکردن و بلاْوکردنەوەکانی حیزب دەکرد.

بە دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ لە 1976 سەرلەنوێ بایەخی زۆر بە ڕاگەیاندن درا. خەڵك هەموو بلاْوکراوەکانی بە هی خۆی لەقەڵەم دەدا. ئەم بلاْوکراوانە یانی ڕاگەیاندنی

"شاخ" جێگای شانازی هەموو کوردە، کە بەم توانایە کەمە و لە ئەشکەوت، بایەخ بە بووژانەوەی کولتووری دراوە، سەیر نییە بۆ ئێمە تێبگەین، کە ڕاگەیاندنی شاخ یارمەتییەکی زۆری پێشمەرگەیان لە بەرەوپێشچوونی خەباتی کورد بۆ ئازادی دا. سەرکردایەتی کوردیش ئەو ڕاستییەی سەرەوەی زۆر باش دەزانی بۆیە بە هەموو شێوەیەك یارمەتی بەرەوپێشچوونی ئەم بوارەیان دەدا.

ڕاگەیاندنی کوردی لە پاش ڕاپەڕینی 1991 کەوتە قۆناغێکی نوێ. لە شارەکان دەستکرا بە دەرکردنی ڕۆژنامە و بلاّوکراوەی جیا. ئەم ڕۆژنامە و بلاّوکراوانە زۆربەیان بە زمانی کوردی و هەندێکیش بە زمانی عەرەبی دەردەچوون. دەتوانین بلّێین لە سەرەتای ڕاپەڕین ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە رۆڵی زۆر مەزنیان لە بزووتنەوەی کوردایەتی گێڕا و هانی خەڵکیان دەدا لە دەوری بەرەی کوردستانی کۆببنەوە. هەموو ئاراستەی مانگەکانی سەرەتایی ئازاد کردنی کوردستان زۆر جیاوازی لە ناوەڕۆك و داڕشتنی نووسینەکان نەدەبیندرا. لەگەڵ ڕۆیشتنی کات، ئەوانیش زۆرتر لە حیزبەکانیان نزیك دەبوونەوە. تا سەردەمی هەڵبژاردن، بەیەك جار ڕاگەیاندن بووە حیزبی و ڕەنگ و سەردێڕیش بە بۆیاغی حیزب سواغ دەدرا و دەنووسرا.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە مەرەکەبی سەوز سەردێڕەکانیان دەنووسی، لە ڕۆژنامەی برایەتی (خەبات) بە مەرەکەبی زەرد سەردێڕەکانیان چاپ دەکرد. ئەم ڕەنگانە کاریگەری زۆر خراپیان کردە سەر ڕاگەیاندنی کوردی و خەڵکیان وردە وردە بە ئاراستەی خراپ و شەڕی ناوخۆ دەبرد.

ڕاگەیاندنی کوردی لەوکات تەواو حیزبی بوو، حیزبەکانیش خەرجیی دەرکردن و بلاّوکردنەوەیان دەدا. دەست تێوەردانی قووڵی حیزب لە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانی خۆیان،

ڕاگەیاندنی کوردی بەرەو ئیفلیجی و تەمبەڵی برد. کار گەیشتبووە ئەوەی هەر گوتارێك ناوی مام جەلالی بە باشە تێدا نووسرابا بلاو دەکرایەوە و لە ڕاگەیاندنی پارتیش بازرگانی بە ناوی بارزانی نەمر دەکرا.

بەڕێوەبردنی میدیا بەم شێوەی سەرەوە، زیاتر لەبەر نەبوونی کادر لەم بوارە بوو. ئەوان نەیان دەزانی و تێنەدەگەیشتن، ئەمە چ مەترسییەك بۆ پرسی کورد دروست دەکات، بەتایبەتیش لەکاتی شەڕی ناوخۆ. ڕاگەیاندنی کوردی لەسەردەمی شەڕی ناوخۆ، پیسترین ڕۆڵی لە مێژووی تەمەنی ڕۆژنامەگەری خۆی گێڕاوە. خەڵك لەوکات ئەوەندە بە کوشتنی برا و باوك یان دۆست و برادەر تێکنەدەچوون، تا بە هێرشی هەردووك حیزب لە ڕاگەیاندنی خۆیان! ئەوان گاڵتەیان بە شەهیدی یەکتر دەکرد و پیسترین جوێنیان بەیەکتر دەدا! کار گەیشتە ئەوەی باس لە نامووسی یەکتریش بکەن! ئەم باسکردنە هیچ یاسایەکی چاپەمەنی یان ئەخلاقی ڕاگەیاندن لە هەموو جیهان ڕێگای پێ نادا.

شەڕی ناوخۆ جگە لەو هەموو تراژێدیایەی بەسەر میللەتی کوردی هێنا، ڕەگی زۆر بابەتی خراپی لە ڕاگەیاندنی کوردی داکوتا. لەسەردەمی ڕاپەڕین بۆ ڕۆژنامەنووسێکی پارتی زۆر سروشتی بوو ناوی مام جەلالی پێش ناوی کاك مەسعود بهێنێ، بۆ ڕۆژنامەنووسێکی یەکێتیش ئاسایی بوو ناوی کاك مەسعود لە پێش ناوی مام جەلال بێنێ، بەلای جەماوەر گرنگ نەبوو ناوی کامەیان لەپێشدا دەگوترێ یان دەنووسرێ؟ ئەوان هەردووکیان خۆش دەویست. لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆ فەرهەنگ و میراتێکی سەقەتمان بۆ بەجێما. ئێستا ئەگەر تۆ بنووسی قوتابی، یانی تۆ پارتیت یان دۆستی ئەوان، ئەگەر بنووسیت خوێندکار یان یەکێتیت یان دۆستی ئەوان! ڕۆژنامەنووسی کورد نازانێ چۆن مامەڵە بە زمانی شیرینی دایك بکات؟ ئەگەر بنووسیت "حکومەت" تۆ یەکێتیت ئەگەر بنووسیت

"حکوومەت" تۆ پارتیت! ئەم نووسینانە و تاپۆکردنی ئەم وشانە لەسەر حیزب، لە هیچ شوێنێکی جیهان نەمبینیوە و نەم بیستووە!

لەجیاتی ئەوەی پێشبڕکێ لەسەر باشتر کردنی ناوەڕۆکی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، یان لەسەر باشتر کردنی دیزاین بوایە، هەموو هێز و توانا بۆ دژایەتی کردن و تێکدانی ڕاگەیاندنی کوردی بەکار هات.

زیاد لە 15 ساڵە ڕاگەیاندنی کوردی لە کوردستان لەژێر یاسای حیزبەکان دەردەچێت و زۆرتر لە بەرژەوەندی سەرکردەکانماندایە تا لە بەرژەوەندی گەلی کورد! ڕاگەیاندنی حیزبی پێش هەموو شتێك لە خزمەتی سەرۆك یان سکرتێری حیزب، لە خزمەتی حیزب، ئەو تۆزەی دەمێنێتەوە دوای سەرۆك و حیزب، بەر خەڵك دەکەوێت! سەرکردایەتی کورد هەوڵ دەدا ڕاگەیاندنی کوردی لە حیزبییەوە بۆ پرۆفسیۆنالیزم ببات، بەڵام لەبەر کەم تێگەیشتنی ئەوان لە ڕاگەیاندن بەگشتی و ڕاگەیاندنی کوردی بەتایبەتی، تا ئێستا نەتواندراوە هیچ سەرکەوتنێك لەم بوارە بەدەست بهێندرێت!

تێنەگەیشتنی ئەوان لە ڕاگەیاندنی کوردی، هیچ سەیر نییە، چونکە ئەوان تەواو لە جەماوەر دابڕاون و زۆرتر ئەو کەسانە دەبینن، کە بە بەژن و باڵای ئەوان هەڵدەڵێن و بە ئاشکرا ڕاستییەکانیان لێ دەشارنەوە؟ شاردنەوەی ڕاستی بە فەرمانی مام جەلال و کاك مەسعود نییە، بەڵکو ئەوەی وەك ڕاوێژکار لای ئەو بەڕێزانە کار دەکات، وای پێ باشە! ئەو لەوانەیە خۆی لە ڕاگەیاندن نەگا! ئەگەر خۆی لە ڕاگەیاندنی ئازاد نەگا، ئەگەر ئەو وەك پیشە لە بواری ڕاگەیاندن پسپۆر نەبێ، چۆن دەتوانێ ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن بۆ جەنابی سەرۆك هەڵسەنگێنێ؟

خەرجی دەزگاکانی ڕاگەیاندن مانگانە دەیان ملیۆن دۆلارە، کەس لەخۆی ناپرسێت باشە بۆ تا ئێستا لە بلاۆکردنەوەی 10 هەواڵ 7 ی بە سەقەتی دەنووسرێ، بۆ کەس لەخۆی ناپرسێ لە 50 بەناو ڕێپۆرتاژ یەك ڕێپۆرتاژت دەست ناکەوێ؟ ئەگەر ئەو ڕاوێژکارانە لە ڕاگەیاندن بە گشتی و ڕاگەیاندنی کوردی بە تایبەتی تەواو تێگەیشتبان، دەبوایە تا ئێستا چەند هەنگاوێك بۆ باشبوونی بنرابا.

هەتا سەرۆك و سەرکردەکانمان ئەم ڕاوێژکارانەی ئێستای ڕاگەیاندنیان هەبێ، هیچ ڕووناکییەك بۆ چاککردنی ڕاگەیاندنی کوردی نابیندرێ! چۆن تروسکایی ببیندرێ، لە کاتێکدا ئەم بەڕێزانە چاوپۆشی لە ناوەڕۆکی سەقەتی ڕۆژنامەکانمان دەکەن!

هوتێلی شیراتۆنی هەولێر بەردەوام لە میوان پڕە. زۆربەی هەرە زۆریشیان دەوڵەتی کوردی پارەکەی دەدات، هەر میوانێك لەم هوتێلە بەلای کەم لە شەو و ڕۆژێك 300 دۆلاری ئەمریکی لەسەر ئەم گەلە بەدبەختەی ئێمە دەکەوێ. هەموو لایەکمان دەزانین، ئەمە پارەی جەماوەرە و بە هەڵە لەم شوێنە خەرج دەکرێ یان دەسووتێندرێ! باشە با بزانین لەو چەند ساڵەی هوتێلی شیراتۆن کراوەتەوە، چەند جار میوان بۆ چاککردنی ڕاگەیاندنی کوردی بانگ کراون؟

ئەگەر ئەو بەڕێزانەی سەرەوە ڕاوێژکاری چاکیان لە ڕاگەیاندن هەبوایە، دەبوایە بۆ شێفەکانیان (بەڕێوەبەرانیان) گرنگی ڕاگەیاندن ڕوون بکەنەوە و پشتیوانی و یارمەتی ئەوان بۆ چاککردنی ڕاگەیاندنی کوردی وەربگرن. ئەو ڕاوێژکارانەی ڕاگەیاندن، لەبەر پارەی زۆر و مۆنیاکی جوان لەبیریان چووە ئەرکی ئەوان لەم پیشەیە چییە؟

لە بەشی "ئەگەر ڕۆژنامەنووس هات" باسم کردووە، چۆن ڕاوێژکار بە زوڕنا شێفی خۆی فێری قسەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس کردووە، چۆن شێفی ئەو لە ماوەی 10 چرکە بە

تەواوی و جوانی دەتوانی پەیامی خۆی بە جەماوەر بگەیەنێت، با بزانین چەند سیاسی ئێمە لەم جۆرە کۆرسانە تا ئێستا بەشدارییان کردووە؟

ئێمە ڕۆژنامەنووسی باشمان کەمە، ئەمانەش بەر هەموو شوێنێك ڕاناگەن. کەم ڕۆژنامەنووسمان پێش ئینتەرڤیو خۆی بۆ ئینتەرڤیو ئامادە دەکات! کەم ڕۆژنامەنووسمان دەزانێ مافی ئەو وەك ڕۆژنامەنووس لەگەڵ مافی قارەمانی ئینتەرڤیو چییە و چەندە؟ ئەگەر ڕۆژنامەنووسێکی خراپ ئینتەرڤیوت لێ وەربگرێ، ئەو تێناگا، چۆن بابەتەکەی خۆی دابڕێژێ، چونکە ئەو نازانێ لە کوێندەر تۆ پرسیاری گرنگت باس کردووە و وروووژاندووە؟ ئەو نازانێ و تێناگا، کامە ڕستە بۆ جەماوەر زۆر گرنگە؟

ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە پیشەی ڕۆژنامەگەری باش سەریان دەرناچێ، قسە کردنیش لەگەڵ ئەوان زۆر گرانە! تۆ نازانی چۆن وەڵامی پرسیارەکانی ئەوان بدەیتەوە؟ تۆ وەك منداڵ دەمت تێك دەئاڵێ، کەس ناپرسێ بۆ؟ تۆ لەو بڕوایەدای گوناهی تۆیە و تۆ بەرامبەر ڕۆژنامەنووس نازانیت قسە بکەیت و قسەت بۆ نایێت!

ئەگەر کادری سیاسی لەسەر ڕاگەیاندن مەشقی پێبکرێ کارئاسانی زۆر بۆ ڕۆژنامەنووس دەکات. لەو کات ئەو تێدەگات نابێ هەموو نهێنییەك بدرکێندرێ! ئەو لە ڕۆڵی میدیا و گرنگی میدیا تێدەگا، بۆیە لەم پەروەردەیە هەردوو لا قازانج دەکەن.

ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین ڕاگەیاندنی کوردی لە حیزبایەتی تەسك ڕزگار بکەین و بیکەین بە ڕاگەیاندنی جەماوەری. ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین ڕاگەیاندنی کوردی کەمتر پارەی لە حیزب وەربگرێ و زۆرتر خۆی خۆ بژێنێ، یان یارمەتی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەربگرێ نەك وەك ئەمرۆ لە حیزب! لەو کات ئەگەر یەکێك وەك پێویست کار نەکات، مووچە وەرناگرێ. ئەگەر ڕۆژنامەنووسێك هەواڵ بە ڕاست و دروستی دانەڕێژێ، پارە وەرناگرێ، ئەگەر

ئەوانەی سەرەوەمان کرد، ڕاگەیاندنمان لە خزمەتی جەماوەر دەبێ، لەو کات تیراژیش بەرز دەبێتەوە.

ئەگەر ئێمە لە هەردووك بەشەکەی ڕاگەیاندنی کوردی "ڕۆژنامە و گۆڤار" "رادیۆ و تەلەفزیۆن" بکۆڵینەوە، دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەو گۆڤارمان هەندێك باشتر و کەمێك زیاتر پسپۆری پیشەییان پێوە دیارە. دەتوانین بڵێین ڕادیۆ لە تەلەفزیۆن باشتر و پێشکەوتوو ترە.

تەلەفزیۆن لە هەموو جیهان، کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر جەماوەر هەیە و لە بەرنامەکان بیر لە چرکە دەکرێتەوە. ئێمە تا ئێستا هەر هەموو کەناڵە ئاسمانییەکانمان زۆر لە کەناڵێکی وشکی حیزبی دەکەن تا جەماوەری! بەرنامەکانی دانیشتنی ستۆدیۆ تەنیا قسە و هیچی تر باس ناکرێ. جا ئەگەر ئەم بەرنامەیە سیاسی بێ یان هەمە ڕەنگ.

لە کەناڵی باشی تەلەفزیۆن لەیەك ئێوارە ئەم بەرنامانەی خوارەوە هەن:

منداڵان، دەنگوباس چەند جارێك، یەك بەرنامەی جدی جا سیاسی بێ یان کۆمەڵایەتی، درەنگی شەو بەرنامەیەکی خۆشی (شۆو)، جگە لەوە بەلای کەم فیلمێك لەگەڵ ئەڵقەیەك نیشان دەدرێ. بینەر دەزانێ ئەم بەرنامانەی سەرەوە لەگەڵ دەیانی تر، کاتژمێر چەند نیشان دەدرێ، چونکە یەك هەفتە پێش، هەموو بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و رادیۆ لە ڕۆژنامە و گۆڤار بلاو دەکرێنەوە.

لەو کاتەی سەیری کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی ئەوان دەکەیت، تۆ تێدەگەیت ئێمە چەند بەشخوراوین!

دەبێ ڕاگەیاندنمان بەرەو پرۆفسیۆنالیزم ببەین، دەبێ بەرپرسەکان کۆرسی تایبەتییان بە: چۆنێتی بابەت هەڵبژاردن و بەڕێوەبردنی دەزگای مەزن بۆ بکرێتەوە. دەبێ ڕۆژنامەنووسان فێر بکرێن چۆن بنووسن، چۆن باس بکەن؟ دەبێ سیاسییەکانمان فێر بکرێن بەرامبەر

کامیرای تەلەفزیۆن قسە بکەن؟ دەبێ سیاسییەکانمان فێربکرێن، کە ڕاگەیاندن چ ڕۆڵێکی مەزن لە کۆمەڵ بە خراپە و بە باشە دەتوانێ بگێڕێ نەك بڵێن: "ئێمە خەرجی ڕاگەیاندن دەدەین و دەبێ باس لە ئێمە بکرێ و لە خزمەت ئێمەوە بێ؟" ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە خراپە و زەرەر بە کێشەی کورد دەگەیەنێ.

تۆ ئەگەر نەزانی ڕاگەیاندنی کوردی لە چ بارودۆخێکدایە، ناتوانی کاریان لەگەڵ بکەیت! ئەگەر بزانی ئەوان چۆن بیردەکەنەوە، بەدوای چ زانیارییەك دەگەڕێن، بۆتۆ زۆر ئاسانتر دەبێ و زووتر زمانی هاوبەشیان لەگەڵ دەدۆزیتەوە.

لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی هەولێر چەند گەنجێکی بە توانا و خوێنگەرم هەموو نووسینەکان دەنووسن یان ئەوان بابەتیان لە زۆربەی ڕۆژنامە — هەفتەنامە — مانگانە هەیە. هەندێك لەو ڕۆژنامەنووسانە بەشی ڕاگەیاندنیان لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر تەواو کردووە و هەندێکیش خوێندنی زانکۆ، ئەوانی تر بە ئارەزوو بوونەتە ڕۆژنامەنووس. هەندێك لە نووسینی ئەو ڕۆژنامەنووسە گەنجانە، پرۆفسیۆنالیزمی پێوە دیارە و دیارە خۆیان بۆ نووسینەکە ماندوو کردووە، بەڵام ئەگەر ئەوانە کۆرسێکی باش و خەستی پیشەی ڕۆژنامەنووسییان بۆ بکرێتەوە، جا ئەم کۆرسە چ لە هەولێر یان دەرەوەی وڵات بێ، دەبنە باشترین ڕۆژنامەنووسی کوردی. ئەوان دەتوانن ڕاگەیاندنی کوردی بەرەو پسپۆری ببەن، بێ یارمەتی ئەو گەنجانە، هەر لە شوێنی خۆمان دەمێنینەوە.

بەشدار کردنی ئەم ڕۆژنامەنووسە گەنجانە لەم هەموو ڕۆژنامانەی هەولێر، یەك شتی نێگەتیڤ (خراپ)ی هەیە، ئەویش هەر یەکەو بۆ هەموو ڕۆژنامەکان بەیەك ستیل (جۆر) دەنووسن. ئەوان چۆن بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی دەنووسن، ئاوەهاش بۆ ڕۆژنامەی ئاوێنە یان

بەدرخان یان هەر ڕۆژنامەیەکی تر دەنووسن. ئەگەر ئەوان وشەیەك لە گوتارێکیان بە هەڵە بنووسن، لە هەر هەموو وتارەکانیان هەمان وشە بە هەڵە دەنووسنەوە!

ڕۆژنامەنووس لە وڵاتانی پێشکەوتوو تەنیا کار بۆ یەك دەزگا دەکات. ئەوان بۆیان نییە بە ئارەزووی خۆیان بۆ ڕۆژنامەی تر بنووسن! ئەگەر لە کاتێکدا بۆ ڕۆژنامەی تر جیا لە هی خۆیان بنووسن، با بە ناوی جیاش بێ و بە ئاشکرابوونی، کار لەدەست دەدات! ئەمە لەگەڵ پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی "ئێکسپرێس"ی سویدی لە ئەمریکا پێش ماوەیەك ڕوویدا. ئەو پەیامنێرە جگە لەوەی بەردەوام بۆ ڕۆژنامەی خۆی دەنووسی، جار بەجار بۆ گۆڤارێکیشی دەنووسی، لەگەڵ ئاشکرابوونی، لە ڕۆژنامەکە دەرکرا!

لە کوردستان ئەم ڕۆژنامەنووسانە بۆ ئەم هەموو ڕۆژنامانە دەنووسن، چونکە ئەو پارەیەی وەری دەگرن زۆر کەمە و بەشی ژیانیان ناکات!

دەستەی نووسەرانیش مەرجیان لەسەر دانانێن تا بۆ هیچ ڕۆژنامەیەکی تر نەنووسن! ئەوەش زۆرتر نا پرۆفسیۆنالیزم لە ڕاگەیاندنی کوردی و سەرنووسەرانی کورد لە شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ میدیا نیشان دەدا.

من دژی پرەنسیپی نووسین بۆ ڕۆژنامەی جیا نیم، بەڵام دەبێ هەر ڕۆژنامە و زمانی تایبەتی خۆی هەبێ، تا ئەوان لەسەر بابەتی جیا بنووسن. نموونە بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی لەسەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی بنووسن و بۆ بەدرخان لەسەر بابەتێکی تر و بەزمانێکی تر و جۆرە دارشتنێکی تر بنووسن. ئەگەر ئەو بەم شێوەیەی سەرەوە نەنووسێت، مەترسی ئەوە هەیە، خوێنەر لە یەك لە ڕۆژنامەکان گوتارێکت دەخوێنێتەوە، ئەگەر ئەو ڕای لەسەر نووسینەکەت باش نەبوو، ئامادە نییە لە سەر هەمان بابەت با بڵێین سیاسی لە ڕۆژنامەیەکی تر بخوێنێتەوە. یانی لێرە ڕۆژنامە خوێنەر لەدەست دەدا! لەوانەشە تەواو بە

پێچەوانەی قسەی ئێمە بێ، چونکە ئەگەر ڕۆژنامەنووس جوان بنووسێ لە ڕۆژنامەی تر، خوێنەر ناوی ئەوی بەرچاو بکەوێ، یەکسەر دەست بە خوێندنەوەی نووسینەکەی ئەو دەکات. لەوانەشە ئەمە بۆ ڕۆژنامە ریسك (خەتەر) بێ و پێویست نەکات دەستەی نووسەران ئەم هەست و بیرکردنەوەیان لا دروست بێ، ئایا ڕۆژنامە لەم نووسینانە زەرەر دەکات یان نا؟ باس لەوە ناکەین، بەرەو پێش چوونی ڕۆژنامە لەو کات ئاسان نابێ!

ڕۆژنامەنووسی کورد زۆر هیلاك و ماندووە. ئەو هیلاك و ماندووە نەك لەبەر ئەوەی لەو شوێنەی کاری لێ دەکا، زۆر هیلاکی دەکەن! ئەو هیلاکە چونکە لە یەك کات، کار بۆ چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار، رادیۆ و تەلەفزیۆن دەکا. وەك لەسەرەوە نووسیمان ئەو ئەم هەموو کارە دەکا، نەك لەبەر ئەوەی ئارەزوویەتی، بەڵکو باری ئابووری و پێویستی زۆری ئامێرەکانی سەردەم، بۆ ئەم هەموو کارەی ناچار کردووە! ئەگەر لە یەك دەزگای ڕاگەیاندن مووچەیەکی باشی پێ بدرێ، بێگومان کاری ئەسپێکت بۆ ناکا و ئەو کارەی دەیکا وەك پێویست جێبەجێی دەکات.

ڕۆژنامەنووسانی کورد لەناو کۆمەڵ دەژین و هەست بە ئێش و ئازاری ئەوان دەکەن، بۆیە لەو کاتەی بەرپرسێك دەبینن و سەیری هەڵسوکەوتی ئەو دەکەن، دەزانن و باش تێدەگەن، ئەو بەرپرسە خراپە و شایەنی ئەم کورسیەی نییە، رقیان لێی دەبێتەوە و پرسیاری خراپ و ڕەق و توندی لێ دەکەن! لە نووسینەکان بە خراپە باسی دەکەن، چونکە ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەزانن خەڵکی زۆر بە توانا و شۆڕشگێڕتر لەوان لە شارەکە یان ناو حیزب بۆ ئەم پیشەیە هەیە.

بەرپرسان لەبەر ئەوەی زۆر کەم لەبارەی ڕاگەیاندن دەزانن، هەوڵ دەدەن، کورسی و دەستەڵاتیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتییان بەکار بهێنن. ئەگەر ڕۆژنامەنووسێك خراپ

لەسەریان بنووسیٚ، ئەوان هەڕەشەی لیٚ دەکەن. ئەگەر بزانن کابرا بە هەڕەشە نایەتە سەر خەت، هەوڵ دەدەن بەرتیلی پیٚ بدەن.
بەرپرسان ڕیٚزیان بۆ ڕاگەیاندن هەیە بەلاٚم وەك پیٚویست نا! بەرپرسان لە ڕاگەیاندن دەترسن، بەلاٚم وەك پیٚویست نا!
بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنی کوردی هەنگاوی یەکەمی بۆ باشبوونی بنیٚ، دەبیٚ هەموو ئەو پەیوەندییانەی سەرەوە بگۆڕدریٚ تا ئیٚمە بتوانین چاکسازی لە ڕاگەیاندنی کوردی بکەین.
تۆ وەك بەرپرسی گەورە لە حکومەت یان لە حیزب بزانە، ئەو ڕۆژنامەنووسەی ئیٚستا لای تۆیە چاك دەزانیٚ لە خویٚندن لە ڕاویٚژکاری تۆ باشتر بووە، نووسینەکانی ئەو باشتر و بەهیٚزترە، بەلاٚم لەبەر ئەوەی ئەو کەس ناناسیٚ یان شەرمی بە ماستاو سارکردنەوە هەیە، نەهاتۆتە پیٚش و مافی تەواوی خۆی پیٚ نەدراوە! ئەو ڕۆژنامەنووسەی لە ناو ئیٚش و ئازاری گەل دەژی و هەر هەمووی دەزانیٚ بە تەکسی هاتوچۆ دەکات، ڕاویٚژکارەکانیش بە لاندگرۆز!
ئیٚوەی سیاسی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان زۆر لەیەك دوورن و هیچ کامیٚکتان کورد گوتەنی لەم بوارە "کەوی نین!" بۆ ئەوەی لەیەکتر بگەن، دەبیٚ لەیەکتر نزیك ببنەوە.
هەندیٚك لە کادرانی سیاسی لەبەر ئەوەی توانای قسەکردنیان نییە، بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان دەمیان تیٚك دەئاڵیٚ و ئەوەی دەشیزانن لە بیریان دەچیٚ، بۆ ئەوەی لەم قەیرانە دەروونییەی ناخیان خۆیان ڕزگار بکەن، هەوڵ دەدەن، بە پارە ئەم بۆشاییەی هەیانە پڕبکەنەوە. لیٚرە ئەوان بەرتیل بە ڕۆژنامەنووس دەدەن! ئەوان بەرتیل دەدەن، چونکە پارەی زۆری دەوڵەتیان لەژیٚر دەستە و بەخراپەی بەکار دەهیٚنن! لەوانەیە بلیٚن ئیٚمە بەم پارەیە چاوی ڕۆژنامەنووسمان شکاند، نازانن چاوی خۆیان شکاندووە، چونکە ئەو پارەیەی بە

ڕۆژنامەنووسانی دەدەن، لە کیسەی باوکیان نەهاتۆتە دەر! لە ڕاستیدا ئەم پارەیە هی خەڵکی کوردستانە!

ڕۆژنامەنووس ئەگەر ئەو بڕە پارەیە وەربگرێ، زیاتر بۆ کڕینی کارتی مۆبایل، ئامێری مۆبایل، کۆمپیوتەر یان **MP3** یە کە هەر هەموویان لە پیشەی خۆی ڕۆژانە بەکاری دەهێنێ. ڕۆژنامەنووسان ئەم پارەیە وەردەگرن، ئەگەر لە کاتێکدا وەری بگرن، خۆیان پێ چاوشۆڕ نییە، چونکە پاش ئەوە ڕقیان زیاتر لەوان یانی لە سیاسییەکان دەبێتەوە! بەم ڕەفتارە ناشیرینەی هەندێك لە کارمەندانی دەسەڵات، ڕۆژنامەنووسان هەوڵ دەدەن زیاتر قەڵەمیان دژ بەوان بەکار بهێنن!

ئەگەر کەسی سیاسی واتێبگا، بە پارە چاوی بەرامبەری شکاندووە، زۆر بەهەڵە لەهەر هەمووی گەیشتووە؟ زۆر دەمێکە لە ئەوروپا جیاوازی لە نێوان ژنی (سۆزانی و کڕیاری سێکس) ناکەن! ئەوان هەردووك وەك یەك و بەیەك چاو سەیر دەکەن! ئەگەر تۆ بەرتیل بەیەکێك بدەیت، دیارە تۆش بەرتیل وەردەگری! تۆ پێویست ناکا پرۆفیسۆر بیت تا لەم هاوکێشەیە تێبگەیت!

ئەگەر لە سەرەتای دەستپێکردنی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، زۆرتر بەگزادە و ئاغا و شێخ کاری ڕۆژنامەگەرییان دەکرد، ئێستا لە دەست ڕەش و ڕووتە. زۆربەی ئەوانەی ئەمڕۆ خەریکی کاری ڕۆژنامەنووسین لە کوردستان، کوڕە هەژاری کوردن!

دەبوایە هەوڵ بدرێ زمانی هاوبەش لەگەڵ ئەم ڕۆژنامەنووسە هەژارانە بدۆزرێتەوە، نەك ڕێگای بەرتیل یان پشتگوێ خستنی هەست و بیریان! ئەگەر نووسین و بۆچوونەکانی بەهەند وەرنەگیرێ، ئەگەر گوێ بۆ تێبینییەکانی شل نەکرێ، زۆر بە ئاسانی هەموو حکومەت و پەرلەمان و سەرکردایەتی کوردستانت بە بلاْوکردنەوەی فایل و چاپکردنی نهێنییەکانی

پەرلەمان خەریك دەكات! ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەتوانن گەورەترین كێشە بۆ كورد دروست بكەن و لە پێشكەوتن ڕایانبگرن، چونكە ئەو كوردستانەی ئەوان خەباتیان بۆ كردووە، نایانەوێ بەم شێوەیەی ئێستا بیبینن!

دەبوایە لە زووەوە كار لەسەر ئەم ڕۆژنامەنووسانە كرابا و قسەكانیان بە هەند وەرگیرابا. ئەگەر نووسین و گوتنەكانیان بەدواداچوونی هەبوایە، ئەوان قەت ئامادە نەدەبوون فایلی سیخوڕەكان بەم ئاشكراییە بلاّو بكەنەوە، یان بە ئارەزووی خۆیان هێرش بكەنە سەر پەرلەمان! ئەم نووسینانەی بلاّودەكەنەوە، زیاتر وەك پرۆتێستێكە نەك وەك پیشەی ڕۆژنامەنووسی یان بیانەوێ بلیمەتی خۆیان لەم بوارە نیشان بدەن!

ڕۆژنامەنووسان ڕقیان زۆر لە بەرپرسە گەورەكانە، چونكە ئەوان چاك دەیانناسن، چاك شارەزان ئەم هەموو پارەیان لە كوێندەر هێناوە؟ ئەوان دەزانن، بێ ئەوەی سەركردایەتی حیزبەكانیان بزانن، لە پەنای پەردە هەڕەشە لە خەڵك دەكەن.

هۆی تریش هەیە، كە ڕۆژنامەنووسان ڕقیان لە بەرپرسان ببێتەوە وەك: باوكی ئەم ڕۆژنامەنووسە لەگەڵ هەمان بەرپرس لەیەك شانە، یان یەك حیزب كاریان كردووە. ئێستا باوكی ئەو سەوزە دەفرۆشێ یان بە مووچەیەكی زۆر كەم ڕازی كراوە! ئەم ڕۆژنامەنووسە گەنجانە هەموو خەتای خۆیان و گرفتی گەلی كورد دەخەنە ئەستۆی ئەم بەرپرسانە، بۆیە ئەوەندەی تر لە دەستەلاّت هار دەبن و دژی دەنووسن!

بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەنووس و سیاسییەكان باشتر بكرێ، دەبێ بەرنامەی بۆ دابندرێ، چونكە ئەم تێنەگەیشتنە لەیەكتر، كار لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی گەلی كورد دەكات! ئەگەر ئەو پەیوەندییە دروست بوو، هەردوو لا تێدەگەن: ڕۆژنامەنووسان ئەوەندە خەڵكی خراپ نین و سیاسییەكانیش نابێ بەیەك چاو سەیر بكرێن! ئەوانیش خەڵكی ئەم

میللەتەنە و ئەمڕۆ شەڕەفی ئەم کارەیان پێ سپێردراوە، چونکە ئەو حیزبانەی ئێمە خۆمان لە دەنگدان هەڵمانبژاردوون ئەوانیان داناوە.

ئەمەی سەرەوەم نووسی بۆ ئەوەی ئێمە تێبگەین، ڕاگەیاندنی کوردی لە چ بارودۆخێکدایە، تا هەمووومان بەیەکەوە هەنگاو بۆ باشترکردنی بهاوێژین.

# ئامادەکردنی هەواڵ لە
# ئێزگەی "دەنگی گەلی کوردستان"

هەواڵ لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە پەیدا دەکرێن:

- لە ڕێگای پەیامنێرانی تایبەتی ئێزگە خۆی.
- لە ڕێگای لێدوانی بەرپرسان و کەسانی بەشداربوو یان نزیك لە ڕووداوەکان.
- لە ڕێگای ئێزگەی رادیۆ و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی جیهانی.
- لە ڕێگای تەلەفۆن و پەیوەندییە تایبەتییەکان.
- لە ڕێگای حیزب و حکومەت، کە بە هۆی پۆست یان مەیل بۆ ئێزگە ڕەوانە دەکرێن.
- لە ڕێگای ئینتەرنێت.

بەم ڕێگایانەی سەرەوە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان هەواڵەکانیان بەدەست دەگا. پەیامنێر وەك نەغمەخوان و ئاشقی پیشەی خۆی، بەردەوام ڕاوە هەواڵ دەکات و بۆ ئێزگەی خۆی ڕەوانی دەکات.

## ئامادەکردنی هەواڵ

گشت پەیامنێرانی دەرەوەی قەلاّچوالان، پەیامیان بۆ ئێزگە بە ڕێگای تەلەفۆنەوە دەگەیێنن. لە ئێزگە بەشێك بەناوی وەرگرتنی دەنگ هەیە. لەم بەشە کۆمپیوتەرێك بۆ ئەم کارە داندراوە. ئەم کۆمپیوتەرە بە میکسەرێکی دەنگی و چەند تەلەفۆنێکەوە بەستراوەتەوە. پەیامنێر لەو کاتەی پەیامی بە تەلەفۆن دەخوێنێتەوە، دەنگی لە ناو کۆمپیوتەر تۆمار دەکرێ. لە ڕێگەی بەرنامەی **Adobe Audaition** وە دەنگ و ڕاپۆرت مونتاژ دەکرێ. بە فلاش دیسك ڕێپۆرتاژەکە یان هەواڵەکە بۆ بەشی هەواڵ دەنێردرێ. لێرە

بڕیار لەسەر بلاوکردنەوەی یان بلاونەکردنەوەی ئەم هەواڵە یان ڕاپۆرتە دەدەن. ئەگەر لەم بەشە بڕیاری بلاوکردنەوەی بدرێت، دەبردرێتە کۆنترۆلی ستۆدیۆی هەواڵەکان. لەو کاتەی سەرەی بلاوکردنەوەی دێت، پێشەکی هەواڵەکە دەخوێندرێتەوە و بێژەر دەڵێ بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەم بابەتەمان پەیامنێری بەرنامە فلان کوڕی فلان لە هەولێرەوە ئەم ڕاپۆرتەتان پێشکەش دەکات. لەو کاتە مۆنتێرەکە کلیك لەسەر ڕاپۆرتە دەنگییەکە دەکات و پەخش دەڕوا و بیسەر دەیبیسێ.

ئەو هەوالانەی لە رادیۆکانی تر وەردەگیرێن، هەواڵسازەکان بە گوێرەی سیاسەتی دەزگاکە دایدەڕێژنەوە و بە بەشی هەواڵی دەدەن. ئەویش وەك پێشتر بڕیار لەسەر بلاوکردنەوەی یان بلاونەکردنەوەی دەدات و دواتر دەیداتە تایپیست بۆ تایپکردنی هەواڵەکە. ئەگەر بڕیاری خوێندنەوەی درا، دەخرێتە ناو سکریپتی هەواڵەکان. یەك کاتژمێر یان نیوەی پێش پەخش بێژەر دێتە بەشی هەواڵ و هەموو هەواڵەکان بە چاپکراوی بۆ ستۆدیۆ دەبات. بێژەر چەند جارێك ئەم هەوالانە دەخوێنێتەوە، تا لە کاتی خوێندنەوەی بۆ پەخش تووشی وەستان و هەڵە نەبێ. ئێستا سوود زیاتر لە تۆڕی ئینتەرنێت وەردەگیرێ و 10 خولەك پێش پەخش، بێژەر بە هەواڵەکاندا دەچێتەوە.

لەبەر ئەوەی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان سەر بە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، شێوازی ڕیزبەندی هەواڵەکانی بە هەواڵ و دیداری مام جەلال تاڵەبانی دەست پێدەکات.

درێژی هەواڵ یان ڕاپۆرتە هەواڵ نزیکەی سێ خولەکە، بەلام ئەگەر بابەتێکی گرنگ وەك یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە، تا 5 خولەك دەڕوا، بەتایبەتیش ئەگەر مام جەلال و کاك

مەسعود بەیەکەوە لە پەرلەمان یان لە هەر شوێنێکی تر قسە بکەن و باس لە پیرۆزی ئەم یەکگرتنەوەیە بکەن!

قارەمانانی ئینتەرڤیو لە 12 چرکە تا 20 جاربەجار تا یەك خولەك قسە دەکات. درێژی قسەی ئەو لە ڕاپۆرت بە گوێرەی گرنگی و پسپۆری ئەوە لە بابەتی دیارکراودا!

## ئامادەکردنی هەواڵ

سەیری ڕۆژنامە و گۆڤار دەکا و ڕۆژانە و بەردەوام دەیانخوێنێتەوە. لە کاتی خوێندنەوەی بەدوای زانیاری نوێ دەگەڕێ تا بیکات بەهەواڵ یان بەدواداچوونی بۆ بکات بۆ نموونە: ڕۆژنامەنووسێکی یەکێتی لە سووچێکی بچووکی ڕۆژنامەی خەبات دەبینێ بانگهێشتی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەم جۆرەی خوارەوە بلاّوکراوەتەوە: (داوا لەسەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکەین ڕۆژی پێنجشەم ڕێکەتی 2006/10/19 لە تەلاری پەرلەمان بۆ ئەنجامدانی دانیشتنی ژمارە ---- لە کاتژمێر 10 ی بەیانی ئامادەبن). دەکرێ ڕۆژنامەنووس بەم شێوەیەی سەرەوە هەواڵی دانیشتنی پەرلەمان بزانێ یانیش بەهۆی پەیوەندی تایبەت و دۆست و برادەرانی ناو پەرلەمان، یان بەهۆی پەیامنێرێکی هاوڕێی، ڕووشدەدات بە هۆی ڕادیۆوە ئەم دانیشتنەی ئەو جارە دەزانێ. هەندێك جاریش بەهۆی بەشداربوونیەوە لە دانیشتنەکانی پەرلەمان، سەرۆکی پەرلەمان ئەندامانی ئاگادار دەکاتەوە، کە فلاّنە ڕۆژ دانیشتنی جاری داهاتوو ئەنجام دەدرێ. بەم جۆرانەی سەرەوە ڕۆژنامەنووس ئاگاداری دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەبێ.

بە بیستنی ئەم هەواڵەی سەرەوە پەیامنێر پەیوەندی بە بەشی ڕاگەیاندنی پەرلەمان دەکات. لەم پەیوەندییە ڕۆژنامەنووس دەپرسێ: بۆچی دادەنیشن؟ پرسیاری ڕۆژ و بەرنامەی

کار چییە؟ پاش وەرگرتنی وەڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوە و هەندێك پرسیاری تر، ڕۆژنامەنووس پەیوەندی بە ئەندام لیژنەیەك، کە پەیوەندی بە ناوەڕۆکی دانیشتنەکەوە هەیە دەکات. ئەندام پەرلەمان ڕوونکردنەوەیەك بە ڕۆژنامەنووس لەسەر دانیشتنی پرسیاری دیاریکراو دەدات. ئەگەر بیەوێ بۆ رادیۆ بەرنامەیەك ئامادە بکات، دەنگی کابرای ئەندام پەرلەمان تۆمار دەکات، ئەگەر بۆ تەلەفزیۆن بێ دەچێتە پەرلەمان و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام دەدات. ئەگەر نووسینەکە بۆ ڕۆژنامە یان گۆڤار بێ دیارە ئەمەش بەهۆی تەلەفۆنەوە ئەنجام دەدرێ.

پاش وەدەستهێنانی ئەم زانیارییانەی سەرەوە، ڕۆژنامەنووس دادەنیشێ و لە شێوەی هەواڵ یان وەك هەواڵی درێژ یان راپۆرت دایدەڕێژێ. ئەگەر بۆ رادیۆ بێ ئەوە پاش نزیکەی یەك کاتژمێر، بیسەر دەتوانێ ئەم هەواڵە لە رادیۆ ببیسێ، بەلاّم ئەگەر بۆ ڕۆژنامە، ئەوا ڕۆژی دوایی لەسەر لاپەڕە دەیخوێنێتەوە. بۆ تەلەفزیۆنیش، ئێوارە نیشان دەدرێ. بۆ تەلەفزیۆن دەکرێ بەدەنگ بێ فیلم بۆ هەواڵەکە بنێردرێ. ئەم ناردنە بە دەنگی پەیامنێر، یانیش ئەوان وەك تێکست (نووسین) وەری دەگرن و بێژەری دەنگوباس دەیخوێنێتەوە. پاش تەواوبوون و داڕشتنی، دەکرێ بۆ سایتەکانی ئینتەرنێتیش هەمان هەواڵ یان نووسین ڕەوانە بکرێ.

بۆ بەرنامەی دەنگوباسی تەلەفزیۆن، یان لەکاتی خوێندنەوەی لەوانەیە سوود لە ئەرشیڤی کەناڵەکە وەربگرن. یانی لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم هەواڵە دانیشتنێکی کۆنی پەرلەمان لێبدەن، بەلاّم لەم کاتە دەبێ لەسەر شاشە وشەی "ئەرشیڤ" بنووسرێ.

له پەرلەمانی کوردستان شوێنی تایبەت بۆ بیستنی دانیشتنەکانی ناو پەرلەمان، بۆ میوانان و ڕۆژنامەنووسان هەیە. ئەوان بۆیان هەیە دابنیشن و بە وردی گوێ لە قسە و گفتوگۆکان بگرن، بەو مەرجەی دانیشتنەکان نهێنی نەبن!

ئەو دەزگایەی ڕۆژنامەنووس کاری تێدەکات، ئەگەر لە ناو شاری هەولێر بێ، دیارە ڕۆژنامەنووس پاش وەرگرتنی هەموو زانیاری پێویست، دەچێتەوە دەزگای ڕاگەیاندن و کار لەسەر دارِشتن و مونتاژکردنی دەکات. بەلاّم ئەگەر لە دەرەوەی پایتەختی کوردستان بێ، بەرهەمەکە بەهۆی ئینتەرنێت یان تەلەفۆن بۆ ستۆدیۆ یان شوێنی مەبەست ڕەوانە دەکرێ.

## دەستكەوتنی هەواڵ بۆ كەناڵی تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان – هەولێر

- ئەو هەواڵانەی ڕاگەیاندنی وەزارەت و دام و دەزگاكان، خۆیان بە وێنەوە یان بێ وێنە بۆ تەلەفزیۆن دەیهێنن ئەویش وەك: سەردانەكانی وەزیر و پێشوازی كردنی میوانان یان كۆبوونەوەی گرنگ لەگەڵ چالاكی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەكان.

- ئەو هەواڵانەی لە ڕێگای داوەتنامەی دامودەزگا و ڕێكخراو و سەنتەرەكانەوە دێن و پەیامنێر بۆ نموونە دەچێتە: كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەنووسی، سمینار، فێستیڤال، كردنەوەی شوێنێك...هتد. ئەم بۆنە و یادكردنەوانە دەكرێنە هەواڵ یان ڕاپۆرت، ئەمەش بە گوێرەی گرنگی بابەتەكە كەناڵی تەلەفزیۆن بایەخیان پێ دەدا.

- ئەو هەواڵانەی دروست دەكرێن بۆ نموونە: ڕۆژنامەیەك ناوی هەندێك لە سیخوڕەكانی بلاّوكردۆتەوە. ڕۆژنامەنووس بەتەلەفۆن پەیوەندی بە لایەنی بەرپرسیار دەكات و زانیاری زۆرتر لەسەر ناوەڕۆكی لیستی سیخوڕەكان پەیدا دەكات و وەك ڕاپۆرت بلاّوی دەكاتەوە.

- هەواڵەكانی بەغدا و ناوەڕاست و باشووری ئێراق بە ڕێگای سەتەلایت وەردەگیرێن. لێرە بە گوێرەی سیاسەتی دەزگا، سەرلەنوێ دادەڕێژرێتەوە.

- هەندێك لە هەواڵەكان بە ڕێگای پەیامنێرانی خۆیان دەستیان دەكەوێ. ئەوەش بەو شێوەی، كە پێشتر نووسیمان كاری لەسەر دەكرێ.

- هەندێك هەواڵ و زانیاری لە سایتی **pukmedia** وەردەگیرێ و بە گوێرەی ڕاپۆرتەكە لە ئەرشیڤ وێنە و فیلمی بۆ ئامادە دەكرێ.

- ڕۆژانە چەند شریتێكی دەنگوباس لە كەناڵە جیاجیاكان تۆمار دەكرێن و بۆ دەنگوباسی خۆیان سوودی لێ وەردەگرن.

- هەموو هەواڵەکانی دامودەزگا و وەزارەتەکان بە گوێرەی سیاسەتی کەناڵی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان سەر لەنوێ دادەڕێژرێتەوە، چونکە ئەو کەسەی ئەم هەواڵەی نووسیوە، لەوانەیە لە ڕاگەیاندن پسپۆر نەبێ.
- سوود لە هەواڵەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و ڕۆژنامەکانی تریش وەردەگیرێ و لە ئەرشیڤ وێنەی بۆ پەیدا دەکرێ.
- ڕاپۆرتی پەیامنێران لەسەر دیاردە و ڕووداوەکانی ناو شار، کە جێگای بایەخدانی بینەر بێ و لەگەڵ سیاسەتی دەزگا بگونجێ. ڕۆژنامەنووس بە ئەزموونی کاری خۆی، فێردەبێ و تێدەگات، بینەر ئارەزووی لە بیستن و بینینی چ هەواڵێکە.
هەموو هەواڵەکان دەچێتە بەردەم لێپرسراوی بەشی هەواڵ لە کەناڵی تەلەفزیۆن، ئەویش دوای سەیرکردنی لەسەری دەنووسێت بلاۆبکرێتەوە یان نا! ئەگەر بڕیاری بلاۆکردنەوەی درا، بۆ تایپیست دەچێ. ئەو نووسینەکان تایپ دەکات ئینجا دەیکەن بە سیکرێپت.
ڕیزبەندی هەواڵەکان بە گوێرەی گرنگی و نزیکی شوێنی ڕووداوەکە دەکرێ. لە کەناڵی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان — هەولێر دەنگوباس بە هەواڵی مام جەلال دەست پێدەکات و بە هەواڵێکی وەرزشی کۆتایی دێت.
دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان زۆر جار هەواڵێکی بچووکی بلاۆکراوەی ڕۆژنامەیەك بایەخی زۆری پێ دەدەن و گەورەی دەکەن. دەتوانین بڵێین، هەواڵێکی بچووکی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، دەکرێتە ڕیپۆرتاژ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان تەواو پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە!

# پەیامنێری سیاسی لە سەتەلایتی کوردستانKTV

لەلایەن بەرپرسی بەشی سیاسی کەناڵەوە ڕۆژنامەنووس بەتەلەفۆن یان بە بینین ئاگاداری کۆڕ و سمینارەکان دەکرێتەوە. ئەو کات و ڕۆژ و شوێن و کەسی کۆڕگێڕ بۆ پەیامنێر دیاری دەکات. هەندێك جار داوەتنامە بۆ تەلەفزیۆن دەنێردرێ و لەسەر فەرمانی بەرپرسی بەشی سیاسی، پەیامنێر بۆ شوێنی پێویست دەنێردرێ. پێش ئەوەی بچێ، لەرێگای بەرپرسی وێنەگران، کامێرامانی بۆ دیاری دەکرێ و لەلایەن کارگێڕییەوەش ئۆتۆمبێلیان بۆدابین دەکرێ. پەیامنێر لە سمینارەکە دادەنیشێ و زۆر بە وردی تا کۆتایی گوێ لە هەموو بابەتەکە دەگرێ و لای خۆی تێبینییەکان لەسەر کاغەزێك تۆمار دەکا. پاش تەواوبوونی سمینار پێشەکییەك دەنووسێ و قسەکانی خۆی بەسەر چەند تەوەرێك لەگەڵ چەند بەشێ لەقسەکانی کۆڕگێڕ دیار دەکات. ئەو دەنگ تۆمار دەکات و دواتر دەچێتە مۆنتاژ، کە پێشتر لەم بەشە بۆ تەواو کردنی راپۆرت و مۆنتاژ، کاتی بۆ داندراوە. دوای تەواو بوونی راپۆرت، نووسینی ناوەکان لەگەڵ سەپ تایتڵ، ئەکشن و مۆسیقا لەلایەن پەیامنێر و مۆنتێرەوە ئامادە دەکرێ. ئەمەش دەکاتە ئەوەی، کە ڕاپۆرت بۆ پەخش ئامادەیە و پاشان فۆرمی بۆ دروست دەکرێ. پاش ئەو پرۆسانەی سەرەوە زانیاری تەواو لەگەڵ کاسێت بۆ بەرپرسی بەشی سیاسی لەناو زەرفێك دادەندرێ و ئەو دەیبینێ. بەرپرسی بەشی سیاسی دوای سەیر کردن و پێداچوونەوەی، فۆرم بۆ بەڕێوەبەری گشتی دەنێرێ. بەڕێوەبەری گشتی واژۆی خۆی لەسەر تۆمار دەکا و بۆ بەشی تەنسیق دەینێرێ. ئەوان دووبارە لە ڕووی هونەری و زمانەوانییەوە پێیدا دەچنەوە. لە ژووری تەنسیق کاتی دابەزین و پەخشی لە دەنگوباس بۆ دیاری دەکەن .

له دیداره‌كان ڕووداوی سیاسی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن. لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی یان بەشی سیاسی بیرۆكەی بابەت پێشنیاز دەكرێ و هەندێك جار كۆبوونەوەی بۆ ئەنجام دەدرێ و كەسایەتییەكانیش لەم كۆبوونەوەیە بۆ پەیامنێر دەستنیشان دەكەن. پەیامنێر دەبێ تەواو لە پیشەی خۆی پسپۆر بێ. ئەو لەڕێگای بەشی پەیوەندییەكانی تەلەفزیۆن، كاتی لەگەڵ كەسایەتییەكان یان قارەمانی ڕێپۆرتاژەكە بۆ دیار دەكرێ. لێرە باس لە پرسیارەكانیش دەكرێ. یانی ڕۆژنامەنووس یان بێژەر، دەبێ چ جۆرە پرسیارێك لە میوانی بەرنامە یان قارەمانی ڕێپۆرتاژەكە بكات. وەك گوتمان ئەمە دەكرێ لە بەرنامە ڕاستەوخۆكان یان بۆ ڕێپۆرتاژی دەنگوباس بێ. لە هەموو ئەوانەی سەرەوە سیاسەتی كەناڵی تەلەفزیۆن دەبێ تەواو پەیڕەو بكرێ. سیاسەتی كەناڵی تەلەفزیۆنیش وەك دەزانین سیاسەتی حیزبە. جگە لەوانەی سەرەوە كات بۆ پەخش و بەرنامە دەستنیشان دەكرێ.

زۆربەی جار لەبەر ئەوەی میوان نازانێ كار لە تەلەفزیۆن چۆن بەڕێوە دەچێ، مەرج لەسەر ڕۆژنامەنووس دادەنێ و پێی دەڵێ نابێ یەك وشەی لێ كەم بكرێتەوە، لێرە ئەگەر بەرنامەكە تۆمار بێ. مەبەست لە تۆمار ئەوەیە، پێشتر هەموو شتەكان ئامادە كراوە و لەكاتی گونجاو بۆ كەناڵ پەخش دەكرێ. ئەو یانی قارەمانی بەرنامە لەسەر قسە كردن بەردەوام دەبێ و هیچ ئاگای لە كات نامێنێ. میوان تێناگا بەرنامە تەواو بووە! چۆن دەبێ بەرنامە تەواو بێ لەكاتێكدا ئەم هەموو پرسیارە هێشتا باس نەكراون یان بە نیوەچڵی و سەرزارەكی باسیان لێ كراوە؟ لات سەیر نەبێ، كە ئەم میوانە تەلەفزیۆن بە دڵشكاوی بەجێ بهێڵێ. هەموو ئەوانەی سەرەوە ڕوودەدات، چونكە میوان نازانێ چۆن كار لە تەلەفزیۆن دەكرێ، جگە لەوەش ئەو ڕانەهێندراوە چۆن قسە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس بكا. ئەو لەبەر ئەوەی لەسەر قسەكردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس ڕانەهێندراوە، نازانێ پەیامی خۆی بە كورتی و بە باشی بە بینەران بگەیێنێ!

زۆر جار پەیامنێر لەکاتی زانینی هەواڵێك پاش پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەری خۆی، دارشتنی هەمان هەواڵی دەکەوێتە ئەستۆ. لە نووسینی کۆمێنتار، پەیامنێر تا ڕادەیەکی باش ئازادە، بەڵام دەزانین پەیامنێر ئەندامێکی چالاك یان دۆستی نزیکی حیزبە، ئەو دەزانێ چۆن نووسینەکەی دەبێ لە بەرژەوەندی حیزب بێ.

دەنگوباسەکانی سەتەلایتی کوردستان لەگەڵ هەموو دەنگوباسی هەموو کەناڵەکانی تری تەلەفزیۆن، زۆرتر لە خزمەت و بەرژەوەندی حیزبدان. ئەگەرچی زۆر جار بە ئاشکرا بینەر هەستی پێناکا، ئەگەر تۆ بە وردی سەیری بکەیت و گوێ بۆ قسەکان شل بکەیت، دەزانی ناوەڕۆکی زۆر سیاسین. بە سیاسی کردن، لەوە دەردەکەوێ چ کەسێك جگە لە قارەمانی ڕێپۆرتاژ پرسیاری ئاڕاستە دەکرێ. یان ئەوەی پرسیاری لێ دەکرێ لەوانەیە چەند وەڵامێکی دابێتەوە، بەڵام ئەو یانی ڕۆژنامەنووس ئەو وەڵامەی لەگەڵ سیاسەتی حیزب دەگونجێ بۆ پەخش هەڵدەبژێرێ.

پەیامنێرێکی سەتەلایت ئامادە نییە بۆ کەناڵی کوردسات بەرنامە ئامادە بکات، بە هەمان شێوەش پەیامنێری کوردسات ئامادە نییە بەرنامە بۆ سەتەلایت ئامادە بکات. هەردوو لا حیزبین و هەردوو لا لە حیزبەکەیان و بەرپرسانیان دەترسن. دەبێ بڵێین، لەم بوارە ئازادییان زۆر کەمە، ئەگەر چی زۆر جار دۆستایەتییەکی بەتین لە نێوان دوو پەیامنێری ئەم دوو کەناڵە هەیە. ئەگەر باس لە پسپۆری هەردوو لاشیان بکەین، لەوانەیە لەیەك ئاستدا بن.

ئەگەر میوانی سەتەلایت لە دەرەوە یان بەشەکانی تری کوردستان بێ، خەرجی هەموو ئەو کاتەی لە کوردستانە لەگەڵ خەرجی هاتوچۆ و پارەی خواردن و هۆتێلیش لە ئەستۆی کەناڵی سەتەلایتە.

# هەواڵی سیاسی لە ڕۆژنامە نا حیزبییەکان

هەفتەنامەی ئازاد وەك جەماوەر و هاوڵاتی بەم شێوەیەی خوارەوە زانیارییەکانیان بەدەست دەگات:

- لە ڕێگای سەرنووسەرەوە هەواڵەکان بە ڕۆژنامەنووس دەدرێن.

- ئەگەر کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بێت، سەرنووسەر ئاگاداری بابەتی کۆنگرەیە و پەیامنێر بۆ شوێنی مەبەست ڕەوانە دەکات. زۆر جار چەند پرسیارێکیش بۆ پەیامنێر دەنووسێ و تا ئەو وەڵامەکان لەگەڵ خۆی بهێنێ.

- لەکاتی بابەتی سیاسی، سەرنووسەر پەیامنێر بۆ شوێنی مەبەست ڕەوانە دەکات و ئاگاداری دەکاتەوە چ پرسیارێك لەم کۆنگرەیە دەبێ بکرێ؟

- سەرنووسەر یان بەرپرسی بەشی هەواڵ و سیاسەت لە سەرجەم هەواڵەکان پەیامنێر ئاگادار دەکاتەوە، تا ئەو بەدواداچوونی لەسەر بکات.

- هەندێك جار مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن ئاگاداری بەرپرسی لاپەڕە دەکاتەوە تا پەیامنێر بۆ وەدەستهێنانی هەواڵ بۆ شوێنی مەبەست بچێ.

- هەندێك جار هاوڵاتییان خۆیان ڕۆژنامە لە هەندێك هەواڵ ئاگادار دەکەنەوە.

لەم دەزگایانەش هێڵی سوور هەیە و ڕۆژنامەنووس بە ئارەزووی خۆی ناتوانێ ئەوەی بیەوێ بینووسێ و بڵاوی بکاتەوە. ئەو دەبێت هەواڵ بەگوێرەی سیاسەتی ڕۆژنامە بنووسێ.

هەموو ئەو نووسینانەی لەم هەفتەنامانە بڵاودەکرێنەوە، دەبێ سەرنووسەر یان بەرپرسی بەش یان لاپەڕە ئاگاداری بێ. ئەوەش دەکاتە بوونی سێنسور (ڕەقابە) لە ڕۆژنامە بەناو

ئەهلییەکان (ناحیزبی). تۆ وەك سیاسی دەبێ بزانی، گرنگ نییە کامە ڕۆژنامەنووس بۆلات دێ، ئەو کە گەیشتە لات، کۆمەڵێك پرسیاری سەرنووسەر لەگەڵ هەندێك پرسیاری خۆی پێیە و ناڕوا تا وەڵامی هەموویانی دەست نەکەوێ. پەیامنێر ناتوانێ لە سیاسەتی ڕۆژنامە دەربچێ و ڕۆژنامە چی بوێ ئەوەی بۆ دەنووسێ!

لە هەموو جیهان ڕۆژنامەنووس دەبێ چاك شارەزای سیاسەتی ئەو ڕۆژنامەیە بێ، کە ئەو کاری تێدەکا، بەڵام دیارە لە کوردستان هەندێك لە سەرنووسەران لەگەڵ کارمەندانیان زۆر توندن بۆیە پەیوەندی نێوان سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس زۆرتر لە پەیوەندی نێوان جەنەراڵ و سەرباز دەکات، تا پەیوەندی نێوان دوو ڕۆشنبیر و هاوپیشە! ئەم جۆرە پەیوەندییە بڕوانەبوون بەیەکتری و تێنەگەیشتن لە ڕۆژنامەگەری نیشان دەدات.

# پیشەی ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەی ئازاد

لە هەندێك شوێنی تری ئەم کتێبە باسمان لە پسپۆری لە ڕاگەیاندنی کوردی کردووە و نووسیومانە زۆر لەوانەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کار دەکەن، یان دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەڕێوەدەبەن بە خولیای خۆیان بوونەتە ڕۆژنامەنووس. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە، کە هەندێك جار هەندێك گوتار بلاّودەکەنەوە، جگە لەوەی بە ناوەڕۆك و لە چۆنێتی دارشتنی کەموکورتی هەیە، لە ڕووی ئەخلاق و داب و نەریتیشەوە بایەخی پێ نەدراوە و بیری لێ نەکراوەتەوە، چونکە نووسەران لە ڕاگەیاندن پسپۆر نین! نا پسپۆری ئەوان لەم بوارە بۆتە هۆی تێنەگەیشتنی ئەوان لە بلاّوکردنەوەی نووسینی بێ ناوەڕۆك بۆ پرسی کورد یان کۆمەلّگای کوردەواری. ئەم جۆرە بلاّوکردنەوانە لە ڕاگەیاندن نەك باش نییە، بەلّکو ترسناکیشە، چونکە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن بۆ مەبەستی تایبەتی کەسی وەك چەکێکی زۆر بەهێز و ترسناك بەکار دەهێنن.

ئەگەر لە خوارەوە نموونەیەکی بچووك لەم ناپسپۆرییە بهێنینەوە، باس لە نووسینی گوتارێك دەکەین، کە لەیەك لە ڕۆژنامەکانی هەولێر لە حوزەیرانی 2006 بلاّوکرابۆوە. ڕۆژنامەنووس لە نووسینەکەی ڕەخنەیەکی توندی لە کارمەندێکی گەورەی حکومەت نووسیبوو و زۆریش لە ناوەڕۆکی گوتارەکە لە ڕاستی دوور بوو. ڕۆژنامەنووس نووسیبووی کەسی بەرپرس، بە واسیتە و ماستاو سارکردنەوە بۆتە بەرپرس! بەڕێکەوت، ئەم کارمەندە و بەرپرسەی حکومەت من لە نزیکەوە دەناسم. ئەو لە سەرەتای هەشتاکان هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە بیست سالّ، لە ڕێکخراوی نهێنی کۆمەلّەی ڕەنجدەرانی کوردستان کاری دەکرد. کادرێك ئەوەندە سالّە لە سیاسیەت بە دلّسۆزی بۆ حیزبەکەی لە ڕۆژی ڕەش و

تەنگانە کاربکات، بێگومان لە کوردستانی ئازاد حیزب ئامادە نییە ئەم جۆرە کادرانە فڕەبدات یان پشتگوێیان بخات! لە شوێنێکی گوتارەکە ڕۆژنامەنووس نووسیبووی: "ئەم بەرپرسە نەخوێندەوارە" ڕاستییەکەی دوو کۆلێژی تەواو کردووە و یەك لەو کۆلێژانە، کۆلێژی یاسایە. ئەو هەر بە دیپلۆم یاساناس نییە، بەڵکو ماوەیەکی زۆریش وەك پارێزەری زۆر سەرکەوتوو کاری کردووە. ئەو بەرپرسە لەکاتی بلاوکردنەوەی گوتار، خاوەنی 5 پەرتووك بووە و پێشتریش لە سلێمانی سەرنووسەری گۆڤارێکی پیشەیی بووە. ئەم ڕۆژنامەنووسە زۆر زانیاری ناڕاستی لەسەر کەسی بەرپرس بە درۆ بلاکردبۆوە. ئەگەر ڕۆژنامەنووس لە ڕاگەیاندن کادرێکی ئەکادیمی بووایە، لەم جۆرە نووسینانەی نەدەنووسی، بە تایبەتیش لە دوا دێڕ هەڕەشەی بلاوکردنەوەی شتی زۆرتری لەسەر کردبوو. ئەمەش هیچ یاسا و ئەخلاقێك ڕێگا بە بلاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەڕەشانە نادات! ئەگەر یەکێك ئەم برادەرەی من نەناسێ، لەوانەیە باوەڕ بکات، بەلاّم خۆ هەموو کەسێك هەموو کەس ناناسن!

بلاّو کردنەوەی ئەم جۆرە گوتارانە و دەربڕینیان بەم شێوە خراپ و نادروستە، نە لە سوودی ڕاگەیاندنی کوردییە، نە لە سوودی کەسی ترە. هەمووش لە ئەنجامی ئەوەی لە کوردستان هەندێك ئازادی هەیە و کەسانی نا پسپۆر لە ڕاگەیاندن بە خراپە سوود لە ئازادی و دیموکراتی کە لە کوردستان هەیە وەردەگرن. کاتێك ئەم جۆرە ڕاپۆرت و گوتارانە دەخوێنیتەوە، هەست دەکەیت، ئێمە جارێ بۆ بە پسپۆرکردنی ڕاگەیاندن ماومانە.

لە کوردستان ڕۆژنامەنووسان جارێ خۆیان ساغ نەکردۆتەوە لەسەر چ بوارێك بنووسن. ئەوان نەبوونەتە پسپۆر لە بواری: سیاسەت، کۆمەلاّیەتی، مندالاّن یان هەر بوارێکی تری ناو کۆمەڵ. هەر یەك لەوان لەسەر زۆر بابەتی جیا دەنووسێ. دابەشکردنی کارەکانیش

بەپێی ئارەزوو سەلیقەی سەرنووسەری ڕۆژنامە دیاری دەکرێت. بەمانایەکی دیکە ئەو ڕۆژنامەنووسەی کاری بەدواداچوون دەکات لەهەمان کات کاری داڕشتنی هەواڵ و دیمانە و ڕای لەسەر دیزاین (نەخشەسازی)ش هەندێك جار وەردەگیرێت.

بەڕای هەندێك لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، دوو جۆر ڕۆژنامە دەردەچن و دوو شێوەی ئیشکردنیش لەو ڕۆژنامانەدا هەیە. یەکیان حیزبی و ئەوەی تر ئازاد یان ئەهلی. میکانیزمی ئیشکردن لەم دوو جۆرە ڕۆژنامانە لەیەکتر نزیکە. لە ڕۆژنامە ئەهلییەکان ئازادی ئیشکردن زۆر لە ڕۆژنامە حیزبییەکان زیاترە.

سەرنووسەری ڕۆژنامە بەبێ ڕەچاوکردنی ئارەزووی ڕۆژنامەنووس فەرمان بەسەر ڕۆژنامەنووس دەدات چی بنووسێ و چۆن بنووسێ. لە ڕۆژنامە کەسی یەکەمی بڕیاردەرە، کە چی بکرێت و چیش بلاّو بکرێتەوە. لێرەدا کاریگەری خزمایەتی و برادەرایەتی و حیزبایەتی و ...تاد لە ناوەڕۆکی بابەت و بەرهەمی ڕۆژنامە دیار دەکەون و ڕەنگ دەدەنەوە. وەك لە شوێنێکی تری ئەم کتێبە نووسیمان، پەیوەندی سەرنووسەرو ڕۆژنامەوان زیاتر پەیوەندییەکی کلاسیکە واتە زۆرتر لە پەیوەندی نێوان سەرباز و ئەفسەر یان پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی دەچێت تا لە نێوان دوو (هاوپیشە) و کەسی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس!

لەلایەکی تریش لەبەر ئەوەی سیاسەت و بیروبۆچوونی سیاسی کاریگەری زۆری لەسەر ڕەوتی ڕۆژنامە هەیە، مەسەلە سیاسییەکان و هەواڵی سیاسی ڕێك و ڕاست کەسی یەکەم لە ڕۆژنامە بڕیار دەدات چی بلاّوبکرێتەوە و چیش پشتگوێ بخرێ! سەرنووسەر زۆر جار بۆ مەرامی سیاسی ڕۆژنامە بە ئەنقەست یان لە نەزانینەوە بنەمای هەواڵ دەگۆڕێ، لەو کات ئەو بێلایەنیی خۆی ناتوانێ بپارێزێ و لەدەستی دەدا.

لەزۆر حاڵەت ڕۆژنامەنووسان ناتوانن بەبێ پرسی سەرنووسەر بەدوای هەواڵێك یان بابەتێکی سیاسیدا بچن، چونکە شانسی بلاّوکردنەوەی زۆر لە ڕۆژنامە لاوازە یاخود هەر بلاّو ناکرێتەوە (زۆرتر لە ڕۆژنامە حیزبییەکان ڕوودەدات)! پەیامنێرانی ڕۆژنامە کوردییەکان زیاتر لە چوارچێوەی بیری سەرنووسەران دەخولێنەوە، چونکە دواجار زۆری بەرهەم و ژمارەی بلاّوکراوە بڕیار لەسەر باشی و خراپی پەیامنێر و پاداشتی پەیامنێر دەدات نەك ناوەڕۆکی بابەتەکان!

# پەیداکردنی هەواڵ

لەبەر ئەوەی زۆر لە ڕۆژنامەنووسان وەك پیشەی ئەکادیمی ڕۆژنامەنووس نین، دەستکەوتنی هەواڵ بۆ ئەوان گەورەترین گرفتە. ئەوان فێرنەکراوین، چۆن بەدوای هەواڵ بگەڕێن و چۆن هەواڵ پەیدا بکەن؟ لە کاتێکدا کوردستان وەك دەزانین سەرچاوەی نەك تەنیا هەواڵی ئێراق و ناوچەیە، بەڵکو گشت جیهانیشە! نا پرۆفسیۆنالیزم لە پیشەی ڕۆژنامەگەری، بۆتە هۆی تێنەگەیشتن لە هەواڵی پێویست و نا پێویست. ئەو لەوانەشە لەبەر ئەوەی زۆر لەناو کۆمەڵ دەژیێ و ڕووداوەکان ڕۆژانە دەبینێ پێی وانییە ئەمە هەواڵە و سەرنج ڕاکێشە. ئەو لەبەر ناپسپۆری لە ڕاگەیاندن، بیری دەچێ، کە ئەو بۆ جەماوەر دەنووسێ نەك بۆخۆی! بۆیە گرنگی و سەنگی هەواڵەکان وەك پێویست نازانێ!

بەڕای ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەم بەشە سوودم لە ئەزموونیان وەرگرتووە، زۆربەی ئەو هەواڵانەی لە ڕۆژنامەکان بلاۆ دەکرێنەوە، یان بەهۆی پەیوەندی برادەرایەتی بووە، یانیش کەسانێك بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بە سەرنووسەر یان ڕۆژنامەنووسیان داوە.

تۆ وەك بەرپرس بە لاتەوە سەیر نەبێ ئەگەر زۆربەی هەواڵ یان ئەو نووسینانەی لە ڕۆژنامەکان دەیخوێنیتەوە سەرچاوەکەی لە دانیشتنی چایخانە، چاوەڕێکردن لەئۆفیسی لێپرسراوێك، لەناو پاس و تەکسی وەدەست ڕۆژنامەنووس کەوتوون.

دوای ئەوەی ڕۆژنامەنووس دەیەوێ ڕووداوێك بکاتە هەواڵ یان راپۆرت، هەوڵ دەدات سەرنووسەری لێ ئاگادار بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەرنووسەر ئاگادار بێت لەوانەیە ماندووبوونی ئەو بەخۆڕا بڕوا و نووسینەکەی بلاۆنەکرێتەوە. ئەگەر مەسەلەکە سیاسی بوو

ئەوە هەر پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە نەك پەیامنێرێکی دیکە، چونکە دوا بڕیار لەدەست ئەوە.

هەندێك لەو ڕۆژنامەنووسانەی لە ڕۆژنامەی هاولاَتی بۆ ماوەیەکی زۆر کاریان کردووە، زۆرتر گلەییان لەوە دەکرد، کە هەواڵەکانی هەولێر تەواو پشتگوێ دەخران، نەك لەبەر ئەوەی هەواڵەکە بنەمای داڕشتنی هەواڵ یان گرنگ نەبووە، کێشەکە لەوەدابوو ئەوان هەستیان بە گرنگی هەواڵەکە بۆ هەولێر نەدەکرد! واتە مەسەلەکە دابەشکردنی جوگرافیا بوو. سەرنووسەر یاخود ستافی لاپەڕەکانی هەواڵ هەواڵەکانی تایبەت بە هەولێریان پەراوێز دەخست و بلاَویان نەدەکردەوە، یانیش بەدەستکاریکردن، کە زۆرجار لە بایەخی هەواڵەکەی کەم دەکردەوە، ئینجا بلاَویان دەرکردەوە.

زۆر لە ڕۆژنامەنووسان گلەیی لە کادرانی سیاسی دەکەن لەسەر ئەوەی، پەیامنێران مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ بەپێی ئەو ڕۆژنامەیەی کاری تێدا دەکەن، نەك ئەوان وەك کەس یان ڕۆژنامەنووس. کادرانی سیاسی بیریان لەرۆژنامە یانی خاوەنی ڕۆژنامە و کەسانی پشتی ڕۆژنامە کردۆتەوە. ڕۆژنامەنووسێکی هاولاَتی تەواو جیا لە ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی میدیا پێشوازی لە لایەن بەرپرسانی سیاسییەوە لێ دەکرێ. ئەوەش دەکاتە تێنەگەیشتنی کادری سیاسی لە ڕاگەیاندن. ئەو دەبێ ڕۆژنامەنووس لەسەر ناو و جۆری وەرگرتنی ئینتەرڤیو و ئاڕاستەکردنی پرسیار هەڵبسەنگێنێ، نەك لەسەر ئەوەی لە کامە ڕۆژنامە کار دەکات! لەوانەیە لەم ڕۆژنامەی دوایی پارەی زۆرتری پێ بدەن! واتای ئەوە نییە کە ڕۆژنامەنووسێکی خراپە. ئەم بیرکردنەوەی سەرەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەنووس تەواو نییە.

له خوارەوە نموونەی پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی هاولاتی سالّی 2000 له هەولێر دەهێنینەوە.

لەناو شاری هەولێر زۆر باس له مۆبایلی (ئاسیاسێل) دەكرا. خەلّك گازانده دەكەن و دەپرسن: بۆ ناتوانن قسه لەگەلّ خزموكەسیان له شارەكانی تری كوردستان به تایبەتیش ناوچەكانی ژێر دەستەلاّتی یەكێتی نیشتمانی كوردستان بكەن؟ پەیامنێری ڕۆژنامه بەناوی دەشتی سەباح بۆ دیمانه كات لای بریكاری وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی ئەوكات وەردەگرێ. پەیامنێر دەلّێ: چوومه ژوور و سلاّوم كرد بەشێوەیەكی زۆر ناشیرین و بەبێ هیچ گرنگیدانێك وابزانم وەلاّمی سلاّوی نەدامەوە، چونكه پێشتر لەڕێگای سكرتێری زانیبووی من له ڕۆژنامەی هاولاّتییەوە هاتووم، جگه لەوەش من مەوعیدی دیمانەم لەگەلّ ئەو هەبوو. جەنابی بریكار وەك ئەوەی نه بای دیبێ و نەباران، خۆی به تەلەفۆن سەرقالّ كرد و منیش هەر به وەستان چاوەڕێی فەرمانێكی ئەو بووم! ئەو داوای دانیشتنی منی نەكرد. من له هاتنم بۆ لای جەنابی بریكاری وەزیری گواستنەوە و گەیاندن زۆر پەشیمان بووم، بەلاّم تازه گەیشتوومەته ژوور و بۆم ناكرێ بێ وەلاّم بگەڕێمەوە! دوای تەواو بوونی تەلەفۆنەكەی هەر بەوەستان چەند پرسیارێكی به ئوسلوبی زۆر ناشیرین و خراپ لێ كردم: بۆ ئەوەی خوێنەری ئەم كتێبه باش تێبگەن، له خوارەوە وەك خۆی دوای دەمێك وەستان و چاوەڕێكردن دیالۆگی نێوان بریكاری وەزیر و پەیامنێری ڕۆژنامەی هاولاّتی دەشتی سەباح دەنووسینەوە:

بریكار: فەرموو كاكه چیت دەوێت؟

دەشتی: بۆ دیمانەكه هاتووم لەسەر كێشەی مۆبایلی ئاسیاو كۆڕەك.

بریكار: جا چیت دەوێت؟

دەشتی: هاتووم دیمانەیەك بکەین، خەڵك زۆر دەپرسێت مۆبایلی ئاسیا کەی لەهەولێر ئیش دەکات؟

بریکار: کاکە برۆ لای بەڕێوەبەری تەکنیکی ئەو پەیوەندی بەوە هەیە، نەك من.

دەشتی: بەس جەنابتان بەحوکمی ئەوەی بریکاری وەزیرن ئێوە باشتر دەزانن و منیش هاتووم بەپێی مەوعید لەگەڵ ئێوە قسە بکەم.

بریکار: کاکە پێمگوتی برۆ لای کاك رەشاد، ئەو بەڕێوەبەری تەکنیکییە، من نازانم!

لێرەدا کۆتایی بە دیالۆگەکەمان هات. من چوومە لای کاك رەشاد، بەڵام ئەو هیچ وەڵامی لا دەست نەکەوت، چونکە وەڵامەکان لای بریکار بوون!

ئەگەر بریکاری وەزیر لەسەر قسەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس ڕاهێندرابا، قەت بەم جۆرە لەگەڵ کوڕێکی گەنجی بەتوانا و ڕۆژنامەنووسێکی باش قسەی نەدەکرد! بریکار زۆر ناپسپۆرانە وەڵامی ڕۆژنامەنووسی داوەتەوە، لەوەش خراپتر کێشەکەی لەسەر خۆی لادا و لە بەرپرسێتی ڕایکرد! ئێمە لە بەشی یەکەم زۆر بە وردی باسمان لەم جۆرە ئینتەرڤیوانە کردووە بۆیە لێرە دووبارەی ناکەینەوە.

ئەم هەڵسوکەوتەی بریکاری وەزیر تەنیا لە سیستێمی دواکەوتووی جیهان و لەناو ڕژێمە دیکتاتۆرەکان پەیڕەو دەکرێ، نەك لە ولاتێك زیاد لە یەك ملیۆن شەهیدی بۆ ئەمڕۆژە دابێ و جەنابی بریکاریش یەك لە گەورەترین سوودمەندی تەواوی قوربانییەکان و سیستێم و حیزب بێ!

ئەگەر بریکار لە ڕاگەیاندن گەیشتبا، زۆر بە ئاسانی دەیتوانی ڕۆژنامەنووس ڕازی بکات و بڵێ:

- ئێمە لەسەر ئەم پرسیارە کار دەکەین!

- ئێمە ڕازین بۆ یەکگرتنەوە، بەڵاّم پرسیارەکە ئەوەیە، چەند ئاسیاسێل ئامادەی ئەو یەکگرتنەوەیە لەگەڵ ئێمە؟

- چەند ئاسیا سێل ئامادەی ئەوەیە لە هەولێر تەلەفۆنیان بەکار بهێندرێ؟

- پرسیارێکی ئاڵۆزە و پێویستی بە کارکردنی زۆر لەسەری هەیە.

- لەو کاتەی ئێمە پێکهاتین، بێ شك ئاگاداری خوێنەرانی خۆشەویستی ڕۆژنامەکەتان دەکەینەوە.

ئەم بریکارە دەیان وەڵاّم هەبوو بیداتەوە، بەڵاّم لەبەر تێنەگەیشتنی ئەو لە ڕاگەیاندن، بەم شێوەی سەرەوە وەڵاّمی دایەوە!

ئەو لە جیاتی ڕۆژنامەنووسێك بکاتە برادەری خۆی، یەکی کردە دژ بەخۆی! لە وڵاّتی ئازاد، پاش ئەم بینینە، بریکار تووشی ڕەخنەی توند دەهات و یان دەبوایە داوای بووردن لە ڕۆژنامەنووس بکات، یانیش ناچار دەکرا خواحافیزی لە کورسی بریکاری بکا!

# گرفتی ڕۆژنامەنووس لەکاتی کارکردن

ڕۆژنامەنووسانی کورد لەگەڵ دەسەڵات زۆر جار تووشی گرفتی گەورە دەبن، ئەوەش زۆرتر لە تێنەگەیشتنی یەکتر یان لە گەورەکردنی بابەت یان پرسیاری بەرزکراوەیە. ڕۆژنامەنووس لەگەڵ کادری سیاسی هەریەك بەجۆرێك بۆ شتەکان دەچن. لە خوارەوە باس لە هەندێك لەو خاڵانە دەکەین:

- پەیامنێری یەك لە تەلەفزیۆنەکانی یەکێتی لە هەولێر، لەو کاتەی بەدوای هەواڵێك دادەچێ لەلایەن بەرپرسانی حکومەت، بەتایبەتیش ئەگەر ئەوان ئەندامی پارتی بن، زانیاری پێویستیان پێ نادەن. لەو کاتەی دەزانن، کە پەیامنێر بەنیازی ئامادەکردنی ڕاپۆرتە لەسەر بابەتی دیار کراو، یەکسەر دەڵێن: (ڕەزامەندی وەزارەتمان بۆ بێنە). هەندێك جار لە نەخۆشخانە، قوتابخانە، بنکەی پۆلیس یان دائیرەی جیا دەڵێن: بەڕێوەبەری گشتی یان کەسی بەرپرس ئاگاداریان کردووینەتەوە، کە قسە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان نەکەین. لەهەمان کات ڕاگەیاندنی حیزبی دەسەڵاتدار ئازادانە هەر شوێنێك بیەوێ بێ گرفت بۆی دەچێ.

- کەسانی دەسەڵاتدار جیاوازی لە نێوان پەیامنێران دەکەن. لەو کاتەی رایس لە تشرینی یەکی 2006 بۆ جاری دووەمی سەردانی هەولێری کرد، لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ سەرۆك بارزانی، تەنیا ڕێگەیان بە یەك پەیامنێر لەگەڵ سێ وێنەگر دا بۆ ژوورەوە بچێت. کەسی پەیامنێریش جگە لەو پرسیارانەی بۆیان دانا، بۆی نەبوو هیچ پرسیارێکی تر بکات!

- هەندێك جار کەسێك قسەیەك دەکات، پاش تەواوبوونی، پەشیمان دەبێتەوە و تکا لە ڕۆژنامەنووس دەکات، بڵاوی نەکەنەوە، چونکە ئەگەر لە تەلەفزیۆنی حیزبی تر نیشان

بدریّ، تووشی گرفتی گەورە دەبیّ. پەیامنێری کەناڵی تەلەفزیۆنی هەولێری یەکێتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەفسەرێك سەبارەت بە گرفتی هاتوچۆ لە هەولێر ساز دەدا. ئەفسەری هاتوچۆ زۆر بە ڕاشکاوانە باسی لە گرفتەکانی هاتوچۆ لە هەولێر کرد. دوای تەواو بوون، لەو کاتەی کەسی پەیامنێر نیازی ڕۆیشتنی هەبووە، تکای لە لایەن ئەفسەرەوە لیّ کراوە، کە چاوپێکەوتنەکە دانەبەزێنیّ، چونکە بە دابەزینی، ئەو لەکار دەردەکریّ و نانی دەبڕیّ! ناوەڕۆکی ئینتەرڤیو هیچ پەیوەندی بە سیاسەت نەبووە!

- پەیامنێر زۆر جار پێویستی بە 10-18 چرکە بۆ ڕاپۆرتەکەی هەیە، کابرا زیاد لە پێنج خولەکە قسە دەکات، هێشتا ئەوەی پەیامنێر دەیەویّ باسی نەکردووە، زۆر جار پەیامنێر پرسیارەکە دووبارە دەکاتەوە و تکای لیّ دەکات بە کورتی وەڵامی بداتەوە، دیسان ئەو ناتوانیّ مەبەستی بە چەند چرکەیەك دەربڕیّ.

- ئەو دەزگایەی پەیامنێر کاری بۆ دەکات، زۆرجار فەنتازیای پەیامنێر دەکوژیّ و ڕێگای پیّ نادا بە ئارەزووی خۆی بکەوێتە دوای بابەتی دیارکراو. حیزب پەیامی ڕۆژنامەنووسی خۆی لە ڕوانگەی حیزبایەتی تەسك پەیڕەو دەکات. یان ئەو شتەی حیزب دەیەویّ باسی لێوە بکریّ، ڕۆژنامەنووس ناچار دەکەن وەك چۆن خۆیان دەیانەویّ، ڕاپۆرتەکە ئامادە بکات.

- زۆر لەوانەی وەك کامیرامان کار دەکەن، لە ڕێگای ئاهەنگی بووك گواستنەوە فێری فیلم گرتن بوون. هەندێك لەوان تێناگەن لە کوێندەر گرنگە یان چۆن و چ بگرن! بۆیە ئەوەی دەیگرن، زۆر جار لەگەڵ ناوەڕۆکی راپۆرتەکە ناگونجیّ.

- هەندێك جار لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییانەی لە هەولێر دەگێڕدرێن، تەنیا ڕێگا بە کەناڵە ئاسمانییەکان دەدریّ بچنە ژوور و کەناڵە لۆکالەکان پشتگویّ دەخەن. بۆ نموونە هاتنی

وەزیری بەریتانی بۆ کاروباری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەگەڵ وەفدی یاوەری لە هاوینی 2006 ڕێگا بە پەیامنێرانی کەناڵە لۆکالییەکان نەدرا بچنە ژوور و پرسیاری خۆیان بکەن.

- پەیوەندی نێوان پەیامنێران و ئەفسەرانی ئاسایش زۆر خراپە. بەلات سەیر نەبێ، ئەگەر ئاسایش هەموو جارەکان ئەم گرفتە بە چەك و لێدان چارەسەر بکات! دوو نموونە لە خوارەوە دەهێنینەوە.

خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکانی دمدم و هەڵگورد لە ئێوارەی 13-11-2005 لە شاری هەولێر بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان مانیان گرت. هەندێك لە خوێندکاران پەیوەندی بە کەناڵی تەلەفزیۆنی یەکێتی لە هەولێر دەکەن و تکایان لێ دەکەن، بێن ڕووداوەکە بگرن و کێشەکە گەورە بکەن و جەماوەری لێ ئاگادار بکەنەوە. پەیامنێر و وێنەگر و شوفێر دەگەنە شوێنی مەبەست. پیاوانی ئاسایش دەبینن، کەناڵی یەکێتی خەریکی گرتنی هات و هاواری خوێندکارانە، وای تێدەگەن، هەمووی لە ژێر سەری ئەوانەوە بووە! ئەوان لە پەیامنێر دەدەن و چەند خوێندکارێك بەرگری لە پەیامنێر دەکەن، ئەوانیش لێدانیان بەردەکەوێ. وێنەگر لە ترسی شکانی کامیراکەی ڕادەکات، لەو کاتە بەزۆر دەیانەوێ پەیامنێر ببەنە ناو ئۆتۆمبێل، لەوکات نەوزاد هادی لەگەڵ قایمقام دێتە خوار و خوێندکاران ئاگاداری دەکەنەوە، کە چەکدارەکانی ئەو لەگەڵ چەکدارەکانی قایمقام لە پەیامنێر دەدەن و خەریکن بەزۆر سواری ئۆتۆمبێلی بکەن! کاك نەوزاد هادی لێناگەڕێ پەیامنێر سواری ئۆتۆمبێل بکرێ و بە فەرمانی ئەو ئازاد دەکرێ، بەلاّم لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەو ئەفسەرێکی دوو نەجمە، قۆنداغێك تفەنگ لە دەمی پەیامنێر (هێمن کەریم مامڕەش) دەدات و دەمی پڕ خوێن دەکات. ئەو ئەفسەرە هەڕەشەی لێ دەکات و دەڵێ: "وا مەزانە یەکێتی

گەڕاوەتەوە هەولێر و ئێوە بتوانن بە ئازادی کار بکەن، ئێمە دەتوانین لەناو مەڵبەندیش دارکاریت بکەین!" بۆ ڕۆژی دووەم، پەیامنێر دەچێتە سەندیکا و داوای یارمەتی لە سەندیکا دەکات. سەندیکا نامەیەك بۆ وەزیری ناوەخۆ دەنووسێت و داوا دەکا لێپێچینەوە لەگەڵ پۆلیسەکان بکرێ. ئێستا نزیکەی یەك ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوە تێپەڕیوە، هێشتا هیچ نەکراوە!

چەند ڕۆژێك دوای ئەم کارەساتە، لەوکاتەی هەندێك لە گەنجانی شاری هەولێر لە پێش بازاڕی سیروان ویستبوویان ڕێپێوان ساز بدەن، پەیامنێری رادیۆی نەوا بۆ گەیاندنی ئەم ڕووداوە ئامادە دەبێ. پۆلیسەکانی هەولێر لەبەردەم چاوی جەماوەر و بە نوێژی نیوەڕۆ و بە ئاشکرا دەکەونە گیانی بڵند مستەفا تەنیا لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەنووسە و پەیامنێری رادیۆی نەوایە تێر لێی دەدەن!

فەرهەنگی هەندێك لە پۆلیسانی شاری هەولێر لە جیاتی گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی میدیا، بەکارهێنانی چەك و حەیزەرانە، بۆ ئەمە دەیان نموونەی زەق هەن. پۆلیس و ئاسایش زۆربەی جارەکان سەیری نووسینی سەر کامیرا ناکات، کە ئەوان نوێنەری چ دەزگایەکن! لەسەرەوە فەرمانیان پێ دەدرێ ئەوانیش لە خوارەوە پەیڕەوی فەرمانی ئەوان دەکەن! ئاهەنگی ڕۆژی دووەمی زەکەریا لە پارکی هەولێر لە بەهاری 2006، ئەمجارە ڕۆژنامەنووسانی سەتەلایت لێدانیان خوارد. ئەوان دەیانویست ئاهەنگی زەکەریا ڕاستەوخۆ بە ڕێگای کەناڵەکەیان بگوازنەوە، بەڵام لە جیاتی گواستنەوەی ئاهەنگ، زۆر نزیك بوو هەر هەموو کارمەندان بکوژرێن! چەند هاواریان کردبوو، کە ئەوان لە کەناڵی کوردستان TV کار دەکەن، چەکدارەکان تێیان نەگەیشتبوون، یان نەیان دەویست تێیان بگەن!

هەموو ئەو جارانەی لە ڕۆژنامەنووسان دراوە، زۆر بە ئاسانی دەکرا لە جیاتی لێدان بە قسەی خۆش گرفتەکان چارەسەر بکرێن. ئەوان دەیانتوانی ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ کەسی پەیامنێر بکەن، کە چیتر فیلم نەگرێ یانیش پەیوەندییان بە بەڕێوەبەری کەناڵ کردبا، کە فلانە بابەت لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە... دامەبەزێنن. ئەو کەس یان پۆلیسانەی لە ڕۆژنامەنووسانیان داوە، لەلایەن پەیامنێران کەسی دیار و ئاشکران. هەموو جارەکانیش پۆلیسی هەمان بنکە بەشدارییان لەم داپڵۆسینە و لێدانی ڕۆژنامەنووسان کردووە! لێرە دەپرسین، بۆ پارێزگار یان قایمقام کۆبوونەوەیەك بە پۆلیسەکانی خۆیان ناکەن، تێیدا ڕابگەیەنن بە هیچ شێوەیەك نابێ لە ڕۆژنامەنووسان بدرێ! ئەو پۆلیسانە لە لێدانی ڕۆژنامەنووسان بەردەوامن جا با هەر بەرپرسان هاوار بکەن و بڵێن: ڕاگەیاندن لە کوردستان ئازادە؟

ئەگەر دەستەڵاتدارانی کوردستان بیانەوێ ڕۆژنامەنووسان باشتر یان کوردانەتر لەسەریان بنووسن و پرسیارەکان وەك خۆی بەرز بکەنەوە، دەبێ ڕێزیان بگیرێ و لەسەر نووسینی باش یان گەیاندنی ڕووداوی کۆمەڵ خەڵات بکرێن، نەك دارکاری!

# رادیۆی نەوا

رادیۆی نەوا وەك زۆربەی رادیۆكانی تری كوردستان هەوڵ دەدات، بە باشترین شێوە پەیامی خۆی بە بیسەران بگەیێنێ. بەڵام لەبەر كەمی كادری پسپۆر لە بواری ڕاگەیاندن، چۆن خۆیان دەیانەوێ نەیانتوانیوە بەرنامەكانیان وەك پێویست پڕبكەنەوە. لەگەڵ ئەوەش بە بەراورد لەگەڵ رادیۆكانی تری كوردستان بەرنامەكانی رادیۆی نەوا باشترە و ژمارەی بیسەری زۆرترە. نەبوونی پسپۆری باش لە ڕاگەیاندن كەلێنێكی بۆ رادیۆی نەوا دروست كردووە. ئەم كەلێنەش لەوانەیە تەنیا كەسانی پسپۆر لە راگەیاندن بیبینن و هەستی پێ بكەن.

ئەگەر رادیۆی نەوا ڕۆژنامەنووسی پسپۆری بەش نەكات و راپۆرتەكانی وەك پێویست درێژ نەبن و لەو ماوەیەی بۆی تەرخان كراوە یانی دوو خولەك، پەیامنێری نەتوانێ پەیامی بە دروستی بە ئێزگە و لەوێشەوە بە بیسەران بگەیێنێ، جێگای گومان نییە لەوەی رادیۆی نەوا لە دەنگ و تەكنیك یەك لە باشترین رادیۆكانی كوردستان بێ.

رادیۆی نەوا ئەگەرچی رادیۆیەكی ئازادە و زۆرتر لە ڕێكخراوە بیانییەكانی، كە پشتگیری لە دیموكراتیەت لە ئێراق دەكەن یارمەتی وەردەگرێ، بەڵام دیسان نەیتوانیوە بە ئازادانە هەواڵ و ڕووداوەكان بە بیسەران بگەێنێ. ئەم هەواڵ و ڕووداوانە ئەگەر بەسەر كەسانی تر یان حیزبی تر هاتبان، لەوانەبوو وەك هەواڵ بایەخیان زۆرتر پێ درابایە. ئەم بایەخ پێ نەدانە زۆرتر لەلایەن بەڕێوەبەرەوە فەرمانی بۆ دەردەچێ نەك لەلایەن ئەو ڕێكخراوانەی یارمەتی مادی رادیۆی نەوا دەدا.

لە رادیۆی نەوا بەڕێوەبەر دەستەڵاتی تەواوی هەیە و ئەو لەسەر دابەزینی هەموو هەواڵێك ئاگادار دەکرێتەوە. دابەزینی هەواڵی سیاسی، بەبێ ئاگاداری بەڕێوەبەر، پەیامنێر یان بێژەر کار لەدەست دەدات!

بە فەرمانی بەڕێوەبەریش تا ئێستا زۆر وشە وەك: وشەی "چەکداری نەناسراو" گۆڕدرا بە "تیرۆریست"، وشەی "کوژراو" کرا بە "شەهید ...هتد" ئەم گۆڕانکارییە لەوانەیە زۆرتر لە بەرژەوەندی میللیی کورد بێ و لەترسی لەدەستدانی بیسەر بێ، چونکە ئەگەر رادیۆی نەوا ئەم وشانە وەك سەرجەم رادیۆکانی تری کوردستان بەکار نەهێنێ لەوانەیە ترسی لەدەستدانی بیسەری هەبێ.

# بەشی هەواڵ لە رادیۆی نەوا

## بەشی کوردی

بەشی کوردی (ئێمە لێرە تەنیا باس لە بەشی کوردی نەوا دەکەین) پێکهاتبوو لە ژوورێك، کە چەندین هەواڵساز لە ژێر چاودێری سەرنووسەر کاری تێدا دەکەن. هەواڵ دەنووسرێ، دواتر نیشانی سەرنووسەر دەدرێ، پاش ڕازیبوونی سەرنووسەر هەواڵ تایپ دەکرێ و ئیمزای لەسەر دەکرێ و بۆ لای بێژەر دەنێردرێ. هەواڵەکان زۆربەی جار، سێ هەواڵ بە زاراوەی سۆرانی و سێ هەواڵیش بە زاراوەی کرمانجی بڵاودەکرێنەوە. هەموو هەواڵەکان بە دوو سەردێڕ ڕێکلامیان بۆ دەکرێ. سەرنووسەر دەستەڵاتی تەواوی لە پەخش و جۆری داڕشتنی هەواڵ و راپۆرتەکان هەیە.

هەواڵ لە رادیۆی نەوا لە چەند سەرچاوەیەك وەردەگیرێ لەوانە:

1- لە ڕێگای پەیامنێرانییەوە

2- لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە

3- لە ئاژانسی رۆیتەرس

رادیۆی نەوا لە هەموو پەیامنێرانی خۆی هەواڵ و زانیاری وەردەگرێ. وەرگرتنی هەواڵ بە ڕێگای تەلەفۆن، ئێمەیل یان چوونی پەیامنێر بۆ ستۆدیۆیە. ئەگەر بە تەلەفۆن هەواڵ بنێردرێ، ئەوا ڕاستەوخۆ لە کۆمپیوتەرێکی تایبەت دەنگ تۆمار دەکرێ. دوای تۆمارکردن، پێشەکی بۆ راپۆرتە هەواڵ یان دووبارە داڕشتنەوەی هەواڵ دەنووسرێ و دواتر بەرهەمەکە بۆ پەخش دەنێردرێ. لەبیر نەکەین، پاش بیستنی لەلایەن کەسی بەرپرسەوە نەوا پەیامەکە پەخش دەکا.

بەشی پەیامنێران بەشێکی زۆر چالاکی پێکهاتەی بەشی هەواڵە. زۆربەی هەواڵەکان بە دەنگی خودی پەیامنێر خۆی تۆمار دەکرێ و پەخش دەکرێ، بەڵام ئەو هەواڵانەی گوتنەکان و شێوەی داڕشتنیان خراپە، سەرلەنوێ لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە دادەڕێژرێتەوە و بەدەنگی بێژەر دەخوێنرێتەوە.

رادیۆی نەوا لەبەر ئەوەی 24 کاتژمێر لە شەو و ڕۆژێك کار دەکات، کارمەندان بە سێ شەفت کار دەکەن و ژمارەی کارمەندانیش نزیکەی 80 کەسە. ئەو کادرانەی لە بەشی پەیامنێران کار دەکەن، کاریان تەنیا تۆمارکردنی دەنگ و نووسینەوەی وتەی پەیامنێرانە.

لە ڕووداوی سیاسی یەك لە بەڕێوەبەرانی رادیۆ جۆری پرسیار و قارەمانی ئینتەرڤیوەکان بۆ پەیامنێر دیاری دەکات. بەڕێوەبەر داوا لە ڕۆژنامەنووس دەکات، لەگەڵ فلانە کەس لێدوان لەسەر ڕووداوی دیارکراو وەربگرێت و پەیامنێریش فەرمانی بەرپرسی سەرووی خۆی جێبەجێ دەکات. ئەو پەیامنێرانەی زۆر دەمێکە یانی لە دروستبوونیەوە لە 1-1-

2005 وە لە رادیۆی نەوا کار دەکەن، دەزانن بەرپرسانی ئەوان بەدوای چ دەگەڕێن، بۆیە ئەوان لە سیاسەتی رادیۆ و چۆنێتی بەڕێوەبردنی باشتر شارەزابووینە.

رادیۆی نەوا ئەگەر لەکاتی بەدواداچوون خڕ پرسیارەکان بۆ پەیامنێرانی دابڕێژێت، لەوانەیە زۆرتر لەبەر ئەوەبێ، چونکە کەسی پەیامنێر بە پیشە ڕۆژنامەنووس نەبێ و بە ئارەزوو ئەم کارە بکات و فێربوبێت، بۆیە تا تەواو فێری پیشە دەکرێ، لەلایەن بەرپرسانەوە پرسیارەکانی بۆ دادەندرێ. لەوانەیە لەو کاتەی ئاسایش بەسەر تەواوی خاکی ئێراق و کوردستان دەچەسپێ، ئەوانیش سیاسەتی ڕادیۆیان بگۆڕن و زۆرتر ئازادی بە پەیامنێرانیان بدەن. بەتایبەتیش لە چۆنێتی هەڵبژاردنی هەواڵ و بەدواداچووندا.

رادیۆی نەوا بەو تەمەنە کورتەی شوێنی تایبەتی خۆی لەناو جەماوەر کردۆتەوە. لە زۆر رووداوی سیاسی دەتوانێ لێدوان لە زۆربەی سەرکردەکانی کورد وەربگرێ. ئەگەر کەسێکی سیاسی نەیەوێ قسە لەگەڵ رادیۆی نەوا بکات، لەبەر ئەوەی ئەو کەسە سیاسییە لە ڕاگەیاندن نەگەیشتووە، نەك لەبەرئەوەی بیەوێ دوژمنایەتی رادیۆی نەوا بکات!

ئەگەر نموونەیەك بهێنینەوە لەو کەسانەی نەیانویستووە قسە لەگەڵ رادیۆی نەوا بکەن بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

جارێکیان پەیامنێرێکی رادیۆی نەوا پەیوەندی بە بەرپرسێکی بالا لە سنووری سلێمانی کردووە تا ڕای لەسەر پرسیارێك وەربگیرێ. ئەو دەڵێ: "من لە کۆبوونەوەم، وەختی لێدوان نییە و پەیوەندیم پێوە مەکەنەوە!".

ئەگەر ئەم بەرپرسە کەمێك هۆشیاری سیاسی یان هەر هوشیارییێکی تری لە ژیان و سیاسەت هەبوایە، دەبوایە تەلەفۆن لە کۆبوونەوە بکوژێنێتەوە. ئەگەر نەیکوژاندۆتەوە

دیارە ئەو هۆشیار نییە! ئەگەر ئەو بەدرۆش گوتبی من لە کۆبوونەوەم دیارە وەك هەولێری گوتەنی "عوزر لە قەباحەت گەورەترە!"

دارشتن و شێوەی پێشەکەشکردن یان ڕیزبەندی لە دەنگوباس لە دەستەلاتی بەڕێوەبەری رادیۆیە. لە رادیۆی نەوا یەکەم پەخشی هەواڵ، هەواڵی سەرۆك کۆمارە، دواتر سەرۆکی هەرێم، ئینجا سەرۆك وەزیرانی ئێراقە. ئەم ڕیزبەندییە زۆر جار ڕاست و دروست نەبوو، چونکە بەلای دانیشتووانی کوردستان زۆر جار ئەو هەواڵانەی باس لە بار و دۆخ و ژیانی کوردستان دەکەن گرنگترە، لەوەی سەرۆك کۆمار لەگەڵ چ میوانێك دانیشتووە! ئەگەر نموونەیەك بهێنینەوە، ئەوا مەبەستمان لە بەرزکردنەوەی مووچە یان دەرچوونی نمرەی سەری ساڵی خوێندکارانە.

ئەو کەسانەی لە سیاسەتی بەڕێوەچوونی رادیۆ لایانداوە، لەلایەن بەرپرسەوە سزایان وەرگرتووە. یەك نموونە لەخوارەوە دەهێنینەوە:

(هەواڵسازێك هەواڵی بەندیخانەی ئەبوغرێب و دیمەنەکانی ئەبوغرێبی بەبێ پرسی سەرنووسەر دابووە یەکێك لە بێژەرەکان و ئەویش لەگەڵ لیستی هەواڵەکان خوێندبوویەوە. بۆ ڕۆژی دواتر ئەو کارمەندە لە رادیۆی نەوا دەرکرا). ئەو کارمەندە ئەم هەواڵەی نیشانی سەرنووسەر و بەرپرسی شەفت نەدا، چونکە ئەوان لەوکات لە ئێزگە نەبوون، هەواڵسازەکە کارەکانی ڕادەپەڕاند. لێرە بەگوێرەی یاسای چاپەمەنی دەوڵەتانی ئازاد و دیموکرات، دەبووایە بەرپرسی رادیۆ دەرکرابا، نەك بێژەر یان نووسەری هەواڵ یان بەرپرسی شەفت!

هەندێك جار هەندێك هەواڵ لەلایەن بەڕێوەبەری رادیۆ پشتگوێ دەخرێ. ئەگەر لێرەش نموونەیەك بهێنینەوە، ئەوا سووتانی بارەگای حیزبی یەکگرتووی ئیسلامی لە بادینان و لێدانی سەرۆکی یەکگرتووی ئیسلامی لە بنکەی دەنگدان لە هەولێر بووە. پەیامنێرانی

نەوا، هەردووك ڕووداویان لەكات و ساتی خۆی بە ئێزگە گەیاند، بەڵام بەڕێوەبەرانی ئێزگە ئامادەنەبوون پاش گەیشتنی، یەكسەر هەواڵەكە بلاوبكەنەوە، بەڵكو دوای شەش كاتژمێر هەواڵەكەیان دابەزاند.

رادیۆی نەوا وەك لە پێشەوە نووسیمان، بەم تەمەنە كورتەی شوێنی خۆی لەناو جەماوەر بە باشی كردۆتەوە. ئەوان دەتوانن گرفت و پرسیاری ئالۆز لە بەرنامەكانیان بەرز بكەنەوە. زۆر جار بەرزكردنەوەی لەم جۆرە پرسیارانە پێوستی بە وەرگرتنی ڕای بەرپرسان هەیە، بۆیە ئەگەر پەیامنێری ئەوان هاتە لات، لە جیاتی لێترسان یان ڕیسواكردن و دەركردنی ئەوان باشترین دەرمان ڕێزگرتنی كارمەندانی ئەوانە! ئەگەر نەشتوانی لەوكات لێدوان بدەیت، بە قسەی خۆش ئاگاداریان بكەوە، كە تۆ ئێستا لەبەر فلانە بابەت ناتوانی وەڵامی پرسیارەكانی ئەوان بدەیتەوە، بەڵام لە دەرفەتێكی تر بەدرێژی باسی لێوە دەكەین. ئەگەر ئێزگەی نەوا بیەوێ سەرئێشەت بۆ دروست بكات، دڵنیابە بۆت دروست دەكات! لە هەموو ململانێیەك لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان بەردەوام ڕۆژنامەنووسان دەیبەنەوە، بەتایبەتیش لە وڵاتانی ئازاد و دیموكرات. لە كوردستان بەشی ئەوەندە ئازادی تێدا بەرقەرار بووە تا تۆ وەك بەرپرس، لەبەر هێرشی میدیا شەو خەوت لێ نەكەوێ! بۆیە ئەگەر تۆ بتوانی بە یەك چا لە نووسینگەی خۆت زمانی هاوبەش لەگەڵ ڕۆژنامەنووس بدۆزیتەوە، باشە چاكەی لەگەڵ بخۆیتەوە!

ئەگەر باس لە ئازادی تەواوی ڕاگەیاندن لە كوردستان بكەین، ئەوا دەتوانین بڵێین، هەموو دەزگاكانی ڕاگەیاندنی كوردستان یان حیزبین یان سەر بە كەسێكی حیزبین! ئەگەر تۆ بۆ دەركردنی ڕۆژنامە، یان بەڕێوەبردنی رادیۆ لەلایەك یارمەتیت بدرێ، ئەوا تۆ بە ئازادی تەواو ناتوانی ئەوەی بتەوێ باسی بكەیت، چونكە لەوە دەترسیت و دەڵێیت: "لەوانەیە

پارەکەم ببڕن"، تۆ دەزانی بڕینی پارە دەبێتە داخستنی دەزگا! لێرە ئەو دەزگایانەی بەناو ناحیزبین، دەتوانن ئەو ئازادییەی هەیانە بۆ خزمەتی کێشەی کورد یان خزمەتی جەماوەر بەکاری بهێنن. چونکە ئەو کەسانەی یارمەتی ئەو ڕۆژنامانە دەدەن، دیارە ئازادی تەواویان لەلایەن کەسانی بەرپرس یان پارەدارەوە پێ دراوە. ئەگەر نموونەیەك لەسەر خۆم بهێنمەوە بەو شێوەی خوارەوە دەبێ:

من دڵنیام لەوەی ئەگەر کاك کۆسرەت ڕەسول یان کاك نێچیروان بارزانی یان کاك عەدنان موفتی یارمەتی من بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بدەن، من تەواو ئازادم لەوەی چ دەنووسم و چ بڵاودەکەمە، بەڵام پرسیارەکە لێرەیە، من چەند جورئەتم هەیە لە باسکردن و بەرزکردنەوەی پرسیارەکان؟ هەموو ئەوانەی لەلایەن ئەم بەڕێزانە یان کەسی ترەوە یارمەتی دەدرێن، سنوور بۆ ئێزگە یان ڕۆژنامە لەلایەن ئەوانەوە دەستنیشان ناکرێ، بەڵکو ناپسپۆری ئەو سەرنووسەر یان بەڕێوەبەرانەیە، کە ناوێرن تەواوی دەسەڵاتی خۆیان لەم بوارە یان خزمەتکردنی جەماوەر بە ڕاست و دروستی بەکار بهێنن! ئەوان یارمەتی من دەدەن، چونکە لەو بڕوایەدان بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی نوێ، کوردستان هەنگاوێکی تر لە دیموکراتییەت نزیك دەبێتەوە. بە یارمەتیدانی ئێزگەیەکی نوێ، دیموکراتییەت لە کوردستان باشتر دەچەسپێ! ئەگەر من وەك سەرنووسەر نەوێرم دەسەڵاتم بەتەواوی بەکار بهێنم، ئەوا هیچ تاوانی کاك نێچیروان بارزانی یان کاك کۆسرەت ڕەسول یان کاك عەدنان موفتی تێدا نییە.

ئێستا بەرپرس و بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان زۆر ئازادییان لەوە زیاترە لەوەی ئەوان بەکاری دەهێنن، ئەوەش دەکاتە کەم تێگەیشتن و نا پسپۆری ئەوان لە ڕاگەیاندن.

# هونەری گفتوگۆ

ئەندام پەرلەمان وەك زۆربەی سیاسییەکانی کوردستان و جیهان دەبێ هەندێك لە بواری گفتوگۆش شارەزابێ، چونکە بێ شك لەو ماوەیەی ئەو ئەندام پەرلەمانە، چەندین جار لە چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ کەلێگە (هاوپیشە)کانی خۆی یان لە دەرەوەی پەرلەمان بەشداری کۆبوونەوەی جیا جیا دەکات. لەم کۆبوونەوانەش هەریەکە و دەیەوێ ڕای ئەو قبوڵ بکرێ. ئەگەر تۆ هەندێك زانیاریت لەم بوارە نەبێ لەوانەیە ئاسان نەبێ تۆ بەئامانجت بگەیت چونکە بە ئامانج گەیشتن، بە مست لە مێز و تووڕەبوون ناگەیت پێی، بەڵکو بە هونەری قسەکردن و گفتوگۆ دەیبەیتەوە! تۆ دەبێ بزانیت، چونکە ئەوانی بەرامبەرت ناڵێن گفتوگۆ کاری منە، لەجیاتی ئەوە دەڵێن: من ئەوەندە بەهێز و ژیر و وریام، کەسی بەرامبەرم ناتوانێ لەگەڵ بەرنامە و ستراتیژەکانم بڕوات!

یەك لەو هەڵانەی تۆ لەکاتی گفتوگۆ تووشت دەبێ دیارە تۆ: ئامانجەکانت دیاری دەکەیت و زۆر بەرز دایان دەنێی و لەبەر خەریکبوونی زۆرت بە پلاندانانی خراپ لەبیر دەکەیت، چۆن وا بەرز بڕۆیت. تۆ لەو بڕوایەدای و دەڵێی: ئەوەی دەمانەوێ دەستمان دەکەوێ، جا چ پێویست دەکات باس لە ئەڵتەرناتیڤ یان دۆزینەوەی زمانی هاوبەش بکەین؟

لە هونەری گفتوگۆ، جگە لەوەی تۆ دەبێ توانای باشی قسەکردنت هەبێ و بە ئاسانی پەیامت بگەینی، دەبێ لەگەڵ قسەکان هەست و سۆزیش بەکار بهێندرێ. هەست و سۆز بۆ گفتوگۆ زۆر گرنگە، چونکە زۆر جار حاڵەتی مردوو زیندوو دەکاتەوە.

**لێرە نموونەیەکی ئینگلیزی — فەرەنسی دەهێنینەوە:**

له‌ كاتی دروستكردنی یه‌كه‌مین فڕۆكه‌ی گه‌وره‌ و خێرا له‌ جیهان له‌نێوان ئه‌م دوو وڵاته‌، چه‌ندین كۆمیته‌ داندران. یه‌ك له‌و كۆمیتانه‌ كاریان دانانی ناو بۆ ئه‌م فڕۆكه‌ نوێیه‌ بوو. ئه‌وان له‌سه‌ر نووسینی ناو ئایا به‌ فه‌ره‌نسی بێت یان به‌ ئینگلیزی پێك نه‌ده‌هاتن. به‌ زمانی ئینگلیزی **Concord** ده‌نووسرا و به‌ زمانی فه‌ره‌نسیش **Concorde** ده‌نووسرا. له‌ لایه‌كی مێز، وریاترین كه‌س وه‌ك ئیتۆن **Eton** له‌گه‌ڵ بالیۆل كۆلێگه‌ **Balliol College** لاكه‌ی تریش ئه‌كادیمی به‌ناوبانگی **Ecole Nationale d Administration** دانیشتبوون. هه‌ردوو لا هه‌وڵیان دا نووسینه‌كه‌ به‌زمانی ئه‌وان بێت، به‌ڵام له‌ ڕاستیدا هیچ نه‌بوو بگوترێ، چونكه‌ ئینگلیزه‌كان ده‌یانویست به‌ زمانی ئینگلیزی بنووسرێت و فه‌ره‌نسییه‌كانیش ده‌یانویست به‌ زمانی فه‌ره‌نسی بنووسرێت. له‌م حاڵه‌ته‌ مردووه‌، یه‌ك له‌ فه‌ره‌نسییه‌كان دڵۆپێك فرمێسكی به‌سه‌ر ڕوومه‌ت هاته‌ خوار. كابرای ئینگلیز به‌سه‌رسوڕمانه‌وه‌ هه‌ڵسا سه‌رپێ و گوتی: **monsieur** ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌نده‌ زۆر به‌لاتانه‌وه‌ گرنگه‌ بێگومان **E** ی كۆتایی وه‌رده‌گرن، به‌ڵام تكایه‌ زیاتر مه‌گری! به‌م شێوه‌یه‌ به‌ زمانی فه‌ره‌نسی كۆنكۆردێ **Concorde** له‌سه‌ر فڕۆكه‌ نووسرا.

**نموونه‌یه‌كی تری گفتوگۆ له‌نێوان وه‌فدی سوێدی و وه‌فدی چینی:**

هه‌ندێك سوێدی بۆ مۆركردنی گرێبه‌ستێك بۆ چین ده‌چن. ئه‌و ڕۆژه‌ ده‌بوایه‌ باس له‌ حه‌وت خاڵ یان بڕگه‌ كرابا. له‌م گفتوگۆیه‌ سوێدییه‌كان تا ئێستا براوه‌ بوون. سوێدییه‌كان ویستیان باس له‌ بڕگه‌یه‌كی تریش بكرێ. به‌ته‌مه‌نترین كه‌س ده‌ست به‌كار بوو. دێنینه‌وه‌ یاد، له‌ چین بۆ هه‌موو گفتوگۆیه‌ك به‌لای كه‌م پێش دوو هه‌فته‌ ده‌بێ ئه‌و خالانه‌ی باس ده‌كرێن گه‌یشتبێته‌ ده‌ستیان. لێره‌ پیره‌مێردی سوێدی ده‌ڵێ:

- دەزانن بەدرێژایی هەموو کات، دەمویست ئەم خاڵەش بکەوێتە ناو بەرنامەی گفتوگۆی ئەمڕۆ، بەڵام من پیاوێکی پیرم، پیاوی پیریش بە ئاسانی شت لەبیر دەکات! ئەوەی پیرەمێردی سوێدی ویستی وەری گرت، چونکە چینیەکان بڕوایان پێیکرد و خاڵی هەشتیش باسکرا.

**بۆ گفتوگۆ وەك چۆن بۆ بینینی ڕۆژنامەنووس باشە ئەم خالآنەی خوارەوە ڕەچاو بکرێ:**

- هەوڵ دە جلی جوان و باش کارت تیٚ نەکا.

- هەوڵ دە شەڕاوی نەبیت، چونکە لەوکاتە یان دەبێ شەڕ لەگەڵ کەسی بەرامبەرت بکەیت، یانیش ئەو لەدەستت هەڵدێ!

- ڕێز لە ژوور و شوێنی ئەو بگرە و هەستی بریندار مەکە.

- هەوڵ دە نیشان بدەیت، کە ئەو مرۆڤێکی بەتوانایە.

بەزمانی سوێدی دەیان کتێب لەسەر هونەری گفتوگۆ نووسراون. بە گوێرەی نووسەری کتێبی Förhandla bätre یانی "باشتر گفتوگۆ بکە"، چاکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی ڕەچاوی ئەم خالآنەی خوارەوە بکرێ:

- ئەگەر لە ولاٚتێکی تر بوویت و پێش ئەوەی بچنە شوێنی مەبەست، یان بۆ گفتوگۆ دابنیشن چاکە لەگەڵیان بچی و بە سەرنجەوە لە شتەکان بنواڕی، ڕێز لە داب و نەریتی ئەوان بگری.

- ئەگەر لە مانگی شوبات گوتی تەندروستیم خراپە و بڕیارە لە مانگی نیسان نەشتەرگەریم بۆ بکەن، وا چاکە لە مایس تەلەفۆنی بۆ بکەیت و لە هەواڵی بپرسیت و بزانیت ئەنجامی نەشتەرگەرییەکە چی لێهاتەوە؟

ئەم دوو خاڵەی سەرەوە باشە ڕەچاو بکرێن، چونکە نزیکبوونەوە لە نێوانتان مسۆگەر دەکات، ئەمەش بۆ گفتوگۆ بۆ هەردوو لاتان سوودمەندە.

پلاندانان بۆ گفتوگۆ زۆر گرنگە، چونکە ئەوە ناگەیەنێ تۆ خۆت زۆر دوودڵ بکەیت، بەڵکو زیاتر شارەزا بیت و زوو بڕیار بدەیت، چیت دەوێ و چۆن ستراتیژییەکەت دادەڕێژی؟

ئەگەر بینیت ئەوەی بەرامبەرت لەکاتی گفتوگۆ زۆر پەشۆکاوە و زاڵ نییە بەسەر بارودۆخ، دەتوانی سوود لە شڵەژانی ئەو وەربگریت یانیش پێی بڵێی: پێویست ناکات ئەوەندە بەرز بڕوانن!

لە هونەری گفتوگۆ بەدوور نازاندرێ هەندێك جار دەستکەوتی زۆر گرنگت لەدەست بڕوا، لەبەر سادەیی و نەزانینی خۆت یانیش وەك کابرای هەژارت لێ بێ.

دەڵێن ڕۆژێك کابرایەکی هەژار ماسییەك دەگرێ. ماسی قسە دەکا و دەڵێ: بە زوویی بەرەڵام بکە و بمخەوە ناو ئاو تا نەخنکێم، سێ داواکاریت بۆ جێبەجێ دەکەم. کابرای هەژار نازانێ چ داوا بکات. ئەو بۆی دادەنیشێ و دەمێك بیر دەکاتەوە، کاتێك سەر هەڵدەبڕێ دەبینێ ماسییەکە مردووە! ئەوە تەواو دەکاتە، پێش ئەوەی بەربیتەوە بیر لەبازدان بکەرەوە!

لە هونەری گفتوگۆ باشە ڕووت خۆش بێ، چونکە لەو کاتەی ئەوەی بەرامبەرت دەنگی بەرز دەکاتەوە، دیارە هێرشی بۆ هاتووە و ناتوانێ لەگەڵت بگاتە ئەنجام. بۆ ئەم کاتانە، چاکە داوای پشووێك بکرێ.

لە هونەری گفتوگۆ، دەبێ کەسانی پسپۆر بەرێوەی ببەن و بەشداری تێدا بکەن. ئەگەر تۆ لەم بوارەی قسەی لەسەر دەکەن، پسپۆر نەبیت، دەبێ ئەمە بە لەخۆت گەورەتر ڕابگەینی، چونکە بەشداربوونت، تەنیا دۆڕاندنە لەم یارییە.

# - بەشی سێیەم -

## ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی

# هەواڵ٧

هەواڵ لە ژانرە کۆنەکانی ڕۆژنامەنووسییە و شێوەی گەیاندنی ڕووداوێك بەئەستۆ دەگرێ کە لە ناوەوەی وڵات یان دەرەوەی ئەمڕۆ یا دوێنێ ڕووی دابێ یان ئاشکرا بووبێ.

گرنگترین مەبەست لە هەواڵ، گەیاندنی ڕووداوێکی فاکتە (شتێك کە لەڕاستیدا ڕووی دابێ یان بەم نزیکانە ڕوویدا) کە بەزمانێکی ئەدەبی پوخت و ئاسان، ڕۆژنامەنووس بۆ خوێنەران لە ڕۆژنامە یان گۆڤار دەینووسێ و بڵاوی دەکاتەوە. هەواڵ لە ڕۆژنامەکانی کوردی دوو لقی لێ ڕوون و ئاشکران و پەیڕەو دەکرێن:

## یەك: کورتە هەواڵ

بەگوێرەی تیۆری ڕۆژنامەنووسی، نووسینی کورتە هەواڵ دەبێ وەڵامی سێ پرسیار بداتەوە: چی ڕووی داوە؟ لە کوێ ڕووی داوە؟ کەی ڕووی داوە؟

کورتە هەواڵ لە نووسین لە چەند دێڕێك تێپەڕ ناکا و ڕۆژنامەنووس ناتوانێ بیرو بۆچوونی خۆی تێدا باس بکا. بەبڕوای ڕۆژنامەنووسی سوێدی سۆران لارسۆن کورتە هەواڵ چاکە لە 30-40 وشە تێپەڕ نەکا، بەڵام بە بۆچوونی ئەو باشترە بە 30 وشە کۆتایی پێ بهێنرێ "1".

## دوو: هەواڵی درێژ

هەواڵی درێژ دەکرێ 10-15 خەت لە ئەستوونێکدا داگیر بکا. لێرەدا ڕۆژنامەنووس جگە لەوەی ڕاستی ڕووداوەکە دەنووسێ، دەتوانێ هۆی ڕووداوەکەش لەگەڵ ئەنجامی بۆ خوێنەران بنووسێ. ئەم ڕووداوانەش وەك لەسەرەوە گوتمان دەکرێ لەناوەوەی وڵات یان لەدەرەوەی وڵات ڕوویان دابێ.

---

[1] "1" Sören Larsson, att skriva i tidning. Borås, 1992.- p.13.

هەواڵی درێژ بۆ ئەوەی لە کورتە هەواڵ جیابکرێتەوە، دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە درابنەوە. چ ڕووی داوە؟ کەی ڕووی داوە؟ کێ تێیدا بەشدارە؟ چۆن ڕووی داوە؟ لەکوێ ڕووی داوە؟ لەبەر چی؟

## هەواڵ بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژانە

ئەگەر ڕۆژنامەکە ڕۆژانە بێ و هی سەرتاسەری وڵات بێ، ئەوا بێگومان شوێنی هەموو هەواڵێکی تێدا جێ نابێتەوە، بۆیە تەنیا ئەوانەی سەرنج ڕاکێشن و بەلای دەستەی نووسەرانەوە گرنگن، چاپ و بلاّودەکرێنەوە. هەواڵەکانی تر پشتگوێ دەخرێن.

ئەگەر ڕۆژنامەکە ڕۆژانە و ناوچەیی بێ، وەك ئاشکرایە بەلای ڕۆژنامەکەوە هەواڵی ناو شار و دەوروپشتی گرنگە، بۆیە ئەوەی خوێنەر لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دەوڵەتی لە سەر شارەکەی خۆی دەستی نەکەوێ، دەتوانێ لە ڕۆژنامەی شاری خۆی دەستی بکەوێ و بیخوێنێتەوە.

ئەگەر هەواڵێك بۆ ڕۆژنامەیەك گرنگ بێ، مەرج نییە بۆ ڕۆژنامەیەکی تریش هەمان بایەخی پێ بدرێ و لە لاپەڕەی یەکەم بلاّو بکرێتەوە. چونکە لە هیچ دەوڵەتێك هیچ یاسایەك نییە کە ڕووداوێك وەك هەواڵ هەڵبسەنگێنێ و لە ڕۆژنامەکان بلاّوبکرێتەوە، یانیش بلاّو نەکرێتەوە.

لە ڕۆژنامەکانی حیزبیدا، هەواڵ بەگشتی و هەموو ناوەرۆکی ڕۆژنامەکەش بەتایبەتی، لە بەرژەوەندی حیزبدایە. لە خزمەت و پڕۆپاگەندە کردن بۆ حیزبییەکاندایە. بۆیە ئەوانەی لە ڕۆژنامەکانیش کاردەکەن، یان ئەندامی ئەو حیزبەن، یان دۆستی نزیکی حیزبەکەن، ئەمەش لەزۆر کاتدا دەکاتە خنکاندنی وشە. هەربۆیەش ئەو وتارانەی باس لە سیاسەت دەکەن، ئەگەر لە بەرژەوەندی و خزمەتی پارتی دەستەلاّتدار نەبێ، بلاّو ناکرێتەوە.

هەواڵ لە دەوڵەتانی پێشکەوتوو و دیموکرات، بەلایەن و بێ لایەنی نییە. ڕۆژنامەنووسان باس لە ڕووداوەکە دەکەن کە چۆن ڕووی داوە. خەڵك ناشپرسێ، ئایا دەبێ کابرا سەر بە چ پارت و ڕێکخراوێك بێ؟ بۆیە لەم دەوڵەتانە، هەواڵ بریتییە لە نووسینی چەند فاکتێك، دێڕێك، کە ڕۆژنامەنووس دەینووسێ و دەیەوێ بەهۆی ڕۆژنامەکەیەوە بەخوێنەرانی بگەیەنێ.

ئەگەر لە سەدەی ڕابردوو هەواڵ بەچەند ڕۆژێك بگەیشتبا ڕۆژنامە، ئەمڕۆ بەهۆی تەلەفۆن، فاکس، ئینتەرنێت، ئی — مەیل، تەلەفزیۆن... هتد لە چەند چرکەیەك زیاتر ناخایەنێ. بۆیە لە دەوڵەتانی پێشکەوتوو، ڕۆژنامە لە گەیشتنی هەواڵ لە دوای ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و بلاّوکراوەی ئەلیکترۆنییە.

# گوتـار

ئەرتیکولوس **Articulus** وشەیەکی لاتینییە و بەزمانی کوردی دەکاتە: بەشێك، بەشێك لە شتێك، بەشێك لە هەموو. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە ڕۆژنامەنووسی هەموو نووسینێکی بلاّوکراوە دەکاتە بەشێك لە ژمارەی ئەو ڕۆژەی ڕۆژنامەکە. هەربۆیەش جگە لە بلاّوکردنەوەی چەند هەواڵێکی کورت، زۆربەی مەتریالەکانی ناو ڕۆژنامە، زۆربەی جار بە گوتار ناو دەبرێن. گوتار ئەو نووسینانە بەخۆیەوە دەگرێت کە باس لە شتێکی ئەکتوێل و پێویست دەکات و کۆمەڵ لەو کاتەدا پێویستی بە زانینی هەیە.
مەبەست لە گوتار شیکردنەوەی پرسیارێکە کە نووسەر دەتوانێ بەهۆی ئەو فاکتانەی دەستی کەوتوون بەوردی، بۆ خوێنەران ڕوونی بکاتەوە. لە گوتار بەجیاوازی لەگەڵ ژانرەکانی تری ڕۆژنامە درێژی نووسینەکەیە لەگەڵ دەربڕینی ڕا لەسەر فاکتەرەکا "[2]" .
لە ژانری گوتار ڕۆژنامەنووس لە نووسینێکدا کە لەبەینی 150 تا 200 دێڕ (ئەگەر گوتارەکە بۆ ڕۆژنامە بێ) دەیەوێ باس لە گرفتێك بکا، کە بەڕای ئەو زانینی بۆ کۆمەڵ پێویستە.

---

[2] " В помощъ начинающим журналистам. М., 1965, С.148.

# چاو پێکەوتن- ئینتەرڤیو

ئینتەرڤیو لە ژانرە هەرە گرنگەکانی ڕۆژنامەنووسییە. ڕۆژنامەنووس لە شێوەی پرسیار و وەلاّم لەگەڵ کەسی بەرامبەری لەسەر بابەتێکی دیاریکراو ئەکتوئێل دەکا. ئینتەرڤیو دەکرێ بۆ ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ یان بەرنامەی تەلەفزیۆن وەربگیرێ. سەرنووسەر، دەستەی نووسەران یان ڕۆژنامەنووس، خۆی کەسی دیاریکراو (قارەمانی گفتوگۆکە) هەڵدەبژێرێ بەمەبەستی گەیاندنی ئەو زانیارییە کە بەڕای ئەو بۆ خوێنەران، گوێگران، بینەران پێویستە.

ئینتەرڤیو وەك ژانرێکی سەربەخۆی ڕۆژنامەنووسی، لە سەدەی هەژدە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی بەریتانیا سەری هەڵدا. ئەو ژانرە لەو کاتەدا زیاتر لە دادگاکان و پۆلیسخانەکان سوودی لێ وەردەگیرا. حاکم و پۆلیس پرسیاریان لە کابرای تاوانبارکراو دەکرد و وەلاّمی پێویستیان دەست دەکەوت. پرسیار و وەلاّمی حاکم و تاوانبار بۆ خوێنەران وەك خۆی بلاّو دەکرایەوە. لەو کاتە هێشتا ڕۆژنامەنووسان پرسیاری خۆیان لە کابرای تاوانبار نەدەکرد بەڵکو ڕۆژنامەنووس بەوە ڕازی بوو کە پرسیاری حاکم لەگەڵ وەلاّمی تاوانبار بکاتە سەر کاغەز "3" .

**ڕۆژنامەنووس چاکە تێبینی ئەم خالاّنەی خوارەوە بکا:**

## یەك: خۆ ئامادەکردن بۆ ئینتەرڤیو

ڕۆژنامەنووس لەو بابەتەی دەیەوێ لەسەری بنووسێ، دەبێ شارەزایی زۆری هەبێ. ئەگەر کەسەکەش نەناسێ، یان لە بابەتی ناوبراو شارەزاییشی کەم هەبێ، پرس و ڕا بەخەڵکی شارەزاو پسپۆر بکا. بۆ ئەوەی کاتی زۆری لەدەست نەچێ، دەتوانی ئەرشیفی ڕۆژنامە، ئەرشیفی خۆی، کتێبخانە، تەلەفۆن، فاکس، ئینتەرنێت، ئێمەیل...هتد بەکار بهێنێ.

## دوو: مەبەست لە ئینتەرڤیو چییە؟

[3] Björn Nöljer, Så snickar du en tidningsartikel. Borås, 1994.- p.116

ڕۆژنامەنووس لەگەڵ ئەو کەسەی دەیەوێ ئینتەرڤیوی لێ وەربگرێ، دەبێ پێشتر ئاگاداری بکاتەوە، کە ئەو لە چ ڕۆژنامەیەك، گۆڤارێك کار دەکا. لە هەمان کاتیش کابرا ئاگادار بکاتەوە لەسەر چ بابەتێك دەیەوێ قسەی لەگەڵ بکا. ئەم زانیارییانە بۆ قارەمانی ئینتەرڤیو زۆر گرنگن، چونکە زۆر جار ئەویش پێویستی بەخۆ ئامادەکردن هەیە.

بەڕای ڕۆژنامەنووسی سوێدی بیۆرن نێیلەر ئەگەر ڕۆژنامەنووس بتوانێ، شوێن بۆ وەرگرتنی ئینتەرڤیو هەڵبژێرێ، زۆر چاکە ئەو دەرفەتە لەدەست خۆی نەدا، چونکە شوێن ڕەنگدانەوەی لەسەر نێوەرۆکی نووسینەکە دەبێ بۆ نموونە ئەگەر ئینتەرڤیو لەگەڵ کابرایەکی سیاسی بکەی کە ئارەزووی لە گوڵ و باخچەبێ، باشە باخچەیەك هەڵبژێری.

لە کاتی ئینتەرڤیو دوو جۆر پرسیار هەن **یەك:** پرسیاری داخراو. **دوو:** پرسیاری کراوە.

نموونە:

- ئایا تۆ خانووت هەیە؟ بەڵێ یان نەخێر وەڵامەکەی دەبێتن. ئەمە پرسیاری داخراوە.

- بۆچی ئەو خانووەت کڕیوە؟ ئەمە پرسیاری کراوەیە. مەبەست لە پرسیاری کراوە ئەوەیە کە مرۆڤ زۆر بە درێژی دەتوانێ باس لە هۆی، گرنگی لە گەڵ پێویستی کڕینی خانووەکە بۆ خۆی و خێزانەکەی بکا. ڕۆژنامەنووس چاکە پلانی ئینتەرڤیوەکە لەگەڵ پرسیارە گرنگەکان لەسەر کاغەزێك بنووسێتەوە. بەڵام تا بۆی بلوێ لەکاتی ئینتەرڤیو وەرگرتن، واچاکە سەیریان نەکا، یان زۆر کەم سەیریان بکا، چونکە بە سەیرکردن، دوور نییە، لە پێش قارەمانی نووسینەکە سووك بێ و ئەو بە ڕۆژنامەنووسێکی چاك و سەرکەوتووی لە قەڵەم نەدا. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کابرا بیەوێ زوو خۆی لەدەست ڕۆژنامەنووس ڕزگار بکا. زۆریش گرنگە ڕۆژنامەنووس کابرای بەرامبەری بەپرسیارکردن بۆردومان نەکا.

## گوێگرتن

ڕۆژنامەنووس وەك لەسەرەوە نووسیمان، لە کاتی ئینتەرڤیو وەرگرتندا دەبێ گوێگرێکی زۆر چاك بێ. ئەگەر لە کاتێکدا قسەکانی کابراشی زۆر بەدڵ نەبێ هەڵنەچێ بەڵکو بە سەرنجەوە گوێ لە هەموو قسەکان ڕابگرێ. بەمەش جگە لەوەی ڕێزلێنانە بۆ کەسی بەرامبەر، ڕێزگرتنە بۆ خۆشی. ڕۆژنامەنووس بۆ ئەوەی کات بەخۆڕا لەدەست نەدا، چاکە

لەپێش دەست پێکردنی ئینتەرڤیو، لەسەر شێوەی پرسیار و وەڵامەکە، لەگەڵ کابرا پێك بێن بۆ نموونە:
تکایە قسەکان زۆر بە پەلە مەکە! ئەگەر لە کاتێکدا سنووری بابەتی دیاریکراو شکێنرا، من ڕات دەگرم.
ئێستا تۆ ئینتەرڤیوەکەت تەواو بووە، پێویست ناکا، بە پەلە خۆت کۆبکەیتەوە و بڕۆی.
زۆر جار پاش تەواو بوونی ئینتەرڤیوەکە زۆر وەڵامت دەست دەکەوێ، کە لەکاتی قسەکردن، خەونیشی پێوە نابینی. لەو کاتەدا بابەتی ئاکاری ڕۆژنامەنووسی دێتە گۆڕێ، ئایا ئەو قسانەی دوای داخستنی ریکۆردەر، یان تەواو بوونی ئینتەرڤیو، ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە بلاٚویان بکاتەوە یان نا؟ لەسەر بۆچوونی سەرەوە ڕای جیا هەن. بە ڕای هەندێك ڕۆژنامەنووس وەك سۆران لارسۆن ئەگەر ئەو قسانە خزمەتی جەماوەر بکەن، پێویست ناکا بیر لە داهاتووی کابرا بکەیتەوە، چاکە بلاٚوی بکەیتەوە، چونکە ئەو چاك دەزانێ تۆ ڕۆژنامەنووسی و ئینتەرڤیوی لێ وەردەگری، بۆ بەدەست کەوتنی زانیاری لەسەر بابەتی دیارکراو. بەلاٚم ئەگەر کابرا پێت بلێ، قسەیەکت بۆ دەکەم، بەمەرجێك تۆ لە نووسینەکەت بلاٚوی نەکەیتەوە، چاکە سوپاسی بکەی و بە نەخێر وەلاٚمی بدەیتەوە. تۆ پێویست ناکا ڕێگای پێ بدەی نهێنییەکەت بۆ بدرکێنێ کە نەتوانی بلاٚوی بکەیتەوە "4".
لەوانەیە لەکاتی ئینتەرڤیو زۆرتر پرسیار بکرێن، بۆیە مەرج نییە هەموو پرسیارەکان بخرێنە سەر کاغەز و بۆ بلاٚوکردنەوە بشێن. ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە پرسیارەکان پێش و پاش بکا، لەهەمووش گرنگتر دەتوانێ بەزمانێکی پوختی ئەدەبی دابڕێژرێتەوە. لەوجۆرە دەستکارییانە ڕۆژنامەنووس دەتوانێ پسپۆری خۆی لەو شێوازە نووسینە نیشان بدا.
زۆر گرنگە لەکاتی وەرگرتنی ئینتەرڤیودا خۆی وەك کوێخوا و زۆر پسپۆر لەئاست کەسی بەرامبەری نیشان نەدا و هەوڵ بدا ئەو هەستەی لا دروست نەکا کە کەسی بەرامبەری هیچ نازانێ و خۆی لەسەر بابەتی دیارکراو شارەزاترە. یانیش بەپێچەوانە خۆی بەلاواز و گێل نیشان بدا.

---

4 " Sören Larsson, att skriva i tidning. Borås, 1992.- p. 66-67.

## شێوەی ئاڕاستەکردنی پرسیار

ڕۆژنامەنووس وەك لەسەرەوە نووسیمان، لەکاتی پرسیارکردن، پێش هەموو شتێك دەبێ زۆر بڕوای بەخۆی هەبێ و خۆی لاواز نیشان نەدا. پرسیار کردن چاکە بەدەنگێکی سروشتی بێ نەك بەهاتوهاوار.

ئەگەر پرسیاری توند بێتە پێشەوە کە بزانێ ئەوەی بەرامبەری پێیان تووڕە دەبێ، چاکە پرسیارەکان لە شێوەی کەسی سێیەمەوە بن بۆ نموونە: برادەرێکم دەیگوت، تۆ دەستەلاتت بۆ کاری تایبەتی خۆت و خزم و کەس و کارت بەکار دەهێنی، نەك بۆ خزمەتکردنی جەماوەر! نازانم ئەو برادەرەم ڕاست دەکا یان نا؟ ئەگەر ئەو لێرە بوایە، تۆ چۆن وەلامت دەدایەوە؟

ئەم شێوانەی کە باسم کردن زۆرتر بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە بوون. ئینتەرڤیو بۆ تەلەفزیۆن، جگە لەوەی دەبێ پرسیارەکان کورت و ڕەوان بن، نابێ چۆنێتی دانیشتن و جل و بەرگیش پشتگوێ بخرێ. لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆر بەرنامەکە دەبینن و بەدووریش نازانرێ، بینەری وا هەبن هەر لەبەر ئەوەی کابرای ڕۆژنامەنووس ئەو جلەی لەبەر نییە کە زۆربەی خەڵك لەبەریەتی، کەناڵەکە بگۆڕێ، یان لەبەر ڕەنگی جلەکان، سەیری بەرنامەکە نەکەن. جگە لەوەی لە تەلەفزیۆن دەبێ زۆر بیر لە دیکۆری ستۆدیۆش بکرێتەوە.

# گفتوگۆ

ئەو ژانرە لەگەڵ ئینتەرڤیو زۆر لەیەك نزیکن و شتی هاوبەشیان زۆرە وەك:
هەردووك بە دوو لا دەکرێن، ئەگەر نووسینیش بێت، ئەوا دیسان هەردوو لا تێیدا بەشدار دەبن. بەشێك لە نووسینەکە دەبێتە هی کەسی بەرامبەر و ئەوەی تریش هی ڕۆژنامەنووس.
چ ئینتەرڤیو چ گفتوگۆ، لە هەردووکیان گۆڕینەوەی بیر و ڕا هەیە، کەچی لە نێوان هەردووکیان جیاوازی زۆر گرنگ هەیە ئەویش لە ناوەرۆکی نووسینەکە ڕەنگی داوەتەوە.
ئەگەر لەکاتی ئینتەرڤیو ڕۆژنامەنووس تەنیا پرسیار بکات و وەڵامەکانیش کەسی بەرامبەری بیداتەوە، ئەوا وەڵامەکان دەبنە کاکڵی چاوپێکەوتنەکان.
سیفاتی تری ژانری چاوپێکەوتن بۆ ڕۆژنامەنووس ئەوەیە کە ئەو چەند پرسیارێك لە کەسی بەرامبەری دەکات و پرسیارەکانیش تایبەتن بەو بابەتەی بەلای ڕۆژنامەنووس گرنگ و سەرنج ڕاکێشن. وەڵامەکانی ئەویش وەك نووسیمان دەبنە ناوەرۆکی نووسین و بابەتەکە.
لە گفتوگۆ ڕۆژنامەنووس و کەسی بەرامبەر هەردووك لە یەك ئاستدان و لە ئەنجامی گفتوگۆکە، نووسینەکە لەدایك دەبێ.
کە ڕۆژنامەنووس ئینتەرڤیو وەردەگرێ، ڕەوت و ناوەرۆکەکەی لەدەست خۆیەتی. بەڵام لە گفتوگۆ وەك گوتمان هەردووکیان وەك یەك وان. لێرەدا ڕۆژنامەنووس لەگەڵ کەسی بەرامبەر دەتوانێت لەسەر ڕای خۆیان بمێننەوە. هەربۆیەش لە گفتوگۆ، زۆر لایەنی بابەتەکە باس دەکرێن و کە دەکاتە باشتر هەڵسەنگاندن. لەوەش گرنگتر هەردوو لا ڕێز لە بیر و بۆچوونی یەکتر دەگرن و نایانەوێ لای تر بەزۆر بێتە سەر ڕای ئەوان. لە خراپترین جۆریشدا، گفتوگۆکە بێ ئەنجام دەبێت"[5].

---

[5] A.A.Тертычный, Жанры периодической печати. M., 2000- C.116

له گفتوگۆ  رۆژنامەنووس قسە لەگەڵ کەسی بەرامبەری دەکا، بەڵام لە ئەنجامدا لەوانەیە هەردووك پرسیار لەیەکتر دەکەن.
هەر ئەو بەشداربوونەشە لە پرسیارو وەڵام، کە گفتوگۆ لە ئینتەرڤیو جیا دەکاتەوە، وەك جۆرێك بۆ بەدەستخستنی ئەو هەواڵانەی، ئەو زانیارییانەی بۆ کۆمەڵ پێویستن. لەو ژانرەدا وەك گوتمان هەردووکیان لە یەك ئاستدان.

# رێپۆرتاژ

رێپۆرتاژ لە بەشی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا پەیدا بوو. نووسینی رێپۆرتاژن باسکردنی رووداوێکە، کە رۆژنامەنووس لەگەڵ خەڵکی تر تێیدا بەشدارە.
ژانری رێپۆرتاژ زیاتر لەلایەن رۆژنامەنووسانی ئەمەریکی و بەریتانی فۆرمی نوێی ئێستای بەخۆوە بینیوە. ئەوان تەکنیکی نووسینی رێپۆرتاژیان بەرەو پێشەوە برد و بایەخی زۆریان پێدا. بەڵام وشەی رێپۆرتاژ، وشەیەکی فەرەنسییە کە دەکاتە: هەڵگرتن بۆ دواوە، گەڕانەوە بە شتێکەوە، گەیاندن، دان.
ژانری رێپۆرتاژ، لە مێژووی رۆژنامەگەری جیهان، زیاتر سێ رۆژنامەنووس بەرەو پێشەوەیان برد. جۆن ریدی ئەمەریکی، ئیگۆن ئێروین کیشی پراگ لەگەڵ  ئێرنست هەمەنگوای نووسەر. جۆن رید لە کتێبی راپەڕین لە مەکسیکۆ کە لە ساڵی 1913 ی نووسی، بەرهەمەکەی زەقترین نموونەی رێپۆرتاژە "6".
لە کاتی نووسینی رێپۆرتاژ زۆر گرنگە وەڵامی ئەم پرسیارانەی تێدا بێ: کێ لە رووداوەکە بەشدارە؟ لە کوێندەر رووی داوە؟ کەی رووی داوە؟ چ رووی داوە؟ جگە لەو چوار پرسیارەی

---

6 Sören Larsson, att skriva i tidning. Borås, 1992.- p.106.

سەرەوە، دوو پرسیاری تریش هەن کە وەك: چۆن ڕووی داوە؟ لەبەر چی ڕووی داوە؟ زۆر جار وەڵامی ئەم دوو پرسیارەی دواوە بۆ بەهێز کردنی نووسینەکان گرنگن.
لە نووسینی ڕێپۆرتاژ پێویستە بایەخ بەشتە وردەکانی ڕووداوەکەش بدەی. چاکە بیر هەر لە چاو و گوێ نەکەیتەوە، بەڵکو باشە هەست و بۆنیش بەکاربهێنرێ.
ڕێپۆرتاژ دەتوانێ ڕۆڵی هەواڵیش ببینێ. چونکە مەبەست لەم ژانرە، گەیاندنی ڕووداوێکە بە شێوەیەکی دوور و درێژتر لە هەواڵ، بۆیە دەکرێ ڕێپۆرتاژ وەك ژانرێکی هەواڵی دەستنیشان بکرێ.

## هەڵسەنگاندن

ڕێسێنسیۆ **Resensio** وشەیەکی لاتینییەو بەکوردی دەکاتە: هەڵسەنگاندن، سەیرکردنەوە، گەیاندن، پلەدانان، نووسین لەسەر شتێك.
دەتوانین هەڵسەنگاندن وەك ژانرێك کە ناوەرۆکەکەی لەسەر بەرهەمێکی ئەدەبی، هونەری، بەرنامەی تەلەفزیۆن، فیلمی سینەمایی...هتد بنووسین.
ئامانجی سەرەکی ریسێنسیۆ ئەوەیە کە وا لە خوێنەر بکات کە کتێبی ناوبراو دەهێنێ بخوێنرێتەوە، یانی یارمەتی خوێنەر دەدات کە چاکتر لە کتێبەکە بگات. بەم دوایانەو لە ڕاگەیاندنەکاندا زیاتر یەك لایەنی نووسینەکان باس دەکرێن، ئەوەش وەك: تەنیا باسی نووسەرەکە دەکا، یان باس لە ڕێژیسۆرەکە...هتد. ئەگەر نووسینەکە، فیلمەکە باش بێت، دەڵێت باشە لەبەر ئەوەی ئەو فیلمە باس لەو بابەتە دەکات، ئەگەر کتێبەکەش خراپ بێت دەڵێت خراپە لەبەر ئەوەی باس لەوە... ناکات. هەڵسەنگاندن لەسەر فیلم، باس لە ناوەرۆکی فیلمەکە دەکات و لێرەش ئەگەر فیلمەکە باش و سەرنج ڕاکێش بێت، نووسەر بۆ

ڕۆژنامە و گۆڤار دەینووسیێ و بۆ بەرنامەی رادیۆ و تەلەفزیۆن باس دەکا و دەڵێ فیلمەکە باشە لەبەر ئەوەی...، ئەگەر فیلمەکەش خراپ بێت، دەڵێ فیلمەکە خراپە لەبەر ئەوەی... لێرە باس لە هۆکانی دەکات.

## پوختە

ژانری پوختە لە رۆژنامەنووسی یانی: باسکردن، سەرەنجامی باسەکان، نووسینەکان یان باسەکان دەگرێتەوە. ئامانج لە نووسینی ئەو ژانرە ئەوەیە کە جەماوەر لە ناوەرۆکی بەرنامەکان یان رۆژنامەکان ئاگادار دەکرێتەوە "7".

بەشێوەیەکی مێژوویی ئەم ژانرە لە سەرەتادا هی چاپەمەنییەکان بوو، بەزۆربوونی رۆژنامەو گۆڤار، نووسینی ئەو ژانرە بووە رۆتینێکی پێویست بۆ خوێنەران بۆ ئەوەی بزانن لەسەر چ بابەتێك دەنووسن و بۆ چیش دەنووسن. لەو نووسینانەش خوێنەران لە ناوەرۆکی رۆژنامە ئاگادار بکەنەوە.

چاپەمەنی باس لە ناوەرۆکی رادیۆ و تەلەفزیۆن دەکا و رادیۆ و تەلەفزیۆنیش باس لە ناوەرۆکی رۆژنامەو گۆڤارەکان دەکات.

## فلیتۆن

فلیتۆن وشەیەکی فەرەنسییە و پێی دەڵێن فێیولێ **Feuille** بەکوردی دەکاتە پەڕ، لاپەڕە، ئەوەش لەوەوە هات کە لە سەدەی هەژدە هەندێك جار لاپەڕەی زیادیان دەخستە ناو ڕۆژنامە. بەکوردی دەڵێین "پاشکۆ". ئەو پاشکۆیانەش لە ئەوروپا لە سەدەی هەژدەوە دەست پێدەکات "8".

---

[7] **А.А.Тертычный, Жанры периодической печати. М., 2000-С.185**
[8] **А.А.Тертычный, Жанры периодической печати. М.,2000-С.258**

کاری نووسەری فلیتۆن لەوە دەست پێدەکات کە بەوردی بیر لە بابەتەکە بکاتەوە و چاك لە فاکتەکان بکۆڵێتەوە، چونکە لێکۆڵینەوە لەسەر فاکتەکان تەنیا پێداچوونەوە بەسەر بابەتەکە نییە، بەڵکو قسەکردن لەگەڵ خەڵکی پسپۆر و لێکۆڵینەوە لەسەر دەکومێنتەکان، دەکاتە قووڵ بوونەوە لەسەر بابەتەکە، ئەوەش دەکاتە چاکتر شارەزا بوون لەسەر پرسیاری دیارکراو، بەم شێوەیە پرۆسێسی نووسینەکە بۆ ڕۆژنامەنووس ئاسانتر دەبێت.
ژانری فلیتۆن دەکاتە **پێکەنین بە شتی خراپ.**

# فۆتۆگراف

**فۆتۆگراف** بەو کەسە دەڵێن بە کامیرا وێنە دەگرێت. ئەگەر فۆتۆگراف لە ڕۆژنامە یان گۆڤار کار بکات، پێی دەگوترێ ڕۆژنامەنووسی فۆتۆگراف. یان "ڕۆژنامەنووسی وێنەگر". ئەو لەجیاتی نووسین، بە وێنە مەبەستی خۆی دەردەبڕێ. بۆیە بەڕێگای وێنەکانەوە کەسی فۆتۆگراف، هەواڵ و ڕووداوەکان دەگەینێ.
**فۆتۆگرافی ڕۆژنامەو گۆڤار،** زۆرتر لەسەر فەرمانی دەستەی نووسەران بۆ شوێنی ڕووداوەکان دەنێردرێ. ئەگەر فۆتۆگراف بۆخۆی کار بکات، لەوکاتە لەگەڵ چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێك پێکدێت و وێنەکانی خۆی بەوان دەفرۆشێ. چەند جۆری تری فۆتۆگراف هەیە وەك **فۆتۆگرافی ڕێکلام و پۆرترێت.** ئەگەر فۆتۆگراف لە بواری پۆرترێت کار بکا، شوێنی زۆرتر ناو ستۆدیۆیە و زیاتریش وێنەی ئەو کەسانە دەگرێت کە دێنە ستۆدیۆ، وەك وێنەی بووك و زاوا، منداڵ و جۆری تریش. ڕووش دەدات کە فۆتۆگراف لەسەر داوای خەڵك بچێتە دەرەوەی ستۆدیۆ و لەوێ ئەو وێنانە بگرێ کە داوای لێ کراوە.
ئەگەر لە بواری ڕێکلام وێنە بگرێت، ئەوا شوێنی ناو یان دەرەوەی ستۆدیۆیە. ئەوەش دەمێنێتەوە سەر ئەوەی وێنەی چی و بۆ چ دەگرێت.
وەك فۆتۆگرافی مۆدێل، وێنەی جل و بەرگ دەگرێت.

فۆتۆگرافی پۆرتریێت و ریکلام رۆژنامەنووسیان پێ ناگوترێ، چونکە کار بۆ رۆژنامە و گۆڤار ناکەن.
**فۆتۆگرافی پۆلیس**، وێنەی تاوانەکان و ئەو کەسانەی بەتاوانەکان بەستراونەتەوە دەگیرێت. لەگەڵ هەموو ئەو جۆرە وێنانەی لەکار و باری پۆلیس بەکار دێن.
وەك **فۆتۆگرافی مۆزەخانە**، ئەوا وێنەی تابلۆ، ناو خانوو لەگەڵ ئەو وێنانەی پەیوەندییان بەمۆزەخانەوە هەیە دەگیرێت.
وەك **فۆتۆگرافی کارگە**، زیاتر وێنەی پرۆسێسی بەرهەمهێنانی شتە نوێکان کە لە کارگە دروست دەکرێن دەگیرێت. فۆتۆگرافی ئەرشیف، لێرەدا ئەو وێنانە دەگیرێن کە لە ئەرشیڤەکان بەکار دەهێنرێن یان بۆ ئەرشیڤکردنی مەتریالەکان دەگیرێن.
**فۆتۆگرافی فیلم و تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ**، لە هەرسێ جۆر لەگەڵ کامیرای جوولێنەر کامیرای ڤیدیۆ، یان کامیرای فیلم کار دەکرێت. لە هەموو ئەو جۆرانەی سەرەوە، کەسی فۆتۆگراف، دەبێت وشیار بێت و سەری لە رووناکی باش دەربچێت و بزانێت وێنە بگرێت، بشواتەوە و چاپ بکات.

## رادیۆ و تەلەفزیۆن

ناردنی شەپۆلەکانی ڕادیۆ وەك پرۆڤ لەساڵی 1910 دەستی پێکرد. لەوکاتە مۆسیقایان لەسەر قەوان بۆ سەربازەکانی بەرەی ڕۆژئاوای جەنگی جیهانی یەکەم لێدەدا.
لە سەرەتادا رادیۆ لەلایەن بەشداربووەکانی شەڕ وەك ئامێرێکی پڕوپاگەندە بەکار دەهات. پاش تەواوبوونی شەڕی جیهانی یەکەم توانرا وەك پێویست سوودی لێ وەربگیرێ. هەرچەندە ئەم ئامێرە نوێیە لە نیویۆرك وەك پرۆڤ لە ساڵی 1913 وە بەکار دەهێنرا، بەڵام لە مانگی 11 ی 1920 لە پیتسبۆرگ **Pittsburgh** لە ئەمریکا بۆ یەکەم جار

رادیۆ پەخشی بلاّوکردەوە. هەواڵی یەکەمی رادیۆش بریتی بوو لە گەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار "9" .

لە بەرلین، پاریس لەگەڵ لەندەن، ساڵی 1935 دەستکرا بە پەخشکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی. ئەم پەخشکردنە دەنگ و فیلم بوون، بەلاّم تەلەفزیۆن چاکتر لە سەردەمی ئۆلۆمپیاتی 1936 توانی رۆڵی خۆی ببینێت.

ساڵی 2002 لە ئەمریکا چوار کەناڵی ئاسمانی کاریان تەنیا پەخشکردنی دەنگوباس بوو. ئەوانەش وەك: سی ئێن ئێن.**CNN** سی ئێن ئێن هێدلاّین نیوس **CNN Headline News** فۆکس نیوس چەناڵ **Fox News Channel** ئێم ئێس ئێن بی سی.**MSNBC** سی ئێن ئێن دەگەیشتە 85 ملیۆن ماڵ. فۆکس دەگەیشتە 76 ملیۆن ماڵ و ئێم ئێس ئێن بی سی دەگەیشتە 71 ملیۆن ماڵ "10" .

دەربارەی ڕادیۆش سێ کۆمپانیای گەورە هەبوو وەك: ئەی بی سی.**ABC** سی بی ئێس **CBS** لەگەڵ ئێن بی سی.**NBC** لەو سێ کۆمپانیا ئەی بی سی لەوانی تر گەورەترە. ئەو نزیکەی 4500 ئێزگەی هەیە. ڕادیۆکانی ئەمەریکی زۆربەیان ناوچەیین و بەهەموویان ژمارەیان دەگاتە 7 هەزار ئێزگە.

زۆربەی ئەو ئێزگانە بەهۆی ریکلامەوە دەژین. جگە لەو ئێزگانە، ئێزگەیەك بەناوی ناشیۆنال پۆبلیك ڕادیۆ **National Public Radio 'NPR'** هەیە. بودجەی ئەو ئێزگەیە لەلایەن دەوڵەت لەگەڵ سپۆنسۆر (یارمەتیدانی ماددی) لەلایەن هەندێك کۆمپانیاوە دەکرێت.

لەبەریتانیا بی بی سی بریتیش بڕۆودکاستینگ کۆرپەرێیشن **BBC** لە سەرەتای 1920 دامەزراوە.

---

[9] **.Stig Hadenius, Lennart Weibull, Massmedier. Falun,2003.p.160**

[10] **هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل. 195.**

ڕادیۆ لەئەڵمانیا لەناوەڕاستی 1920 لەسەر بناغەی ناوچەیی (لۆکال) دامەزرا. کە نازییەکان لە 1933 بەڕێگای هەڵبژاردنەوە دەستەلاتیان گرتە دەست، یوسف گۆیبێلس **Joseph Goebbels** ی وەزیری پڕوپاگەندەی هیتلەر، زانی کە ڕادیۆ دەتوانرێ سوودی زۆری بۆ پڕوپاگەندە لێوە بکرێ. لە ئەڵمانیا، لە ساڵی 1933 ڕادیۆ نزیکەی 4 ملیۆن گوێگری هەبوو، لە ساڵی 1939 ژمارەی گوێگران گەیشتە 97 ملیۆن کەس. هەموو بەرنامەکانی ئەوکاتە زۆر بەوردی نەخشەیان بۆ دادەنرا و بۆ مەبەستی پڕوپاگەندە بەڕێوە دەچوون و سوودیان لێ وەردەگیرا "11".

ڕادیۆی نەتەوەیی یابان لەگەڵ تەلەفزیۆن، لەساڵی 1925 وە بەسەر بازاڕی ناوەوە زاڵە. ڕادیۆی یابان سەربەکۆمپانیای نیپۆن هۆسۆ کیۆکای **Nippon Hoso Kyokai 'NHK'** یە. هەمان کۆمپانیا لەساڵی 1952 بۆیەکەم جار بەرنامەی تەلەفزیۆنیان پەخش کرد. ئێن. هۆ. کەی. کەوتۆتە پێشبڕکێیەك لەگەڵ سەدان ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی لۆکال لە یابان. خەرجی زۆری رادیۆی ناوبراو لە مۆڵەتدانی ئێزگە و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە دەست دەکەوێت.

لە دەوڵەتی چین، دەزگاکانی راگەیاندنیان وەك دەوڵەتی کۆنی یەکێتی سۆڤێت تەواو لەژێر دەستەلاتی حکومەتدایە. رادیۆی ناوەندی چین، سی سی تی ڤی **CCTV**، لە شاری پەکین بەرنامەکانی بۆ پێنج کەناڵی میللی و ناوچەیی لەگەڵ بۆ چەندین کەناڵی لۆکالیش بەرنامەکانی پەخش دەکات.

لە دەوڵەتانی دواکەوتوو و دیکتاتۆری، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕاستەوخۆ لەژێر دەستەلاتی وەزارەتی ڕۆشنبیرین. ئامانجیشیان زۆرتر بۆ توندکردنی دەستەلات و پڕوپاگەندە بۆ حیزبە.

کەناڵی تەلەفزیۆنی سوێد لە ساڵی 1978 وە تێکستی خستە سەر شاشەکەی. ئەوەش زیاتر بۆ خەڵکی ولاتەکە بوو کە بتوانن بەرنامەکانی تەلەفزیۆن بخوێننەوە. لەکۆتایی 1980 تێکست تی ڤی هەموو لایەنەکانی تێدابوو وەك: دەنگوباس، ئابووری، وەرزش،

[11] **هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل. 197.**

گەشت و گوزار، بەرنامەکانی ڕادیۆ...هتد. کەناڵی "سڤێرێس تەلەفزیۆن" **Sveriges Television** لە ساڵی 2002 لەسەر لاپەڕەی تێکستەکەی خۆی 745 لاپەڕەی کە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی دەگرتەوە هەبوو. ئەو لاپەرەیەش وەك ڕۆژنامەیەکی تەلەفزیۆن کە تەنیا لەسەر شاشە دەخوێنرایەوە. کەناڵی تەلەفزیۆنی چواری سوێد، ڕێکلامیشی خستە سەر لاپەڕەکانی و بەمەش پارەی زۆری دەستکەوت"12".

کە باس لە ڕاگەیاندن دەکرێ، ئەوەمان بیردەکەوێتەوە، کە چەند کەسێك هەن خاوەنی زۆربەی کۆمپانیا گەورەکانی جیهانن. ئەوان وەك پاشای ڕاگەیاندن بەناوبانگن.

1- ئوستراليا، بەریتانیا لەگەڵ ئەمریکا ناوی ڕوپێرت موردۆخ **Rupert Murdoch**.

2- ڕۆبێرت هێرسانت **Robert Hersant** لە فەرەنسا، ئەکسل سپرینگەر **Axel Springer** لە ئەڵمانیا. جگە لەو ناوانەی سەرەوە، کۆمپانیای گەورە وەك: ئەی ئۆ ئێل تایم-وۆرنەر **AOL Time-Warner** لە ئەمریکا، بێرتێلسمان **Bertelsmann** لە ئەڵمانیا. بەناوبانگترین کەس لە ئەوروپا، سیلڤیۆ بێرلوچۆنی **Silvio Berlusconi** لە ئیتاڵیا. وەك دەزانین سیلڤیۆ بێرلوچۆنی پۆستی سەرۆك وەزیرانی لە دەوڵەتی ئیتالیاش هەیە. لە ئەمریکا سەتەلایت و کابل تی ڤی بە تێد تۆرنەر **Ted Turner**ی خاوەنی سی ئێن ئێن **CNN** دەبەسترێتەوە.

لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، زۆربەی کەناڵەکان بوون بە جیهانی و لەهەمان کاتدا بایەخی زۆریان بە ئینتەرنێت دا.

لە سەرەتای ساڵی 2000 پێنج کۆمپانیای گەورەی جیهان هەبوون.

1- ئەی ئۆ ئێل، تایم-وۆرنەر لە ئەمریکا. ئەم کۆمپانییە خەریکی کتێب چاپکردن و فیلمی سینەما و ئینتەرنێت بوون. لەساڵی 2001 سەرمایەی 38 ملیارد دۆلار بوو.

---

[12] هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل. **261**.

2- ڤیاکۆم ئای ئێن سی **Viacom Inc** لەئەمریکا کاری ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆن، فیلم دروستکردن دەکات. ئەم کۆمپانیایە لەساڵی 2001 نزیکەی 23 ملیارد دۆلاری هەبوو.

3- ڤیڤێندی یونیڤێرسال **Vivendi Universal** لە فەرەنسا. ئەم کۆمپانیایە لەسەرەتادا تایبەت بەئاو پاککردنەوە بوو، بەلآم دواتر چەند کەناڵێکی تەلەفزیۆن یەکیان گرت و بووە خاوەنیان. لەساڵی 2001 سەرمایەی 18 ملیارد دۆلار بوو.

4- ز وۆڵت دیسنی کۆمپەنی **The Walt Disney Company** لە ئەمریکا. ئەو کۆمپانییە لەسەرەتادا خەریکی فیلم و تەلەفزیۆن بوو. ئەمڕۆ خەریکی ڕۆژنامە دەرکردن و رادیۆ بەڕێوەبردنیشە. لەساڵی 2001 سەرمایەی 25 ملیارد دۆلار بوو.

5- بێرتلسمان **Bertelsmann** لە ئەڵمانیا. لە سەرەتادا خەریکی کتێب چاپکردن و ڕۆژنامە دەرکردن بوو. لەساڵی 2001 سەرمایەی گەیشتە 15 ملیارد دۆلار.

6- نیوس کۆرپەرەیشن **News Corporation** لەگەڵ ڕوپەرت موردۆش کە خاوەنی سەرەکی کۆمپانیا بوو، لەساڵی 2001 سەرمایەیان بە 13 ملیارد دۆلار دەخەملێنرا. ئەو کۆمپانیا گەورانە وەك دیارە کۆنتۆریان لە ئەمریکا یان لە ئەوروپا هەیە "[13]".

لە ڕۆژنامە هەواڵییەکانی سوێد سەرەتای سەدەی بیست پەیوەندییەکی زۆر پتەو لەنێوان سیاسییەکان و ڕۆژنامەکان هەبوو. ڕۆژنامەکانی ئەوکاتەی سوێد تەواو مۆرکی حیزبایەتییان پێوە دیار بوو.

تا سەرەتای سەدەی بیست، ژن نەیاندەتوانی ڕۆڵی باش لە ڕۆژنامەگەری ببینن. تەنیا لەسەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی ژنی ڕۆژنامەنووس توانییان ڕۆڵی چاکتر لەم بوارەدا بگێڕن.

[13] **هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل. 281.**

# پیشەی ڕۆژنامەنووس و ئەخلاق لە ڕاگەیاندن

سوێد یەکەمین دەوڵەتە لە جیهان کە یاسای تایبەتی بەئازادی چاپەمەنی داڕشت. ئەم یاسایە لە ساڵی 1766 دەنگی لەسەر درا. یاسای ناوبراو چاپ و بلاّوکردنەوەی کتێبی لە سەنسوور (ڕەقابە) دوور کردەوە. پاش ماوەیەك، هەمان یاسا بە بڕیارێکی تایبەتی حکومەتەوە لە ساڵی 1772 ڕەت کرایەوە. بەلاّم لە ساڵی 1774 سەر لەنوێ یاساکە بە بڕیارێکی نوێ دەست بە کار کرایەوە. ئەم یاسایە باس لەوە دەکا کە هەموو کەسێك: بە نووسین مافی دەربڕینی بیر و بۆچوونی تەواوی خۆی هەیە.

ئەو یاسایەی کە ئەمڕۆ لە ولاّتی سوێد هەیە، لەساڵی 1949 بڕیاری لەسەر دراوە. کەچی لەڕاستیدا هەمان پرینسیپی سالاّنی 1766، 1810، 1812، بوون.

پرینسیپەکانی ئازادی چاپخانە بەگشتی لەو خالاّنەی خوارەوە خۆیان دەبیننەوە:

1- هەموو هاولاّتییەك ئازادە لەوەی ڕۆژنامە دەربکات، بێ ئەوەی لەلایەن دەزگاکانی دەوڵەت یان کۆمەڵەو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان کۆسپی بخرێتە سەر ڕێگا.

هەموو ڕۆژنامە یان بلاّوکراوەیەك دەبێ مۆڵەتی هەبێ و لەوێ نووسرابێ کە خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامە یان بلاّوکراوەکە ناوی چییە، چونکە ئەو لەبەردەم دادگا بەرپرسیارە لە ناوەڕۆکی نووسینەکان.

2- هەموو جۆرە حوکمدانێکی زوو لەسەر چاپ و بلاّوکراوە بۆ هەموو دەزگا جەماوەرییەکان قەدەغەیە. هەموو هەوڵ و تەقەلاّیەك بۆ کۆسپ خستنە پێش چاپ و بلاّونەکردنەوەی یان بلاّوکردنەوە قەدەغەیە "1414".

3- ئەو کەسەی کە ئاگاداری دەستەی نووسەران بە هەواڵێك دەکات، پارێزگاری دەکرێت و ئاشکرا ناکرێ. هەموو ئەو کەسانەی لە ڕاگەیاندن کار دەکەن، لەگەڵ کتێب نووسەکان،

---

[14] ..Hadenius, Lennart Weibull, Massmedier. Falun,2003.p.26

مافی پاراستنی هەواڵ هێنەرانیان هەیە. بۆ ئەوەش هەموو دام و دەزگا میرییەکان بە لێکۆڵینەوەو گەڕان بەدوای هەواڵ هێنەرەکان، قەدەغە دەکرێن. شکاندنی نهێنی پاراستن تەنها لەوکاتە دەبێت ئەگەر هەواڵهێنەر پێوەندی بەتاوانی گەورەوە هەبێت.

4- بۆ هەموو چاپکراوێك یان بەرنامەی ڕادیۆ یان تەلەفزیۆن دەبێ بەرپرسێك هەبێت و ئەویش لەلایەن خاوەنی دەزگاکە دادەمەزرێت. بەڕێوەبەر بەرپرسە لە ناوەڕۆکی بەرنامەکان، نەك نووسەر یان دەرهێنەری بەرنامەکە. دوای ئەوان یاساو بنەمای تر هەن، ئەگەر لەکاتێکدا بەرپرسی نووسینەکان دەست نەکەون، زۆرجار خاوەنی ڕۆژنامە "خاوەن ئیمتیاز" بەرامبەر یاسا لە دادگا بەرپرس دەبێت.

5- گەیاندنی ئەو هەواڵانەی دژ بە ئەمن و ئاسایشی دەوڵەت، تێکدانی ڕیزەکانی جەماوەرن "15".

جەماوەر بە گشتی و ڕۆژنامەنووس بە تایبەتی، لەناو هەموو کۆمەڵگایەکدا چالاکی ڕۆژانەی خۆیان لە چوارچێوەی یاسا و داب و نەریتی ئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژین، ئەنجام دەدەن. بۆیە یاساکان و داب و نەریت و ئایینە ئاسمانییەکان لە دەوڵەتێك بۆ دەوڵەتێك دەگۆڕێن. ناتوانین بلێین یاسای فلانە دەوڵەت بۆ فلانە کۆمەڵ دەگونجێ. بۆ نموونە: یاسای دەوڵەتی سوێد بە گشتی تایبەتە بۆ دەوڵەت و دانیشتوانی سوێد. هەر لە سوێدیش دەتوانرێ وەك پێویست، سوودی لێ وەربگیرێ.

بە گشتی لە ڕاگەیاندندا دەبێ هەوڵ بدرێ کە تاك هێرشی نەکرێتە سەر و لەناو کۆمەڵدا ڕیسوا نەکرێ. دەبێ هەموو ئەو مافانەی مرۆ لە کۆمەڵەکەیدا هەیەتی بە تەواوی بپارێزرێ و ڕێزی لێ بگیرێ.

کە ئێمە باس لە ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە لەکوێندەر سنوور دابنێین، لەنێوان کار و ژیانی تایبەتی. ئەوەی پێوەندی بەکارەوە هەیە، هەموو کاتێك

---

[15] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل.27

دەکرێ بلاّو بکرێتەوە. بەلاّم ئەوەی پەیوەندی بە ژیانی تایبەتییەوە هەیە، تەنیا لەکاتی زۆر پێویست دەکرێ بلاّو بکرێتەوە. بەلاّم ئەمەش شایەنی لێکۆلّینەوەیە.

هەموو نووسینێك پەیوەندی بە نووسەر خۆیەوە هەیە، کە چەند دەتوانێ لە کاتی نووسین بیر لە ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی بکاتەوە.

# - بەشی چوارەم -

## سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری و ئاژانسەکان

# کاغەزو پیستە "پاپیرۆس و پێرگەمێنت"

پێش 5500 ساڵ بۆ یەکەمجار سۆمەرییەکان زمانی مسمارییان بۆ نووسین بەکار هێنا. زمانی مسماری سۆمەرییەکان ئەوەندە پێشکەوتبوو، بابلییەکانیش دوای ئەوان ساڵی 1720 پ.ز هاتن، بەکاریان هێناو سوودیان لە ئەلف و بێی ئەوان وەرگرت. لەبەر دەوڵەمەندی زمانی سۆمەری و دەستەڵاتی ئەوان، زمانیان لە هەموو رۆژهەلاتی ناوەڕاست بلاو بووبۆوە و بەکار دەهات. ئەوان نووسینیان لەسەر تابلۆی لە قوڕ دروستکراو دەنووسی و دواتر هەمان تابلۆیان وشك دەکردەوە. تا ئەمڕۆش هەندێك لەو تابلۆیانە ماون. نووسینی سەر تابلۆکان نیشانی دەدەن سۆمەرییەکان ژیانێکی ئارامیان هەبووە.

هاوکات لەگەڵ شارستانێتی سۆمەری و بابلییەکان، شارستانییەتێکی دیکەش لەسەر رووباری نیل 3500 ساڵ پ. ز هەبوو. ئەوانیش زۆر بایەخیان بەخوێندن دەدا. لە نامەیەك، کە کابرایەکی گەورە بۆ کوڕەکەی دەنووسێ و دواتر هەمان نامە لە قوتابخانەکان دەخوێندرا، بەم شێوەیەی خوارەوە ئامۆژگاری کوڕەکەی کردووە: "تیپەکانت خۆش بوێت، چۆن تۆ دایکت خۆش دەوێت، چونکە لەگەڵ ئەو زانیارییە، ڕزگارت دەبێ لە هەموو کارێکی گران و دەکرێی بە حاکم و خەڵك ڕێزی بۆت دەبێ".

میسرییەکان لە سۆمەرییەکان دوورتر رۆیشتن و توانییان ئەلف و بێ دابنێن. ئەوان تا 24 نیشانە هاتن و ئەلف و بێکەیان تیپی بزوێنیشی تێدا بووە. هەر چەندە هەردوو شارستانییەتەکە لە یەك سەردەم بوون، لەگەڵ ئەوەش هەر یەکەو بەشێوەیەك نووسینی کردووە.

لەبەر گرانی نووسینی سەر تابلۆ قوڕەکان، سۆمەری و دواتر گەلانی تری ناچار کرد شێوەیەکی ئاسانتر بۆ نووسین بدۆزنەوە. ئەوەبوو میسرییەکان بۆ یەکەمجار قەڵەمیان بۆ نووسین بەکارهێنا. ئەوانیش پاپیرۆس و مەرەکەبیان دۆزییەوە، کە تا ئەمڕۆش نووسین

لەسەر هەمان پرینسیپ بەڕێوە دەچێت. میسرییەکان ڕەنگ و مەرەکەبی سووریان بۆ سەر دێڕ و سەرەتای نووسین بەکار دەهێنا.
دروستکردنی پاپیرۆس 3000 ساڵ پ. ز تەنیا مۆنۆپۆڵی پاشاکانی ئەوسای میسر بوو. لەوکاتە، هەر دەوڵەتێك پەیوەندی لەگەڵ میسر هەبووبێ، فێری بەکارهێنانی پاپیرۆس بووە. بەکارهێنانی پاپیرۆس لەجیاتی کاغەز نزیکەی 4000 ساڵ بەردەوام بوو.
میسرییەکان جگە لە بەکارهێنانی پاپیرۆس، پێستەی ئاژەڵیشیان بۆ نووسین 2500 ساڵ پ. ز. بەکار هێناوە. لەسەرەتادا زانا و پسپۆران لەو بڕوایە دابوون تەنیا، پێستەی مەڕ، گا، بزن سوودی لێ وەردەگیرا، بەڵام کار لەسەر پێستی مامز، ستراوس (وشترمرخ) پەلەوەری تریش دۆزراوەتەوە. بۆ ماوەیەکی زۆر، تەنیا یەك لای پێستە خۆش دەکرا و بۆ نووسین سوودی لێ وەردەگیرا، ئەویش لایە بە مووەکە بوو. پێرگەمێنت **Pergament** یان "پێستەی نووسین" بەشێوەی ڕاست، دوو سەدە پێش زایین توانرا باشتر سوودی لێ وەربگیرێ.
لەو کاتە پێستەیان بەو جۆرەی خوارەوە خۆش دەکرد:
لە سەرەتا پێستەکە لەناو ئاوی سارد دادەنرا، دواتر مووەکەی لێدەکرایەوە و ئینجا لە چوارچێوەیەك توند دەبەسترا و ڕەنگ لەگەڵ ماددەیەك تێکەڵ دەکرا و بە پێستەکە دادەکرا بۆ ئەوەی چەوری زیاد لە پێستەکە بکاتەوە. دواتر پێستەکە بەچوارچێوەکەی خۆی وشك دەکرایەوە و بەچەقۆیەکی تایبەت سەرلەنوێ دەڕندرا. پێستەکە لە چوارچێوەکەی دەکرایەوە و بەپێی پێویست بۆ نووسین پارچە پارچە دەکرا. ئەگەر پێستەکە وەك ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد خۆش کرابا و ئامادە کرابا، دەتوانرا لەهەردوو لای بنووسرێت. هەڵگرتنی پێستە زۆر لە پاپیرۆس باشتر و چاکترە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند سەد ساڵێکی خایاند، تا پێرگەمێنت توانی لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمەکان پێشبڕکێ لەگەڵ پاپیرۆس بکات.
پێستە لە هەموو شوێنەکان بۆ نووسین بەکاردەهات، لەگەڵ ئەوەشدا پاپیرۆس بۆ کاری هەرزان و ڕۆژانە بەردەوام بەکاردەهێندرا و سوودی لێ وەردەگیرا.

ڕۆمەکان لە سەرەتادا ئەلف و بێی یۆنانییان بەکار دەهێنا. ئەگەر ئەوان بیانویستایە چەند دانەیەك لە نووسینێك کۆپی بکەن ئەوا چەند نووسەرێك لە ژوورێك کۆدەبوونەوە و یەکێکیان تێکستەکەی بۆ دەخوێندنەوە و ئەوانی دیکەش لەسەر بەرد دەیان تاشی. بۆ ئەوەی لەسەر تەختە یان تابلۆ بەردەکان شوێنی نووسینەکان بەجوانی ببێتەوە، لە سەرەتادا ڕوویەکی بەردەکەیان جوان و لووس دەکرد، دواتر بەپاپیرۆس لەسەر ڕووی بەردەکە پیتەکانیان دەنووسی و ئەوەش وەك کۆپی لێدەهات، لەو کاتە لەسەر کۆپییەکە پیتەکەیان هەڵدەکۆڵی.

لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمەکاندا گرنگتر پیشە خزمەتکردن لە لەشکر بوو. خزمەتکردن لە لەشکر بایەخی زۆری پێدراوە و جێی شانازی زۆر کەس بووە، بۆیە زۆر لەگەنجانی ئەو کات، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بووایە، لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان خزمەتی لەشکریان دەکرد.

ئەگەر باس لە کتێب بکەین، ئەوا یەکەم کتێب، کە تائێستا مابێت، ئینجیلی سەدەی چوارەمی زایینییە، هەندێك لە کتێبی ڕۆمەکانیش ماون بەڵام بەش بەش و بەتەواوی نەپارێزراون.

دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا لەو سەردەمدا ئەلف و بێی خۆیان بۆ نووسین نەبوو، کرەواتییەکان ساڵی 700 ی زایینی و پۆڵۆنییەکانیش ساڵی 999 زایینی کاسۆلیکی ڕۆمایان قەبوڵ کرد. لە ڕێگای ئایینیشەوە ئەدەبیاتیان بۆ دەهات و ئەوەش بووە هۆی هەزمکردنی ئەلف و بێی لاتینی. بەڵام سێرب و بولگار لەگەڵ ڕوس ئەرتەدۆکسیان پەسند کرد، ئەلف و بێی کریل لە سەدەی 800 پەسند کرا.

لە سەدەی 11 ڕۆڵی کەنیسە کەمتر بوو زانست کۆنترۆڵ نەدەکرا.

لە ئیتاڵیا قوتابخانەی یاسایی لە شاری (بۆلۆگنە **Bologna**) کرایەوە و قوتابخانەی مێدیسین لە شاری (سالێرنۆ **Salerno**) کرایەوە. یەکەمین زانکۆی گەورە لە فەرەنسا لە سەدەی 11 کرایەوە.

خوێندن لەو کاتە زۆرتر بەزمانی لاتینی بوو. خوێندکاری ئەو کاتە زۆر بەئاسانی دەیتوانی لەهەر شوێنێك بیەوێ بخوێنێ، بێ ئەوەی گرفتی زمانی خوێندنی بێتە پێش. لە کۆتایی سەدەی 11 زانکۆ لە زۆربەی شوێنەکانی ئەوروپا هەبوو، ئەوانەش بووبوونە سەنتەری زۆر مەزن بۆ خوێندنی تیۆلۆگی (خوێندنی ئایینی) و هونەر. پاش ئەوە چەندین زانکۆی تر وەك: ئۆکسفۆرد، نیێپال، پادوە **Padua، Neapel،Oxford** کرانەوە. زۆر جار قەیسەرو پاشاکان خوێندنگاکانیان لە توندڕەوانی ئایینی دەپاراست.

پاش گەشەسەندنی بازرگانی و دەوڵەمەند بوونی هەندێکیان لە شارە بچووك و گەورەکانی ئەوروپا، پێویستی نوێ بۆ ژیان پەیدابوون وەك: پیشەی دەستی، نووسەران، کتێب بەرگکارەکان...هتد. بۆیەش ئێستا بازرگانێکی دەوڵەمەند دەیتوانی کتێبێك بۆخۆی لە کلاسی پاشا بەڕادان بدات. ئەوەش لەسەر: ڕاو، کشتوکاڵ، لەدایك بوون، تەندروستی، ئاسمان ناسی، ڕۆمان...هتد بەهۆی نووسراوەکانی ئەو سەردەم، دەزانرێ لەو کاتەدا چۆن ژیاون. هەر لەڕێگای ئەوانیشەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوان بەکۆمەڵ یان بەجووت کاریان کردووە. لە هەندێك کار دەنووسرا: نووسەرەکەی ئاڵانە و کاری بەرگتێگرتنیش خێزانەکەیتی. ئەوان بەپارەی دیارکراو کارەکانیان ئەنجام دەدا.

ریچارد دێ بوری **Richard de Bury** قەشەی دورهام **Durham** بوو، لە ناوەڕاستی 1300 لە کتێبخانەی تایبەتی خۆی زیاد لە 1500 کتێبی دەستنووسی هەبوو.

لە ساڵی 1292 لە پاریس هەموو پیشە دەستییەکان دەبوایە باج بەدەوڵەت بدەن. لەو کاتە زیاتر لە 15000 کەس لە پاریس باجیان بەحکومەت دەدا. لەوانە 33 وێنەکێش، 24 نیگارکێش، 13 خەریکی نەخشی کتێب و نووسینی بوون، 350 پینەدۆز، 350 بەرگدروو، 104 کەس خەریکی دروستکردنی نان و کێك بوون، 157 کەس چێشتخانەو باڕی هەبوو.

# ڕۆژنامە لە سەردەمی کۆن و ئێستادا

لە سەردەمی ڕۆمەکان بۆ زیاتر ئاگاداربوونەوە لە تەواوی ڕووداوەکانی ناو ئیمپراتۆریەت جەماوەر زۆر پێویستی بەزانینی هەواڵ و دەنگوباس بوو. هەربۆیەش پێش دوو هەزار ساڵ کارگەی نووسین هەبوون. لەو کارگانە یەکێك نووسینەکانی دەخوێندەوە و کۆیلە و بەندەکانیش دەیاننووسییەوە. ئەو کۆیلانە کاریان نووسینەوەی هەواڵ و ڕووداوە گرنگەکان بوو. خەڵکی ناودار و بەناوبانگی ناو ئیمپراتۆریەت، ئەو هەواڵانەیان دەکڕی.

زۆری نەخایاند، کە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباس وەك ڕۆژنامە سەیر کرا. بۆیەش ناونران ئەکتە دیورنە **Acta Diurna** کە بەکوردی دەکاتە "هەواڵی ڕۆژانە". لە سەدەکانی ناوەڕاست، بڵاوکردنەوەی بەمجۆرە هەواڵانە لەلایەن کەنیسەی کاسۆلیکەکان دەردەچوون.

لە سەرەتای 1600 بڵاوکراوەی ڕێکوپێك و بەردەوام، کە لە ڕۆژنامەیان دەکرد چاپ دەکران و بۆیەش لەو کاتە زەمینەی سیاسی و ئابووری بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە لەبار بوو.

ڕۆژنامەکانی ئەو کات پەیامنێریان نەبوو و خەڵکیان دانەدەمەزراند بۆ کارکردن و ڕۆژنامە بەڕێوەبردن. گوتار و نووسینەکان لەلایەن سەرنووسەر لەگەڵ هەندێك نووسەری لابەلا دەنووسران.

سیاسییەکان و دەستەلاتدارانی ئەوکاتە لە بڵاوبوونەوەی دەنگوباس زۆر دەترسان، کاری نێگەتیڤ و خراپ بکاتە سەر جەماوەر. جگە لەوەی باسمان کرد، نرخی ڕۆژنامەکان بەرز بوون و خەڵکیش ئەوەندە خوێندەوار نەبوو. بەکورتی بازاڕی ڕۆژنامەکان ئەوەندە گەرم نەبوو.

یەکەم ئامێری خێرای چاپ، لە ڕۆژنامەی **The Times** لە لەندەن ساڵی 1814بەکار هات. دروستکردن و دانانی ئامێری نوێ، لەلایەن کرێکارەکانەوە زۆر بەتوندی دژایەتی کرا و ئەوان لەو بڕوایە دابوون، زۆر لە کرێکارەکان کار لەدەست دەدەن.

لە ساڵی 1833 لە شاری نیۆیۆرك 19 هەزار دانە ڕۆژنامە لە ڕۆژێکدا دەفرۆشرا.

ڕۆژنامەکانی ئەوکاتە قەبارەیان تەنیا چوار لاپەڕە بوو و بەناوەڕۆکێکی زۆر ڕژد. هەواڵ لە ڕۆژنامەکان لاواز بوون و زیاتر نووسینی سیاسی و نووسین لەسەر ئابووری وڵات دەنووسران. ڕۆژنامە بەناوەڕۆکی جددی و نرخی گران، کاری کردە سەر بەرز نەبوونەوەی تیراژی ڕۆژنامەکان.

بە پەیدابوونی ڕۆژنامەی **The Sun** لە ساڵی 1833 لەلایەن بنیامین ھ. دەی **Benjamin H. Day**، بازاڕی ڕۆژنامە وەك جاران نەما و گۆڕدرا. ڕۆژنامەی ناوبراو لەبەر نرخ هەرزانی، کە تەنیا یەك پێنی بوو، بووە یەکەمین ڕۆژنامەی جەماوەری، کە خەڵکی زۆر دەیانخوێندەوە. ستایلی (شێوەی) نووسینی ئەم ڕۆژنامەیە بەبەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆی ئاسان و ڕوون بوو. ئامانجی بنیامین لەم شێوە نووسینە ئەوەبوو، کە زۆربەی هەرە زۆری جەماوەر لە خوێندنەوەی تێبگا. ئەم شێوە بەڕێوەبردنەی ڕۆژنامە و دەرکردنی، تا ئەمڕۆش لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان پەیڕەو دەکرێ. ڕۆژنامەی ز سەن لە ساڵی 1836 تیراژی گەیشتە 30 هەزار دانە.

دوای دەرکردنی ڕۆژنامەی ز سەن، لە شاری نیۆیۆرك ڕۆژنامەی دووەم بەناوی ز نیۆیۆرك هێراڵد **The New York Herald** دەرچوو. ئەم ڕۆژنامەیە زیاتر لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان و دەنگوباسی زەق وەك: نووسینی ڕیپۆرتاژ لەسەر تاوان، سێکس، لەگەڵ نووسینی گوتار لەسەر خەڵکی بەناوبانگی ئەوکاتە، ڕۆژنامەی زیاتر بەناوبانگ کرد.

ڕۆژنامەی ز نیۆیۆرك هێراڵد لەلایەن جێمس گۆردان بێنێتس **James Gordon Bennetts** دەردەچوو. ئەو بایەخی بەژانری (جۆری نووسین) ئینتەرڤیو دا و وەك ژانرێکی سەربەخۆی ڕۆژنامەنووسی بۆ یەکەم جار لە مێژووی ڕۆژنامەگەری جیهان بەکاری هێنا.

هەندێك گۆڕانکاری ڕاستەوخۆ کاریان کردە سەر بەرزبوونەوەی تیراژ و پەیدابوونی ئاژانسەکان. لە هەموویان گرنگتر، دۆزینەوەی ئامێری خێرای چاپ، کە لە ڕۆژنامەی **The Times** لە لەندەن ساڵی 1814 بەکار هات. بەکارهێنانی ئەم ئامێرە بۆ چاپکردنی ڕۆژنامە، ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر بەپێویستی بوونی ئاژانس. ئەگەر ئەو ئامێرەی چاپ

نەدۆزرابایەوە، رۆژنامەكان بەو تیراژە زۆرە چاپ نەدەكران، لەو كاتە ئەوەندە زوو و بەتیراژی زۆر نەدەگەیشتە دەست خوێنەران.

لوی فیلیپ لە ساڵی 1830 پاشا بوو. بەهاتنە سەركورسی فیلیپ، راگەیاندن كەمێك ئازادی زۆرتر دەبێت و تیراژی رۆژنامەكانیش نەختێك بەرز دەبنەوە. پرۆسێسی بەدیموكراتی بوونی هەندێك دەوڵەتی ئەوروپی و بەتایبەتیش فەرەنسا، وای كرد بازاڕی فرۆشتنی رۆژنامە گەرمتر بێت. دەركردنی رۆژنامەی **The Sun** لە ساڵی 1833 لەلایەن بنیامین هـ. دەی **Benjamin H. Day** لەگەڵ دەركردنی رۆژنامەی ز نیۆیۆرك هێراڵد **The New York Herald** لەلایەن جێمس گۆردان بێنێتس ستراتیژ و دیزاینی هەموو رۆژنامەكانی جیهانیان گۆڕی. ئەو دوو كەسە سەرنووسەرانی دیكەیان ناچار كرد، رۆژنامەكانیان بەناوەرۆكی تر دەربكەن و جگە لە سیاسەت پرسیاری تریش بەرز بكەنەوە.

وەك لە سەرەوە باسمان كرد، تیراژی رۆژنامەكان بەرزبووەوە، بە بەرزبوونەوەی تیراژ، بوونی ئاژانس یان بازرگانیكردن بەكڕین و فرۆشتنی هەواڵ، بووە كارێكی پێویست. رۆژنامەكان لەبەر خەرجی زۆر، نەیاندەتوانی، پەیامنێریان لە هەموو شوێنێك هەبێت، بۆیە كڕینی هەواڵ و گوتار بۆ ئەوان هەرزانتر دەكەوت لەوەی كادیری خۆیان لە هەموو شوێنێك دابمەزرێنن. كە باس لە راگەیاندن و تیراژی رۆژنامە و گۆڤارەكانی جیهان دەكەین، دەكرێ بەشی دووەمی سەدەی نۆزدە بە سەردەمێكی زێڕین لەقەڵەم بدەین. لەگەڵ ئەوەش، ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی لە سەدەی نۆزدە دەردەچوون، بەگشتی زۆرتر رەنگدانەوەو كارتێكی پارتە سیاسییەكانیان پێوە دیار بوو.

ئێستا یەك كەس یەك رۆژنامە دەرناكات و یەك حیزبیش تەنیا خاوەنی یەك رۆژنامە نییە، دەركردنی رۆژنامە بۆتە ئیندوستری و خەڵك پێی دەوڵەمەند دەبێت. زۆربەی رۆژنامە و گۆڤار و ئێزگەی رادیۆ و كەناڵی تەلەفزیۆن لەلایەن چەند كەسێكەوە بەڕێوە دەچن و چەند كەسێك خاوەنیانن.

بەگوێرەی ڕێكخراوی یونسكۆ، ئۆرگانی نەتەوە یەكگرتووەكان، هەر ڕۆژنامەیەك هەفتەی چوار جار دەربچێ ڕۆژنامەی ڕۆژانەی پێ دەگوترێ.

له ساڵی 2002 له ئه‌مریکا 1500 ڕۆژنامه‌ی ڕۆژانه‌ ده‌رده‌چوون. تیراژی هه‌موویان ده‌گه‌یشته‌ نزیکه‌ی 55 ملیۆن دانه‌. زۆربه‌ی ڕۆژنامه‌کان ئێواران و دوای نیوه‌ڕۆیان ده‌که‌ونه‌ بازاڕ. ڕۆژنامه‌ی یو. ئێس. ئه‌ی. توده‌ی **U.SA. Today** گه‌وره‌ترین ڕۆژنامه‌ی ئه‌مریکایه‌ تیراژی ڕۆژانه‌ی ده‌گاته‌ نزیکه‌ی 2،2 ملیۆن دانه‌.

ڕۆژنامه‌ی ئابووری وۆڵ ستریت جورنال **Wall Street Journal** تیراژی 1،8 ملیۆن دانه‌یه‌، ڕۆژنامه‌ی نیۆیۆرك تایمس 1،1 ملیۆن دانه‌یه‌ و ڕۆژنامه‌ی لۆس ئه‌نجلس تایمس **Los Angeles Times** یه‌ك ملیۆن دانه‌یه‌، له‌گه‌ڵ ڕۆژنامه‌ی واشینتۆن پۆست **Washington Post** که‌ 750 هه‌زار دانه‌یه‌.

نزیکه‌ی ٪80 داهاتی ڕۆژنامه‌ ئه‌مریکییه‌کان له‌ڕێکلامه‌وه‌ به‌ده‌ستیان ده‌گات. ده‌وڵه‌تانی تری جیهان، جگه‌ له‌ ئه‌مریکا، ئه‌وروپا و یابان، چین، ئوستراڵیا، که‌نه‌دا و کۆریای باشوور، ڕۆژنامه‌گه‌رییان تێدا کزه‌.

له‌ یابان نزیکه‌ی 100 ڕۆژنامه‌ی ڕۆژانه‌ ده‌رده‌چێ که‌ تیراژی هه‌موویان ده‌گاته‌ 70 ملیۆن دانه‌. زۆر له‌و ڕۆژنامانه‌ی، که‌ ماڵه‌کان ئابۆنه‌یان تێیدا هه‌یه‌، ڕۆژانه‌ دوو جار ده‌رده‌چن. گه‌وره‌ترین ڕۆژنامه‌کانی ڕۆژانه‌ی یابان ساڵی 2000 ئه‌وانه‌ی خواره‌وه‌ن:

ڕۆژنامه‌ی یومایوری شیمبون **Yomiuri Shimbun** تیراژی نزیکه‌ی 14 ملیۆن دانه‌یه‌.

ڕۆژنامه‌ی ئه‌سابی شیمبون **Asabi Shimbun** تیراژی نزیکه‌ی 12 ملیۆن دانه‌یه‌.

ماینیچی شیمبون **Mainichi Shimbun** تیراژی نزیکه‌ی 6 ملیۆن دانه‌یه‌.

له‌ وڵاتی چین، وه‌ك یابان ڕۆژنامه‌ به‌تیراژی زۆر به‌رز هه‌ن. ڕۆژنامه‌ی ڕێنمین ڕیباو **Renmin Ribao** (به‌کوردی واتاکه‌ی: ڕۆژنامه‌ی جه‌ماوه‌ر) تیراژی نزیکه‌ی دوو ملیۆن دانه‌یه‌. ڕۆژنامه‌ی ناوبراو زۆرتر هه‌واڵ و ده‌نگوباسی ده‌وڵه‌تی تێدا بڵاوده‌کرێته‌وه‌.

له‌ ساڵی 2001 نزیکه‌ی 900 ڕۆژنامه‌ی ڕۆژانه‌ له‌ وڵاتی چین هه‌بوون. ئه‌وه‌ش ژماره‌یه‌کی زۆره‌ به‌ به‌راورد له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که‌ له‌ ساڵی 1980 له‌ هه‌مان وڵات ته‌نیا 200 ڕۆژنامه‌ ده‌رده‌چوون. له‌ نێوان ساڵی 1996-2001 له‌ ڕۆژنامه‌کانی چین، ڕیکلام دووجار زیادی کردییه‌. گه‌وره‌ترین ڕۆژنامه‌ی چین به‌ناوی کایکه‌و خیاوخی **Caikao**

**Xiaoxi** یە تیراژی نزیکەی 2،7 ملیۆن دانەیە لەڕۆژێکدا. ئاژانسی میللی خینهوا خاوەنی ئەم ڕۆژنامەیە.

ولاّتی هیندستان لە ڕیزی ئەو ولاّتانەیە، کە لە دەرکرنی ڕۆژنامە بەناوبانگن. لەوێش نزیکەی 900 ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەتیراژی نزیکەی 30 ملیۆن دەردەچێت. لە ولاّتی هیند، هەر هەزار کەس 50 دانە ڕۆژنامەیان بەردەکەوێت. هەندێك لەو ڕۆژنامانەی هیندستان بەزمانی ئینگلیزی و ئەوانی تریش بەزمانی ناوچەکان دەردەچن.

گەورەترین دە ڕۆژنامەی هیند تیراژیان لەنێوان 500 هەزار و 750 هەزار دانەیە. ز تایمس ئۆف ئیندیا **The Times of India** تیراژی 1،9 ملیۆنە و دەینیك بهەسکەر **Dainik Bhaskar** تیراژی 1،3 ملیۆنە و مەلایەلا مانۆراما **Malayala Manorama** تیراژی نزیکەی 1،2 ملیۆن دانەیە. زۆر لەو ڕۆژنامە ناوچەییەکان بۆیەکەم جار لە سەردەمی خەباتیان دژی داگیرکەری بەریتانیا دەرچوون. لە دەوڵەتانی وەك: کێنیا، ئۆگەندا، کامیرۆن، بۆ هەر هەزار کەس 1-15 دانە ڕۆژنامەیان بەردەکەوێت.

یەك لە ئەرکە گرنگەکانی ڕۆژنامەنووسان، ئاشکراکردنی سیاسییەکان، لە بەکارهێنانی دەستەلاّت بۆ بەرژەوەندی خۆیان و لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنەکانی تری کۆمەڵ بوو. جگە لەوانەی سەرەوە، ڕۆژنامەگەری بەشێوەیەکی تر سەیری جەماوەری دەکرد.

# ئاژانسەکان

ئاژانسە گەورەکانی جیهان هەزاران کەس کاریان تێدا دەکات و کۆمپانیاکان دەیان ملیارد دۆلاریان لەم بوارەدا خستۆتە گەڕ. ئەمەش بۆتە پەیدابوونی پێشبڕکێی توند لەسەر بازاڕ، وەك: کامە ئاژانس بەخێراترین و کەمترین کات ڕووداوەکان دەگەیەنێتە خوێنەر، بینەر، بیسەر.

تا ئێستا سیاسییەکان، بازرگانەکان، کۆمەڵەو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان. سەرچاوەی هەواڵن بۆ ئاژانسەکان هەر ئەوانەی سەرەوەشن کە بە خەستی کاردەکەن بۆ ئەوەی زاڵبن بەسەر بلاۆکردنەوەی هەواڵەکان و لەزۆر کاتیشدا بڕیار لەسەر ناوەرۆکی هەواڵەکان بدەن.

هەواڵ هەموو کاتێك دوو مەبەستی هەبووە:

1- پەیداکردنی پارە.

2- ئامانجی سیاسی.

ڕۆژنامەکانی سەرەتایی کە لە سەردەمی شەڕی 1618 – 1648 (سی ساڵە) پەیدابوون. هەر لایەنەو دەیویست بیرو بۆچوونی خۆی لەسەر شەڕەکە بگەیەنێتە جەماوەر.

پێشتر هەواڵ بەتەلەگراف، تەلەفۆن، تێلی پرینتەر دەگەیشتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆیە، تا هەواڵەکە چاك دەکرا و سەرلەنوێ دادەڕێژرایەوە و دەگەیەنرایە جەماوەر، کاتی زۆری دەویست. ئەمڕۆ هەواڵەکان لە ڕێگای پەیامنێر و ئاژانسەکانەوە ڕاستەوخۆ دەگەنە سەر شاشەی ناوەندی (مەرکەزی) کۆمپیوتەرەکان.

وۆڵتەر لیپمان **Walter Lippmann** ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکی لە ساڵی 1924 بۆی ڕوون بووەوە کە ڕۆژنامەنووس دەبێت هەست بکات کە جەماوەر تێنووی زانینی ئەو زانیارییەیە. بە ڕای وۆڵتەر مەرجی هەواڵ بەلای ئەو کە مرۆڤی یەکەم دەبێت لای مرۆڤی دووەم هەست ببزوێنێت بۆنموونە: وەرگەڕانی شەمەندەفەرێك لە فینلەندا، هەست لای سوێدییەکان زۆرتر دەبزوێنێ، تا لەلای هیندییەکان لە هیندستان. لە هەمان کاتیشدا، تراگێدیای گەورە هەست لای زۆرکەس دەبزوێنێ.

له هەولێك بۆ ئەوەی چاكتر لە هەواڵ بگەین، ئەوا هێنك پراككێ **Henk Prakke** بۆمان ڕوون دەكاتەوە. بەڕای ئەو سێ فاكتەر هەن كە پلەی گرنگی هەواڵ دەردەخەن. "كات، فەرهەنگ لەگەڵ شوێن". هەرچەند دوورتربین لەو سێ خاڵە، هەواڵەكە كەمتر بایەخی بۆمان دەبێت. كە كەمیش بایەخی هەبێ، ئەوا كەمتر هەواڵە. كە دوورتر بێت، بایەخی هەواڵی خۆی كەمتر دەبێتەوە.

## ئاژانسی فرانس پرێس AFP

**(Agence France-Presse)** ئاژانسی فرانس پرێس لەلایەن چارلس — لویس هاڤاس **(Charles-Louis HAVAS (1783-1835**)، لە ساڵی 1835 دامەزرا. چارلس لە سییەكانی سەدەی نۆزدە، لە پاریس، خەریكی وەرگێڕانی ڕۆژنامەكانی بیانی بوو. چارلس هاڤاس لە تەمەنی 52 ساڵی بیری دامەزراندنی پڕۆژەیەكی سەیری بە مێشك داهات، ئەو پڕۆژەیەش دامەزراندنی كۆمپانیایەك بۆ فرۆشتنی هەواڵ و ڕووداوە گرنگەكانی ئەوكاتە بوو. لە سەرەتادا دەیویست هەواڵەكان بە ڕۆژنامە فەرەنسییەكان، دواتر بە ڕۆژنامە بیانییەكان بفرۆشێت. ئەو بە پڕۆژە زۆر بچووكەكەی دەستی بەكار كرد و كۆنتۆرەكەشی بەرامبەر پۆست كردەوە. هەموو بەیانییەك بۆ وەرگرتنی ڕۆژنامە بیانییەكان بۆ پۆست دەچوو. هاڤاس بەیارمەتی خێزانەكەی هەواڵەكانی وەردەگێڕا. بەخۆی كاری لە ڕۆژنامە ئینگلیزی و ئەڵمانییەكان دەكرد، خێزانەكەشی لە زمانی ئیسپانی و پورتوگالی هەواڵ و ڕووداوەكانی بۆ زمانی فەرەنسی وەردەگێڕا. لە ساڵی 1832 هاڤاس گەشتێكی چەند دەوڵەتی ئەوروپی دەكات و لەو سەردانەش چەند كەسێك وەك پەیامنێر دادەمەزرێنێت.

له ساڵی 1835 هاڤاس لەگەڵ یارمەتیدەرەکانی ئاژانسێك بەناوی: (ئاژانسی هەواڵی سیاسی و دەنگ و باسی تر) دادەمەزرێنێت. بەو جۆرە بەشێوەیەکی رەسمی یەکەم ئاژانسی دەنگ و باس لە جیهان دادەمەزرێت. پاش ماوەیەکی کەم، بانکیری کۆن، چارلس هاڤاس، هەواڵەکانی دەرەوەی دەکەوێتە ژێر دەست و زۆر بەسەرکەوتوویی بەسەر رۆژنامەکان، دابەشیان دەکات.

ئاژانسی فرانس پرێس ئەمڕۆ لە 165 دەوڵەتی جیهانی 110 کۆنتۆریان هەیە و لە فەرەنسا حەوت کۆنتۆر هەیە. خزمەتگوزارییەکانی ئاژانسی فرانس پرێس بەو زمانانەی خوارەوە هەن: فەرەنسی، ئەڵمانی، عەرەبی، ئیسپانی، ئینگلیزی لەگەڵ پورتوگالی.

ئەمڕۆ ئاژانسی فرانس پرێس لە هەموو لایەنەکانی ژیان: سیاسەت، پەیوەندییەکانی دیپلۆماسی، ئابووری، رووداوە گەورەکان لەگەڵ رووداوە ئاساییەکانی ژیانی مرۆڤ، هەواڵی وەرزش لەگەڵ فەرهەنگی، تەکنۆلۆژیای نوێ و هەواڵەکانی سینەما و تیاتر، بە هەموو جیهان دەگەیەنێت.

ئاژانسی فرانس پرێس جگە لە گەیاندنی نووسین، لەوێنەش لە ریزی پێشەوەی ئاژانسە زیندووەکانی جیهانە.

## ئاژانسی Associated Press

دێیڤید هێڵ لە گۆڤاری **Journal of Commerce** لەگەڵ جێمس گۆردان بێنێت لە ساڵی 1847 پێکهاتن لەسەر ئەوەی هەواڵ بۆ رۆژنامە و گۆڤارەکان بنێرن، ئەوە هەوڵی یەکەم بوو بۆ دروستکردنی ئاژانس. مایسی 1848 بەڕەسمی بە مێژووی لەدایکبوونی ئاژانسی **AP** دادەندرێت.

بۆیەکەم جار ئاژانس لە ساڵی 1916 توانی باس لە هەڵبژاردنی نێوان دوو کەندیداتی سەرۆك کۆماری ئەمریکا بەشێوەی زیندوو باس بکات.

لە ساڵی 1927 بۆ یەکەم جار تواندرا وێنە لە شێوەی مەیل رەوانە بکرێت. بەڕەوانەکردنی وێنە، رۆژنامەکان بەناوەرۆك جوانتر بوون و نووسینەکان زۆرتر و ژمارەی لاپەڕەکانیش زیاد کران.

لە ساڵی 1931 ئاژانسی **AP** توانی خزمەتگوزارییەکانی خۆی بە رۆژنامەکانی ئەوروپا بگەیەنێت.

لە ساڵی 1935 بۆیەکەم جار بە ئامێری وایەر تواندرا وێنەی هەمان رۆژ بەشێوەی مەیل بۆ رۆژنامە و گۆڤارەکان بنێردرێت. یەکەم وێنەی ئاژانس وێنەی کەوتنی فڕۆکەیەکی بچووك لە چیای ئەدایرۆنداکی نوێ بوو، کە گەیشتە ئاژانس. هەر لەم ئاژانسەش بوو بۆیەکەم جار لە جیهان باس لە باشترین تیپی وەرزش کرا.

لە ساڵی 1962 بۆیەکەم جار راستەوخۆ نووسینەکان بەهۆی تێلێتایپ یەکسەر بۆ رۆژنامەکان رەوانە دەکران.

لە ساڵی 1967 بۆیەکەم جار ئاژانسی **AP** بووە خاوەنی سەتەلایتی خۆی. لەوکاتە دەیتوانی وێنە بەرێگای سەتەلایت بۆ دووری زیاد لە 100 هەزار میلی ئەمریکی رەوانە بکات. دووساڵ دواتر بەبۆنەی چوونە سەر مانگی نێیل ئارمسترۆنگ **Neil Armstrong** گروپێکی 70 کەسی لە بوارەکانی تەکنیك، وێنەگر، هەواڵ نووس بۆ هۆستۆن رەوانە کرد.

لە ساڵی 1970 ئاژانسی **AP** پێی نایە قۆناغێکی تری نوێی تەکنۆلۆجی. ئەویش چوونە ناو سیستێمی کۆمپیوتەر و وەرگرتن و ناردنی زانیاری و هەواڵ لە نێوان ئەتڵەنتا و کارۆلینای باشوور بوو.

## ئاژانسی REUTERS

له ساڵی 1848 پاول یولیۆس رۆیتەر **Paul Julius Reuter** لەسەرەتادا وەك وەرگێڕێك له ئاژانسی هاڤاس له پاریس کاری دەکرد. دوای دوو ساڵ له کانونی یەکی 1850 لەشاری **Aachen** له ئەڵمانیا، ئاژانسێکی هەواڵی دامەزراند. رۆیتەرس لەگەڵ هێنریش گێلەر **Heinrich Geller** پێکهاتن، لەسەر ئەوەی باڵندەی بۆ گواستنەوەی هەواڵ له نێوان **Aachen** (ئەڵمانیا) و **Brussels** بەکار بهێنن. ئەوان 45 کۆتریان بۆ گەیاندنی هەواڵ بەکار هێنا. کۆترەکان نێوان ئەم دوو دەوڵەتەیان بە دوو کاتژمێر دەبڕی، شەمەندەفەر به شەش کاتژمێر هەمان ماوەی دەبڕی. بەکارهێنانی کۆتر زیاتر لەکاتی لەکارکەوتن و وەستانی هێڵی تەلەگراف بوو. ئەم ئاژانسەیان بۆ ماوەی یەك ساڵ بەو شێوەی سەرەوە له کارکردن بەردەوام بوو.

**Paul Julius Reuter** له 14 حوزەیران هاتە لەندەن و له دەی ئۆکتۆبەری 1851 نووسینگەی تایبەتی ئاژانسی کردەوە. خزمەتگوزارییەکانی ئاژانس له سەرەتادا زیاتر رۆژنامەکانی لەندەن سوودیان لێ وەردەگرت، بەلاّم پاش ماوەیەکی کورت، رۆژنامە و گۆڤارەکانی ولاّتانی تری ئەوروپاش توانییان سوودی لێ وەربگرن.

له ساڵی 1923 رادیۆی بۆ گەیاندنی هەواڵ و دەنگوباسەکان بەکار هێنا و ساڵی 1939 ش لەسەر شەپۆلی ناوەندی رۆیتەرس توانی بۆ گشت جیهان پەیامەکانی خۆی پەخش و بلاّوبکاتەوە. له ساڵی 1927 به ڕێگای **teleprinter** راستەوخۆ نووسینی بۆ رۆژنامەکانی بەریتانیا و جیهان رەوان دەکرد و وەریشی دەگرت.

ئێستا ئاژانسی رۆیتەرس نوێترین تەکنۆلۆژیا بۆ ئەنجامدانی کارەکانی خۆی به خێرایی و دروستی بەکار دەهێنێت. ئەمڕۆ 427 هەزار ئابۆنەداری بەردەوامی هەیە و زیاد له 30

هەزار سەردێر لە سایتەکەیان دەخوێندرێتەوە و 198 نووسینگەی لە 150 وڵات هەیە.
هەموو ئەو کارانە بە 2500 کارمەند جێبەجێ دەکرێت.
ئاژانسی رۆیتەرس رۆژانە نزیکەی هەشت ملیۆن وشە بە 19 زمان بەجیهان بڵاو دەکاتەوە. رۆیتەرس لە ئاژانسە هەرە گەورەکانی جیهانە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەسەر: ئابووری، سیاسەت، ئەدەب، هونەر، کۆمەڵایەتی، کارەسات و شەڕی ناوخۆ...هتد.
لەساڵی 1883 ئاژانسی رۆیتەرس نامەیەکی بۆ پەیامنێرانی خۆی ڕەوانە کرد و تێیدا داوای کردبوو لەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوە نووسینەکانیان بنووسن:
سووتان، تەقینەوە، لافاو، رووداوی گەورە، رەشەبای گەورە، بوومەلەرزە، نوقومبوونی ئەو پاپۆڕانەی خەڵکیان تێیدا دەخنکێ، دەستپێکردنی شەڕ و تۆپباران کردن، کوشتنی سەر شەقام، مانگرتن، دوێل. خۆکوشتن، کوشتنی خەڵکی بەناوبانگ و گەورە. هەموو ئەوانەی سەرەوە بابەتی گەورەبوون و شایەنی باسکردن و لێدوان بوون. هەربۆیەش دەستەی نووسەران لەم جۆرە رووداوانە خوێنەرانیان بێبەش نەکردووە و پەیامنێرانیان ئاگادار کردۆتەوە، کە بایەخی زۆری پێ بدەن.

## ئاژانسی United Press International

لە15ی تەموزی 1907 لە شاری نیویۆرك ئاژانسی **United Press International** **"UPI"** دامەزرا. بۆ دامەزراندنی ئەم ئاژانسە سێ دەزگای گەورەی چاپەمەنی:
**Scripps-McRae Press Association Publishers Press Association**، لەگەڵ **Scripps News Association** یەکیان گرت و ئاژانسی **United Press Associations** یان دامەزراند.

لەسەرەتای دامەزراندنی 460 ڕۆژنامە ئابۆنەیان لەلای UP هەبوو. لەو ژمارەیە 400 ڕۆژنامەی ئێواران لەگەڵ 60 هەفتەنامەی یەکشەمەی بەیانییان، سوودیان لە خزمەتگوزارییەکانی دەزگای **United Press** وەردەگرت. ئەمەش وای کرد، کە **United Press** ببێتە باشترین و بەناوبانگترین ئاژانس لە جیهان، بۆ خزمەتکردنی ڕۆژنامەی ئێواران و هەفتەنامەی یەکشەمان.

ئەمڕۆ ئاژانسی**UPI** دەزگایەکی مەزنی گەیاندنی هەواڵە بەزمانی ئینگلیزی، ئیسپانی، عەرەبی خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش دەکات. ڕۆژنامە، گۆڤار رادیۆ لەگەڵ تەلەفزیۆنی زۆربەی ولاتانی جیهان ئابۆنەیان لای **UPI** هەیە.

ئاژانسی **United Press International** لەمێژووی دروستبوونیەوە تووشی بەرزی و نزمی زۆر هاتووە، بەلام وەك ئاژانسێکی مەزنی جیهان، رۆڵی گەورەی خۆی لەدەست نەداوە. لە ناخۆشترین کاتی، دەستپاکی لە نووسین و گەیاندنی هەواڵ بە راست و دروستی پێوە دیار بووە. تا ئێستاش یەك لەو پێنج ئاژانسە مەزنانەی جیهانە، لە گەیاندنی هەواڵ و رێپۆرتاژ لەسەر رووداوەکانی جیهان. وەك هەموو ئاژانسەکانی تری جیهانیش سوودی زۆر لە تەکنۆلۆجیای سەردەم وەردەگرێت.

## ئاژانسی تاس

ئاژانسێك بەناوی س پ تی ئەی **SPTA** سانکت-پیتربورگسکۆیێ تێلێگرامنۆیێ ئەگێنستڤا "ئاژانسی تەلەگرامی سانکت-پیتربورگ" لە 1904.09.01 بۆ یەکەم جار لە ئیمپراتۆریەتی روسیا دەستی بەکار کرد. سێ وەزارەت بۆ دروستکردنی ئاژانسی **SPTA** هاوکاریان کرد.

- وەزارەتی دارایی

- وەزارەتی ناوخۆ
- وەزارەتی دەرەوە
وەزیری دارایی ڤ. ن. کۆکۆڤچۆڤ لە 1904.03.26 نامەیەکی بۆ وەزیری دەرەوە نووسی و لەو نامە پێشنیازی دامەزراندنی ئاژانسێکی هەواڵی بەپێویست و گرنگ زانی. لەبەر ئەوەی لەو کاتە ئاژانسە بیانییەکان لەسەر بلاوکردنەوەی هەواڵ لەناو ئیمپراتۆریەتی روسیا زاڵ بوون و ئەو ئاژانسانە، بەویستی خۆیان باسیان لە رووداوەکانی ناو روسیا دەکرد. زۆر جاریش بەئەنقەست و بۆ ریسواکردنی گەلانی روسیا، هەواڵی درۆیان بلاو دەکردەوە. ئەو هەواڵە درۆیانەش، زیاتر لەسەر ئابووری روسیا بوو، کە بەنادروستی باسیان دەکرد و هەرئەوەش بووە هۆی لەدایکبوونی ئاژانسێکی میللی بەناوی **SPTA**.
ئامانجی ئەم ئاژانسە باسکردن بوو لەسەر: بابەتەکانی سیاسی، ئابووری، دارایی، بازرگانی و هەموو ئەو بابەتانەی بەلای ئەوان گرنگ بوو باس بکات، وەك چۆن خۆیان دەیانەوێت؟ نەك چۆن بێگانەکان دەیانەوێت؟ ئەم پرۆژەیە لە 1904.07.21 لەلایەن ئیمپراتۆری روسیا نیکۆلای دوو ئیمزا کرا.
لە 1925.07.10 بەگوێرەی بڕیارێك لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی، بڕیاردرا کە ئاژانسێك بەناوی تاس **TASS** تەلەگرافنۆیێ ئەگێنستڤا سەڤێتسکۆڤە سایوزە "ئاژانسی تەلەگرامی ئەنجومەنی سۆڤێتییەکان"دابمەزرێنن. ئاژانسی تاس هەر لە دامەزراندنییەوە، مافی بلاوکردنەوەی هەموو هەواڵەکانی ناوەوە و دەرەوەی یەکێتی سۆڤێتی بەخۆی دا. لەم ئاژانسە نزیکەی 4000 رۆژنامە و گۆڤار، ئێزگەی رادیۆ و کەناڵی تەلەفزیۆن لەگەڵ نزیکەی 1000 دەزگای راگەیاندنی جیهانی سوودیان لێ وەردەگرت و ئابۆنەیان لای هەبوو. تاس یەك لە ئاژانسە گەورەکانی جیهان بوو. ئاژانس 682 نووسینگەی لەناوەوەی ولات، لەگەڵ لە 94 ولاتی دەرەوە پەیامنێری هەبوو. نزیکەی 2000 رۆژنامەنووس و فۆتۆگراف لە ئاژانسی تاس کاریان دەکرد. تاس سەر بە

حکومەتی مەرکەزی یەکێتی سۆڤێت بوو. کۆمیتەی تایبەت سەرپەرشتی کارەکانی ئاژانسی تاسی دەکرد.

لە کانوونی دووەمی 1992 ناوی تاس بە **Itar-Tass** ئیتار-تاس گۆڕدرا. ئەو ناو گۆڕینە پاش هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤێت بوو. ئەمڕۆ ئاژانسی تاس وەك پێشتر، یەك لەو پێنج ئاژانسە گەورانەی جیهانە و تا ئێستاش رۆڵی ناوەندی خۆی لە گەیاندنی هەواڵ لەدەست نەداوە. ئاژانسی ئیتار- تاس نووسینگەی لە نزیکەی 130 شوێنی روسیا و جیهان هەیە.

## ئاژانسی Ria Novosti

سەرنووسەرانی ئاژانسی ریا نۆڤۆستی مێژووی دامەزراندنی ئاژانسەکەیان بۆ 24 ی حوزەیرانی 1941 دەگەڕێننەوە. لەوکاتە ئاژانسێك بەناوی: "نووسینگەی زانیاری هەواڵەکان" لەژێر چاودێری مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێت دامەزرا.

کاری سەرەکی ئاژانس بریتی بوو لە: کۆکردنەوەی کورتە هەواڵ بۆ رادیۆ، رۆژنامە لەگەڵ گۆڤار، باسکردن لە رووداوەکانی شەڕی دووەمی جیهانی و لەسەر لەژیان و خەبات و چالاکی پارتیزانەکان.

لە ساڵی 1944 کۆمیتەیەکی تایبەت بۆ پروپاگەندەکردنی لە دەرەوەی وڵات دروست بوو. ئەو کۆمیتەیە لە رێگای 1171 رۆژنامە، 523 گۆڤار لەگەڵ 18 ئێزگە لە 23 وڵاتی جیهان کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا. ئەوانەی سوودیان لە خزمەتگوزارییەکانی ئاژانس وەردەگرت: سەفارەتەکانی سۆڤێت لە دەرەوە، کۆمیتەی هاوکاری، سەندیکاکان، رێکخراوی ژن و گەنجان و زانایان بوون. ئاژانس خوێنەر و بیسەری لە خەباتی گەلانی سۆڤێت دژ بەفاشیزم ئاگادار دەکردەوە.

بەگوێرەی بڕیارێك لەلایەن سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت، میخائیل گۆرباتشۆڤ لە 27 ی تەموزی 1990 بڕیاردرا ئاژانسێك بەناوی "هەواڵ" لەسەر بناغەی APN (ئاژانسی هەواڵەکانی روسیا) دابمەزرێت. ئەو ئاژانسە دەبوایە خزمەتی گۆڕانکارییەکانی ئەوکاتە و پرۆسێسی بەدیموکراتی بوونی یەکێتی سۆڤێت بکات و کارەکانی لە بەرژەوەندی گەلانی سۆڤێت بێت. کار و ئامانجەکانی ئەم ئاژانسە نوێیە، لە راستیدا جگە لەناو گۆڕین هیچی تر نەگۆڕدرا.

لە ئەیلولی 1991 لەسەر بناغەی IAN (ئینفرۆرماچیۆنی ئەگێنستڤا نۆڤۆستی) "ئاژانسی هەواڵ"، لەگەڵ "ئاژانسی هەواڵی روسیا"، بە فەرمانێك، کە لەلایەن سەرۆك کۆماری روسیا لە 22 ی ئابی 1991 دەرچووبوو"ئاژانسی هەواڵی روسیا" دامەزرا. ئاژانسی ریا نۆڤۆستی RIA NOVOSTI وەزارەتی چاپەمەنی کرایە خاوەنی. لەو کاتە ئاژانس نزیکەی 80 نووسینگەی لە دەرەوەی ولات هەبوو. زیاد لە 1500 ئابۆنە لە ولاتانی سۆڤێتی کۆن و نزیکەی 100 یش لە دەرەوەی روسیا هەبوو. لە ساڵی 1993 وە ئاژانسی ریا نۆڤۆستی بەگوێرەی بڕیارێك، کە لەلایەن بۆریس یەلتسنی سەرۆك کۆمار لە 15 ی ئەیلول ئیمزا کرا، راستەوخۆ بووە زمانحاڵی حکومەتی روسیا. لە ساڵی 1996وە رادیۆی خۆی بەناوی: "ریا رادیۆ" هەیە. لە ساڵی 1997 کەناڵێکی فەرهەنگی بەناوی: "کولتوور" پەخشی خۆی هەیە. لە مایسی 1998 ئاژانسی هەواڵی روسیا هەواڵەکانی تەلەفزیۆن بەناوی **vesti** بلاودەکاتەوە.

# ئاژانسی INTERFAX

میخایل کۆمیسار و هاوڕێیانی کاری، لە رادیۆی مۆسکۆ، بە هاوکاری کۆمپانیای فەرەنسی-سۆڤێتی "ئینتەرکڤاردۆ" لە تەموزی 1989دەستیان بەدەرکردنی بلاْوکراوەیەکی هەواڵی بەزمانی روسی و ئینگلیزی کرد. لەم بلاْوکراوەیە بۆیەکەم جار لە روسیا، بەشێوەیەکی راست و دروست و بابەتییانە، لەسەر رووداوەکانی ناوەوەی سۆڤێت نووسرا. ئەوە سەرەتای دامەزراندنی ئاژانسی ئینتەرفاکس بوو. کڕیارە یەکەمەکانیان ولاْتانی تازە جودابووەوە لە یەکێتی سۆڤێت بوو. لەبەر رووداوەکانی ناو یەکێتی سۆڤێت و لاوازبوون و ڕمانی بلۆکی سۆسیالیست، لەسەرەتای نەوەدەکان، روسیا بووە ناوەندی رووداوە گرنگەکانی جیهان. کرۆنۆلۆگیای رووداوەکان، لەگەڵ رۆژنامەنووسە چالاکەکان، ئاژانسی ئینتەرفاکسیان لە جیهان بەناوبانگ کرد. لە کۆتایی هەمان ساڵ، هەموو ئاژانسە بەناوبانگەکانی جیهان ئابۆنەیان لەگەڵ ئینتەرفاکس هەبوو.

لە مانگی مارسی 1991 یەکەم ژمارەی پەنۆرامای دیپلۆمات، کە تایبەتە بەسیاسەتی دەرەوەی سۆڤێت دەردەکەن. هەر لەوساڵ کۆمپانیای ئینتەرفاکس - یوئێس **Interfax-US** لە ئەمریکا و ویلایەتی کۆلۆرادۆ دەکرێتەوە. ئەوەش هەنگاوێکی زۆر گرنگی ئاژانس بوو. لە ئابی هەمان ساڵ، یەکەم ئاژانس بوو لەجیهان، باسی لە کودەتای دژ بەپرسترۆیکە و گلاْسنست کرد. هەر لەو هەواڵە باس لە دەستبەسەری سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێت میخایل گورباتشۆڤ لە "کریم" کرا. مانگێك دواتر خەلاْتی پولیتزەر پرایزس **Pulitzer Prizes** ی وەرگرت.

لە مارسی 1992 ئاژانسی ئینتەرفاکس گرێبەستییەك لەگەڵ **Dow Jones Telerate** دەنووسێت و بەهۆی ئەم گرێبەستە هەواڵەکانی لەئاژانس دەردەچن، بەهەموو جیهان بلاْو دەبنەوە. لەو کاتەی ئاژانسی ئینتەرفاکس دامەزراوە تا ئەمڕۆ ڕۆژانە ئاژانس بەرەو پێشەوە دەچێت و هەواڵ و خزمەتگوزارییەکانی لە زۆرترین دەزگاکانی راگەیاندنی هەموو جیهان سوودی لێ وەردەگیرێت.

ئاژانسی ئینتەرفاکس هەفتەنامەی سیاسی و ئابووری نێودەوڵەتی دەرکرد و ئەمڕۆ زیاد لە 30 شوێنی روسیا بەتیراژی 1.3 ملیۆن دەردەچێت. لە سەرەتای نەوەدەکانەوە بەیەک لە گرنگترین ئاژانس لەجیهان لەسەر رووداوەکانی روسیا و ولاتانی **SNG** دەژمێردرێت.

## ئاژانسی دی پی ئەی Deutsche Presse-Agentur

نووسینگەی سەرەکی ئاژانسی **dpa** لە هامبۆرگە. بەو ناوەی ئێستای لە ساڵی 1949 وە ئەم ئاژانسە کار دەکات. پێشتر لەژێر ناوی **"DNB"Deutsches Nachrichten-Bureau** کاری دەکرد. پاش نەمانی دەستەلاتی نازییەکان لە ساڵی 1945، زۆر ئاژانسی بچووک بچووک دروست بووبوون. ئەو ئاژانسە بچووکانە لەژێر دەستەلاتی دەوڵەتانی رۆژئاوا کاریان دەکرد و لە ساڵی 1949 یەکیان گرت و بەیەکەوە ئاژانسی **Deutsche Presse-Agentur** یان دروست کرد.

ئەمڕۆ ئاژانسی **dpa** یەك لە ئاژانسە گەورەکانی ئەورووپا و جیهانە. بەردەوام هەواڵ، گوتار، وێنە و دەنگ، لەسەر رووداوە گرنگەکان، بەجیهان دەگەیەنێت.

لە ئاژانسی **dpa** زیاد لە 1100 کارمەند، لەوانە 900 یان وەك رۆژنامەنووس کار دەکەن و سەد لەو کارمەندانەش لەدەرەوەی ئەڵمانیا کار دەکەن. جگە لەوانەی سەرەوە، هەزارانی تر بەگرێبەست هەواڵ و دەنگوباس بۆ ئاژانسی **dpa** ڕەوانە دەکەن. بۆ گەیشتنی هەواڵ و زانیارییەکان بەزووترین کات 70 ئەندازیار و کارمەندی تەکنیکی لە کۆمپانیا دامەزراون.

لە نزیکەی سەد وڵات، ئاژانسی **dpa** نووسینگەیان هەیە و خزمەتگوزارییەکانی خۆی بەزمانەکانی: ئەڵمانی، ئینگلیزی، ئیسپانی و عەرەبی پێشکەش دەکات. نووسینگەی سەرەکی کۆمپانیا لە شاری هامبۆرگی ئەڵمانیایە.

خزمەتگوزارییەکانی جیهانی بەزمانی ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئیسپانی لەگەڵ عەرەبی هەیە.

ئاژانسی **dpa** خزمەتگوزارییەکی بەناوی وۆڵد بریفس **World Briefs** هەیە. ئەو خزمەتگوزارییە لەماوەی یەك کاتژمێر سەد هەواڵ، هەر یەك لەو هەواڵانە بە هەشت دێڕ، لە نووسینگەی سەرەکی هامبۆرگ لەگەڵ نووسینگەکانی تری بەزمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئیسپانی، بۆ ئابۆنەدارەکان رەوانە دەکات. ئەو کورتە هەواڵانە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتە خۆی.

ئاژانسی **dpa** لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم دەڕوات و وەك پێویست سوود لە تەکنۆلۆژیای نوێ وەردەگرێت. تا ئێستا بەشێوەیەکی باش توانیویەتی لەگرفتە ئابوورییەکانی خۆی رزگاری ببێت و رۆژانەش کڕیاری زۆرتر بۆ کۆمپانیا پەیدا دەبن.

## ئاژانسی ANSA med

ئاژانسی بەناوبانگی جیهانی ئەنسا**ANSA** ی ئیتاڵی لە ساڵی 1995بەپێویستی زانی ئاژانسێکی تایبەت بەناوی:" **ANSA mediterranean**" ئێستا بە **ANSA med** بەناوبانگە دابمەزرێنێت. دوو هۆی گرنگ بۆ دامەزراندنی ئەم ئاژانسە نوێیە هەبوون:

1- ناردن و دابەشکردنی هەواڵ و دەنگوباسە گرنگەکانی تایبەت بە وڵاتانی دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست.

2- بۆ زیاتر پشتگیری و بەهێزتر کردنی پەیوەندی لە نێوان دەوڵەتانی دەوروبەر.

ئاژانسی ئەنسا بڕیاری دامەزراندنی تۆڕێکی قسەکردن و ناردن و وەرگرتنی، بۆ گۆڕینەوەی هەواڵ و دەنگوباس و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر بوارەکانی: ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی...هتد لەنێوان وڵاتانی دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست دا. دروستکردنی ئەم تۆڕە زۆرتر لەبەر نزیکی جوغرافیا و مێژوویی نێوان دەوڵەتەکان بوو.

ئاژانسی ئەنسامێد رۆژانە خڕیلەیەك (ئارمازێك) بە نزیکەی 150-200 هەواڵ بەزمانی عەرەبی، ئیتاڵی لەگەڵ ئینگلیزی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی ناوچە، پێشکەش بە ئابۆنەدارانی خۆی دەکات. کارکردنیش لە ئاژانسی **ANSA med** لەسەر هەمان پرینسیپی ئاژانسی ئەنسا لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەڕێوە دەچێت.

ئەو ئاژانسانەی خوارەوە بەشیان "پشکیان" لە ئاژانسی **ANSA med** هەیە:

ئاژانسی ئەنادۆڵ لە تورکیا، ئاژانسی هەواڵی مۆریتانیا، ئاژانسی هەواڵی ئەسینا لە یۆنان، ئاژانسی هەواڵی جەزائیر، ئاژانسی هەواڵی ئەلبانیا، ئاژانسی هەواڵی قوبرس، ئاژانسی هەواڵی مەغریبی عەرەبی، ئاژانسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە میسر، ئاژانسی ڕاگەیاندنی نیشتیمانی لە لوبنان، ئاژانسی هەواڵی پێترای ئوردەنی لە ئوردەن، ئاژانسی هەواڵی لە قەتەر، ئاژانسی هەواڵی سەبا لە یەمەن، ئاژانسی هەواڵی سوریای عەرەبی لە سوریا، ئاژانسی هەواڵی سلۆڤێنی لە سلۆڤێنیا، ئاژانسی هەواڵی تونسی ئەفریقیا لە تونس لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی ئیماراتی عەرەبی.

ئاژانسی ئەنسامێد ئەگەرچی ئاژانسێکی نوێیە و لە ساڵی 1995 دامەزراوە، لەگەڵ ئەوەش، چونکە زۆرتر تایبەتە بە وڵاتانی دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست و لێرەش بەردەوام گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری گرنگ روودەدەن، زۆر بەخێرا بەرەو پێش دەچێت. کارمەندانیشی هەموو تەکنۆلۆژیایێکی نوێیان بۆ بەرەوپێش بردنی خستۆتە گەڕ. ئێستا سەدان رۆژنامە و کەناڵی تەلەفزیۆنی وڵاتانی ئەندام سوود لە خزمەتگوزارییەکانی ئاژانسی ئەنسامێد وەردەگرن.

# ئاژانسی ئەنەدۆڵ

لە 6 ی نیسانی 1920 موستەفا کەمال ئەتاتورك ئاژانسێکی بەناوی: "ئاژانسی ئەنەدۆڵ" دامەزراند. لەکاتی دامەزراندنییەوە، تا ئێستا گەورەترین ئاژانسی دەوڵەتی تورکیایە. ئاژانسی ئەنەدۆڵ 28 نووسینگەی لەناوەوەی تورکیا و 22 نووسینگەشی لە دەرەوەی وڵات هەیە. رۆژانە 700-800 هەواڵ لەگەڵ نزیکەی 200 وێنە بڵاودەکاتەوە.

ئاژانسی ئەنەدۆڵ وەك هەموو ئاژانسە گەورەکان، لەسەر هەموو بابەتەکانی ژیان دەنووسن: تەندروستی، فەرهەنگ، گرفتەکانی کۆمەڵایەنی، ئابووری، زانست، سیاسەت و هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە ژیانی تورکیا و دەرەوە هەیە بەنووسین، خوێنەرانیان لێ ئاگادار دەکاتەوە.

ئاژانسی ئەنەدۆڵ، جگە لەو خزمەتگوزارییانەی خۆی، کە پێشکەش بە ئابۆنەدارانی دەکات، لەگەڵ نزیکەی 80 ئاژانسی تری جیهانی پەیوەندی هەیە و هەواڵ و نووسین لەگەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە و دەکڕن و بەیەکتر دەفرۆشن.

هەموو رۆژنامە و گۆڤارەکانی تورکیا، رادیۆ و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن سوود لە خزمەتگوزارییەکانی ئەم ئاژانسە وەردەگرن. خزمەتگوزارییەکانیان 24 کاتژمێر لە شەو و رۆژێکە و حەوت رۆژیش لە هەفتەیەك بۆ کڕیارەکانی دەرگای لەسەر پشتە.

- رۆژانە نزیکەی 200 وێنەی تازە دەگرێت و پێشکەش بە ئابۆنەدارانی دەکات و زۆر لەو وێنانە لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی تورکیا دەبیندرێن. لە ئەرشیڤی وێنەیان زیاد لە 5 ملیۆن نێگەتیڤ لەگەڵ زیاد لە 100 هەزار وێنەی دیجیتاڵ پارێزراون. ئەو وێنانە بەنوێترین تەکنیك بۆ دەزگا و شوێنی پێویست ڕەوانە دەکرێن.

- ئاژانسی ئەنەدۆڵ بڵاوکراوەیەکی رۆژانەی ئەلیکترۆنی بەنزیکەی 700-1000 زانیاری لە سایتەکەیان هەیە. لە هەمان سایت، هەزاران فایلی لەژێر ناونیشانی "بڵاوکراوەی

زەرد" هەیە و بەردەوامیش بە زانیاری نویٚ پڕدەکرێتەوە. هەر لەو سایتە پاشکۆیەکی هەفتانەی تایبەت بە سینەما بلاٚودەکاتەوە. لەو بلاٚوکراوەیە باس لە فیلم و بەرهەمەکانی هونەری سینەما لە تورکیا و لە جیهان دەکات.

ئەو هەوالاٚنەی پەیوەندییان بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەگشتی و کوردی تورکیا بەتایبەتی هەیە، لە کاتی نووسین، بیر لە ئەخلاقی رۆژنامەنووسی ناکرێتەوە. ئەوەش کەموکورتییەکی زۆر گەورەی ئەو ئاژانسە مەزنەیە. لەکاتێکدا ئاژانس دەیتوانی لە نووسینەکانی بێلایەن بێت و تەنیا فاکتەکان بداتە دەست.

## ئاژانسی Irna

لە ساڵی 1934 دەزگایەك بەناوی "پارس" بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباس سەر بەوەزارەتی دەرەوەی ئێران دامەزرا. ئەم دەزگا نوێیە لە سەرەتادا بلاٚوکراوەیەکی بەیانیان و بلاٚوکراوەیەکی ئێوارانی بەزمانی فارسی و فەرەنسی چاپ دەکرد و بەسەر ئاژانسەکانی دەرەوە و ڕۆژنامەکانی دابەش دەکرد. پاش کارکردنی شەش ساڵ بەو شێوەیەی سەرەوە، دەزگایەکی راگەیاندن دامەزرا و ئاژانسی ئیرنا خرایە سەر ئەو دەزگا نوێیە.

ئەم ئاژانسە لە ڕێگای تەلەگرافی حکومی و ئێزگەکانی دەرەوە هەواڵی پێدەگەیشت و بلاٚوی دەکردەوە. کاری بەم شێوەیە تا ساڵی 1943 بەردەوام بوو. لەو ساڵە ئامێرێکی کڕی و بەهۆی ئەم ئامێرەوە توانی هەواڵ و دەنگوباسەکانی لە ئاژانسی ڕۆیتەرس وەربگرێت. ئاژانسی فرانس پرێس یەکەم ئاژانس بوو لەجیهان توانی هەواڵ بۆ **Irna** ڕەوانە بکات، دواتر ئاژانسە گەورەکان وەك: رۆیتەرس، ئەسوشێیت پرێس، یونایتدپرێس و زۆر لە ئاژانسەکانی تریش، هەواڵیان بۆ ڕەوانە کرد. بەڕێگای ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی، هەواڵ و دەنگوباسەکانی ئێران بەهەموو جیهان بلاٚو دەکرایەوە. بەگوێرەی پێکهاتنێك لە نێوان ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی و پارس ی ئێران، بلاٚوکراوەیەکی تایبەت بە "هەواڵ" بەحەوت

دانە بۆ بەرپرسانی گەورەی وڵات ڕەوانە دەکرا. (ئەو بڵاوکراوە تایبەتییەی لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتە، دوورنییە تەنیا تایبەت بووبێت بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و چالاکییەکانی پێشمەرگە).

لە ساڵی 1942 بەدروستکردنی وەزارەتی راگەیاندن، ئاژانس خرایە سەر ئەم وەزارەتە.

پاش پەیداکردنی ئامێری نوێ، ئاژانس لەژێر ناوی "پارس" کارەکانی بەڕێوە دەبرد.

ئاژانسی پارس تا ساڵی 1979 لەسەر کارەکانی بەردەوام بوو. بەگۆڕینی رژێم لە ئێران و گۆڕینی ناوی وڵات بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران و گۆڕینی ناوی وەزارەتی راگەیاندن بۆ وەزارەتی راگەیاندنی میللی، بەگوێرەی بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ناوی ئاژانس بۆ "ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلام"ی گۆڕدرا. ئەم بڕیارە دواتر لەلایەن ئەندامانی مەجلیسی شوورا پەسند کرا.

ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامی ئێستا نووسینگەیان لە زۆر دەوڵەتی جیهان هەیە.

ئێستا ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامی حەوت رۆژنامە و گۆڤار بەزمانەکانی فارسی، عەرەبی لەگەڵ ئینگلیزی دەردەکات.

ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامی راستەوخۆ سەر بەحکومەتی ناوەندی ئێرانە و لە هەموو نووسین و بڵاوکراوەکانی ئەوان، هەواڵ و نووسین، پێش هەموو شتێك دەبێت خزمەتی بیر و سیاسەتی دەوڵەتی ئێران و ئایینی ئیسلام بکات، بۆیە، زۆربەی نووسینەکانیان، بە تایبەت ئەوانەی باس لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەکەن، زۆرتر شێواندنە تا باسکردن لە فاکت و گێڕانەوەی رووداوەکان وەك خۆی. ئەمەش کەموکورتی و بۆشاییەکی گەورەی ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

# ئاژانسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست

لە تشرینی دووی 1955 ئاژانسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست وەك كۆمپانیایەكی سەربە كەرتی تایبەت دامەزرا و دواتر حكومەتی ئەوكات، نیوەی خەرجی دامەزراندنی ئاژانس 10 هەزار جونەیهی دایەوە. لە 8 ی شوباتی 1956 ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی دروستكردنی ئاژانسێكی میللی دا. لە هەمان رۆژیش بەرۆنیۆ یەكەم بلاوكراوەی ئاژانس گەیشتە دەست خوێنەران. هەر ئەو ساڵەش، ئاژانسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، دەستی بەناردنی هەواڵ و دەنگوباس بەئامێرێكی نوێی ئەو كات بەناوی: "تیكرز"، وەك یەكەم ئاژانسی میللی رۆژهەلاتی ناوەڕاست كرد.

لە ساڵی 1960 ئاژانسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەگەڵ هەموو دەزگاكانی راگەیاندنی میسری، بڕیاری خۆماڵی كردنیان لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ دەرچوو. بەم جۆرە ئەم دەزگایە چیتر سەربەخۆ نەما و ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوە دەچوو. ئێستا (ئا. ڕ. ن.) یەك لە گەورەترین ئاژانسی ناوچە و عەرەبی و ئەفریقییە و بەگوێرەی راپۆرتی یونسكۆش، ئەم ئاژانسە بەیەك لە سیانزەمین ئاژانسی جیهان دەژمێردرێت.

لەسەرەتادا (ئا. ڕ. ن.) تەنیا بەزمانی عەرەبی هەواڵەكانی بلاو دەكردەوە، ئێستا رۆژانە نزیكەی نیو ملیۆن وشە بەزمانەكانی عەرەبی، ئینگلیزی لەگەڵ فەرەنسی بەهەموو جیهان بلاو دەكاتەوە. لەساڵی 1996 وە بە سێ سەتەلایت (مانگی دەستكرد) بەرهەمەكانی بۆ ئەفریقیا، ئاسیا، ئەوروپا لەگەڵ ئەمریكا دەنێرێت.

ئاژانسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست شانزە بلاوكراوەی: رۆژانە، هەفتەی دوو جار لەگەڵ هەفتانە هەیە. ئەو بلاوكراوانە نزیكەی 400 رۆژنامە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات سوودی لێ وەردەگرن.

لە دەرەوەی میسر ئاژانسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست 38 نووسینگەی هەیە، لەوانە شانزەی لە وڵاتانی عەرەبی و لە دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی ئاژانسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ئەوروپا و ئەمریكا یانزە نووسینگەی هەیە.

ئاژانسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەم بەشانەی خوارەوە پێك هاتووە: بەشی هەواڵ، بەشی نووسین، بەشی بلاۆکراوەکان، بەشی نووسینگەکانی دەرەوە، بەشی ئابووری، بەشی وێنە. بەشی ئیدارە و بەڕێوەبردن پێکهاتووە.

ئاژانسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست ئەگەرچی زۆر کار بۆ بێلایەنی خۆی لەگەیاندنی هەواڵ و رووداوەکانی جیهان و ناوچە دەکات، بەلاّم تا ئێستا، نەیتوانیوە تێیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. بەتایبەتیش لەو کاتانەی باس لە عرووبە و سنووری عەرەبستان و دانیشتوانی عەرەبستان دەکرێت. ئەگەر وردتر سەیر بکەین، زۆر کەم نووسین لەسەر کێشەی کورد، وەك ئەوەی کورد دەیەوێت یان وەك ئەوەی کێشەکە خۆی هەیە باس دەکرێت. هەموو نووسینەکانی دەربارەی داهاتووی کوردستانی سەر بەعێراق، زۆرتر بۆنی عەرەبی و عرووبەی لیّ دێت. نووسەرانی ئاژانس ناسیۆنالیستانە بیردەکەنەوە و لەو بڕوایەدان، گەلی کورد مەترسییەکی گەورەیە لەسەر داهاتووی ئەوان. ئەو بۆچوونەش تەواو بەپێچەوانەی بۆچوونی ئاژانسەکانی دەوڵەتانی ئازاد و سەربەخۆن. ئاژانسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەبەر ئەوەی ئاژانسی حکومەتی میسرە، زۆر لە نووسینەکان، ڕەنگدانەوەی سیاسەت و بۆچوونی ئەو دەوڵەتەیان پێوە دیارە.

## ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچوونی کوردستان – پەیامنێر

لە 22 ی نیسانی 2004 لە شاری هەولێر سایتێك بەناوی: سایتی پەیامنێر دامەزرا. ئەم سایتە یەك ساڵ کاری کرد. لە 22 ی نیسانی 2005 هەمان سایت بە بڕیاری مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان "ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچوونی کوردستان – پەیامنێر" لەسەر بناغەی پەیامنێری کۆن دامەزرا. ئێستا پەیامنێر "PNA" رۆڵی ئاژانسی هەواڵی لە کوردستان دەبینێت. پەیامنێر لە شاری هەولێر بەزمانی کوردی زاراوەی، "سۆرانی و کرمانجی" تیپی عەرەبی و لاتینی، زمانی ئینگلیزی لەگەڵ زمانی عەرەبی هەواڵ و نووسینەکانی لەسەر سایتەکەیان بلاۆدەکاتەوە.

خوێنەر یان میوانی سایت، بەئاسانی ئەم زانیارییانەی خوارەوەی لە لاپەڕەی یەکەم بەرچاو دەکەوێت:
نوێترین هەواڵ، کوردستان، عێراق، نێودەوڵەتی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، وەرزش، ڕەنگاوڕەنگ، فۆتۆ، ئەرشیڤ...هتد.
ئاژانسی پەیامنێر تەنیا یەك نووسینگەی هەیە و ئەویش لەناو تەلەفزیۆنی زاگرۆس لە شاری هەولێرە. هەموو کارەکانی ئاژانس بە 18 کادیر بەڕێوە دەچێت و هیچ لەوانە بە پیشە ڕۆژنامەنووس نین. دوو ئەندازیاری تەکنیکی، یەك فۆتۆگراف لەگەڵ یەك مووچەخۆر بەناوی بەڕێوەبردن و مالیە لەم ئاژانسە کار دەکەن.
کارمەندانی ئاژانسی پەیامنێر، بۆ پڕکردنەوەی سایتەکەیان بەهەواڵ و رووداو، زۆر سوود لە ئینتەرنێت وەردەگرن. بۆ بلاّوکردنەوەی هەواڵە گرنگەکانیش، گرێبەستیان لەگەڵ ئاژانسی فرانس پرێس مۆرکردووە و لەوان نووسین دەکرن.
هەموو دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان سوود لە خزمەتگوزارییەکانی ئاژانسی پەیامنێر وەردەگرن، هەندێ جاریش وێنەکانی تاکە فۆتۆگرافی ئەوان، لە رۆژنامەی بیانی و بەتایبەتیش رۆژنامە عەرەبییەکان بلاّو دەکرێتەوە.
کارمەندانی ئاژانسی پەیامنێر، زۆرجار هەست بە لاوازی خۆیان و پشتگوێخستنی کادیرانیان لەلایەن هەندێك لە سەرکردە کوردەکانەوە دەکەن. ئەوەش زۆرتر لەوکاتەی دەیانەوێت سەرکردەیەك ببینن، زەقتر دیارە. رۆژنامەنووسێکی بیانی زۆر ئاسانتر دەگاتە لای یەك لە سەرکردەکانی کورد، تا پەیامنێرێکی ئەوان.
ئاژانسی پەیامنێر هەرچەندە لە ڕاستیدا ئاژانسی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەلاّم بەگوێرەی پێویست لەلایەن سەرکردەکانی حیزبەوە بایەخی پێ نادرێ و یارمەتی نادرێ. زۆر جار رێگا بە پەیامنێرانیان نادرێ، لە هۆڵی کۆبوونەوەکان، وێنەی دانیشتنەکان بگیرێ و ڕاستەوخۆ بۆ نووسینگەی **PNA** ڕەوانە بکەن. ئەم رێگا پێنەدان و پشتگوێخستنە لە بینین و چاوپێکەوتنەکان دیارە. لەوانەیە بۆیەش، جارێ پلانێ بۆ فراوانترکردنی بەشەکەیان نییە.

# ئاژانسی هەواڵ و زانیاری لە کوردستان

لە کوردستان تا ئێستا هیچ ئاژانسێکی هەواڵ و زانیاری نییە. ئاژانسی دەوڵەتانی دراوسێ بەویستی خۆیان هەواڵ لەسەر کوردستان دەنووسن و بلاّوی دەکەنەوە. بە ئەنقەست زۆربەی هەواڵ و زانیارییەکان بۆ چەواشەکردنی جەماوەر بەدرۆ دەنووسن. نووسینی هەواڵەکانی دژ بە بەرژەوەندی گەلانی کوردستان، بەپلانە، نەك بەرێکەوت یان تێنەگەیشتنی ڕۆژنامەنووس لەو نووسینەی لەسەر کوردستانی دەنووسێت. ئەوان دەیانەوێت ڕیزەکانی گەل تێك بدەن. دەیانەوێت، شەڕ و ئاژاوە لەجیاتی دیموکراتی لە کوردستان بەرقەرار بێت. دەیانەوێت جارێکی تر کوردستان لەلایەن سەرکردەیەکی عەرەبی شۆڤێنیست داگیر بکرێتەوە و رژێمێکی دیکتاتۆری بەسەر گەلانی عیراق و کوردستان بچەسپێندرێت. دەوڵەتانی دراوسێ لەگەڵ ناحەزانی کورد لە پلانی دژ بەدیموکراتی و نووسینی درۆ لەسەر کورد و سەرکردەکان، تا ئێستا سەرکەوتوو بوون. کورد هیچ ئاژانسێکی باش، کە ڕەنگدانەوەی ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان بێت، کەناڵێکی باشی تەلەفزیۆن، رۆژنامەیەك، یان دەزگایەکی راگەیاندنی بە هیچ زمانێك نییە، تا بتوانێت، پسپۆرانە بەرگری لەخۆی بکات! کورد نە سوودی لە هەڵە و ئەزموونی خۆی، نە لە ئەزموونی جیهانی بۆ بەرگریکردن لەخۆی وەرنەگرتووە. ئەوانەی دەزگاکانی راگەیاندن بەڕێوە دەبەن، نەخۆیان پسپۆرن لە راگەیاندن، نە ئەوانەی کاریش دەکەن، کادیری باشی راگەیاندنن. ئەو بەڕێوەبەرانە زۆرتر وەك پێشمەرگەیەکی چەك لەدەست بیر دەکەنەوە، تا پسپۆڕێکی قەڵەم لەدەست. تا ئێستا رۆژنامەنووسێکی بیانی زۆر ئاسانتر دەگاتە لای بەرپرسە گەورەکانی کورد، تا رۆژنامەنووسێکی خەبات، یان کوردستانی نوێ. لەو بڕوایەدام، هیچ لە سەرکردەکانی کورد، بەتەواوی لە رۆڵی راگەیاندن وەك پێویست نەگەیشتوون! راوێژکارانی دەزگاکانی راگەیاندن، نەیانتوانیوە، رۆڵی پسپۆرانەی خۆیان ببینن، چونکە لەزۆر کات، خۆشیان پسپۆری راگەیاندن نین!

گرفتی ناوەوەی کوردستان، وەك نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، نەبوونی ئاو و کارەبا، ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، هەموو هێز و وزە و توانای سەرکردەکانی بردووە. بۆیە بۆ باشکردنی راگەیاندنی کوردی، کار نەکراوە، یان ئەوەی کراوە بەش ناکات.
ئاژانسی هەواڵ لە هەموو وڵاتانی ئازاد و دیموکراتی جیهان، بە فرۆشتنی نووسین و وێنەکانی دەژیت. لە کوردستان بەڕاست و چەپ خزمەتگوزارییەکانی **PNA** بەکار دەهێنن، بێ ئەوەی پرسیان پێ بکەن، یان یەك پوولیان پێ بدەن! بەڕێوەبەرانی ئاژانس بیریان لە فرۆشتنی بەرهەمەکانیان نەکردۆتەوە! لەکاتێکدا دەکرا پارەی باشیان دەست بکەوێت! ئەوەش زۆرتر نەبوونی کادری راگەیاندنە. لەڕاستیدا لەو کاتەی بیر لە دامەزراندنی ئاژانس دەکرێتەوە، دەبێت، بیر لە فرۆشتنی خزمەتگوزارییەکانیش بکرێتەوە! ئەگەر ئاژانسی پەیامنێر لەگەڵ ئاژانسەکانی تری هەر دەوڵەتێکی جیهانی بەراوردی بکەین، دەبینین، جیاوازییان گەلێك زۆرە.

لە کوردستان سایتێکی تر بەناوی پی یو کەی مێدیا **PUK media** لە شاری سلێمانی هەیە. ئەم سایتەش هەوڵ دەدات رۆڵی ئاژانس ببینێت، دیارە تا ئێستا نەیتوانیوە و زۆری بۆ ئامانج ماوە. لە 2006.01.12 سەیری لاپەڕەکەیانم کرد، نوێترین هەواڵ، کە لەم سایتە بلاوکرابۆوە، بەر لە دوو رۆژ رووی دابوو. لە ئاژانسی **PUK media** کە مەکتەبی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرپەرشتی دەکات، بیر لە زۆر شت نەکراوەتەوە بەتایبەتی: زمانی دارشتن و نووسین، خاڵبەندی، خراپی دیزاینی سایتەکە لەگەڵ هەڵبژاردنی هەواڵەکان.
ئەگەر سایتی **PUK media** لەگەڵ **PNA** بەراورد بکەین، ئەوا دووەمیان زۆر باشترە. دەزانین ئەم بەراورد کردنەمان تەواو نییە، چونکە نابێت خراپ لەگەڵ خراپ بەراورد بکرێت!

# وێنە و فیلم

ئاژانسەکان لە سەرەتادا تەنیا کاری نووسینیان دەکرد، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، وێنەش بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕەوانە کرا و بازاڕی بۆ پەیدا بوو. وەك دەزانین سەرەتا وێنەی ڕەش و سپی دواتر ڕەنگی. گەورەترین ئاژانس لە جیهان بۆ وێنە، ئاژانسی ئەی پی **AP**ە. زیاد لە 2000 ئابۆنەی هەیە.

بۆ تەلەفزیۆن وێنە و فیلم زۆر گرنگە، بەڵام وەك ئاشکرایە مرۆڤ بۆ **TV** زیاتر ئارەزوویەتی سەیری فیلم بکات. بە تایبەتی ئەوانەی زۆر سەرنج ڕاکێشن و دەتوانن سۆزی بینەر بجوولێنن. (ڕۆیتەرس تی ڤی نیوز **Reuters TV News** گەورەترین ئاژانسی جیهانە لە فیلم گرتن و گەیاندنی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن. ئەو کۆمپانیایە پێشتر ناوی ڤیسنیوز **Visnews** بوو. کەناڵی ناوبراو لە ئەنجامی هاوکاری نێوان کەناڵەکانی بەریتانیا دروست بوو. ڕۆیتەرس تی ڤی نیوس لە ڕاستیدا پەیوەندی لەگەڵ هەموو تەلەفزیۆنەکانی جیهان هەیە. ئەوان فیلم بۆ 170 کەناڵی **TV** لە نزیکەی 100 وڵات ڕەوانە دەکەن. جگە لە ڕۆیتەرس ئەمڕۆ **APTN** ئەی پی تی ئێن کە دەکاتە ئەسۆشێیت پرێس تی ڤی نیوس **Associated Press Television News**، **83** نووسینگەی لە 67 وڵات هەیە. ئەوان هەواڵ و دەنگوباسەکان بەفیلم بەڕێگای سەتەلایتەوە ڕەوانە دەکەن و پەیوەندییان لەگەڵ نزیکەی 350 کەناڵی **TV** لە جیهان هەیە.

لە ئەوروپا، لە پەیدابوونی تەلەفزیۆنەوە، بەردەوام ئاڵوگۆڕی لە نێوانیان کراوە. ئەمڕۆ زۆر لە کەناڵە گەورەکانی جیهان، ڕۆڵی بڵاوکردنەوەی هەواڵ بۆ کەناڵەکانی تر وەردەگرن. لەوانەش بەناوبانگترینیان کەناڵی **"CNN" Cable News Network** ئەو کەناڵە ئەمەریکییە و مرۆڤ بەهۆی بوونی سەتەلایتەوە، دەتوانێ لە هەموو کونجێکی جیهان سەیری بکات. وەك دەزانین سەدان کەناڵی تەلەفزیۆنی جیهانی سوود لە خزمەتگوزاری کەناڵی ناوبراو وەردەگرن. گەورەترین ڕووداو کە کەناڵی **CNN** کە توانی ڕۆڵی سەرەکی تێدا ببینێت، ئەوا شەڕی کەنداو لەساڵی 1990 بوو. جگە لە کەناڵی ئاسمانی **CNN** چەندین کەناڵی تری ئاسمانی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ هەن. ئەوانەش وەك: سکای

نیوس **Sky News** لەگەڵ **BBC World** کە هەردووکیان بەریتانین، لەگەڵ کەناڵی ن-تی ڤی **N-TV** ئەڵمانی و فۆکس نیوس **Fox News** و م س ن ب س **MSNBC** باکووری ئەمەریکان.

ئەو کەناڵە ئاسمانییانە وەك ڕووبار هەواڵەکانی جیهان دەڕژێننە ناو کەناڵەکانی تری تەلەفزیۆن و فیلمەکانی ئەوانیش لە زۆربەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی جیهان ڕۆژانە نیشان دەدرێن.

لە سەرەتای ساڵی 2000 بەهۆی پێشچوونی تۆڕی ئینتەرنێت **Internet**، لەسەر لاپەڕی (سایتی) ئاژانسەکان مرۆڤ دەتوانێ وێنەی ڕووداوەکانیش ببینێ.

پەیامنێر بەهۆی کامێرایەکی بچووك و کۆمپیوتەرێك، یان تەلەفۆنێك کە بتوانێ فیلم بگرێ، دەتوانێ ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەدەزگای خۆیەوە بکات و وێنە و نووسین و فیلمی جووڵێنەر بگەیەنێت.

ئەمڕۆ لەو هەموو هەواڵانەی کە بەدەست ئاژانسەکان دەگات، تەنیا سوود لە 10٪ ی وەردەگیرێت. هەواڵ پێش ئەوەی بگاتە جەماوەر، بە چەندین فلتەر و سانسۆر تێدەپەڕێت. بۆیە بەگوێرەی دوور و نزیکی ڕووداو لە ئێمە، ئێمە بایەخ بە هەواڵ دەدەین. لەزۆر کاتیشدا، ڕووداو و هەواڵەکانی دەوڵەتانی پیشەسازی و پێشکەوتوو بە هەواڵی گرنگی هەموو جیهان دادەنرێن. هەر بۆیەش نزیکەی 60٪ ی ڕۆژنامەنووسانی هەواڵی هەموو جیهان لە ئەوروپا و ڕۆژئاوای ئەمریکا هەن.

# سەرچاوە لەگەڵ ئەو کتێبانەی
# بۆ ئەم بەرهەمەم سوودم لێ وەرگرتوون

**بەزمانی سوێدی:**


. **1994. – 187 s،Björn Nöljer. Så snickar du en tidningsartikel. Borås** -1
. **1998. – 142 s،Catharina Grunbaum. Språkbladet. Borås** -2
. **1987. – 176 s،Donald Jackson. Skrivkonstens Historia. Hongkong** -3
. **1997. – 181 s، Ulf Nilson. Om Pressen kommer. Falun،Ernst Klen** -4
. **1993. – 150 s،Eva Ram-Inghult. Svenska skriv regler. Uppsala** -5
. **2000. – 185 s،Eva Jimsdotter. Tala inför andra. Prisma** -6
. **1940 – 252 s،Fredric Bagge. Grafisk industri. Stockholm** -7
.**Göran Hägg. Retorik idag. Finland. 2003. – 222 s** -8
.**. 2000. – 286 s،Göran Rosenberg. Journalstik. Prisma** -9
. **1959. – 211 s،Hans Sallander. Medeltidens boktryckerihistoria. Uppsala** -10
**Martin Borgs. Medie tränad. ، Jenny Lindahl persson،Håkan Lind** -11
. **2005 . – 271 s،Trondheim**
. **1990. – 87 s،Janerik Larsson. Fri radio en utopi. Stockholm** -121
**1985. – ،Jarl Backman. Att skriva och läsa vetenskapliga rapporter. Lund** -13
.**73 s**
. **1999 – 205 s،John Mattock & Jöns Ehrenborg. Förhandla bättre. Falun** -14
. **1970. – 103 s،Jokum Smith. Bokframställning. Stockholm** -15
. **1993. – 289 s،Lars J Hulten. Journalistikens villkor. Borås** -16
. **1985. – 136 s، Bertil Ludvigsson. Nya Bilden. Falun،Lars Larsson** -17
. **2001. – 274 s،Maria-Pia Boethuius. Mediernas svarta bok. Falun** -18
. **1999. – 384 s،Marshall McLuban. Media. Falun** -19
. **– 194 s،Osmo A Wiio. Kommunikation- vad är det? Borås** -20
. **2000. – 144 s،Richard Denny. Bli en bättre talare. Falun** -21
. **2003 – 158 s،Rune pettersson. Rubriker. Nyköping** -22
. **2003. – 505 s، Lennart Weibull. Massmedier. Falun،Stig Hadenius** -23
**24- Nielsen L. Chr.، Boktryckerikonstens uppfinning. Malmö، 1900.- p.203**

. 1985 – 212 s،Sören Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm -25
. 1992. – 246 s،Trond Berg Eriksen. Budbärarens övertag. Kristianstad -26
per andersson-Ek. Göra tidning. ، Kenth Andreasson،Åke Edwardson -27
. 1998. – 235 s،Värnamo

**بەزمانی روسی:**

1- Беспалова А. Г.، Корнилов Е. А.، Короченский А. П.، Лучинский Ю. В.، Станько А. И. История мировой журналистики. М.، 2003. – 432 с.
2- Ворошилов В. В. Журналистика и рынок. СПб.، 1997. – 232 с
3- Ворошилов В. В. Журналистика. СПб.، 1999. – 304 с.
4- Головня И. А. С чего начиналась фотография. М.، 1991. – 176 с.
5- Гуревич С. М. Работа с письмами в редакции. М.، 1991. – 159 с.
6- Гуревич С. М. Газета и рынок. М.، 1998. – 240 с.
7- Гуревич С. М. Номер газеты. М.، 2002. – 191 с.
8- Есин Б. И. История русской журналистики. М.، 1991.– 320 с.
9- Засорина Т، Федосова Н. Профессия – журналист. Ростов н/д; 1999. – 320 с.
10- Засурский И. И. Масс-медиа второй республики. М.، 1999. –272 с.
11- Камионко В. Ф. Работы и самураи: Телевидение и радио современной Японии. М.، 1989. – 174 с.
12- Корконосенко С. Г. Основы творческой деятелъности журналиста. СПб.، 2000. – 272 с.
13- Кузнецов И. В.، Овсепян Р. П.، Иванова Р. А. История отечественной журналистки.(1917-1945) М.، 1999. – 272 с.
14- Лазутина Г. В. Профессионалъная этика журналиста. М.، 1999. – 208 с.
15- Лазутина Г. В. Основы творческой деятельности журналиста. М.، 2000. – 240 с.
16- Мельник Г. С. Mass-media: Психологические процессы и эффекты.СПб.،- 1996. 160 с.
17- Миньяр-белоручев Р. К. Теория и методы перевода. М.، 1996. – 208 с.
18- Михайлов С. А. Современная зарубежная журналистика: состояние، переспективы. СПб.، 1998. – 113 с.

**19- Михайлов С. А. Мировые тенденции и национальные особенности в современной зарубежной журналистике. СПб.، 2002. – 301 с.**
**20- Михайлов С. А. Современная зарубежная журналистика: Правила и парадоксы. СПб.، 2002. – 446с.**
**21- Михайлов С. А. Журналистика стран северной европы. СПб.، 2003. – 368 с.**
**22- Накорякова К. М. Литературное редактирование. М.، 1994. – 189 с.**
**23- Орлов Ю. Я. Печать ФРГ. М.، 1970. – 280 с.**
**24- Парфенов Л.، Чекалова Е. Нам возвращают наш портрет. М.، 1990. – 207 с.**
**25- Прохоров Е. П. Введение в теорию журналистики. М.، 1995. – 294 с.**
**26- Самолетов С. А. Дизайн современной газеты. СПб.، 1998. – 39 с.**
**27- Сапан М. Печать курдской диаспоры: история и современное состояние. СПб.، 1998. – 140 с.**
**28- Смелкова З. С. Риторические основы журналистики. М.، 2002. – 320 с.**
**29- Станько А. И. Журналистские расследования. Ростов н/д; 1997. – 222 с.**
**30- Соколов В. С.، Виноградова С. М. Периодическая печать Италии. СПб.، 1997. – 100 с.23- Соколов В. С.،**
**31- Соколов В. С.، Михайлов С. А. Периодическая печать соединенных штатов Америки. СПб.، 1998. – 144 с.**
**32- Таказов В. Д. Журналистика и литературный процесс в Осетии. СПб.، 1998. – 184 с.**
**33- Тертычный А. А. Жанры периодической печати. М.، 2000. –312 с.**
**34- Тертычный А. А. Расследовательская журналистика. М.، 2002. – 384 с.**
**35- Шереля А. А. Радио журналистика. М.، 2000. – 480 с.**
**36- Юровски А. Я. Телевизионная журналистика. М.، 1964. –237 с.**

**بەزمانی ئینگلیزی:**

**1- Joseph T. Klapper. The effects of mass communication. NewYork، 1960 .- 302p.**

**بەزمانی کوردی:**

**1**- سەپان مەغدید، دکتـۆر. ژانرەکـانی ڕۆژنامـەوانی و مێـژووی چـاپخانە (1450-1500).
کۆڕی زانیاری کوردستان- هەولێر، 2005 .- 287 ل.

2- سەپان مەغدید، دکتۆر. ئاژانسەکانی دەنگوباس. ئاراس – هەولێر، 2006.- 108 ل.